KURDISTAN




# له "ڕۆژنامەی کوردستان" و"کوردستان میدیا"وە

خەرمانانی ٢٧٢٣

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- ڕزگار ئەمیننژاد: ماهییەت و کارکردی حیزبی دێموکرات، سەروەریی سیاسی و مافی نەتەوایەتییە........................
........................................................................ وتــووێژ: دیاکۆدانــا ..... ٤
٢- کاتی ئەوە هاتووە پێکەوە بیر بکەینەوە.................................................. د. مەجید حەقی ..... ١٠
٣- کاروانی ڕچەشکێنان...................................................................... حەمەڕەسووڵ کەریمی ..... ١٣
٤- ٧٨ ساڵ خەبات لەپێناو یەکسانی و پرسی نەتەوەییدا.......................... ئاسۆ مینبەری ..... ١٧
٥- (هەڵسەنگاندن بۆ پەیماننامەکان لە ڕوانگەی مافی نێونەتەوەییەوە)........................ مستەفا مەولوودی ..... ٢٠
٦- کوردبوون، ئاوێنەی ڕەنجی کوردایەتی........................................................ شەریف فەلاح ..... ٢٩
٧- ڕەمزی مانەوە و شوێندانەری حیزبی دێموکرات....................................... ئەلبورز ڕوویین‌تەن ..... ٣٣
٨- حیزبی دێموکرات و قەڵەمبازێکی مێژوویی بۆ ئامانجێکی لەمێژینە.......................... پێشەوا عەلی‌پوور ..... ٣٨
٩- یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزب، ئەزموون و دەستکەوتەکانی..................................... فاڕووق سۆهرابی ..... ٤٤
١٠- پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ڕەوتی شۆڕشی ژینا و ماددەی حەوتی ئەساسنامەی دادگای تـاوانی...................
......................................................................................... شاڕوخ حەسەن‌زادە ..... ٤٧
١١- مستەفا هیجری: بـۆ نەمـانی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێران و پێکهێنـانی ئێرانێکی دێـموکراتیک دەبـێ تەنیـا پشت بە هێـزی خۆمان ببەستین.................................................... دیمانە: شەماڵ تەرغیبی ..... ٥٣
١٢- ڕەسەنایەتی تەنیا ڕەمزی سەرکەوتن.................................................. ماموستای مافخواز ..... ٦١
١٣- بەردەوامبوونی هەڵاوسان لە مێژووی ٤٤ ساڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێران!................... حەسەن قارەمانی ..... ٦٤
١٤- هەڕەشەیەک لە ترسەوە................................................................ سمایل شەرەفی ..... ٦٧
١٥- خالید عەزیزی: کۆماری ئیسلامی بۆ بازدان بەسەر قەیرانە کەڵەکەبووەکانی دەیەوێ شەڕ بە حیزبی دێموکرات، عێـڕاق و ئەمریکا بفرۆشێ........................................ وتوویژ: "ایران انترناشنال" و "رادیو فردا" ..... ٧٠
١٦- چەک داماڵین یان هەرەسهێنان؟............................................................. کەریم پەرویزی ..... ٧٤
١٧- هەرەس لە دوندی قەیرانەکانەوە............................................................ عەلی بداغی ..... ٧٨
١٨- قەڵەمبازێک بۆ ڕزگاری....................................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ٨٢



سەرچاوە
Serchawe

١٩- له بەرەبەرەی ساڵوەگەڕی شۆڕشی ژینادا........................................................ برایم چووکەڵی ..... ٨٦
٢٠- بەرگری له دادپەروەری و ئازادی، خەباتی ماندوونەناسانەی محەممەدساڵح نیکبەخت....... حەسەن قارەمانی ..... ٨٩
٢١- ترسی ڕێژیم له پێگەی شەهیدانی کوردستان.............................................. سمایل شەرەفی ..... ٩٢
٢٢- گەورەتر له ئێمە.................................................................... کەریم پەرویزی ..... ٩٥
٢٣- ڕزگار ئەمینئژاد: ڕەوایی حیزب بەپێی پرەنسیبی نیشتمانی هەڵدەسەنگێردرێت............ دیمانە: دیاکۆ دانا .... ٩٨
٢٤- هێزی پشت دەزگای تێرۆری ئێران.............................................. و: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٠٦
٢٥- ئەو جینایەتانەی نابێ لەبیر بچنەوە!.............................................. ناسر ساڵحیئەسڵ ..... ١١٥
٢٥- کورد و ئۆپۆزسیۆنی ئێران له چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی ئامریکادا......................... وریا ڕەحمانی ..... ١١٨
٢٦- کوردستان و ئێران ساڵێک دوای شۆڕشی ژینا............................................ ئەلبورز رووینتەن ..... ١٢٣
٢٧- قەیران و دوژمنی خەیاڵی.............................................................. ڕەزا دانشجوو ..... ١٢٦
٢٨- ئاگایی و وشیاری وەک پەیژەکانی سەرکەوتن............................................... ئاسۆ مینبەری ..... ١٣٠
٢٩- له بەردەم کۆتایی و دەسپێکی دوو سەردەمدا.............................................. سۆران شەمسی ..... ١٣٣
٣٠- لەژێر ساباتی هاوگوتاریی گەلاندا............................................... ئەمیر باباخانی ..... ١٣٧
٣١- "چاکسازی" یان "شۆڕش"؛ جیاوازیی بۆچوون له نێوان "مارتین لۆتێرکینگ" و "ویلیام فاکنێر"...............................
..................................................................................... و: شارۆخ حەسەنزادە ..... ١٤١
٣٢- مانیفێستی خۆڕاگری.............................................................. کەریم پەرویزی ..... ١٤٦
٣٣- خالید عەزیزی: ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا عێراق بکاتە سووریە و لوبنانێکی.......................................................... بەشی فارسیی دەنگی ئەمریکا ..... ١٥٠
٣٤- شۆڕشی ژینا، چیمان نەکرد کە دەبوایە بمانکردایە؟................................... نەهیە خۆشکەلام ..... ١٥٥
٣٥- نەهیە خۆشکەلام................................................................. سمایل شەرەفی ..... ١٦٤
٣٦- زرێپۆش و لەشکری ڕەشتان مژدەی مەرگتانی پێوە دیارە.................................. حەسەن ساڵحزادە ..... ١٦٧
٣٧- خەباتی سەرشەقام دوژمن بەچۆک دادێنێ................................................ حەسەن قارەمانی ..... ١٧١
٣٨- ڕۆژێکی تر....................................................................... کەریم پەرویزی ..... ١٧٤

# ڕزگار ئەمینئژاد: ماهییەت و کارکردی حیزبی دێموکرات، سەروەریی سیاسی و مافی نەتەوایەتییە



وتوویژ: دیاکۆدانا

بەرایی:

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای نیزیک بە ٨ دەیە خەبات لەپێناو وەدستهێنانی مافی نەتەوایەتی و ڕزگاریی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بە خەباتی بێوچان و دەریایەک خوێن کە بۆ ئامانجەکانی گەلی کورد بەخشیویەتی، ئێستا هیوای هەرەسەرەکیی خەڵک و خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بەڵام پرسی نەتەوایەتی لە ماوەی ئەو دەیان ساڵەدا تاکە تەوەری خەبات و تێکۆشانی حیزب نەبووە. حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی مۆدێرن و سەردەمیانە کە باوەڕی بە دێموکراسی و بایەخە جیهانداگرەکان و دەسەڵاتی گەلی و دێموکراتیک هەیە، واقیگەرایانە ئاوڕی لە هەموو پرسەکانی کۆمەڵگە داوەتەوە، پلانی بۆ داڕشتوون، لە سیاسەتەکانی خۆیدا خوێندنەوەی بۆ کردوون و هەنگاوی پڕاکتیکی بۆ هەڵگرتوون و تاکەتەور لە داڕشتنی سیاسەتی ئەم حیزبە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بووە. "کوردستان" بۆ تاوتوێکردنی زیاتری کاریگەریی حیزب دێموکرات لەسەر خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە

خەرمانانی ٢٧٢٣

**کوردستانی ئێران، وتووێژێکی لەگەڵ "ڕزگار ئەمین‌نژاد"، نووسەر، لێکۆڵەر و کارناسی سیاسی کردووە.**

**دیاکۆ دانا**: کاک ڕزگار، لابردنی ستەمی نەتەوایەتی و دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی، فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکراتە. پێتان وایە حیزب دێموکرات لە ماوەی نیزیک بەو ٨ دەیەی دوای دامەزرانیدا چ کاریگەرییەکی لەسەر پەرەپێدانی شۆناسی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە؟

**ڕزگار ئەمین‌نژاد**: کۆمەڵناسیی سیاسی زەروورەتی دامەزرانی حیزب لە ئاکامی دەرکەوتنی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکاندا پێناسە دەکات، ستەمی نەتەوایەتیش یەک لەو کەلێنانەیە، چوونکە پێوەندی بە دیاریکردنی مافی چارەنووسەوە هەیە. ئەمە باسێکی ماهیەتییە، بەڵام کارکردی حیزب بەپێی بۆچوونی ستاین ڕوکان، لە دوو پارامێتری "پارتی - سیستەم و پارتی - کولتوور" دا دەردەکەوێت. پارتی - سیستەم؛ چۆنایەتیی مامەڵەکردنی حیزب لەگەڵ دەسەڵات یا ململانەی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتە و پارتی - کولتووریش تەعامولی نێوخۆیی حیزب و پراکتیکی سیاسی - کۆمەڵاییەتی حیزب دیاریی دەکات. لە یەکەم بەیاننامەی حیزبی دێموکرات (١٣٢٤)، باس لە زەروورەتی دامەزرانی حیزب وەک دەرەنجامی هەڵاواردنی نەتەوەیی کراوە و بە دوایدا ڕێکارێکی دێموکراتییانە لە تویێ ٨ ماددەدا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد دارێژراوە. وەک دەبینین ئەو بەیاننامەیە لە دوو بەش پێکهاتووە: یەکەم باس لە ماهییەتی دامەزرانی حیزب دەکات و دواتر کارکردی حیزب لە ٨ ماددەدا دیاری دەکات. ڕەهەندی پارتی - کولتوور پێوەندیی بەوەوە هەیە کە حیزب تا چەند توانیویەتی کولتوری دامەزراوەخوازی و بەتایبەت ڕێکخستن لە کۆمەڵگەدا سەقامگیر بکات. لە دەیەی ٢٠ لە ئێراندا ئێمە زەمینەی سەرهەڵدانی دامەزراوە سیاسییەکان دەبینین و هەر لەم پێناوەدا دامەزرانی حیزبی دێموکرات وەک وەڵامدانەوەیەکی پۆزێتیڤ بەم ڕەوەندە دێموکراتیکە جێگای تێڕامانە. کاتێ دێینە سەر باسی پارتی - سیستەم، وەک لەم بەیاننامەیەدا دەردەکەوێ، دامەزرانی ئەم حیزبە لەڕاستیدا هەنگاوێکە بۆ تەعامولکردن لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی بە مەبەستی دیتنەوەی چارەسەرییەکی دێموکراتیانە بۆ پرسی دەسەڵات لە ئێراندا. کەوایە حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزرانیەوە لە پێناو سەروەریی سیاسی و پرسی نەتەوایەتی دامەزراوە. بەڵام ڕەهەندێکی پراگماتیکانەش لەگەڵ ئەو حیزبەدا هاتووە کە ستراتیژیی خەباتەکەی بەپێی پوتانسێلی نەوەکانی کورد دیاریی بکات و ئەم تێبینییە توانیوییەتی ئیمتیازێکی واقعگەرایانە بەو حیزبە ببەخشێت. بەگشتی هەم لەباری ماهییەتی و هەم لەباری کارکردییەوە نکوڵی لە کارایی حیزبی دێموکرات وەک ڕێکخەر و بەستێنسازکەری بزووتنەوەی کوردایەتی لە ئێراندا ناکرێت.

**دیاکۆ دانا**: چەپ بوون و پرسی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی هەمیشە ڕووی ئەمدیوی فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکرات بووە. بە سەرنجدان بە ڕەوتی مێژوو و ئەو گۆڕانکارییانەی لە نەزمی جیهانیدا هاتوونە پێش؛ چۆن باس لە چەپبوون و



سەرچاوە
Serchawe

## چەپمانەوەی حیزبی دێموکرات دەکەن؟

**ڕزگار ئەمین‌نژاد**: بیری چەپ لە باری تیۆرییەوە تووشی پارادایم‌شیف هاتووە. هۆکارەکەش ئەوەیە لیبراڵیزم - بە تایبەت لە مەنتقی بازاڕدا - توانیویەتی ببێت بە هەژموَن لە جیهاندا، بەڵام ئەمە هۆکاری سەرەکی نییە. ئەگەر ئاوڕ لە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم بدەینەوە و بەتایبەت ڕاپەڕینی مانگی مەی ١٩٦٨ وەک دەسپێک لەبەرچاو بگرین، دەبینین ئاراستە و نێوەرۆکی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان "پۆست ماتریالیستین." بە زمانێکی سادە هۆکاری سەرهەڵدانی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان ماتریالیستی نەماوە، بەڵکوو کولتوور و ناسنامە نێوەرۆکی سەرەکیی بزاڤەکانن. ڕوحی ئیگزیستیانسیالیستی لە شەستەکانی زایینییەوە، ئازادیی تاک و پرسی ناسنامەی وەها کاناڵیزە کردووە کە وێناکردنی دادپەروەری و یەکسانیخوازی بەبێ سەلماندنی ئازادیی تاک ناموکین دێتە بەرچاو. هەر ئەم ڕەوەندەش وای کردووە کە هێزەکانی چەپ ئەمرۆ هەر بۆ داوا سینفی و ماددییەکان خەبات نەکەن بەڵکە چ لەباری تیۆریک و چ لەباری پراکتیکەوە پشتگری لەو بزاڤانەش دەکەن کە بە بزاڤی هۆییەتی ناسراون.

بە پێی تێگەیشتنی من، بیری چەپ لە حیزبی دێموکراتدا هەر لە سەرەتاوە، ماهییەتی کولتووری و ناسنامەیی هەبووە. وابزانم "کورتەباس"ەکەی دوکتور قاسملوو ئەم بۆچوونە باشتر بسەلمێنێت. کە باس لە گۆڕان لە سیستەمی جیهانییش دێتە ئاراوە، دەبێ عەرزتان بکەم، لە ڕاستیدا گۆڕانێکی ئەوتۆ نابینین. ئەو شتەی کە گۆڕاوە، تێگەیشتنی ئێمەیە کە بە هۆی شۆڕشی زانیاری و سۆشیال مێدیاوە توانیومانە بە چاوێکی کراوەترەوە لەگەڵ واقیعی جیهان بەرەوروو ببینەوە. وابزانم بۆچوونی جان مێرشایمێر تا ڕادەیەکی باش دەتوانێ یارمەتیمان بدات بۆ شرۆڤەکردنی سیستەمی جیهانی. ئەو باس لە "ستروکتوراڵ ڕیالیتی" دەکات و پێی وایە مەنتقی ئەم سیستەمە وەهایە کە تا ڕادەیەکی زۆر ئەجندا و تەعامولی دەوڵەتان دیاریی دەکات. واتە سیاسەتی نێوخۆیی و نۆرمە مەدەنییەکانی دەوڵەت گرینگییەکی ئەوتۆیان نییە لە سیاسەتی جیهانیدا بەڵکوو شێوازی تەعامولی دەوڵەتەکان لەگەڵ سیستەمی نێودەوڵەتییە کە سیاسەتەکانی دەوڵەت دیاری دەکات. بە زمانێکی سادە عەرزتان بکەم: هەڕەشەیەکی هەتاهەتای لەسەر تەناهی و مانەوەی دەوڵەتەکان هەیە و ئەم دیاردەیە دەوڵەتەکان بەرەو بیری بەهێزبوون پاڵ پێوە دەنێت. مەنتقی هێز لەم تیۆرەدا کۆنتێکستی پێوەندیی نێوان دەوڵەتەکان و هەروەها ڕیفاهی نێوخۆیی بۆ هاوڵاتیان دیاری دەکات. واتە ئیدئۆلۆژی، نۆرمە مرۆییەکان، ئەخلاقی سیاسی و... لە ئەجندای نێودەوڵەتیدا جێگای نییە بەڵکوو هێز تاکە نۆرم و ئەنگیزەیە کە دەبێ دەوڵەتەکان هەوڵی بۆ بدەن. نموونەییەکی سادە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە ئەوەیە بە درێژایی مێژوو ئەو دەوڵەتانە هێرشیان کراوەتە سەر و شکستیان هێناوە کە هێزیان لە کەمی داوە. وابزانم تیۆری ستروکتوراڵ ڕیالیزم نەک هەر لە ئاستی نێوان دەوڵەتان بەڵکوو دەتوانین لە پێوەندی نێوان پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەکییەکانیشدا تەتبیق بکەین. هێز لە تەعامولی نێوان پێکهاتە سیاسییەکان و لەنێوان دەوڵەت و



سەرچاوە
Serchawe

ئۆپۆزیسیۆنیش ڕۆڵی سەرەکیی هەیە. لەم سۆنگەوە لەوانەیە چەپ بوون یا لیبراڵ بوون بۆ حیزبێک وەک برەند یا پرستیژ لەبەرچاو بگرین، بەڵام "هێز" چارەنووسی حیزبێکی سیاسی دیاریی دەکات. وابزانم حیزبی دێموکرات و هەروەها حیزبەکانی دیکەش دەبێ بە جیددی ئەم واقیعی ساختارییە بە هەند بگرن و هەم لەباری نەرمامێری و هەم لەباری سەختامێرییەوە لەبیری بەهێزکردنی خۆیان بن.

**دیاکۆ دانا**: حیزبی دێموکرات نیزیک بە هەشت دەیەیە پێداگری لەسەر دێموکراسی بۆ ئێران دەکا و لە ئێستاشدا ئێرانی فیدراڵی داهاتووی بە دێموکراسییەکەوە گرێ داوە کە پێویستە لەو وڵاتەدا چێ ببێت. پێتان وایە بە سەرنجدان بە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکرات ئەوە ئەرکی ئەم حیزبەیە؟ بە ڕوویەکی دیکەدا دەسکەوتەکانی هەڵگرتنی ئەم دروشمە لە هەشت دەیەی ڕابردوودا بۆ حیزب و گەلی کورد لەو وڵاتە چی بووە؟

**ڕزگار ئەمین‌نژاد**: دێموکراسی کێشە بنەماییەکان چارەسەر ناکات چوونکە بۆ ئەم کارە دروست نەکراوە. بۆ نموونە پرسی نەتەوەیی یەک لەو پرسانەیە کە نەک دێموکراسی چارەسەری نەکردووە، بەڵکوو لە زۆر یەک لە وڵاتان دێموکراسی ڕۆڵی هەبووە لە ئیستیحاڵەکردنی پرسی نەتەوەییدا. بۆ نموونە دێموکراسی بووەتە شمشێری دامۆکلێس لە دەستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا و هەرکات باسی پرسی نەتەوەیی بکەین، لە سەرمان دەدات. گرامشی لە یەکێک لە یاداشتەکانی زینداندا باس لە هەژمۆنی دێموکراتیک دەکات و دەڵێت لە وڵاتانی لیبراڵ کرێکارەکان تووشی وەهمی دێموکراتیک دەکەن بەڵکوو لە ڕێگای دەنگدانەوە بە مافەکانیان بگەن، بەڵام ئەو شتەی قەت لە سندووقەکانی دەنگدان نایەتە در، ماف و داوای کرێکارانە. لە سیستەمێکی دێموکراتیدا، بە بۆچوونی گرامشی، تەنیا هەژمۆنی کولتووری لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا و بەهێزکردنی بلووکێک بۆ ئیئتلافی ئەو هێزانەی لەباری ماهیەتییەوە لێک نیزیکن، فۆرم و دەسەڵاتی سیاسی دیاریی دەکات. وەک دەبینین نەفسی شەڕ بۆ ئازادی و ماف لە دێموکراسیشدا کۆتایی نایەت، بەڵام میکانیزم و مێتۆدی شەڕەکە جیاوازە.

ئێمە باوەڕمان بە دێمۆکراسییە، چونکە هیوادارین لە دۆخێکی دێموکراتیکدا کار بۆ هەژمۆنی کولتووری و بلووکبەندییە سیاسییەکان بکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشە بنەماییەکان. کەوایە دێموکراسی نابێ ببێت بە بنەمای خەبات بۆ ئازادی و عەداڵەت، بەڵکوو دەبێ وەک قاعیدە سەیری بکەین بۆ لادانی بەربەستەکان. ئێمە کاتێک دەتوانین دێمۆکراسی وەک بنەما بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی یا پرسی هەڵاواردنی جێندەری و هەروەها نایەکسانی کۆمەڵایەتی بسەلمێنین کە دێموکراسییەکە ئەو ستەمانە و هۆییەتی ئەو پێکهاتانەی چەوساونەتەوە، بە ڕەسمی بناسێت. دێموکراسی بەبێ چوارچێوەیەکی تیۆریک بۆ پێناسەکردنی چەوساندنەوە و هەڵاواردن، نەک کێشە بەرچاوەکانی ئێران چارەسەر ناکات بەڵکوو پرسی نەتەوەیی تا ئاستی کلێشەیی بوون دەبات. مێژووی سیاسی ئێران ئەو ڕاستییەمان پێ دەسەلمێنێت کە دێموکراسی

هەمیشە ڕووی لە دیاردەیەکە بەناوی فێتیشی دەسەڵات، واتە گرفت لە دەسەڵاتدا دەبینێت نەک لە ماهییەتی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانیدا. بەداخەوە دێمۆکراسی لای ئەوان سندووقی دەنگدانە، بەڵام دێمۆکراسی لە ڕاستیدا دەبێ لە دوای دەنگدانەوە دەست پێ بکات و دەرفەتێک بڕەخسێنێ بۆ دێموکراتیزەکردنی دێموکراسی، واتە کەمینەش شانسی بوون بە زۆرینەی هەبێت.

**دیاکۆ دانا**: بە سەرنجدان بە بزووتنەوەی نارەزایی خەڵک لە ساڵی ڕابردوو و پێگە و ستاتوی ڕێژیم لە ئێستادا، ئەوەی حیزبی دێموکرات نەیکردووە و دەبێ بیکات چییە؟

**ڕزگار ئەمیننژاد**: شۆڕشی ژینا، لە مێژووی سیاسی ئێراندا بێ وێنە بوو. لەوانەیە لەم وتووێژە کورتەدا نەتوانین بپرژێینە سەر شرۆڤەی ڕەهەندەکانی، بەڵام بەپێویستی دەزانم ئاماژە بە چەند کاراکتێری ئەو شۆڕشە بکەم کە لە گشت شۆڕش و ئینقلابەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە. ئەم شۆڕشە توانی پاشەکشە بەو ئارکیتایپانە بکات کە هەمیشە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێراندا هەژمۆن بوون، بۆ نموونە پیاوسالاری، دین، ناوەندخوازی، کاریزما، مونیسیزم، باستانگەرایی و بە گشتی بەرگێکی نوێی کرد بە بەری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەر ئەو کاراکتێرانەش بوون کە نەک ڕێژیم بەڵکوو بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنیش بۆ کپکردنی دەنگ و پەیامی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی کەوتنە خۆ. هەڵبەت ئەو شۆڕشە بەرچاوڕوونییەکەی بۆ ئێمەش پێ بوو، ئێمە بینیمان کۆمەڵگەی ئێران قۆناغێکی تێپەڕاندووە کە لۆتز گۆڕان پێی دەڵێت "دێمۆگرافیک مێتابولیزم" واتە گەشە و تایبەتمەندییەکانی وچەی نوێ، زەمینە و ئاراستەی گۆڕانکارییەکان بەپێی خەون و مەنتقی خۆی دیاری دەکات. بەڕاستی هەموومان، بە چالاکانی سیاسی و شرۆڤەکار و حیزبەکانیشەوە، پێویستیمان بە کات هەبوو بەڵکوو لە حەقیقەتی ئەو شۆڕشە تێبگەین.

سەرەڕای ئەو ئاماژانە، خاڵێکی وەرچەرخان لەم شۆڕشەدا هاتە دی کە جێگای تێڕامانە و ئەویش بادانەوەی ڕەوتی گۆڕان بوو. ئەگەر جاران ناوەند مەکینەی گۆڕان بوو لە ئێران، ئەمجارە پەراوێز بوو کە ئاراستە و نێوەرۆکی گۆڕانکارییەکانی لە ئێراندا دیاری دەکرد. ئەم دیاردەیە مەیدانێکی لەبار بوو بۆ مانۆڕی سیاسیی حیزبەکانی کوردستان. بەڵام خەڵک لەنێوخۆی وڵات زۆر دڵگەرم نەبوون بە دەرکەوتنی حیزبەکانمان، بەتایبەت شێوازی هاوپەیمانی و دیالۆگی حیزبەکانمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکی ئێرانی لەو ئاستەدا نەبوو کە خەڵک چاوەڕێیان دەکرد. حیزبە کوردستانییەکان دەبوایە تێکرا و زۆر لەوە زیاتر پێداگرییان لەسەر داوا نەتەوەییەکانیان بکردایە نەک هەر لەبیری میکانیزمی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بن لە ئێراندا (واتە فیتیشی دەوڵەت). ئەو پوتەنسیێلەی کە لە شەقامەکانی کوردستاندا دەرکەوت، دەیتوانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ناچار بەوە بکات لەدوای ڕێتۆریکێک بگەڕێت بەڵکوو خۆی لەگەڵ داواکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران سازگار بکات.



سەرچاوە
Serchawe

خەرمانانی ۲۷۲۳

یەکێک لە ئیمتیازە باشەکان بۆ حیزبی دێموکرات ئەوە بوو کە ڕازی بەو کەیفیەتە سیاسییە نەبوو کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی خۆی پێ ڕادەنا. بە بڕوای من داکۆکی و پێداگریی حیزبی دێموکرات لەمەڕ "نەتەوەبوونی کورد" وەک پێشمەرج بۆ هاوپەیمانی، لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا وەک ئیمتیازێکی ئەرێنی و کردەوەییەکی بەرپرسیارانە تۆمار دەکرێت.

۱ی خەرمانانی ۲۷۲۳

---

# کاتی ئەوە هاتووە پێکەوە بیر بکەینەوە



د. مەجید حەقی

هیچ نەتەوەیەک و هیچ ڕەوتێک یەک شەوە لەدایک نابێت. هەموو ئەوانەی "ئیدعای" خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوایەتی دەکەن و هەموو ئەوانەی خۆیان بە "شۆڕشگێڕ" دەزانن ئامانجی سەرەکیان ڕزگاری نەتەوایەتی و گەیشتن بە ئامانجەکانی مرۆڤی نەتەوەی کوردە. لەو ڕووەوە هیچ بۆچوونێک نە لە بۆچوونی دیکە "پیرۆز"تر و نە لە بۆچوونی دیکە ڕاستترە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵانێکە بەدەست دەردێکی مێژووییەوە دەناڵێنێ کە بە "دەردە کورد" ناو دەبرێ و قووڵایی ئەو قەیرانەش کاتێک دەردەکەوێت کە جیابیری لە پێوەندی لەگەڵ پرسە سیاسیەکانی ڕۆژهەڤدا هەبێت؛ ئەوکات نەیاری سەرەکی لەبیر دەچێت و کورد و بزاڤی سیاسی کورد دەکەوێتە گیانی یەکتر و خۆخۆری.

دەسپێکی شۆڕشی "ژن ژیان ئازادی" کە بەشیوەی هاودەنگ و هاوئاهەنگ بەرێوە دەچوو، هیوایەکی زۆری بە هەموو خەڵکی کوردستان بەخشی. کوردستان ببوو بە هێمای یەکگرتنەوە و سەرچاوەی هێزوەرگرتن و ئیلهامبەخشین بۆ هەموو بەشەکانی ئێران. حیزبە لێکدابڕوەکانی کوردستانی بەخێرایی یەکگرتوویی حیزبیان ڕاگەیاند و دیالۆگێکی نەتەوەیی خەریکی

پەرەسەندن بوو. لێ مخابن مانگی هەنگوینی یەکگرتوویی کورد زۆری نەخایاند. کەشی نابڕوایی زوو هێرشی کردە سەر یەکگرتووییە ناسکەکەی کوردستان و بە دەسپێکی گفتگۆ و ڕاگەیاندنی مەنشووری "جۆرج تاون" مەودای نێوان هێزەکانی پێکهێنەری ناوەندی هاوکاری حیزبە کوردستاییەکانی کوردستانی ئێران دوور کەوتەوە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە هێرش بۆ سەر یەکتر داگیر کرا. وەک ئەوەی پرۆژەی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا ئامانجی پێکهێنانی لێکدابڕان و ڕووخاندنی دیوارەکانی یەکگرتوویی کورد بووبێت. بڵقێک کە بە مەنشووری جۆرج تاون (مەهسا) و لە کەشی میدیایی فارسی زمانی ناوەندگەرادا پێک هات، هەوڵی دا ئەو مەنشوورە بە تاقانە ئاڵترناتیو لەقەڵەم بدات و دوای ماوەیەکی کورتیش بە هەمان خێرایی پێکهاتنی، بەرەبەرە پێکهێنەرانی مەنشوور ڕیزی خۆیان لە یەکتری جیا کردەوە.

مەنشووری مەهسا نەتەنیا بوو بەهۆی لێکترازانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و تا ئاستێکی زۆریش بەلارێدابردنی خەبات و سەرنجی گەلانی ئێران، بەڵکوو ڕاستەوخۆ بوو بە هۆی لێکدابڕانێکی دیکە لەنێو کوردستاندا. ساردییەکی سامناک بەسەر پێوەندییەکانی نێوان حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکاندا سەپا، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران تووشی لێکدابڕان بوو و، لە ڕەوتی ڕووداوەکانی سەرەتایی ئەو لێکدابڕانەدا بەداخەوە دوو پێشمەرگەی کۆمەڵە گیانیان لەدەست دا و؛ ئەنجام قەیران و برینێکی دیکە بە جەستەی قەیراناوی کورد و کوردستان زیاد بوو.
سەرەڕای ئەوەی لێرەولەوێ حیزبە کوردستانییەکان کۆنفڕانس و سمیناری هاوبەشیان پێک هێناوە و، سەرەڕای ئەوەی حیزبە کوردستانییەکان پێداگری لەسەر دیالۆگ و پێکەوە کارکردن دەکەن، بەڵام بەکردەوە بەهۆی ڕووداوەکانی دوای کۆبوونەوەکەی جۆرج تاون کەشی داسەپاو بەسەر بزاڤی نەتەوایەتیی کوردستان شایەتی جۆرێک لێکترازانە و ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە هاوپەیمانییەکانی نێوخۆی کوردستان بنەماکانیان زۆر لاوازن. هۆ: نەبوونی ستراتێژییەکی ڕوونی نشتیمانی و هاوبەش لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا و دیارنەبوونی هێڵەسوورەکانی نشتیمانی. بەمجۆرە دەرکەوت ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هاوپەیمانی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا دەبێ وەک یەکەیەکی یەکگرتوو و یەکپارچە ببیندرێت و هاوپەیمانییەکان نابێ ببێتە هۆی لەمەترسی خستنی یەکیەتیی نەتەوەیی .

یەکێک لە گرینگترین ئەزموونی شۆرشی ژینا ئەوەیە: کۆمەڵگەی کوردستانی کۆمەڵگەیەکی دابەشکراو و پلۆراڵە و چارەسەرەکانیش زیاتر لە یەک دانەن، واتە هیچ بۆچوونێکی بەتەنیا ناتوانێت ئاڵترناتیڤ بێت. ئەوەی یەکمان دەخاتەوە بایەخە نەتەوایەتی، ئاواتەکانی بەرزی نیشتمانی و ئازادیی نەتەوەییە. مێتۆد و جۆری گەیشتن بەو ئاواتە لەوانەیە جیاواز بێت، بەڵام جیاوازیی بیرکردنەوە نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کوردستان وەک تەواوییەتێکی یەکگرتوو لەبەرچاو نەگیرێت و هاوپەیمانە تاکتیکییەکان زیان بە ستراتێژی نەتەوەیی بگەیەنن. قووڵایی ستراتێژیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەتەوەکانی بندەستی ئێرانن و هەر هاوپێمانییەک کە فرەنەتەوەییبوونی ئێران و نەتەوەبوونی کورد بباتە ژێر پرسیار



سەرچاوە Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٣

نەتەنیا سەر ناکەوێ بەڵکوو زیان بە تەواویەتیی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەیەنێت.
کاتی ئەوە هاتووە پێکەوە بیر بکەینەوە. پێکەوە دەست بکەینەوە بە دیالۆگێکی نەتەوایەتی بۆ گەیشتن بە یەکگرتوویەکی نەتەوایەتی و بەکارهێنانی هەموو تواناکانی نێو کۆمەڵگە. پێکەوە بیرکردنەوە کارێکی ئاسان نییە، زۆر لە ئێمە نەک ئامادە نین بیر لەو ڕێگایە بکەینەوە، بگرە دەمانهەوێ بە "حەزف" و لە مەیدانەدەرکردنی لایەنەکانی دیکە تەنیا بۆخۆمان بیر بکەینەوە؛ ئاکامی ئەوەش لەنێوبردنی هەموو هێزەکانمان دەبێت.

لە زانستی فیزیکدا فێر کراوین "مادە" لە ئەتۆم پێک هاتووە. ئەتۆمەکانیش بە ڕادەیەکی یەکمیلیارد بچووکتر لەو ئاستەن کە تەنانەت بە میکرۆسکۆپیش ببینین. ئەتۆمەکان لەنێو مادەدا بە خێرای دەجووڵێن و جاری وایە وێک دەکەون و مادە تووشی تەقینەوە یان گۆڕانی شیمیایی دەکەن. هەمان وێنە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردا دەبینرێت، خێرایی کێشەکان و قووڵایی کێشەکان بە ئاستێکە کە مرۆڤی کورد بەئاسانی لێک دەکەون. کاتێک دوو ماددە لێک دەکەون ئەنجامەکەی دەبێتە بەریەککەوتن و ئەم بەریەککەوتنەی نێو کۆمەڵگە دەبێتە هۆی لەبەرانبەر یەک وەستانی کۆمەڵگە و دواجار بەفیڕۆچوونی هێز و تواناکانمان.

ئێمە تاک و ڕێکخراوە کوردییەکان چۆن فێری جۆرە چالاکی و خەباتێک بین کە دیالۆگ و وێکگەیشتنمان زیاتر بکات؟ چۆن دەتوانین ئێکۆلۆژیی سیاسی خۆمان بەرەو ژینگەیەکی سالمی پڕگەشەونەشە بگۆڕین؟ چۆن دەتوانین پێشی گەڕانەوە بۆ دواوە و ژیان لە ڕابردوودا بگرین؟ هەنگاوی یەکەم بۆ دەسپێکی پرۆسەیەکی وا بریتییە لە: ١. هەڵسوکەوتی لۆژیکی و دوورکەوتنەوە لە دەمارگرژی و گەشەسەندنی توانایی هەڵسوکەوت و کردار بە شێوەیەکی نوێ و جیاواز لە ڕابردوو؛ چونکە ئەو شێوازە وەڵامدەر نەبووە. ٢. گەشەپێدانی نەرمینواندن و گوهەربارتر بۆ تێگەیشتن لە یەکتر بەبێ ئەوەی پێویست بە تاوانبارکردن و قەزاوەت بێت. ٣. مەجال و دەرفەتی شیکردنەوە و شرۆڤەکردن بۆ یەکتر بەجێ بێڵین بۆ ئەوەی نەبینە قوربانیی کەشی هەست و ئیحساساتی لەنەکاو.

سەرمایەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و مرۆڤیی ئێمە گرینگتر و خاوەن ڕێزتر لەوە دەبێ بن کە ئێمە بەدەستی خۆمان بیانڕووخێنین. جۆری بیرکردنەوەی ئێمە شێوازی قسەکردن و دەربڕینی ئێمە دیاری دەکات. ئێمە دەبێ هەموومان توانای پێکەوە بیرکردنەوەمان گەشە پێ بدەین و بتوانین لە نەخۆشی و شێرپەنجەی خۆخۆری و یەکتر شکاندن ڕزگارمان بێت. ئەو نەخۆشیە گشتیە هەموو هێز و توانای لە ئێمە ئەستاندووە.

١ی خەرمانانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# کاروانی ڕچەشکێنان



**لە ١٥ ساڵەی شەهیدبوونی هەمزە سارتکەیی و شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧دا کە بە ڕچەشکێنییان و دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی پێشمەرگانەی حیزبی دێموکرات، سامی ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامییان تێکشکاند**

**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

ئەمساڵ ٧٨ ساڵ بە سەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تێپەڕی. ئەم حیزبە لە ماوەی نیزیک هەشت دەیە تێکۆشانی خۆیدا گەلێک قۆناخی ناسک و هەستیار و لە هەمانکاتدا پڕ لە شانازی و تێکۆشانی بڕیون و هەنووکەش بە گەرموگوڕیی پترەوە لەم قۆناخەدا ڕەوڕەوەی شۆڕشی نەتەوایەتی بە پێشکەشکردنی گیانی کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و دۆستان و لایەنگران و خەڵکی نێوخۆی وڵات بەرەو پێش دەبا.

لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٧ و لە بەرەبەری شەستوچوارەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا دەستەیەک لە کادر و پێشمەرگە خۆنەویستەکانی حیزبی دێموکرات بە فەرماندەیی هەمزە سارتکەیی، پارتیزانی بەئەزموونی نێو شۆڕش قۆڵی هیممەتیان هەڵماڵی و لە گەرمێنەوە بەرەو قوڵایی خاکی ڕۆژهەڵات وەڕێ کەوتن. ئەو پۆلە لە پێشمەرگەکان چەخماخەی

شۆڕشێکی نوێیان لەم قۆناخە ناسکەدا لێ دا و بە حزووری پێشمەرگانەیان شەوەزەنگی بێدادیی ڕێژیمی ئێرانیان دڕ دا. بڕیار ئەوە بوو کاک هەمزەی فەرماندە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەیبەتی پێشمەرگانە و گەورەیی ناوی حیزبی دێموکرات لەنێو جەرگەی خەڵکی تامەزرۆی ئازادیدا بە گوێی نەوەی نوێ بگەیەنێ، سەردانی گوند و هەوار و کوێستانەکانی ناوچە بکەن و بە حزووری پێشمەرگانەی خۆیان ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبەکەیان لەگەڵ گەلەکەیاندا جێژن بگرن.

حزووری ئەو پۆلە پێشمەرگەیە وەک هەورە بریسکە نەک هەر لە ناوچەی سەردەشت و ڕەبەت بەڵکوو لە هەموو کوردستان و ئێراندا دەنگی دایەوە. حزووری ئەو پۆلە لە پێشمەرگەکان دوای ساڵانێک دابڕان و نەچوونەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ نێوخۆی وڵات، بووە هۆی خۆشحاڵیی ئەویندارانی ڕێگەی ئازادی و تامەزرۆیانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و، لە هەمان کاتیشدا بوو بە هۆی ترس و دڵەڕاوکێی جاش و بەکرێگیراوانی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم. ئەگەر لەلایەک ئەو پۆلە پێشمەرگەیە ئامێزی خەڵکیان بەگەرمی بۆ کرا بۆوە، لەلایەکی دیکەوە خایینان بە گەل و نیشتمانیش هەوڵیان دەدا ئەو پۆلە ئەستێرەیە لە ئاسمانی ساماڵی شۆڕش کوردستاندا بکوژێننەوە.

ڕچەشکێنی و جەولەی سیاسیی تەشکیلاتی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە کاتێکدا بوو کە ڕێژیمی ئێران بۆ سەقامگیریی خۆی بە میلیاردها دۆلاری خەرجی دروستکردنی ڕایەڵەی جاسووسی و هەروەها کڕینی چەکوچۆڵی سەردەمیانە کردبوو بۆ ئەوەی گەلی کوردی پێ سەرکوت بکا و خۆی گوتەنی تەپڵی نەمانی هێزی پێشمەرگە لێ بدا.

پارتیزانەکانی حیزبی دێموکرات سەردانی گوند و باژێر و هەوار و شوێنە گشتییەکانیان دەکرد و بە بوونی خۆیان زیاتر ڕەواییان بە شۆڕشی گەلەکەمان دەبەخشی. پێشمەرگەکان لە دیدار و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ خەڵکی ناوچە و گوندەکاندا هەستیان بە ئارامی و سەربەرزی دەکرد و لە هەموو لایەکەوە کوڕ و کچانی کوردستان و دانیشتووانی گوندەکان بە سروودی "هاتنەوە، هاتنەوە، پێشمەرگانی دێموکرات" و بە سروودی "وا هاتن پێشمەرگەی مە" پێشوازیی گەرمیان لە ڕۆڵەکانی خۆیان دەکرد. ئەو پۆلە هەڵۆیەی کوردستانیش بە هەستکردن بە بەرپرسایەتی لە دیدارەکانیاندا بە وتار و لێدوانی شۆڕشگێرانەیان لە قوتابخانە و مزگەوت و مووچە و مەزراکاندا دەبوونە میوانی خەڵک و مزگێنی قۆناخێکی نوێی خەباتیان بە خەڵک دەدا .

ڕچەشکێنی و مەیدانداریی هەڵۆ تیژباڵەکانی دێموکرات ترس و لەرزی وەدڵی ڕەشی دوژمنان خستبوو، هەر بۆیە لە هەموو لایەکەوە خایین و جاشەکانی ڕاسپاردبوو زانیاری لەسەر ئەو پۆلە لە تێکۆشەرانی دێموکرات کۆ بکەنەوە بۆ ئەوەی پێش بە حزووری پێشمەرگانەیان بگرن. لەلایەکی دیکەشەوە وریایی و هەست بە بەرپرسایەتی زۆری تێکۆشەرانی دێموکرات وای



سەرچاوە
Serchawe

کردبوو جووڵەی پێشمەرگانەی خۆیان بە شێوەی پارتیزانی ڕێک بخەن و نەهێڵن دوژمن بە ئامانجی گڵاوی خۆی بگا. پێشمەرگەکانی دێموکرات لە ماوەی زیاتر لە سێ حەوتوو مانەوەیاندا سەلماندیان کە دەتوانن لە هەموو قۆناخە سەخت و دژوارەکانیشدا هەنگاوەکانیان بۆ ئازادیی کوردستان پتەوتر بکەن، چوونکە لە ماوەی مانەوەیان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەوەیان سەلماندبوو یاری تا سەری ڕێگەی ئازادی و ڕێبازی دێموکراتن.

سەردانی هەمزە سارتکەیی و هەڤاڵانی لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، لە گڵکۆی شەهیدەکان، لە بنەماڵەی بەشێک لە کادر و پێشمەرگە و زیندانیانی سیاسی و لە دۆڵی دێموکرات و هەروەها لە مووچە و مەزرا و دارستان و هەوار و گوندەکان و بە تایبەت چوونەسەر جادەی ئەسڵیی نێوان شارەکانی سەردەشت، ڕەبەت، بانە، مەهاباد و پیرانشار هەموویان شایەتی بۆ بوێری و چاونەترسیی فەرماندە خۆشەویست و باڵابەرزەکەی دێموکراتیان دەدا. پێشوازیی گەرمی خەڵکی ناوچەکەش لە فەرماندە و هێزی پێشمەرگەیان هەڵگری پەیامی تایبەت بە خۆی بوو. یەکەم پێشمەرگەکانیان بە ڕۆڵە و کوڕ و کەسی خۆیان دەزانی. دووهەم شانازییان بە بوونی دێموکراتەوە دەکرد و سێهەم خۆیان بە پشتیوانی سەرەکی ئەم جووڵانەوەیە دەزانی و وەک دەڵێن خۆیان کردبوو بە دەریایەک پێشمەرگەکان مەلەی تێدا بکەن و هەموو ئەو خاڵانەش ببوونەوە هۆی مانەوەی زیاتری کادر و پێشمەرگەکان لەنێو قووڵایی خاکی کوردستاندا.

لە ماوەی مانەوەیاندا دوژمن نەیدەوێرا قەرە لە قەرەی پێشمەرگەکان بدا، هەر بۆیە لە بیر و فیکری و داڕشتنی پیلانێکی ڕەشدا بوو. ئیتلاعات و هێزی سوپا بە بڵاوکردنەوەی سیخووڕ و جاش توانیبوویان بەنەهێنی تا ڕادەیەک چاوەدێریی ئەو پۆلە هەڵۆیەی دێموکرات بکەن بۆ ئەوە لە شوێنێکی کەم مەترسی بۆخۆیان لە داویان بخەن. بۆیە لە کاتێکدا تیمی پێشمەرگەکان لە ناوچەی ڕەبەت ڕا بەرەو ناوچەی سەردەشت کەتبوونە ڕێ، ڕۆژی ٢٣ی گەلاوێژ لە گردێنە خستیاننە بۆسەیەکی سامناکەوە. لەو تێکهەڵچوونەدا بەداخەوە کاک هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی و قادر قادری شەهید بوون و چوونە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە.

جەولەی سیاسی و تەشکیلاتیی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە بە فەرماندەیی شەهید هەمزە سارتکەیی یەکەم چەخماخەی قۆناغی نوێی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات دوای پتر لە یەک دەیە دوورکەوتنەوەی خەڵک و پێشمەرگە لە یەکتری و هەستانەوەیەک بوو بۆ شۆڕش و حیزبی دێموکرات. پێشوازی گەرمی خەڵکی کوردستان بوو بە هۆی ئەوەی دواتر پۆل پۆل کادر و پێشمەرگەکانی دێموکرات ڕێگەی چوونەوە و جەولە بۆ کوردستان بگرنەبەر و هەر لە سنە و کرماشانەوە بگرە تا سەقزی خوێناوی و شنۆی شەهیدان و سەردەشت و ڕەبەت و پیرانشار و مەهاباد هەموویان ببنە شوێنی جەولە و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی دێموکرات. بەدوای ئەوەشدا شەهیدبوونی پۆلێکی دیکە لە تێکۆشەرانی دێموکرات نیشانەی هەستانەوەی دێموکرات و



سەرچاوە
Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٣

بەگژداچوونەوەی ڕێژیمی ئێران بوو. هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی دوژمن زیاتر سنوورەکان بە مین و تەقەمەنی بۆمبڕێژ بکا و بە بیری چەوتی خۆی بە دانانی تێلبەند پێش بە حزووری پێشمەرگانە بگرێ، بێخەبەر لەوەی کوردستان هەمووی لانەی پێشمەرگانە و ئەمرۆ هەموو گەنج و لاوانی کورد بوونە پێشمەرگە.

شەهیدان هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی و قادر قادری شەهیدانی یەکەم جەولەی هێزی پێشمەرگە بوون، بەڵام دوای ئەو ڕچەشکێنییە دەیان حەماسەی دیکە خوڵقانەوە و زۆر گەلەئەستێرەی دیکەش ڕاخوشین و بە خوێنی خۆیان ڕێگەی خەبات و تێکۆشانیان والاتر کرد.

**له ١٥ ساڵەی شەهیدبوونی کاک هەمزە سارتکەیی و شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧ی هەتاویدا سڵاو له ئامانج و ڕێبازیان.**

**١ی خەرمانانی ٢٧٢٣**

---

# ٧٨ ساڵ خەبات لەپێناو یەکسانی و پرسی نەتەوەییدا




**ئاسۆ مینبەری**

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٧٨ ساڵ بە سەر دامەزرانی حیزبی دێموکرات تێپەڕی. حیزبێکی پێشەنگ کە بەدرێژایی ساڵانی خەباتی خۆی، هاوکات لەگەڵ ئەوەی لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکۆشاوە، هیچکات لە پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگەش خافڵ نەبووە و گرینگیی تایبەتی پێ داون.

حیزبی دێموکرات وەک ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ٧٨ ساڵی ڕابردوودا بە زۆر قۆناغی جیاواز و هەستیاردا تێپەڕیوە، وەکوو حیزبێکی پێشڕەو، هەوراز و نشێوی زۆری بینیوە بەڵام، هیچکات کۆڵی نەداوە. ئەم کۆڵنەدانە لە ڕاستیدا تەنیا بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگەی کوردستان نەبووە، لێرەدایە کە ڕۆڵی ژن لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتدا بەرجەستە دەکرێتەوە.

حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٧٨ ساڵی ڕابردوودا هاوکات لەگەڵ ئەوەی وەکوو حیزبێکی نەتەوەیی کاری بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کردووە، پەرژاوەتە سەر هەندێک بابەت و پرسی دیکەش کە گرینگیدان

بەو پرس و بابەتانە هیچیان کەمتر لە ئامانجە سەرەکییەکەی ئەم حیزبە بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد نەبووە و نییە.

لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات هیچکات لە پرسەکانی ژنان خافڵ نەبووە و لە هەر بڕگەیەک لە مێژووی خەباتی خۆیدا هەوڵی داوە بە باشترین شێوە هاوکات لەگەڵ پێناسەکردنی ئەرک و مافی ژنان، پرسە پێوەندیدارەکان بەم توێژە هاوتەریب لەگەڵ تێکۆشان لە ڕاستای بەدەستهێنانی مافی نەتەوەییدا بە ئاکام بگەیەنێ.

زۆر جار بینیومانە ئەم ڕەخنەیە بەرەورووی حیزبی دێموکرات بۆتەوە کە پرسەکانی تایبەت بە ژنان ڕەوتێکی جیهانی دەپێون و هاوتەریبکردنی ئەم پرسانە لەگەڵ پرسگەلی نەتەوەیی بە مانای گرینگیدان بە ناسیۆنالیزم و زاڵکردنی بە سەر فێمێنیزمدایە، بەڵام لەڕاستیدا حیزبی دێموکرات لە ماوەی تێکۆشانی خۆیدا هەوڵی داوە بە پێناسەکردنی ژنان وەکوو بەشێک لە دانیشتووانی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی جوغرافیای خەباتی خۆی، ئەرکداریان بکات بەوەی وەکوو ژنەکورد داوای مافەکانیان بکەن. بە مانای دیکە حیزبی دێموکرات ژنان وەک بەشێکی جیانەکراو لە کۆمەڵگە دەزانێت و بە جیانەکردنیان لە پرسە نەتەوەییەکان، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ئەرکێکی قورسی نەتەوەیی دەخاتە سەر شانیان، زیاتریش ئەرکداریان دەکات بەوەی خەبات بۆ توێژەکەی خۆیان بکەن و لەم پێناوەشدا خودی حیزبی دێموکرات یارمەتیدەرێکی باش بۆ ژنان بووە و بە ڕەخساندنی دەرفەت و دابینکردنی ئیمکاناتی پێویست هەوڵی داوە وەکوو ڕێکخراوێکی بەپرەنسیپ و بەرپرس لە بەرانبەر تاکەکانیدا، پرسەکانی ژنان بکاتە ڕۆژەڤ و کاریان لەسەر بکات. ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، ئەگەر ئێمە وەکوو نەتەوە ئازاد بین و کیانێکی سەربەخۆمان هەبێ، بێگومان وەکوو ژنیش ئەتوانین ئازاد بژین و ئازاد بیر بکەینەوە!

حیزبی دێموکرات بە مەبەستی زیاتر گرینگیدان بە توێژی ژنان و هەوڵدان بۆ پێگەیاندن و بەشداری پێکردنیان لە کایە سیاسییەکاندا، هەوڵی داوە بەکردەوە ژنان بێنێتە نێو بازنەی سیاسەتەوە و کەڵک لە توانایی و لێهاتووییەکانیان وەربگرێت، هەربۆیە بەڕاشکاویش لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی خۆیدا باس لەوە دەکات لەپێناو یەکسانیی کۆمەڵایەتی و لابردنی هەڵاواردنە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکان کە بە دژی ژنان دەکرێت خەبات دەکات؛ ئاماژە بە کەرامەتی مرۆیی دەکات و باس لەوە دەکات کە دەبێ ستەمی جنسی کۆتایی پێ بێت، هەربۆیە دەبێ دان بەو ستەمەدا بنرێت کە بەرانبەر بە ژنان دەکرێت و کەرامەتی مرۆیی ژنانی پێ زەوت دەکرێت.

حیزبی دێموکرات بۆ پاراستنی ئەم کەرامەتە بەکردەوە هەوڵی داوە، هیچکات نەیویستووە کە ژنان وەکوو ئامراز بۆ گەیشتن

بە ئامانجەکانی خۆی بەکار بێنێ، هیچکات وەکوو کاڵایەکی دنیای سەرمایەداری چاوی لێ نەکردوون، هیچکات هەوڵی نەداوە کە ژنان بکاتە کەرەستەیەک بۆ ڕاکێشانی خەڵک یان ئەوەی کە بە پێناسەیەکی هەڵە لە ژنبوونی خۆیان بیانتۆرێنێ، حیزبی دێموکرات بەڕاشکاوی دەڵێت کە ژن بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵگەیە کە بە ڕەنگ و بۆنی خۆیەوە دەتوانێ کاریگەر بێت، هیچکات هیچ ژنێک لە ژنبوون، لە هاوسەربوون و لە دایکبوون مەنع ناکات و هاوکات لەگەڵ ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەرفەتی پێ دەدا تاکوو ئەرکی دیکەش لەئەستۆ بگرێت چونکە بە دڵنیاییەوە پەروەردەی بەرەی داهاتوو زیاتر لە هەر کەسێک دەکەوێتە سەر شانی دایک و دایکێکی شۆڕشگێڕ دەتوانێ نەوەی داهاتوو شۆڕشگێر بار بێنێت. خەباتی ژنان خەبات دژ بە کۆنەپەرەستی و دواکەوتووییە، خەبات دژ بە نەخوێندەواری و نەزانینە، خەبات دژ بە بیرۆکەی پیاوسالاری و ژێردەستەبوونی ڕەگەزییە، خەبات دژ بە داگیرکاری و هەڵاواردن و بەلاواز پێناسەکردنە، هەر لەم پێناوەشدا، حیزبی دێموکرات توانیویەتی سەنگەرێکی باش بۆ ژنان بە مەبەستی درێژەپێدانی خەباتەکەیان بێت و بەستێنی گونجاویان بۆ بخوڵقێنێ. لە بەرانبەر ئەو دەرفەتەدا کە حیزبی دێموکرات خوڵقاندوویەتی، ژنانیش لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی و نیزامییەوە هەوڵیان داوە، خۆیان پێ بگەیەنن و لە مەیدانی کردەوەدا ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕن. لە ماوەی ٧٨ ساڵی ڕابردوودا، ژنان چ وەکوو پێشمەرگە و بە تێکۆشانی ئاشکرا، چ وەکوو ئەندامی نهێنیی لە نێوخۆ و چ لە تاراوگە، توانیویانە بە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتە جیاوازەکان، ئەرکی نەتەوەیی خۆیان لەم حیزبەدا بەجێ بگەیەنن.


گرینگترین خاڵ، بەشداریی کارای ژنان لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدایە کە بەخۆشییەوە هاوکات لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، ئەم بەشداریکردنە ڕووی لە زیادبوونە و ژنان لەم حیزبەدا پێگەی تایبەتی خۆیان هەیە، کە ئەمە دەتوانێ لەسەر داهاتووی حیزبەکە و هاوکات پرسە پێوەندیدارەکان بە ژنانیش، کاریگەریی هەبێ.

١ی خەرمانانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# کاریگەریی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی کورد (هەڵسەنگاندن بۆ پەیماننامەکان لە ڕوانگەی مافی نێونەتەوەییەوە)




**مستەفا مەولوودی**

هەتا دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و چاردە خاڵەکەی "وودرو ویلسۆن" سەرکۆماری ئەوکاتی ئەمریکا (١٨ی ژانوییەی ١٩١٨)، مەنشووری ئاتلانتیک (١٩٤١)، ڕاگەیەندراوی نەتەوە یەکگرتوویەکان (ژانوییەی ١٩٤٢) و پەیماننامەی نێونەتەوەیی حقووقی مەدەنی و سیاسی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (پەسندکراوی ٢٦ی دێسامبری ١٩٦٦)، لە مێژوودا یاساکان بە زۆری عورفی بوون یان دەسەڵات و هێز بابەتەکانی یەکلایی کردۆتەوە.

**بەپێی تێگەیشتن و خوێندنەوەی من بە دوو هۆ زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئەو پەیماننامانە یاسایی و ڕەوا نین، بۆ؟**

**یەکەم**: یاساکان بە زۆری عورفی بوون، لە یاسای عورفییشدا، ڕەچاوی ئیرادە و خواستی نەتەوەکان و دانیشتووان دەکرێ. بە کەڵکوەرگرتن لە یاسای عورفی چەندین نەتەوە و پێکهاتەی ئەتنیکی و میللی و دینی و مەزهەبی بە یەکەوە حاواونەوە



سەرچاوە
Serchawe

و، ماف و حقووقی یەکتریان لەبەرچاو گرتووە و تەنانەت پاراستوویانە، بەڵام لەو پەیماننامانەی پەیوەندیدار بە کوردستان و خەڵکی کوردستان بەستراون، لە پەیماننامەی زەهاوەوە تا پەیماننامەی سایکس-پیکۆ لە هیچ بوارێکدا ڕەچاوی یاساکانی عورفی نەکراوە، کە لە جێگای خۆیدا ئیشارەیان پێ دەکەین.

**دووهەم**: ئەو پەیماننامەی دەوڵەتان بەستوویانن، هەموویان دەرئەنجامی شەڕ بوون. لایەنی دۆڕاو و شکستخواردوو ناچار بووە شەرتەکانی لایەنی براوە قبوڵ بکات بۆ نموونە وەک پەیماننامەی گوڵستان لە نێوان ڕووسیە و ئێران لە ئۆکتۆبری ١٨١٣ی زایینی.

**لە پێوەندی لەگەڵ یاسای عورفیدا، دەتوانین ئاماژە بە دوو جۆری بکەین؛**

**یەکەم**: ئەو یاسا عورفییانەی بە تێپەڕبوونی کات و زەمان جێگایان گرتووە و کاریان پێ کراوە و بوون بە یاسایەکی عورفی نەنووسراو و جێگرتوو. ئەوانە لەبەر ئەوەی ئیرادەی خەڵک و گەلانیان تێدا لەبەرچاو گیراوە و ڕەوایی خۆیان لە ئیرادەی کۆمەڵ وەرگرتووە و ماونەتەوە، بەردەوام بوون. بەشێکی زۆریشیان بوون بە یەکێک لە سەرچاوەکانی یاسای دەوڵەتی و ناوخۆیی و زۆریشیان بوون بە سەرچاوە بۆ یاسای نووسراوی نێودەوڵەتی لە کۆنوانسیۆن و میساقەکانی نێودەوڵەتی لە سەردەمی نووسینی دەستووری وڵاتان و ڕێکخراو و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا سوودیان لێوەرگرتوە.

یاسای عورفی لە سەردەمی زوودا کاری پێ کراوە. تەنانەت هەر لە کوردستان هەم لە سەردەمی خەلافەتدا و هەم لە سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانی و فەرمانڕەواکانی ئێرانیش کاریان پێکراوە. بەو شێوەیە میرانی کوردستان لە ناوچە و هەرێمی کوردستان بە دەسەڵاتی تەواوەوە فەرمانڕەواییان کردوە. لەسەر ئەساسی یاسای عورفی لەگەڵ حاکمانی عەرەب و تورک و فارس پەیماننامەی نووسراویشان ئیمزا کردوە.

سروشتییە لە سەردەمی یاسای عورفیدا، بەهۆی دەسەڵاتدارەوە بە خراپی لە یاسای عورفی کەڵک وەرگیراوە کە یان بە هۆی خراپ بەکارهێنانیان زیانی قەرەبوو نەکراویان لە کۆمەڵ داوە. لەبەر ئەوەی ئەنجامی خراپیان هەبووە یان بە هۆی خراپ بەکارهێنان لە سەردەمی دەستووری نووسراودا کەمتر کەڵکیان لێ وەرگیراوە. سروشتییە هەر وەک یاسای نووسراو ئەگەر لەسەر بناغە و ئیرادەی گەلان نەبێ و دژی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ بێ پووچ و نامەشروعە. یاسای عورفی کارپێکراویش ئەگەر دژی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ و گەلان بێ، بە تێپەڕبوونی زەمان لەنێو چووە و ئاسەواریشی هەرچی بێت ناپەسند و نامەشروعە.



سەرچاوە
Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٣

**ئەگەر یاسای عورفی بە مەبنا دابنێین بۆ یاساییبوونی ئەو پەیماننامانە، زۆر ئاسان بەو ئەنجامە دەگەین کە بەو هۆیانەی خوارەوە ئەو پەیماننامانە یاسایی نین:**

١- یاسای عورفی بە تێپەڕبوونی کات و زەمان بە ئیرادەی ئینسان و گەلان دروست بووە. بەڵام هیچ یەک لەو پەیماننامانەدا کە کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی گەلی کورد داناوە، ئیرادەی گەلی کوردی تێدا لەبەرچاو نەگیراوە، وەک پەیماننامەی زەهاو، ئەرزەرووم (١ و ٢) و سایکس - پیکۆ.

٢- یاسای عورفی بە تێپەڕبوونی کات و زەمان لە مێژوودا دروست بوون و هاتوونەتە ئاراوە، یانی یاسای عورفی هەڵقوڵاوی ڕاستیەکانی مێژوویە. لە حاڵێکدا لەو پەیماننامانەدا نەک هەر ڕاستییەکانی مێژوو لەبەرچاو نەگیراون، بەڵکوو مێژووی نەتەوەیەکی ڕەسەنی وەک کوردیان خەوشدار کردوە و کاریگەریی زۆر خراپییان لە دوای خۆیان جێ هێشتووە.

٣- یاسای عورفی لە پێوەندیی باش و دروستی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کولتووری و فەرهەنگیدا دروست دەبن، بەڵام ئەو پەیماننامانە تەواو بەپێچەوانەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی، کولتووری و فەرهەنگی پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیە بە تایبەتی کوردی بەئامانج گرتووە. ئەوەندەی بۆی کراوە بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەتانی حاکم پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کولتووری و فەرهەنگییەکانی شێواندوە.

٤- یاسای عورفی یارمەتی دەکات بە مامەڵەی بازرگانی و گەشەی ئابووری، بەڵام هەموو ئەو پەیماننامانە کۆسپی گەورەیان بۆ ئاڵوویر و بازرگانی دروست کردووە و خەڵکی هەرێمەکە لەو پێوەندییەدا زیانی قەرەبوونەکراوی لە ئاڵوویر و بازرگانی و ئابووری لە ناوچەکەدا بەرکەوتووە.

٥- یاسای عورفی یارمەتی دەکات بە پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی ئینسانەکان و پێکهاتەکان و نەتەوەکان. بەڵام پەیماننامەکان دوژمنایەتی کۆن و تازەی لە نێو پێکهاتەکاندا دروست کردوە و هەتا ئێستاش نەبڕاونەتەوە. هەر ئەوەی لە سەدەی ٢١ی زایینیدا هێزێکی وەک "داعش" سەر هەڵدەدا، لە نادروستی و نایاسایی بوونی ئەو پەیماننامانەوە سەرچاوە دەگرێ.

٦- یاسای عورفی یارمەتی دەکات بە ئاشتیی گەلان؛ بەڵام ئەو پەیماننامانە کەمترین یارمەتییان بە ئاشتی گەلان نەکردوە. لە ئێستاشدا ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کە پێکهاتەیەکی تێکەڵاو و ئاڵۆزی هەیە، ڕووی ئاشتی بە خۆیەوە



سەرچاوە Serchawe

نەبینیوە و لە هەموو وڵاتەکاندا بە زۆری کێشەی گەورەی سیاسی، نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و فەرهەنگیی چارەسەرنەکراو هەیە. مەترسی و شەڕ نەک هەر نەڕەویوەتەوە، بەڵکوو مەترسیی هەڵایسانی شەڕی گەورە هەست پێ دەکرێ و هیچ بە دووریش نازاندرێ کە بەزوویی شەڕی گەورەی تێدا ڕوو بدات. هەموومان دەزانین لەگەڵ ئەوەی لە سەدەکانی ڕابردوودا بە دەیان پەیماننامە لەنێو فەرمانڕەواکان و دەوڵەتان هاتوونەتە ئاراوە، هاوکات چەندین شەڕی گەورە گەورەش ڕوویان داوە؛ وەک شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق کە چل ساڵ پێش ئێستا دروست بوو و زیانی گەورەی گیانی، ماڵی، کۆمەڵایەتی و ڕووحیی لە خەڵکی ئەو دوو وڵاتە داوە و تەنانەت ئاور و پرپشکی ئەو شەڕە بەر وڵاتانی دیکەش کەوتووە. یان هەر شەڕی نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو و هاوکات لەگەڵ بەستنی ئەو پەیماننامانەش لە ئێستادا بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی درێژەی هەیە و نەبڕاوەتەوە، یان شەڕی داعش لەگەڵ هەموو بەها ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان کە زۆریش ڕێکاری دروست نەگیراونەتە بەر بۆ تەواوکردن و خاشەبڕکردن و هەروەها شەڕی چەند ساڵەی سووریە کە گەورەترین کارەساتی ئینسانی و وێرانی لێ کەوتۆتەوە.

٧- یاسای عورفی بە تێپەڕبوونی کات و زەمان بۆتە سەرچاوەیەکی یاسایی بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەکانی کێشەکانی حقوقی و یاسایی بەڵام ئەو پەیماننامانە بوون بە هۆی دروستکردنی زۆر قەراری دژی گەلی بۆ بەچۆکداهێنانی گەلانی بن دەست و بێ ماف کردنیان و بەشێوەیەک بەڕێوەچوون کە یاسا سەربەخۆ نەبێت. زۆر یاسای نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی ژێرپێ نراون.

**کۆنڤانسیۆنی ١٩٦٩ی ڤییەن بۆ ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان ئاوا باسی هۆکاری هەڵوەشانەوەی پەیماننامەکانی کردووە کە بریتین لە:**

١- لەژێرپێنانی یاسای نێوخۆیی

٢- هەڵە

٣- فێڵ و تەڵەکە و بەرتیل وەرگرتن

٤- ئیجبارکرن (زۆرلێکردن)

ئەو پەیماننامەی دەوڵەتان بەستوویانن، هەموویان دەرئەنجامی شەڕ بوون. لایەنی دۆڕاو و شکستخواردوو ناچار بووە مەرجەکانی لایەنی براوە قبوڵ بکات. بۆ نموونە لە پەیماننامەی گوڵستان لە نێوان ڕووسیە و ئێران لە ئۆکتۆبری ١٨١٣ی زایینی ئیجبارکردنی تێدا بووە. نیزیک بە تەواوی ئەو پەیماننامانە لە ئەنجامی سەرکەوتن و شکست لە شەڕەکاندا بەستراون. هەربۆیە بێ لەبەرچاو گرتنی ئیرادە و خواستی گەلان و لە هەلومەرجی ناتەندروست ئەنجام دراون.



سەرچاوە
Serchawe

پەیماننامەی زەهاو لە ئەنجامی چەند شەڕ لە نێوان ئیمپراتۆریی عوسمانی و فەرمانڕەوای ئێرانیدا هاتۆتە ئاراوە و هۆیەکانی ڕەوا نەبوون. پەیماننامەی زەهاو لە ئەنجامی شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤ کە سوڵتان سەلیمی عوسمانی لەشکری سەفەویی شکست داوە و شاسمایلی سەفەویی لە تەورێز وەدەرناوە و ئەو شارەی داگیر کردوە و لە ڕێککەوتنێکدا کوردستانیان لە نێوخۆیاندا دابەش کردووە. سروشتییە بە هەر پێوانەیەک لێکی بدەینەوە،

**ئەو پەیماننامەیە ناکەوێتە خانەی هیچ بنەمایەکی یاسای نێودەوڵەتییە. لەبەر ئەوەی:**

**یەکەم**: هۆیەکەی ڕەوا نییە، بەرژەوەندیی گشتی لەبەرچاو نەگرتووە، بۆتە هۆی دەیان کارەسات و زیانگەیاندن بە پێکهاتە و خەڵکی کوردستان و تەنانەت خەڵکانی دیکە لە ئێران و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی؛ جیا لەوەش چارەسەری کێشەکانی نەکردوە. بۆیە لە ڕوانگەی منەوە ئەو پەیماننامە و هەموو ئەو پەیماننامانەی دوای ئەویش لەو ناوچەیە گرێ دراون، نارەوا و نامەشروع و نایاساییین.

پێش پەیماننامەی زەهاو، پەیماننامەی ئاماسیا لە ساڵی ١٥٥٥دا، پەیماننامەی ئاشتی لە ساڵی ١٥٩٠ کە ناسراوە بە پەیماننامەی فەرهادشا، پەیماننامەی قووستەنتەنییە (ئیستانبووڵ) لە ساڵی ١٧٣٩، هەروەها پەیماننامەی ساڵی ١٧٤٦، هەروەها پەیماننامەی ئەرزەروومی ١ لە ساڵی ١٨٢٣ و پەیماننامەی ئەرزەرووەمی ٢ لە ساڵی ١٨٤٧، هەموویان سروشت و تایبەتمەندیی پەیماننامەی زەهاویان هەیە. لە ڕوانگەی منەوە هۆیەکەیان ڕەوا نییە، ئیرادەی گەلان و پێکهاتەکانیانی لەبەرچاو نەگرتووە و ئەنجامەکەشیان نەک هەر ئاشتی بۆ خەڵک بە دواوە نەبووە بەڵکوو زیان و خەسارێکی زۆریشیان بە دوای خۆیاندا هێناوە هەر بۆیە یاسایی و مەشروع نین.

پەیماننامەی سێڤەریش کە بە بەراورد لەگەڵ پەیماننامەکانی دیکە لە هەموویان باشترە و تا ڕادەیەک کێشەکانی چەند نەتەوەیەکی وەک عەرەب و ئەرمەن و یونانی پێ چارەسەر کراوە، بەڵام ئەویش لە ئەنجامی شەڕی یەکەمی جیهانی و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز و خاوەن بەرژەوەندی، ئەنجامەکەی بۆ قازانجی زۆری ئابووری و بازرگانیی وڵاتانی وەک بریتانیا، فەرانسە، ئەمریکا و براوەکانی شەڕ بووە. ئەویش نەیتوانیوە کێشەکان چارەسەر بکات و بە پێی هێندێک ڕێکاری قورس کە دایناوە بەربەستی گەورەی دروست کردوە بۆ ئەوەی کورد بە مافی نەتەوایەتی خۆی نەگات یان ڕێگای سەخت ببڕێ. من ناڵێم پەیماننامەی سێڤەر یاسایی نییە، بەڵام زۆر ناتەواوە؛ وەک پێویست عەداڵەتی تێدا ڕەچاو نەکراوە. یانی ئەوەی بۆ ئەرمەنەکانی کردوە کە مافی ڕەوای خۆیانە، بۆ کوردی نەکردوە. ئێستاشی لەگەڵ بێ گەلی کورد لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتننامانەدا لە نەهامەتی دایە و خەلاسی نەهاتووە و بە بەشێکی کەمیش لە مافەکانی نەگەیشتووە.



سەرچاوە
Serchawe

پەیماننـامەی لـۆزان لە ئەنجـامی شـەڕەکانی نێوخـۆی تـورکیە لە سـاڵی ١٩١٩ تـا ١٩٢٣ هـاتۆتە ئـاراوە. ئەو پەیماننـامەیە بەئاشکرا و زۆر ڕوون قبووڵی کردووە کە تورک دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی لەسەر حیسابی نەتەوەکانی دیکە بە تایبەت کورد دروست بکات. ئەنجامی ئەو پەیماننامەیە بێمافکردنی کورد لە بەشێکی زۆری کوردستان بووە. بۆتە هۆی تێکدانی پێوەندیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و کولتووریی چەند پێکهاتە و نەتەوەیەکی وەک کورد، کلد و ئاشوور. یانی ئامانجی پەیماننـامەی لـۆزان بە هیچ شێوەیەک ڕەوا نەبـووە؛ بـۆتە هـۆی دروستبوونی چەنـدین کێشە لە نـاوچەکە و بە هـۆی ئەو پەیماننـامەیە ئێسـتاش دانیشـتوانی ئەو دەڤەرە بە گشـتی و بە تـایبەت کـورد لە مافەکـانی خۆیـان و لە هەمـوو مـافێکی حقوقی، سیاسی و کۆمەڵایەتی بێبەش کراون؛ بـۆیە پەیماننـامەی لـۆزان ڕەوا و یاسایی نییە. پەیماننـامەی سەعدئاباد و بەغداش دیارە هەر کامەیان مەبەستێکی تایبەتییان هەبووە .پەیماننامەی سەعدئاباد بۆ هاوکاری و کۆنترۆڵی سنووری ئەو چەنـد وڵاتە (ئێـران، عێـراق، تـورکیە و ئەفغانسـتان) بـووە کە پەیماننامەکەیـان ئیمـزا کـردوە. بەڵام سـنووری سێ وڵات شـوێنەواری حقـوقی و یاسـایی و کـاریگەریی لەسـەر کوردسـتان و خەڵکـی کوردسـتان دانـاوە. ئامـانجی پەیماننـامەکە بـۆ بەرژەوەندیی دەوڵەتەکانە و زۆر بە زیانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و خەڵکی سەر سنوورەکانە بە تـایبەتی، هەر بـۆیە ڕەوا و مەشروع و یاسایی نین.

**دووەم**: پەیماننامەی ئەلجەزائیر ساڵی ١٩٧٥ لە نێوان حکوومەتی ئێران و عێراقدا ئیمزا کراوە، بەڵام عێراق بەرتیلی داوە بە ئێران بۆ ئەوەی هاوکاریی شۆڕشی مەلامستەفا بـارزانی نەکـات. بەشێکی لە خـاکی عێـراق بە تـایبەت لە "شط العرب"ی داوە بە ئێران. ئەوە بەپێی عورف و لە یاسای ئاساییشدا بـاتڵە، چونکە دەوڵەتـی ئێران بـۆ ئەوەی هاوکـاریی مەلامستەفا نەکات بەرتیلی لە حکومەتی عێراق وەرگرتـووە. وەرگرتنـی بەرتیـل پەیماننـامەکە خەوشدار و بـاتڵ دەکـات. بێجگە لەوەش پەیماننامەی ئەلجەزائیر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و ڕەوای نەتەوەیەکـی ئـازادیخواز و مافویستی تێکشـاندوە کە ئاکـامی حقووقی ئەو پەیماننـامەیە شوێنەواری زۆر کارەسـاتباری لە پـاش خـۆی دروست کردوە. هەرەسی بە شۆڕشـی کـورد هێنـاوە، بەستێنی دروست کردووە بۆ هەڵایسانی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق کە شوێنەواری ئەو شەڕە زۆر دیارن و قەرەبـووش ناکرێنەوە یان زۆر بە زەحمەت قەرەبوو دەکرێنەوە. وەک وێرانیی گوندەکانی کوردستان، بەکارهێنانی گازی شیمیایی بەسەر خەڵکی هەڵەبجەدا، ئەنفالکردنی ١٨٢ هەزار کورد، دارمـانی ئـابووری، تێکچوونی سەدان شوێنەواری مێژوویـی، فەرهەنگی، کولتووری تـاد... کە ئێستاش خەڵکی عێراق بە گشتی و بە تایبەت کوردستان پێیەوە دەناڵێنێ.

**سێیەم**: بەپێی ماددەی ٦٤ لە کۆنڤانسیۆنی ١٩٦٩ی ڤیەن بۆ ڕێکەوتننامەکان لە کـاتی دەرکەوتنی ڕێسـایەکی فەرمانپێکەر( قاعدة آمرة ) کە لـە یاسـای نێـو دەوڵـەتی جێگیـر بـوو ئـەوا ڕێکەوتننامە کارپێکراوەکـان کە دژن لەگـەڵ ئـەو ڕێسـایە، هەڵدەوەشێنەوە و لە کارپێکردن دەوەستن. پرەنسیپی مـافی دیـاریکردنی چارەنووسی میللەتـان وەک ڕێسـایەکی فەرمانپێکەر

جێگایەکی دیاری هەیە لە یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا. بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی نێوان دەوڵەتان هەموو میللەتان بەبێ جیاوازی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە. بەپێی ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و ڕێکەوتننامەی مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، پەسندکراوی ١٩٦٦، سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە بەشی یەکەمی هەردوو ڕێکەوتننامەکە وا هاتووە: "هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەیە و لە ڕێگای ئەو مافەوە دەتوانێ چارەنووسی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و گەشەی فەرهەنگی خۆی سەربەستانە دیاری بکات."

**هەروەها بەشی یەکەم لە مادەی ٢دا دەڵێ:** هەموو نەتەوەیەک دەتوانێ بۆ ئامانجی خۆی بێ ئەوەی زیان بە بەڵێننامەی پەیوەندیدار بە هاوکاریی ئابووری نێونەتەوەیی بگەیەنێ کە لەسەر بنەمای قازانجی بەرانبەر و مافی نێونەتەوەیی سەربەستانە بەستراوە لە سەروەت و کانگاکانی ژێرزەوینی و سروشتی سوود وەربگرێ. بە هیچ هۆکارێک ناتوانرێ نەتەوەیەک لە پێویستی و کەرەسەی بژێوی ژیان بێبەش بکرێ.

**هەروەها لە مادەی ٣دا دەڵێ:** دەوڵەتانی ئەندامی ئەو میساقە بە تایبەت دەوڵەتانی بەرپرس لە سەرپەرەستی و ئیدارەی وڵاتانی موستەعمەرە و لە ژێر قەیمومییەت، دەبێ لە دابین کردنی مافی خودموختاری و ڕێز بۆ ئەو مافە بە پێی ڕێوشوێنی مەنشووری نەتەوە یەکگرتوویەکان پەلە بکەن.

ئەگەر لە نێوەرۆکی ئەو سێ مادەیە ورد بینەوەو سەرنج بدەین، لەو پەیماننامانەدا هیچ یەک لەو مادانە لەبەرچاو نەگیراوە بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ کورددا. خەڵکی کوردستان بە هەموو خوێندنەوە و پێوانەیەک دەبوایە و مافی خۆیەتی خاوەنی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێ. گەلێک بە مێژوویەکی دێرینی لانیکەم ٢٥٠٠ ساڵە لەو ناوچەیەو وڵاتێک بە پانتایی زیاتر لە پێنج هەزار کیلۆمیتری چوار گۆشە و حەشیمەتی نیزیک بە ٤٠ میلیۆن کەس. بەڵام ڕێگەی پێ نەدراوە ئیرادەی خۆی بۆ وەدەستهێنانی دەوڵەتی سیاسی مەسۆگەر بکات، بەڵکوو دابەش کراوە لە نێو چوار وڵاتدا، لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەشدا لە مافی خودمووختاری بەپێی میساقی نەتەوە یەکگرتوویەکان پێ نەداوە. بەڵکوو لە زۆر ڕێگاوە کۆسپی بۆ دروست کراوە تا مافی خۆبەڕێوەبەریی ناوچەییشی نەبێت. لە باری ئابووریشەوە گەورەترین زوڵمی لێ کراوە. لەگەڵ ئەوەی کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندەو خاوەن هێزی مرۆیی گەورەیە، بەڵام لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، ناوچەی هەرە دواکەوتوویە بە نسیبەت بەشەکانی دیکەی وڵاتی ئێران و عێراق و سووریە و تورکیە.

لە باری ئابوورییەوە هیچ کات مەجال نەدراوە کوردەکان لە سەرچاوەکانی داهاتی خۆیان واتە سەرچاوەکانی سەر زەوی و ژێرزەوی و ئاوی سوود وەربگرن. هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کوردستان بە پاشکەوتوویی و خەڵکەکەی بە هەژاری ڕابگرن.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوە ئەنجامی سیاسەتی غەڵەتی فەرمانڕەوایانی حاکم بەسەر کوردستاندا بووە کە ئەو هەموو شەڕانەی لەسەر خاکی کوردستان لێ کەوتۆتەوە و لە دوایدا بۆ کوتایی بە شەڕەکانیان ئەو پەیماننامانەیان هێناوەتە ئاراوە، کە هەموو بە زیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی کورد شکاوەتەوە. ئەو شەڕ و پەیماننامانە زۆر زەرەری قەرەبوونەکراویان لە کوردستان و کورد داوە.

بۆیە بە هەر پێوانەیەکی عورفی و حقوقی جا چ حقوقی سیاسی بێ، چ حقوقی مەدەنی یان حقوقی کۆمەڵایەتی، ئەو پەیماننامانە کە لە مێژوودا لە نێوان ئیمپراتوورییەکان و دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان هاتوونە ئاراوە، هەموویان ئەنجامی شەڕی ماڵوێرانکەر بوون بۆ خەڵکی کوردستان. کوردیان لە هەموو بارێکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی تووشی کارەسات و تراژێدیا کردوە. لە هیچ یەک لەو پەیماننامانە ئیرادەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەو گەلەیان لەبەرچاو نەگرتوە. بۆیە بە هەر پێودانگێک لێکی بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو ڕێکەوتننامانەی باسمان کردن، لە هیچ کامیان مافی پێکهاتەکان بە تایبەت کوردیان لە هیچ بارێکەوە لەبەرچاو نەگیراوە. هەروەها لە هەموویاندا، ناقایلی و زۆرەملێ (ئیکراە و ئیجبار) هەیە، غوبن هەیە، پێشێلکردنی ماف هەیە، ئیرادەی گەلان لەبەرچاو نەگیراوە. پەیماننامەکان بە لەبەرچاو گرتنی قازانجی بازەرگانی و سوود و بەرژەوەندیی فەرمانڕەواکان و دەوڵەتانی زەلهێز کە لە ناوچەدا بوون ئیمزا کراون بۆیە من پێموایە هیچیان یاسایی و حقوقی و مەشروع نین.

هەموو ئەو پەیماننامەی بەستراون و پێوەندییان بە چارەنووسی خەڵکی کوردستانە، پێچەوانەی ڕوون و ئاشکرای ئەو دوو ماددەیەن، و دژن لەگەڵ ئەو ڕێسا فەرمانپێیکەرە. بەر لەو ڕێکەوتننامانەش مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ میللەتان جێگەی بایەخ بووە لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. بۆ نموونە "توماس وودرو ویلسۆن"،

سەرۆککوماری ئەوکاتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٨ی ژانویەی ١٩١٨، ئوسوولی چواردەخاڵیی مەشهوور دەردەکات.

**- لە ماددەی یەکەمدا دەڵێ:** دیپلۆماسیی وتووێژ لە نێوان دەوڵەتان دەبێ کراوە بێ. پێشگیریی لە هەر ڕێککەوتنێکی نهێنی کردووە و بە پێی ئەو ماددەیە هیچ ڕێککەوتنێک نابێ نهێنی و لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە بێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە زۆربەی ئەو ڕێککەوتننانە بەنهێنی و بەدزی و بەبێ بەشداریی خەڵکی ناوچەکە کراوە بەجێی ئەوەی کە ڕێککەوتنێکی ئاشکراو و یاسایی بێ.

**لە ماددەی ١٢دا دەڵێ:** سەربەخۆیی نێوخۆی نیشتمانی گەلانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی (کورد، ئەرمەن و ئاشوور ) بێتە دی، لەو مادەیەدا تەنیا مافی ئەرمەنیان بە ڕەسمی ناسراوە و بوون بە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، بەڵام بۆ کورد و ئاشووری نەک هەر هیچ نەکراوە، بەڵکوو تووشی زۆر زیانی قەرەبوونەکراویش بوون. بۆیە مادام مادەیەک لە مادەکانی چواردەخاڵیی "ویلسۆن" جێبەجێ ناکرێ؛ ئەوە پێچەوانەی یاسای قبووڵکراوی نێودەوڵەتییە کە گرینگیی تایبەتیی خۆی هەبووە، بۆیە بە هەڵسەنگاندنی لەگەڵ ئەو مادەیەشدا ئەو پەیماننامانە بە تایبەت پەیماننامەی لۆزان یاسایی نیە.

هەروەها مەنشووری ئاتلانتیک کە لە ئووتی ١٩٤١ لە نێوان وینستۆن چرچیل سەرۆک وەزیرانی بریتانیا و ڕۆزوێڵت سەرکۆماری ئەمریکا کە لەسەری ڕێککەوتوون و لە دواییدا لە سەرەتای ژانوییەی ١٩٤٢ بە ڕاگەیاندنی نەتەوە یەکگرتوویەکان کامل بووە و نیشان دەدا کە پێداگری دەکاتەوە لەسەر ئوسوولی چواردەخاڵی ویلسۆن و باسی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلان دەکات.

**لە بەندی ٢ دا دەڵێ:** ئەوان خوازیاری ئەوەن گۆڕان لە سنوورەکان بە خواستی ئازادانەی خەڵکی بێت کە داوای دەکەن. هەروەها لە بەندی ٣ دا دەڵێ: ئەوان بە خواستی خەڵکی وڵاتانی جۆراوجۆر بۆ دیاریکردنی جۆری حکومەتەکانیان ڕێز دادەنێن و خوازیاری ئەوەن کە دەسەڵات و سەربەخۆیی بۆ ئەو گەلانە بگەڕێتەوە کە بە زۆر مافیان زەوت کراوە.

٭٭٭

## ئاکامگیری


ئەزموون و مێژووی خەباتی کورد لە چەند سەدەی ڕابردوودا پێمان دەڵێ کە پەیماننامەکان ئەنجام و ئاکامەکانیان دوای چەندین ساڵ گرینگی بە ئیرادەی گەلان نەداوە و ئاشتی و ئارامیان بە هیچ شێوەیەک وەک پێویست دابین نەکردوە، تەنانەت لە ئەنجامی ئەو سیاسەت و پەیماننامانە کە بەستراون زیانی قەرەبوونەکراوی سیاسی، نەتەوەیی، ئابووری و فەرهەنگی بە گەلان بە تایبەتی گەلی کورد کەوتووە. هەروەها ئەو پەیماننامانە ڕەوا و مەشروع و یاسایی نین و خوێندنەوەی یاسای نێودەوڵەتی نوێش ئەوە دەسەلمێنێ.

٢ی خەرمانانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# کوردبوون، ئاوێنەی ڕەنجی کوردایەتی




**شەریف فەلاح**

پرسی مێژوو بۆ نەتەوەی کوردی بێدەوڵەت و کیان و سەروەری، یەکێک لە گرنگترین پرسە هەنووکەییەکانی هاوچەرخە، لێ مخابن بەشی هەرە زۆری مێژووی سیاسیی قۆناغ و بڕگە مێژوویەکانمان لێ زەوت کراوە، یان شێوێندراوە و، یان بزرە. چونکە ئەم مێژووە پڕ لە ڕەنج و ئازارە یان لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان (فارس، تورک و عەرەب)ەوە نووسراوە کە وێڕای چەواشەکاری و شێواندن لە بەرژەوەندیی خۆیان نووسیویانە، یان لەلایەن ئورووپاییە ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە بۆ قازانج و بەرژەوەندیی تایبەت و هەندێ جاریش لەڕووی بەزەییەوە گۆشەنیگایەکیان لە ئێمە کردووەتەوە. بۆیە پشتبەستن بەم دوو شێوازە لە نووسینەوەی مێژوومان، ڕێگەهەتڵەکردنە. جیاواز لەم دوو شێوازە خودی مێژوونووسانی کوردیش هەن کە لەم بوارەدا هەوڵی سەرەتاییان داوە، لێ مخابن ئەمەش تژییە لە لاوازی و سەرچاوەیان هەمان نووسەرانی سەر بە دەوڵەتانی داگیرکەر و ڕۆژهەڵاتناسانە.

سەرەڕای ئەو دۆخە لەباری مێتودی نووسین، شرۆڤە و شیکاریی ڕووداوەکانی کورد و کوردستان لاوازییەکی زۆریان پێوە



سەرچاوە
Serchawe

دیارە. لەلایەکی دیکەش، هەندێکیان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی گوتاری زاڵی داگیرکەران و خۆیان لە ڕاستییەکان بواردووە و سانسۆریان کردووە. یان هەندێکیشیان لەژێر کاریگەری و هەژمۆنیی ئایدۆلۆژیای حیزب و لایەنێکی تایبەتدا خامەیان کۆڵەوارە، دەستەمۆ کراوە و لە پێناو بەرژەوەندیی لایەنێکدا ڕاستییەکانیان شێواندووە و خۆڵیان کردووەتە چاوی نەتەوەکەیان. لەم نێوەدا ئەوەی جێگەی ئومێدە بۆ کورد، گێڕانەوە و مێژووی زارەکییە، چونکە نە داگیرکەران و نە ڕۆژهەڵاتناسان دەستیان پێ ڕانەگەیشتووە و بە دەستلێنەدراوی ماوەتەوە، لێناو مێژووی زارەکیشدا هەڵە و کەموکوڕی زۆرە و دەبێ بژاری بکەیت، هەتا دەقێکی ڕەسەن و خۆماڵیت دەست بکەوێ.

یەک لەو قۆناغ و بڕگە سیاسی و مێژووییە گرنگانەی کورد کە زۆری لەبارەوە نووسراوە و بە دیکیۆمێنت کراوە، قۆناغی دروستبوونی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستانە، کە هەم داگیرکەرانی کوردستان تۆماریان کردووە و هەم ڕۆژهەڵاتناسان و پاشان هەم نووسەر و مێژوونووسانی کوردیش ئاوڕیان لێ داوەتەوە. کە وەک باسمان کرد، داگیرکەران و ڕۆژهەڵاتناسان بە چ ئاراستە و ئامانجێکدا نووسیویانە و مێژوونووسانی کوردیش لەمبارەوە تووشی هەڵەی سەرچاوە و شێوازی نووسین بوون و لە ئەنجامدا وێنایەکی پڕ لە پارادۆکسیان دەرخواردی کۆمەڵگەی کوردستان داوە. لە دوو دەیەی ڕابردوودا شۆڕشگێڕ و خەباتکارانی نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان زۆربەیان دەستیان دایە پێنووس و بیرەوەری و سەربردەی خۆیان وەک کارەکتەری شۆڕش نووسیوەتەوە، کە هەندێکیان ناوی مێژوویان لەسەر داناوە. جیاواز لە لایەنی ئەرێنی و بەئەرشیڤکردنی قۆناغ و برگەکانی شۆڕش، شێوازی نووسین و گێڕانەوەیان لاوازە و تژییە لە پارادۆکس و بەرژەوەندیخوازانەیە. زۆر جار بوغز و ڕق و قین لە کەس، لایەن و ڕەوتێک وای کردووە، ڕاستیی ڕووداوەکان بشێوێنن و لە ئەنجامدا بۆ خۆقوتارکردن لە بەرپرسیاریێتی، خۆڵیان لە چاوی جەماوەر کردووە و خۆیان بە قارەمان و پاڵەوانی ڕووداوەکان داناوە و لایەنی بەرانبەریش بە دۆڕاو، خایین و خەتابار لەقەڵەم دراوە. لەم سەربردە و گێڕانەوانەدا کە زۆرێکیان ناچنە خانەی نووسینی مێژووەوە و بەگشتی ڕوانینێکی ڕەش و سپی، دروست و نادروست، قارەمان و دۆڕاو، فریشتە و شەیتان بەسەریاندا زاڵە. بۆیە لەبەر ترس، بەرژەوەندیی کەسی و گرووپ و حیزب، خۆیان لە ڕاستییەکان بواردووە و لە ئەنجامدا شێواویی مێژوویی خوڵقاوە.

## "کوردبوون"

بۆیە پێش باسکردن لە نێوەرۆکی کتێبی "کوردبوون" (بەشێک لە بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەلوودی) لە ساغکردنەوە و بە بەڵگەمەندکردنی وریا ماملێ، ئەو پێشەکییەم لە سەرەوە نووسی، هەتا بڵێم بەڕای من "کوردبوون" کتێب و سەرچاوەیەکی گرنگ و دەگمەنە و لەڕووی شێوازی نووسین، نێوەرۆک، ڕاستی و دروستیی ڕووداوەکان بە چاک و خراپەوە،



سەرچاوە
Serchawe

لە هەموو کتێبەکانی دیکە کە لەمبارەوە نووسراون، جیاوازە. لەڕاستیدا "کوردبوون" ئاوێنەی تەواو باڵانوێنی ڕەنج و ئازاری کوردبوون و کوردایەتییە.

بۆچی کوردبوونم پێ دەگمەن و جیاوازە؟ چونکە هەڵێنجراوی فکر و ئەندێشەی قارەمان و شۆڕشگێڕیکی ڕاستەقینە و نیشتمانپەروەرێکی خۆنەویستی هەتا سەر ئێسقان دڵسۆز و خاکەڕای ڕۆژهەلاتی کوردستانە. چونکە خۆی پەروەردە و خاراوی ڕەنج و کوێرەوەریی کۆمەڵگەی نەریتییە. نووسینی کەسێکە لە نازی دایک بێبەری، ژێرچەپۆکەی زڕدایک و باوکی بێ ڕوحم و هەڵقرچاوی دەردی برسێتییە. چرکە بە چرکە، سات بە سات، مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵ دەرد و مەینەتی بە گیان چەشتووە. بە دەیانجار هەتا سەرە مەرگ ڕۆیشتووە. هەر لە ساواییەوە پیلانی کوشتن و لەنێوبردنی داڕێژراوە، ئیتر چۆن نەمردووە و چۆن ماوە و چۆن ژیاوە؟ ئەوە با خوێنەر هەوڵی دەستخستنی کتێبەکە بدات، هەتا لە چیرۆک و سەربردەی حەمەدی مەولوودی بگات و ڕاستیی ڕووداوەکانی موکریان، هێرش و کوشتاری ڕووس و عەجەم، ئازادکردنەوەی مەهاباد لەلایەن سمکۆی شکاک، سووکایەتیی ژاندارمە و ئاژانی حکوومەتی پالەویی زاڵم بە نەتەوەی کورد و فەرهەنگ و دابونەریتمان تێ بگات.

پێم وایە حەمەدی مەولوودی، هەروەک خۆی لە چەندین شوێنی نووسینەکەیدا دەڵێ "بەو کەچە سەوادەمەوە" ڕاستگۆترین، سادەترین و دڵسۆزترین شۆڕشگێڕی سەردەمی ژیانی خۆی بووە لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف و سەردەمی دامەزرانی کۆمار و ڕووداوەکانی دوای کۆماریش. چونکە زۆر بوێرانە و بە وردی ئاماژەی بە خاڵی لاواز، ئەرێنی و نەرێنی و کەموکوڕییەکانی ناو ڕێکخراو، حیزب و کۆمار و تاکەکەس و تەنانەت خۆشی کردووە و بە چاک و خراپەوە ئەوەی دیویە و چەشتوویە بە زمانێکی سادە و ساکار و بێ گرێوگۆڵ نووسیویەتەوە. بۆیە "کوردبوون" ئاوێنەی ڕاستییەکانی سەردەمی کۆمارە، چونکە کاپتان حەمەدی مەولوودی تەنیا سەروەریی کورد و کوردستانی لا مەبەست بووە و لە ژیانی شۆڕشگێڕانەیدا نەیویستووە لە پێناوی بەرژەوەندیدا لەژێر دەمامکی کوردایەتیدا سەروەت و سامان پێکەوە بنێت و ماڵ و منداڵ و ئازیزان و سامانی فیدای شۆڕش و بیروباوەڕی کردووە. خوو و خدەکانی وەک: بوێری و سەربەخۆیی، نەترس و قسەلەڕوو، ڕاستگۆ و دەستپاکی و دڕ لە هەمبەر دوژمنی داگیرکەری ئێرانی و ئاغاوات و دەوڵەمەندی مەسڵەحەتچی، وایان کردووە ببێتە خۆشەویستی نێو توێژی هەژار و لێقەوماوان و ئاغا و بەگ و سامانداڕەکانیش چونکە لێیان ڕاساوە و لەقاوی داوە، دژی بوون. بۆیە قارەمانێکی ئاوا دەگمەن بێگومان لە ڕاستی زیاتر ئەگەر لەدژی خۆشی بووبێت، نەینووسیوە. بۆ ئەوەی لە دۆخی ژیانی منداڵانی هەژار و زگبرسی و بێلانە، لە ژان و بڕک و ئازار و دەربەدەریی مێرمنداڵێکی بێ دایک و نازلێشێواو تێ بگەن، دەبێ کوردبوون بخوێننەوە. بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەی نەریتیی داماو بە دەست خۆرافات و دەست و پێ بەستراوی ئایین تێ بگەن، ئەوا سەربردەی کاپتان حەمەدی مەولوودی بخوێننەوە. بۆ ئەوەی لە ناخی مرۆڤێکی ڕاستگۆ و بێ پێچ و پەنا تێ



سەرچاوە
Serchawe

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

بگەن کە لەتاو برسێتی و بێ خانە و لانەییدا دەستی داوەتە دزی، ئەوا دەبێ "کوردبوون" بخوێننەوە. بۆ ئەوەی لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤێکی خاراوی ڕەنج و ئازار تێ بگەن، بۆ ئەوەی بزانن مێرمنداڵێک هیچ کاتێ ملکەچی زوڵم و ستەم و نادادپەروەری نەبووە و لە پێناو پاراستنی کەرامەت و غرووی میللیدا بەگژ ژاندارم و ئەمنییە و ئاژاندا چووە، دەبێ کوردبوون بخوێننەوە. ئەگەر دەتانەوێ لە ڕاستیی یەکێک لە سەرەکیترین بەربەستەکانی بەردەم شۆڕش و خەباتی کورد تێ بگەن، کە هەمان عیشیرەگەری، ئاغاوات، شێخ، ساماناداری ڕەزیلن، دەبێ سەربردەکانی حەمەدی مەولوودی بخوێننەوە. بزانن کە ئەو عەشیرە و هۆز و تایفە بەرژەوەندیخوازانە کە ملکەچی فارسی داگیرکەر بوون، چۆن بە فێڵ و دەهۆ و تەڵەکە و تەنیا بۆ پاراستنی ملک و سامان و پارە خزیونەتە ناو کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستانەوە و هاوکات لەژێریشەوە پێوەندییان لەگەڵ داگیرکەران هەبووە و لە کاتی تەنگانەدا وەک ماری پەپکەبەستوو چۆن چزوویان لە پێشەوا و کۆمار گرت و پاڵیان بە داگیرکەروە دا، بۆیە حەمەدی مەولوودی وەک قارەمانێکی بوێر و ڕاستگۆ لێیان ڕاساوە و بۆ چرکەیەکیش باوەڕی بە هیچکامیان نەبووە، بۆیە "کوردبوون" ئاوێنەی کوردایەتی و کۆمەڵگەی نەریتیی ژێر چەپۆکەی عەشیرە و ئاغایە. لە دووتوێی "کوردبوون"دا بە زمانی سادە و ساکار، بەڵام لە هەمانکاتدا قووڵ تیشک خراوەتە سەر هەڵە و کەمۆکوڕییە سیاسییەکانی ژێکاف، حیزبی دێمۆکرات و کۆمار و تەنانەت پێشەوا قازی محەممەد و هەڵوێستەکانیان بەرانبەر بە داگیرکەران و تەنانەت یەکیەتیی سۆڤیەتیش. ئەگەر دەتانەوێ لە دەلاقە و گۆشەنیگایەکی دیکەی جیاوازەوە لەکۆی ڕووداوەکانی سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستان تێ بگەن، ئەگەر دەتانەوێ لە پیلان و مەکری خایینانی نێوخۆیی (عەشیرە و ئاغاواتی بەرژەوەندیخواز) و هاوکات نییەتی داگیرکەرانی کوردستان، تێ بگەن، ئەگەر دەتانەوێ شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەی ئەو سەردەم بناسن کە لەپێناو پاراستنی کۆمار و سەروەریی خاکی نیشتماندا چییان کردووە، ئەگەر دەتانەوێ لە بەشێک لە ڕووداوەکانی بەرەی سایین قەڵا، میاندواو، بەرەی سەرا و سەقز و بانە و سەردەشت و شەڕی "مەکلاوێ"، ئەگەر دەتانەوێ لە ڕۆڵی بارزانییەکان و شۆڕشگێڕان و ئەفەسرانی نیشتمانپەروەری باشووری کوردستان لە کۆماری کوردستان تێ بگەن، ئەوا دەبێ "کوردبوون" بخوێننەوە. ئەگەر دەتانەوێ لە ژان و برینی بەسۆی غەریبی و ئاوارەیی لە وەتەن و خاک تێ بگەن و بزانن مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ و ئاشقی نیشتمان چۆن بەو ژان و ئازارانەوە لە باشوور و ئازەربایجان تلاوەتەوە، تێ بگەن، ئەوا "کوردبوون" باشترین سەرچاوەیە لەم بوارەدا.

بۆیە دەڵێم "کوردبوون" ئاوێنەی ڕەنجی کوردایەتی و قووڵایی تراژیکی شۆڕشی کوردە بۆ سەربەخۆیی، چونکە سەرچاوە و خەزێنەیەکی گرنگ و دەگمەنە و دەکرێ توێژەرانی بواری مێژووی سیاسی، کۆمەڵناسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەنانەت دەروونناسیش بیکەنە هەوێنی توێژینەوەکانیان و لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە شرۆڤە و تاوتوێی بکەن.

**٢ی خەرمانانی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

# ڕەمزی مانەوە و شوێندانەریی حیزبی دێموکرات




**ئەلبورز ڕوویین‌تەن**

**٢٥ گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافە کە دوای چوار ساڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەسەر دامەزرا. دوای نزیک بە هەشت دەیە خەباتی بێوچان، ئێستاش لە ساڵرۆژی دامەزرانی ئەو حیزبەدا شاخ و شەقام و کۆڵانەکانی کوردستان و بەشێکی وڵاتەکانی دونیا بە ئارمی حیزبی دێموکرات دەڕازێنرێتەوە و ئەو یادە بەرز دەنرخێنرێ.**

**ئەمە بۆ حیزبێک کە بەشی هەرە زۆری تەمەنەکەی لە نێوخۆی وڵات دوور بووە و بەگوێرەی یاسای وڵاتانی داگیرکەر قەدەغە کراوە و تەنانەت بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئەو حیزبە بە دەیان هەزار کەس خراونەتە بەندیخانەوە بە هەزاران کەس لە دار دروان، بەڵام دیسان هەر لە سەر پێ ماوە و بەبێ پیاهەڵدان ئێستاش شوێندانەرترین حیزبی کوردستان و ئێرانە، هەم جێگای شانازییە و شایانی لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوەیە کە ڕەمزی مانەوەو شوێندانەریی بەردەوامی ئەو حیزبە لە چیدایە؟**

**بێ گومان وەڵامی پرسیارێکی لەو چەشنە و باس لە مێژوو و سیاسەتی حیزبێک کە تەمەنی لە هەشت دەیە نزیک دەبێتەوە**

بەدەر لە توانای وتارێکە، بەڵام پێویستی بە باس و تاوتوێیە؛ چونکە لێوردبوونەوە لەو پرسیارە وێڕای ناساندن و پێزانینی خەباتی ئەو حیزبە لە ڕۆژهەڵات، وانەیە بۆ ڕێبوارانی خەبات کە چۆن درێژە بە خەباتەکەیان بدەن بۆ ئەوەی بتوانن وێڕای بەردەوامی لە تێکۆشان، ئەو خەباتەش بە ئامانج بگەیێنن.

ناتوانین بێ باسکردن لە کۆمەڵەی ژێکاف بچینە نێو باسی مێژووی دامەزران و گەوهەری ئامانج و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات. کە لە کۆمەڵەی ژێکافیش ورد دەبینەوە چەند ڕاستییەکمان بۆ دەردەکەوێ کە کەم و زۆر و بەدرێژایی مێژووی حیزبی دێموکرات بۆ ئەم حیزبە وەک میرات ماونەتەوە کە "کوردایەتی" لە پێشەی هەموانە.

لە سوێندی پەیوەستبوون بە کۆمەڵە و هەروەها بناغەی هزری کۆمەڵەی ژێکاف کە لە ڕێگەی بڵاوکراوەی "نیشتمان" بۆ ئێمە بە میرات ماونەتەوە کوردایەتی بە مانای ئازادیی نیشتمان و گەلی کورد وەک یەکێک لە سەرەکیترین ئامانجەکانی دامەزرانی ئەو کۆمەڵەیە هاتووە. ئەو کوردایەتییە دواتر خۆی لە دامەزرانی "کۆماری کوردستان"دا دیتەوە، و لە خەباتی پێشمەرگانەی ٤٦-٤٧دا خۆی بە بەرپرسیار زانی بۆ ئەوەی خەبات ببوژێنێتەوە. لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٣٥٧)دا کوردستانی ئازاد کرد و کە حکومەت خودموختاریی پەسند نەکرد و هێرشی کردە سەر کوردستان، بەرگریی لە کوردستان کرد و دواتر لە وەرزی نوێی خەبات و تێکۆشان و ڕاسانەوەی خەباتدا جارێکی دیکە خوێنی لە دەمارەکانی شۆڕش لە کوردستاندا گەڕاندەوە لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادییشدا کاتێک لە هەموو شوێنێک تەنیا باس لە لابردنی حیجاب بوو، لە کوردستان شارەکان ببوونە گۆڕەپانی سڕینەوەی دەسەڵاتی بێدادی و ئاڵای کوردستان هەڵدەدرا و بژی دێموکرات و بژی ئازادی دەگوترانەوە.

واتە تا بە ئەم چرکەساتەش ئەوەی لە ژێر ناونیشانی کوردایەتی بە واتای ئازادی بۆ گەل و نیشتمان دەکرێت، لە گەوهەری هزری و کرداریی حیزبی دێموکراتدا ماوەتەوە، بە حوکمی ئەوەی ئامانجی کوردایەتی واتە ئازادی بەدی نەهاتووە، خەبات بۆ ئامانجەش لە ڕێگەی ئەو حیزبەوە بەردەوامە یا بە واتایەکی دیکە چونکە حیزب بۆ ئەو ئامانجە خەبات دەکات تا بە ئێستا توانیویەتی لە سەر پێ بمێنێ و پایەدار و شوێندانەر بێ.

لەوانەیە ئەو کوردایەتییە لەژێر ناونیشانی پەتیی کوردایەتی نەبێ و بەگوێرەی هەلومەرج و ڕاستیەکانی لە چوارچێوەی دروشمەکانی دێموکراسیخوازی یا خودموختاریخوازی یا فیدرلیخوازیدا ڕەنگدانەوەی هەبێت، کە هەندێک جار ڕەخنە لێ گیراوە، بەڵام کەس ناتوانێ حاشا لەو ڕاستییە بکات کە خەبات بۆ مافەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات کە گرینگترینیان ئازادییە بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی و هەروەها بە دەستهێنانی سەرەوەری لە سەر خاکی خۆی، بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە

گرێ دراوە. ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەو ڕاستییە کە حیزب لە بناغەی هزری خۆی کە خەبات بۆ کوردایەتییە دور نەکەوتۆتەوە و ناشتوانێ دور بکەوێتەوە و بەبێ کوردایەتی حیزبی دێموکرات نامینێ.

نەتەوەییبوونی کۆمەڵەی ژێکاف، نەتەوەییبوونی حیزبی دێموکراتی لێ کەوتەوە بە جۆرێک کە بە درێژای تەمەنی ئەو حیزبە نەک هیچکات کۆسپ نەبووە بۆ پارچەکانی دیکە، بەڵکوو لە هەموو بوارێکەوە یارمەتیدەریش بووە. دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف لە بواری فیکری و تەشکیلاتیدا بە دوای یەکخستنی کوردی دابەشکراو یا لانیکەم خەباتەکەی بوون بۆ ئەو مەبستەش پەیوەندییان بە کوردانی پارچەکانی دیکەوە کردووە، ئەو نەتەوەیی بیرکردنەوە هیچکات لە حیزبی دێموکرات دور نەکەوتەوە، تەنانەت ئەگەر بەگوێرەی هەلومەرج نەیتوانیبێ خەبات بۆ پارچەیەکی دیکە بکات دەستتێوەردانیشی نەکردووە و، لە بەردەم شۆڕش لە هەر چوارپارچە ڕووسوور و سەربەرزە کە هەر هاوکاری کردووە. لاموایە هیچ شانازییەک لەوە گەورەتر نییە کە ئێمە ڕێبوارانی مەکتەبی دێموکرات بە سەری بەرز لە بەرانبەر بە هەموو کوردان دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئێمە کۆسپ نەبووین و نین بۆ سەر خەباتتان تەنانەت ئەگەر بە زیانی خۆشمان بێ. ئەو ڕاستییە یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوە و شوێندانەری و شانازی لە خەباتی ئەو حیزبە هەژمار دەکرێت.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی کۆمەڵەی ژێکاف (وەک بناغەی حیزبی دێموکرات) ڕەخنەگرتن لە خۆی بوو. ژێکاف جیاواز لە شۆڕشەکانی پێشوی خۆی لە ڕێگەی توێژی ڕووناکبیر و نێوەڕاستی کۆمەڵگە بە مەبەستی دروستکردنی وشیاریی نەتەوەیی لە ڕێگەی زانست و پێگەیاندن دامەزرا، واتە بە ڕەخنەگرتن لە شۆڕشەکانی پێش خۆی بۆ چاکسازی و باشترکردنی دۆخی خەبات بۆ ئەوەی بە ئامانج بکات دروست بووە. ئەو ڕەخنەگرتنە لە خۆی وای کردوە کە بەردەوام و بەدرێژایی تەمەنی حیزبی دێموکرات مشتومڕێکی هزری و هەروەها ڕێکخراوەیی لەنێو حیزبی دێموکرات هەبێ کە وێڕای ئاکامی نەرێنی، ئاکامی ئەرێنییشی هەبووە، ئەویش بەردەوام ویستی نوێبوونەوە و سەردەمیبوون لە ڕۆژەڤی ئەو حیزبەدا بە زیندوویی ماوەتەوە هەر ئەوەش وایکردووە درێژە بە تەمەنی بدات، چونکە ڕەخنەگرتن و ئازادیی ڕەخنەگرتن بە بناغەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دادەنرێ. لەکوێ ئەو بناغەیە ڕەچاو کرابێ شارستانیەت و زانست پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیتووە بە پێچەوانەکەشی ڕاستە. ئەم ئەسلە لەنێو حیزبی دێموکراتیشدا وجودی هەبووە بە جۆرێک کە بەردەوام لە نێوان تاکەکانی ئەو ڕێکخراوە بەبێ هەبوونی پیرۆزی یا قەڵغانێک بۆ کەسانێک لە نێو ئەو حیزبە باسی فیکری و تەشکیلاتی وجودی هەبووە کە هەندێک جار تەنانەت وزەیەکی زۆریشی بۆ خەرج کراوە کە نەرێنی لە سەر خەبات شکاوەتەوە، بەڵام هیچ کات نەبووە کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی تاکە کەسی یا تاک بیری بێ. هەر حیزبی لەو چەشنەش دەتوانێ درێژە بە خەبات بدات و بەردەوام بە سەر کۆسپەکاندا زاڵ بێ.



سەرچاوە
Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٣

کۆمەڵەی ژێکاف بە نهێنی دامەزرا، واتە هۆکاری دامەزران تەنیا بۆ ویستی کوردان بۆ بە دامەزراوەکردنی خەبات دەگەڕێتەوە. ئەوەش وای کرد کە سەربەخۆیی لە نێو حیزبدا وەک ئەسڵێکی گرینگ بمێنێتەوە و تەنانەت ئەگەر هەوڵێکی بە پێچەوانەش هەبووبێت ئەوا هەوڵەکە شکستی خواردووە و سەربەخۆیی وەک بنەڕەت لە حیزبدا ماوەتەوە. گرنگی ئەو ئەسلە لەوەدایە کە بەستراوەیی لە تەواوەتیی خۆیدا ڕەت دەکاتەوە و ویستی گەل لە پێشەوەی هەموو شتێک دادەنێت. هەر ڕێکخراوێکیش بۆ ویستی گەل خەبات بکا دەمێنێتەوە و شوێنێکی تایبەتی لەنێو خەڵکدا دەبێت.

لە ڕۆژی دامەزرانی ئەو حیزبەوە تا بە ئەمڕۆ باشترین و لێهاتووترین کەسایەتییەکانی نیشتمان لەو حیزبەدا خەباتیان کردووە و تەنانەت گیانیان پێشکەش بە ئازادیی نیشتمان کردووە و لە ڕیزی شەهیدانی ئازادی شوێنیان لە دڵ و مێشکی گەلدا بۆ هەمیشە کردۆتەوە. ئەو بابەتەش هێزێکی مەعنەویی یەکجار زۆری بە حیزبی دێموکرات داوە کە وەک سەرمایەیەکی بێکۆتاییە و لە نێو خەڵکدا بەردەوام بە زیندوویی دەهێڵێتەوە نازناوی حیزبی ڕێبەرانی شەهید، حیزبی شەهیدان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، حیزبی زیندانیانی سیاسی و کەمئەندامانی خۆڕاگر، حیزبی پێشمەرگە و خەباتکاران و کۆڵنەدەران، حیزب ڕۆڵە بە ئازاو نەترسەکان هەر بە ئاسانی بە بەژنی حیزبێکدا نابڕێتەوە، حیزبی دێموکرات بۆ هەریەک لەو نازناوانە کە سەرمایەی مەعنەوین بە سەدان نمونەی زیندووی هەن.

لە چاوپێکەوتنیکی ڕێبەری نەمرمان دوکتور قاسملوو کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بە دامەزراوەییکردنی ڕێکخراوی حیزبی دێموکرات هەبوو سێ هۆکار "سیاسەتی دروست، قارەمانێتیی پێشمەرگە و پشتیوانی خەڵک" بۆ مانەوەی بەردەوامبوونی دێموکرات ئاماژە پێ دەکات. ئەو سێ هۆکارە لە هەموو کات و سەردەمدا وەک پێویستیەکی سەرەکی مانەوە و شووێندانەریی ئەو حیزبە هەبوون. سیاسەتی دروست خۆی لەو بڕیار و هێڵە نەتەوەییانەدا دەبینێتەوە کە خزمەت بە کوردایەتی دەکەن و پێوەری کوردایەتی دیسان ڕۆڵی سەرەکی لەو سیاسەتەدا خۆی دەبینێتەوە کە پێویستە بۆ بەردەوامی خەباتیش هەر بمێنێ. بۆ قارەمانێتی پێشمەرگە کە لە مێژووی بەرخودانی گەلان بێوێنەیە، کە هۆکارێکی جیدی مانەوە و بەردەوام بوونە. هەرچەند بگوترێ هەر کەم گوتراوە کە ئەوە تەنیا قارەمانێتیی پێشمەرگە لە ڕابردوودا نییە گرینگی ئەو هێزە نیشتمانی و ڕووناکبیرییەی کۆمەڵگە دەردەخات، بەڵکوو ڕیئالیزمی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و درەندەیی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان ئەوە دەخوازێ کە ئەو هێزە نیشتمانییە پەرەی پێ بدرێت و وەک هەمیشە بەبایەخەوە چاوی لێ بکرێ. هێزی پێشمەرگە بە ژمارە و ئیمکاناتی نا، بەڵام بەهۆی باوەڕی بەهێزیەتی دوژمن لێی توقیووە و، بێگومان هەتا سیاستی دروست هەبێ و هێزی پێشمەرگە قارەمانێتی بنوێن، گەلیش هەر پشتیوان دەبێت؛ چونکە ئەو سێ هۆکارە سێ حەلقەی زەنجیرێکن کە لێک جیا ناکرێنەوە.

خەرمانانی ٢٧٢٣

ئەو هۆکارانە و سەدان هۆکاری دیکە دەتوانین وەکو ڕەمزی مانەوەی حیزبی دێموکرات ئاماژەیان پێ بکەین، کە مانەوە و شووێنداندەریی خۆی بە شانازی دەزانێ، بەڵام بە هەمان ئەندازەی شانازییش خۆی لە بەرانبەر بە ئازادکردنی کورد و نیشتمانەکەی کوردستان بە بەرپرسیار دەزانێ و بۆ بەجێگەیاندنی ئەو بەرپرسیارەتییەش خەبات دەکات. سەرەڕای هەموو ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی ئەوەی گەلی ئێمە تا بە ئەمڕۆ بە ئامانج نەگات کە لە دەرەوەی هێز و ئیرادەی دێموکرات بوون، پێویستە ئەو پرسیارەی "بۆ بە ئامانج نەگەیشتووین" بۆ نەوەی نوێی خەبات سەرچاوەی لێپرسینەوە بن، بۆ ئەوەی بەهێز بین تا سەر بکەوین. ڕێبوارانی ئەو مەکتەبە پێویستە وێرای ئەوەی شانازیی زۆر بە خەباتەکەیان دەکەن کە حەقی خۆیانە، لە پێناو سەرخستنی ئەو خەباتەش لە ڕەخنەگرتن ودیتنەوەی کەموکوڕییەکان بۆ چاکسازی و بەهێزترکردنی خەبات خۆیان نەدزنەوە و، ئەوەش بە بەشێکی خەباتیان بۆ سەرکەوتن بزانن.

٢ی خەرمانانی ٢٧٢٣

# حیزبی دێموکرات و قەڵەمبازێکی مێژوویی بۆ ئامانجێکی لەمێژینە




**پێشەوا عەلیپوور**

خەباتی ٧٨ ساڵەی حیزبی دێموکرات بە تێکۆشانی سێساڵەی کۆمەڵەی ژێ کافیشەوە، خەباتێکی شوناسخوازانە بووە لە پێناو دیاریکردنی مافی چارەنووسی کورد. خەبات بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی کورد لە قۆناغی جۆراوجۆردا شێوە و شکڵی تایبەتی بەخۆیەوە گرتووە و لەگەڵ ئەمەش نەک هەر شێوازەکانی بەدواداچوونی ئەم حیزبە بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکان لەگەڵ یەکتر ناتەبا نەبوون، بگرە هاوتەریب و درێژەی ڕێگایەکن بۆ گەیشتن بە ئامانجە گەورەکە کە سەربەخۆییە.

لەسەردەمێکدا کە خوێندەواری لە ئاستێکی نزمدا بوو، پێشەوا قازی و ڕووناکبیرانی ئەو سەردەم بیری سەربەخۆییخوازی دەهێننە گۆڕێ و ناسیۆنالیزمی کوردی دەبەنە نێو هەناوی کۆمەڵگەی کوردی. دواتریش کۆمارێک دادەمەزرێنن کە ئەگەرچی تەمەنی کورت بوو، بەڵام لەودا سەرجەم توخمە پێکهێنەرەکانی دەوڵەت-نەتەوەیان جێ خست. "ئاڵا، سروودی نەتەوایەتی، کابینەی وەزیران، حوکمڕانیی قانون و دانانی سپای میللی پێشمەرگە کە میرات و بەها و بایەخەکانی کۆمارن و هەتا

ئێستاش بۆ کورد شانازین و لە پارچەکانی دیکەش نەهادینە بوون."

سرووشتی پرسی کورد و دابەشبوونی کوردستان بەسەر چوار داگیرکەری دڕ و پڕچەکدا وایکردووە کە گەلێک جار پرسی سەربەخۆیی لە دوو تویێ خودموختاری یان مافی خۆبەڕێوەبەریی لە سیستمی فێدراڵدا خۆ بنوێنێ، کە ئەمەش نەتەنیا پاشەکشە نییە لە ئامانجە سەرەکییەکە، بەڵکوو دیرایەت و چارەسەرێک بووە کە ڕێبەرانی پارچەکانی دیکە و حیزبی دێموکراتیش بەوپەڕی بەرپرسیاریەتی لەهەمبەر نەتەوەی کورد و ئامانجە ڕەواکانیدا و لەپێناو پاراستنی مان و مەوجودییەتی کورد بەکاریان هێناوە.

ئەگەر سەرنجێکی وتار و نووسراوەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆمار بدەین بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە ویستی سیاسیی کورد سەربەخۆیی کوردستانە و هەنگاو و بڕیارەکانیش هەر لەو ڕاستایەدا بوون، بەڵام کاتێک سۆڤییەت پشتی کۆمار بەردەدات و بەشیک لە عێل و عەشیرەکان لە کۆمار هەڵدەگەڕێنەوە، پێشەوا قازی هەوڵی ئەوە دەدات لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لە ڕێگای دیپلۆماسی و دانوستان، ڕێگایەک بۆ پاراستنی خەڵک و دەسکەوتەکانی کۆمار بدۆزێتەوە و هەموو هەوڵی خۆی دەدات کە ئەرتەش نەیەتە نێو مەهاباد و شارەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار، هەر بۆیە بە هێنانەگۆڕی پرۆژەی ئیدارەی خۆجێیی هەوڵ دەدات فشاری دەوڵەتی ناوەندی لەسەر کۆمار لابدات. تەنانەت ڕەوتی دادگایی پێشەوا قازی و بەرگرییەکانی پێشەوا قازیش بەهیچ جۆر پاشەکشە لە سەربەخۆیی تێدا بەدی ناکرێت، بۆ نموونە ئەو تاوان و تۆمەتانەی کە دادگای ڕێژیمی پاشایەتی ئاراستەی پێشەوا قازی کردبوون یەکیان داڵدەدانی بارزانییەکان بوو کە دادگا بە بێگانە ناوی هێنابوون، یەکێکی دیکە لە تۆمەتەکان هەڵگێڕانەوەی ئاڵای ئێران بوو کە پێشەوا قازی لەوێ لەبری ئەوەی وەک تاوانبار قسە بکە، ڕەوتی دادگای پێچەوانە کردەوە و داکۆکیکارێکی سەرسەختی شوناس و نەتەوەکەی خۆی بوو و، بە فیداکاری خۆی و دانانی گیانی پارێزگاری لە نەتەوەکەی خۆی کرد و نەیهێشت چارەنووسی گەلی ئازاربایجان تووشی کورد بێت.

بە گشتی خوێندنەوە و شیکاریی ڕووداوە مێژوویەکان لە سەردەمە جیاوازەکاندا بە پێودانگی ئێستا ناکرێن، خەملاندن و هەڵسەنگاندنی هەڵوێست و ڕووداوەکانی هەر سەردەمێک پێویستی بە لێکدانەوەی بابەتییانەی دەرفەت و لەمپەر و فاکتەرە جیاوازەکانی ئەو سەردەم هەیە. ئەوەی کە هەنووکە سیاسەت و لێکدانەوەکانی حیزبی دێموکرات درز ناخاتە دیواری سەربەخۆیی کورد ئەوەیە کە باوەڕمەندانی ڕێبازی سەربەخۆیی بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات بە باوەڕ و هیواوە دەڕواننە هەنگاوە سیاسییەکانی حیزبی دێموکرات بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی، هەر بۆیە بۆ یەک چرکەش لە بڕیارەکانی ئەم حیزبە دوودڵ نین. ئەمەش وایکردوە حیزبی دێموکرات پاش ٧٨ ساڵ خەبات، لەنێو نەوەیەکدا پێگەی هەبێ کە نێونجی تەمەنیان

١٤ بۆ ١٨ ساڵە.

پاش نسکۆی کۆماری کوردستان و دەسپێکی شۆڕشی گەلانی ئێران، بۆ دووهەمجار لە مێژوودا حیزبی دێموکرات دەرفەتی حوکمڕانی کەوتە دەست و پشت بە هێزی جەماوەر، ڕێژیمی پاشایەتیی لە کوردستان ڕادەماڵێ. لەو کاتە هەستیارەدا حیزبی دێموکرات بە ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوو بە ئاواتی دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتیی کورد لەگەڵ ڕێژیمی نوێ سیاسەتی دیالۆگ و دانووستانی گرتەبەر.

لەو قۆناغەدا پانتایی سیاسیی ئێران و کوردستان ببوو بە مەیدانی وێککەوتنی ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان کە هەرکام بە جۆرێک دەیانویست هێژموونیی خۆیان بەسەر ئێران و کوردستاندا بسەپێنن. هەربۆیە ئیدارەی سیاسەتی حیزبی دێموکرات، پێویستی بە وردبینی و تێبینیی تایبەت هەبوو و دوکتور قاسملوو لەو دۆخە ناهەموارەدا وێڕای پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتی، بە نوێگەری و هێنانەگۆڕی بەرنامەی نوێ بۆ خەباتی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد؛ بیرۆکەی خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێرانی وەک ڕێگا حەلێک هێنایە گۆڕێ. دوکتور قاسملوو لەسەر بنەمایەکی نوێ و مۆدێرن قەوارە و سیاسەتی حیزبی دێموکرات دادەڕێژێتەوە و کەسایەتی تاکیی سەربەخۆ لە ڕیزی خەباتدا دروست دەکات کە ئێستاکەش ئەم وانەگەلە هەوێنی بەردەوامی خەباتی نەتەوەیەکی مافزەوتکراون.

ئەو سەردەم لەلایەک ڕێژیمی ئیسلامیی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو و لەلایەکی دیکەش هێزە جۆراوجۆرەکانی دیکەی مودەعیی دەسەڵات لە تاران، بە خوێندنەوەی جیاواز لە واقیعی کۆمەڵگەی ئێران و بە چاوپۆشی لە فرەیی نەتەوەیی، دەیانویست شکڵی نوێی حوکمڕانیی ئێران هەر وەک ڕێژیمی پاشایەتی و لە ڕاستای ناسیۆنالیزمی ئێرانی بە بەرگی ئیسلامی بەسەر نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا قەڵب بکەن. هەر بۆیەش هێزێکی پێشکەوتنخواز و خاوەنئایدیای وەک حیزبی دێموکراتیان بۆ تەحەمول نەدەکرا و بۆ بردنە پێشی ئامانجە دژێوەکانی خۆیان، بوونی ئەو حیزبەیان بە بەربەست دەزانی.

تەنانەت دوای ئەوەی نوێنەری حیزبی دێموکرات و شەخسی دوکتور قاسملوو لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان سەرکەوتنی بەدەست هێنا و هەروەها دوای ئەوەیکە بەربژێرەکانی حیزبی دێموکرات لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسدا دەنگی متمانەی خەڵکیان مسۆگەر کرد، ڕێژیم لە ڕێگای بەکرێگیراوان و دەست و پێوەندییەکانییەوە دەستی بە ئاژاوەنانەوە کرد تاکوو بەو بیانووە هێرش بکاتە سەر کوردستان. بەو حاڵەش دوکتور قاسملوو بە پشتبەستن بە هێزی جەماوەر و بۆ ئەستاندنی مافی نەتەوایەتیی کورد و قەناعەت پێهێنان بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات لە تاران، بە جێخستنی خودموختاری بۆ کوردستان هەوڵی دەدا بە چەشنێک قەوارەیەکی کوردی دروست بکات کە بتوانێ بووژانەوەیەک بێت بۆ خەباتی میللی

دێموکراتیکی نەتەوەکەمان.

ئەگەرچی دوکتور قاسملوو قەت نەیشاردۆتەوە کە سەربەخۆیی مافی کوردە و ناکرێ حاشا لە ویستی سەربەخۆیی کورد و جیلی دوای خود موختاری بکرێت، بەڵام لەو قۆناغەدا هەوڵی دەدا بە چەسپاندنی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا لانیکەمی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لەو بەشەی نیشتمانەکەیدا وەدی بهێنێت.

سەرجەم هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو لە قۆناغە جیا جیاکاندا هەم شوێندانەر و هەمیش مێژوویی بوون کە دەبێ لە لاپەڕەکانی مێژوودا وەک ناسنامەی سەربەرزی تۆمار بکرێن.

### ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لە هەڵوێستە مێژوویی و گرنگەکانی حیزبی دێموکرات:

١- مەحکومکردنی هێرشی خوێندکارانی پێڕەوی خەتی ئیمام بۆسەر باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران و بەبارامتە گرتنی کارمەندانی باڵوێزخانە لەلایەن بەسیجییەکانی خەتی خومەینی.

٢- پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بۆ لایەنە ئێرانییەکان و خومەینی دوای شەڕی سێ مانگە و پاش شکستی سپا و ڕاماڵینی هێزی داگیرکەر کە پێداگری لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد دەکرد لە شکڵی خودموختاری. ئەم نامەیەی حیزبی دێموکرات کە لە پێگەی هێزەوە بڵاو بۆوە، دۆخی ئەوکاتی گۆڕی و ئەو ئاخوندەی سێ مانگ پێشتر فتوای جیهادی لەدژی کورد دا، ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ دانی بە شکستی خۆی دانا و لە پەیامێکدا بەڵێنی دا هەیئەتی دەوڵەت ڕاسپێری کە لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی کوردستان وتووێژ بکەن. ئەوکات لە وەڵامی ئەو پەیامەدا دوکتور قاسملوو لە حزووری جەماوەری سەدان هەزار کەسی لە مەهاباد گوتی ئێمە "لبیک" بەو پەیامە دەڵێین.

٣- هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لە شەڕی نێوان ئێران و عێراق هەڵوێستێکی مێژوویی بوو. حیزبی دێموکرات ئەوکات وێڕای هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، ڕەزبەری ١٣٥٩ لە پەیامێکدا دەستدرێژیی دەوڵەتی عێراق بۆ سەر خاکی ئێرانی مەحکووم کرد و ڕایگەیاند کە ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی (ئێران) داخوازییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان بە ڕەسمی بناسێ، حیزبی دێموکرات ئامادەیە تەواوی هێزی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلاماری ئەرتەشی عێراق وەکار بخا. کە ئەم هەڵوێستە لە نەوعی خۆیدا و لەنێو خاکی عێراقدا بوێری و پێداگریی ئەو حیزبەی نیشان دا لەسەر پرەنسیپە نەگۆڕەکانی.



سەرچاوە
Serchawe

٤- هەڵوێستی حیزبی دێموکرات له بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجه لەدژی دەوڵەتی عێراقیش لەو دەگمەن هەڵوێستانه بوو که حیزبی دێموکراتی تووشی کێشەش کرد، دوای ئەوەیکه شاری هەڵەبجه له ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەشەمەی ١٣٦٦ لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوه شیمیاباران کرا، دوکتور قاسملوو که تەنیا سەرکردەیەکی کورد بوو له دەرەوەی وڵات دەنگی دەبیسترا، دەستبەجێ له ڕێگای ڕاگەیاندنه گشتییەکان له درەوەی وڵات ئەم جینایەتەی ڕێژیمی عێراقی لەقاو دا و زۆر بەتوندی مەحکوومی کرد.

٥- پشتیوانیی حیزبی دێموکرات له ڕاپەڕینی باشووری کوردستان لەو دەگمەن هەڵوێستانەیه له هەناوی دەوڵەتی عێراقدا بۆ ڕاپەڕینی باشوور هاته ئاراوه. ڕێبەران و فەرماندەکانی ئەوکاتی شۆڕشی کوردی باشوور دەیگێڕنەوه که بزووتنەوەکەیان لەوپەڕی دەسکورتیدا بوو که پەنا بۆ حیزبی دێموکرات دەبەن و حیزبی دێموکراتیش سەرجەم سەرمایەی خۆی دەخاته خزمەتی ڕاپەڕینی باشووری کوردستان.

جێی خۆیەتی هەڵوێست و وانەکانی حیزبی دێموکرات ببنه سەرلەوحەی خەبات نەک هەر له ڕۆژهەڵات، بەڵکوو له سەرجەم پارچەکانی کوردستان. سەربەخۆیی بڕیار و سەربەخۆیی سیاسی و خەبات بۆ جێخستنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی پێویسته ببێته ئەسڵی نەگۆڕ بۆ هەموو لایەک.

یەکێکی دیکه لەو تایبەتمەندییانەی حیزبی دێموکرات که له حیزب و لایەنه سیاسییەکانی دیکەی جیا دەکاتەوه و بۆ لێفێربوون دەبێ، ئەوەیه به پێچەوانەی زۆر حیزب و کەسایەتیی سیاسی، بەرپرسانی حیزبی دێموکرات هەرگیز هەڵپەی دەرکەوتن لەگەڵ دەسەڵاتداران و داگیرکەرانی هیچ پارچەیەکی کوردستانیان نەبووه و گەورەترین شانازی حیزبی دێموکرات ئەوەیه که خاڵی ڕەشی له کارنامەی پێوەندی لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکدا نییه و لەسەر حیسابی تێکدانی خەبات و تێکۆشانی هیچ پارچەیەک، خەباتی خۆی درێژە پێ نەداوه.

ئەم ڕۆژانه که یەکەمین ساڵیادی وەسەریەککەوتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراته، خۆڕاگریی ئەم حیزبه و تێپەڕین له هێرشی مووشەکیی سپا له جەنگەی شۆڕش و یەکگرتنەوەدا، دیرایەتی ڕێبەرایەتی و کادر و پێشمەرگه و ئەندامانی ئەو حیزبه دەردەخات. هەروەها زیاتر له هەموو کات بۆمان دەردەکەوێت دەرکی زەروورەتی یەکگرتن و یەکیەتیی تەشکیلاتی لەلایەن ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبەوه تا چ ئاست گرنگ و شوێن دانەر بووه و نیشانی دا که ئەم حیزبه چارەنووسی بزووتنەوەی کورد دیاری دەکات. له یەک ڕستەدا یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات کاتالیزۆرێک بوو بۆ شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" و شەقامەکانی ڕۆژهەڵات که جمەی دەهات له درووشمەکانی قاسملوو و حیزبی دێموکرات، سەلمێنەری ئەم قسەن.

خەرمانانی ٢٧٢٣

ئەمەش نەک هەر نـابێ ئەم حیـزبە و ڕێبەرایەتییەکەی لەخۆبـایی بکـات، بەڵکوو ئەرک و بەرپرسیاریەتی زیـاتر بـۆ ئەو حیـزبە دروسـت دەکـات و قەڵەمبـازی سـاڵی ڕابـردووی، دەبـێ ببێـتە هەوێنـی سـەربەخۆیی و گەیشـتنی کـورد بە ئامـانجە لەمێژینەکەی.

٢ی خەرمانانی ٢٧٢٣

---

# یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزب، ئەزموون و دەستکەوتەکانی




فاڕووق سۆهرابی

٣٠ گەلاوێژی ئەمساڵ ساڵڕۆژی وەسەریەککەوتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لەدوای شانزدە ساڵ لێکدابڕانی دوولایەنی دێموکرات بوو. بێگومان یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بەرهەمی تێگەیشتنی وردی ڕێبەری لەسەر زەروورەتی یەکبوونەوە، خواستی بەدەنەی وشیار و بەرپرسیار و هەروەها شوێندانەریی گوشار و پێداگریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو.

لە ڕاستیدا بە ئەنجامگەیاندنی پرۆسەی یەکبوونەوە لە نەفسی خۆیدا سەرکەوتنێکی گەورە بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، هاوکات نیشاندەری ئاستی وشیاریی نەتەوەیی و تێگەیشتنی سیاسیی قووڵی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و؛ هەروەها دەربڕی پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکڕات و ئاوێتەبوونی خەڵک و حیزبی دێموکرات بوو. بە واتایەکی دی لەسەرخەتبوونی بەردەوام و پێداگریی هەموو چین و توێژەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی بنەماڵەی شەهیدان بۆ پرسی یەکگرتنەوە و وڵامدانەوە و بە ئەنجامگەیاندنی ئەو خواستە پیرۆزە لەلایەن حیزبەوە، نیشاندەری پەیوەندی و کاریگەریی ڕاستەوخۆی حیزب لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک قووڵایی ستراتیژیی خۆی بوو. لە لایەکی دیکەوە

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

**یەکگرتنەوەی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب دەرەنجامی خەسارناسی و تێگەیشتنێک بوو لە خەسار و شکستهێنانی پرۆسەکانی لێکدابڕان.**

**خاڵی بەهێزی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ئەوە بوو کە ئیرادەی یەکبوونەوە و ئاخێزگەکەی نێوخۆی ڕیزەکانی دوو لایەن بوو، هەروەها بە ئەنجامگەیاندنی پرۆسەی یەکگرتنەوەش لەژێر گوشار یان دەستێوەردانی هیچ لایەنێکی سێهەم نەبوو، بەڵکوو بە خواست، ئیرادە و هەوڵی ڕێبەرایەتیی هەر دوولایەن لە ئەنجامی ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتن لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نەتەوەیی بوو بە ئەنجام گەیشت.**

**هەر بەدوای یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هیوا و ئومێدێک کە بۆ خەڵک گەڕایەوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شۆڕشێکی نوێ سەری هەڵدا کە دواتر سەرتاسەری ئێران گرتەوە و لە وڵاتانی دەرەوەش ڕەنگدانەوەی باشی هەبوو. خاڵی گرینگ ئەوە بوو کە دوای شەهیدکرانی ژینا ئەمینی و دەسپێکی ناڕەزایەتییەکان ئەوە حیزبی دێموکرات بوو کە باش توانی ڕەوتی شۆڕشەکە مودیرییەت بکا. ئەوە بوو کە بانگەوازەکانی مانگرتنی بەردەوام کە لەلایەن ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێرانەوە دەدران و بەباشی لەلایەن شەقامی کوردستانەوە وەڵام دەدرانەوە؛ دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیی وەلەرزین خست.**

**ڕاستە خۆپێشاندانەکان لەلایەن ڕێژیمەوە زۆر بەتوندی سەرکوت کران، بەڵام هەر لە خۆیدا سەرکوتی خوێناوی سەرهەڵدانەکە نیشاندەری ترسی ڕێژیم و لەرزۆکی دەسەڵات لە ئیرادەی گۆڕانخوازانەی خەڵکی ئێران و کوردستان بوو. هەر لە درێژەی شۆڕشەکەشدا و پشتیوانی بەردەوامی ڕاپەڕینی سەرجەم شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە حیزبی دێموکرات کە بە دروشمەکانیانەوە دیار بوو، چاوی داگیرکەر بە پێگەی بەهێز و جەماوەریی حیزبی دێموکرات هەڵنەهات. ئەوە بوو ڕۆژی شەشی ڕەزبەری ١٤٠١ بە پێشێلکردنی هەموو یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بە مووشەک و درۆن هێرشی کردە سەر بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و خەباتکارانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خاکی هەرێمی کوردستاندا. ئەو هێرشانە بوونە هۆی شەهیدبوونی پۆلێک پێشمەرگە، بەڵام گرینگ ئەوە بوو کە خەڵک لە نێوخۆی کوردستان بە مانگرتن و دواتریش خۆپێشاندانی بەرین لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات وڵامی جینایەتەکانی ڕێژیمیان دایەوە و وێڕای ڕیسواکردنەوەی ڕێژیم، هاوپشتی و پشتیوانیی خۆیان بۆ حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی سیاسیی کورد ڕاگەیاندەوە.**

**بەمجۆرە یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزب بوو بە هۆی وەسەریەکخستنەوەی وزە و و هێزێک بوو کە بەخێرایی ئەو یەکدڵییە لەنێو کۆمەڵگەی ڕەنگی دایەوە، و واژۆی لە سەر بەرحەقبوونی ئەو واتایە کرد کە؛ هێز لە یەکگرتندایە.**



سەرچاوە Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٣

لە بەردەوامیی خەبات لە پێناو دابینبوونی مافە نەتەوەیییەکان و سەرخستنی پلان و پرۆژەکانی حیزبی دێموکرات ئەرکی سەرشانی هەر تاکێکی حیزبییە بەهەست بە بەرپرسیارەتی مێژوویی، ئەو دەستکەوتە نیشتمانییە بپارێزێ و لە گوتار و کرداریدا هەوڵ بۆ یەکریزیی زیاتر و کەمکردنەوەی دەمارگرژیی تاکلایەنی بدار و لەجیاتی ئەوە بە ورە، تێگەیشتن و وشیاریی سیاسی نەتەوەیی، هەوڵ بۆ یەکگرتووی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدات. ئەسڵ ئەوەیە کە پێویستە هەمووماں وەزە و هێزی خەباتگێڕیمان بۆ بەرەنگاری و ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بخەینە سەر یەک.

٣ی خەرمانانی ٢٧٢٣

# پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ڕەوتی شۆڕشی ژینا و ماددەی حەوتی ئەساسنامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی




**شاڕوخ حەسەنزادە**

بەستێنی گووڕانی بزووتنەوەکان و شەقڵگرتنی ڕاپەڕین و ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە جوغرافیای ئێراندا بەهۆی پاڵنەرە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان و هەروەها بوونی حکوومەتە ناخەڵکییەکان لە کۆتاییەکانی دەستەڵاتی قاجارەوە هەتا ئێستا بەردەوام بە شێوازی جۆربەجۆرەوە هەبووە. هاوکات بەجیهانیبوون کە گرنگایەتیی جۆری داڕشتنی سنوورە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، گۆڕانکاریی بنچینەیی لە بەستێنگەلی وەک ڕەوشی کۆمەڵگە، ئابووری، ڕامیاری و فەرهەنگی کاریگەریی زۆری لەسەر کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی دوای تێپەڕین بەسەر دەستەڵاتی پاڵەوییەکان داناوە، کە ئەمەش گۆڕین لە ئاکار و پاڕادایمەکانی نێو کۆمەڵگەی وەدی هێناوە.

لە سەرەتای شۆڕشی ئێرانەوە (١٣٥٧) کۆمەڵێک ڕووداو لەنێوان حکومەتی ناوەندی بە سەرکردایەتیی "خومەینی" و بزووتنەوەی کورد هاتە ئاراوە کە بووە هۆی یەکەم هەڵوێستی مەدەنیانەی خەڵکیی کوردستان (کۆچی خەڵکی مەریوان) و

دواتر بە وازنەهێنانی حکومەت و بێئاکام مانەوەی دیالۆگ لە نێوان نوێنەرانی نەتەوەی کورد و حکوومەت، بە فەرمانی جیهاد شەڕ بەسەر کوردستاندا سەپێنرا. دوای ئەمەش لە زۆر شاری کوردستان نارەزایەتیی مەدەنی خوڵقان کە هیچ ئاکامێکی لەبەرانبەر بڕیاری شەڕ و لەنێوبردنی بزووتنەوەی کوردستان نەبوو و هەموو جارێ بە توندترین شێواز لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە سەرکوت دەکرا. دوای ئەوەیکە کورد ناچار کرا ئەمجارە بۆ بەرگری لە خۆی پەنا بۆ چەک ببات و لەم شێوە ڕەوایەی خەبات کەڵک وەربگرێت، قۆناغێکی نوێ لە خەبات بۆ مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد دەستی پێ کرد. هەمیسان ڕێژیم بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی زۆر و پێشکەوتووترین کەرەسەگەلی نیزامی هێرشی کردە سەر کوردستان و گەلێک جینایەت و تاوانی وەک کارەساتەکانیی قارنێ و قەلاتان و ... خوڵقاند، هەروەها لە دادگا سەحراییەکاندا "خەڵخالی" هەموو پێوەر و پرەنسیپە ئەخلاقی و یاساییەکان وەک مافی بەرگری لەخۆ، مافی هەبوونی پارێزەر، هەبوونی بەڵگەی پێویست بۆ تاوانبارکران، دادگایەکی ئاشکرا و دادپەروەرانە و...ی پێشێل کرد و سەرەڕۆیانە بێ هیچ ترس و سڵەمینەوەیەک بە پشتبەستن بە حوکمی ڕاستەوخۆی "خومەینی" سەدان لاوی کوردی بەبێ بەڵگە لەسێدارە دا. لەلایەکی دیکەشەوە وێڕای سەپاندنی شەڕ بە سەر خەڵکی کورد، گرتن و بێسەروشوێن کردن بەبێ بەڵگەی قەزایی، کوشتن، تێرۆر، شاربەدەرکردن و... ڕەوشی مەدەنی کۆمەڵگەی کوردستانی تێکدا.

دوای کۆتایی شەڕی نێوان ئێران و عێراق، مردنی خومەینی، تێرۆری ڕێبەرانی کورد (د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی) و وەگەڕکەوتنەوەی دەرفەت بۆ خەباتی مەدەنی و سیاسی لە سایەی دۆخی ئاڵۆزی ئابووری و نارەزایەتییەکان لە سەرتاسەری ئێران، قۆناغێکی دیکە لە خەبات دەستی پێ کرد. ئەگە بە کورتی باسی چوار ڕاپەڕین یان نارەزایەتیی مەدەنیانەی خەڵک لەبەرانبەر زوڵم و زۆرییەکانی ڕێژیم دەرحەق بە خەڵکی کورد بکەین دەتوانین ئاماژە بکەین بە؛ ڕاپەڕینی بەشێک لە شارەکانی کوردستان دوای کوشتنی "شوانە سەیدقادری" لە مەهاباد (١٣٨٤)، مانگرتنی خەڵک و داخستنی دووکان و بازار لەساڵیادی تیرۆری د.قاسملوو (٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٤ و بەردەوامیی بۆ ماوەی چەند ساڵێک)، کاردانەوە بە کوشتنی "فەریناز خوسرەوانی" لە مەهاباد کە ئەم بزووتنەوەیە بە هوتێل تارا ناسراوە (١٣٩٤) و نارەزایەتی و مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان دوای مووشەکبارانکردنی بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لە ١٧ی خەرمانان لەلایەن سپای پاسدارانەوە، کە دوای چوار ڕۆژ سەرجەم دووکان و بازار بە هێمای نارەزایەتی بەم کردەوە تیرۆریستییە داخران و خەڵک مانیان گرت. ئەم جووڵەیە لە جۆری خۆیدا بێوێنە بوو و مێژووی نارەزایەتییەکان لە ئێران هەڵوێستی ئاوا یەکدەست و مەدەنیی بەخۆیەوە نەدیبوو.

لە هەموو ئەو ڕاپەڕینانەدا هێزەکانی حکوومەت بە توندترین شێوە خەڵکیان سەرکوت کردووە و دەستیان لە هیچ کردەوەیەکی نارەوا نەپاراستووە. هەڵبەت ئەوە جگە لە دەیان خۆپێشاندان، کەمپەین و مانگرتن و نارەزایەتی سینفە

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

جۆراوجۆرەکانی شەبەنگی کۆمەڵگە وەک کرێکاران، فەرهەنگیان، مامۆستایان، خانەنشینان و ... بووە کە بەردەوام لەبەر سیاسەتە نادرووستەکانی ڕێژیم دەچەوسانەوە و پاتە دەبوونەوە یان کەڵکوەرگرتن لە بۆنە جۆراوجۆرەکانی وەک جێژنی نەورۆز کە وەک دەرفەتێک بۆ خستنەڕووی داواکارییەکانی گەلی کورد کاریگەریان لەسەر زیندووڕاگرتن و بردنە سەری ئاستی وشیاری کۆمەڵگە هەبووە. لە هەموو ئەو ناڕەزایەتی و بزووتنەوە کورتماوانەدا هاندەر و داخوازی خەڵکی کورد بۆ پرسی نەتەوەیی و ئازادی دەگەڕایەوە و خێرا خۆی لەو ڕووادوە کە ببووە هۆی دەستپێکی ناڕەزایەتی دەقۆستەوە بۆ داواکارییە ڕەوا سیاسیەکانییان.

بەردەوامیی ئارێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەوشی خراپی ئابووری و سیاسەتی چەوتی نێوخۆیی و دەرەکی لە کۆمەڵگەیەک کە بەرەو جیهانێکی ئازاد و دێموکراتیک دەڕوانێ و سیستەمی ئۆلیی پاشکەوتوو و نەریتی، هەروەها خواست و داواکاریی خەڵک بۆ مافەکانیان بەپێی پێوەرە جیهانییەکان مافی مرۆڤ، ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان، نەمانی هەڵاواردن و مافی نەتەوەیی، ئایینی و... لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران بەتایبەت نەتەوە زوڵملێکراوەکانی ئەو جوغرافیایەیە کە لە دوامین سەرهەڵدانی خۆی بەدوای کوشتنی ژینا ئەمینی بە درووشمی ژن، ژیان، ئازادی بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد، کە بووە مۆتەکەی ڕێبەرانی ڕێژیم و هیوا بە ڕووخانی یەکجارەکیی ئەو حکوومەتە دیکتاتۆرە.

لەم نێوەدا کوردستان بەهۆی پێشەنگبوون لە خەبات بە دژی ڕێژیم و داخوازییە ڕەوا و دێموکراتیکەکانی بەردەوام نووکەڕمبی دوژمن سینگی کۆمەڵگەی کوردی دەپێکێ و بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێ، بەجۆرێک لە ماوەی ڕاپەڕینی ژینادا سەدان هاونیشتمانی لە ژن و منداڵ و پیاو گیانیان لێ سەندرا و، هەزار کەس بریندار و چەند هەزار کەسیش دەسبەسەر یان بێسەروشوێن کران و لە گرتنگەکاندا سووکایەتییان پێ کرا و ئەشکەنجە دران. هەروەها جێبەجێکردن و پێدانی حوکمی ئێعدام و زیندانی درێژماوە بەشێکی دیکە لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بووە دەرحەق بە خەڵکی ڕاپەڕیو کە بە شێوەیەکی مەدەنیانە ویست و داواکارییەکانی خۆیان دەربڕیبوو. هێزەکانی سەرکوتکەری حکوومەتیش لە ڕەوتی شۆڕشدا بە هێرشکردنە سەر شار و ئاواییەکان بە چەکی سووک و نیوەقورس، گەمارۆدان، دەسبەسەرکردنی کادری دەرمان و پزیشکانی نەخۆشخانەکان، داخستنی زۆرەملێی دووکان و شوێنی کاسبیی خەڵک، هێرشە شیمیاییەکان بۆ سەر قوتابخانەکان بەتایبەت خوێندگەی کچان لە قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی و جینایەتقولقێنی هەوڵیان داوە پاشەکشە بە خەڵک بکەن.

دوای ئەو هەزاران پێشێلکارییانەی بەئاشکرای حکوومەت، بە پێشنیاری وڵاتانی ئاڵمان و ئیسلەند ڕۆژی پێنجشەممە ٣ی



سەرچاوە Serchawe

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

سەرماوەزی ١٤٠١، لە دانیشتنێکی تایبەتدا شورای مافەکانی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیارنامەیەک دەنگی بە وەڕێخستنی "کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان" دا.

دیارە ئەگەرچی کارکردی شورا پێوەندیی ڕاستەوخۆی دەگەڵ بابەتگەلی پەیوەندیدار بە تاوانەکانی نێودەوڵەتی نییە، بەڵام دەکرێ لەکاتێکدا پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بە تایبەتمەندیی وەک سیستماتیکبوون و بەردەوامیان هاوکات بێ، ئەوجۆرە پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ دەکرێ بە پێوەدانگی پێوەندیدار بە یاسای سزادانی نێودەوڵەتی دابنێین، بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانین ماددەی ٧ی ئەساسنامەی دادگای (تاوانەکان)سزادانی نێودەوڵەتی"لاهە" بێنینە گۆڕ کە بە ئامانجی بەرەورووبوونەوەی پڕتوندوتیژ دەگەڵ خەڵکی سڤیل و لە چوارچێوەی جینایەتی بەدژی مرۆڤایەتی لەو بابەتانەی کە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بەردەوام و سیستماتیکە، دێتە گۆڕ. لەم دۆخەدا بەشێوەی پێناسەی پێوەندی نێوان مافەکانی مرۆڤ و بابەتی پێوەندیدار دەگەڵ پاراستنی ئاشتی و تەناهی نێونەتەوەیی کە لە دەستەڵاتی ئەنجوومەنی تەناهی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، ئەو ئیمکان و توانا یاساییەی هەیە بابەتی باسکراو بخاتە مەیدانی دادگای سزادانی نێودەوڵەتی و لە ئەگەری مەحکوومبوونی لایەنی بەرانبەر دەتوانێت بەپێی ڕۆژەنی حەوتەم لە جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەناوی مەترسی بۆ سەر ئاشتی و تەناهی مرۆڤەکان دەستتێوەردانی ئاشتیخوازانە بکا؛ وەک ئەوەی پێشتر لە شەڕی نێوان دوو کۆریا کرا یان لە عێراق، ئەفغانستان، لیبی و... کراوە.

یەکێک لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ، چاودێریکردنی وڵاتانە بۆ بەڕێوەبردن و بەڵێنییەکانیان لەهەمبەر گرێبەستە نێودەوڵەتییەکان و پشتیوانی لە مافەکانی مرۆڤ، هەروەها ئەو توانا و دەستەڵاتەشی هەیە هەتا لە نێوان خاڵەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و بابەتەکانی سزادانی نێونەتەوەیی پێوەندییەک ساز بکات. هەر لەم سۆنگەیەوە و بەلەبەرچاو گرتنی ئاگادارکردنەوەکانی "جاوید ڕەحمان"، ڕێپۆرتەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و، دەکارکردنی چەمکی "تاوان بەدژی مرۆڤایەتی" لەلایەن ناوبراوە بۆ سەرکوتی هێزەکانی حکومەتی لەکاتی خۆپێشاندانەکان، ئەو پەیوەندییەی باسمان کرد، زیاتر مانای خۆی دەردەخات.

بەوپێیە وڵاتانی جیهان هاوتەریب دەگەڵ بەڵێنییە نێودەوڵەتییەکان، خۆیان بە ئەرکدار دەزانن لە بەرامبەر کردەوەی وەک جینایەت بەدژی مرۆڤایەتی هەڵوێستیان هەبێ و ئەم کارە وەک تاوان بناسێنن و لە کاتی پێویستیشدا لایەنی تاوانبار سزا بدرێ. گەڵاڵەی بەرپرسیارەتی نێودەوڵەتی لەهەمبەر کردەوەکان بەپێچەوانەی گرێبەستەکان، پەسندکراوی ساڵی ٢٠٠١ی کۆمیسیۆنی مافە نێونەتەوەییەکان، لە ماددەی ٢ بەم شێوەیە بەرپرسیارەتییەکان پێناسەیان بۆ کراوە: هەرکات بەپێی مافە نێونەتەوەییەکان وڵاتێک بەپێچەوانە بجووڵێتەوە، ئەو کارەی دژی بەرپرسیارەتییەکەیتی کە هەڵیگرتووە و لەسەر شانی

بووە. هەروەها لە ماددەی ٧ی ئەساسنامەی دادگای سزادانی نێونەتەوەیی "لاهە"دا هاتووە؛ مەبەست لە تاوانە دژە ئینسانییەکان لەم ئەساسنامەیەدا هەرکام لەو خاڵانەی ژێرەوەن کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین:

کاتێک بەهۆی هێرشێکی بەربڵاو یان ڕێکخراو بەدژی حەشیمەتەیکی مەدەنی و بە شێوەیەکی ئاگاهانە کردەوەیەک دەکرێ، وەک: کوشتنی بەئانقەست، سێدارە، بەکۆیلەکردن، شاربەدەر یان ڕاگواستنی زۆرەملێ، زینداینکردن، بێبەشکردنی زۆر لە ئازادییەکان، ئەشکەنجە، دەستدرێژیکردن، بەکۆیلەکردنی ڕەگەزی، نەزۆککردن، کوێرکردنەوەی وەجاغ یان هەر جۆرێکی دیکە لە توندوتیژی جەستەیی، وەدواکەوتن و ئازاری بەردەوامی هەر گرووپ یان کۆمەڵە کەسێکی سەلماو بە هۆکاری سیاسی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، کردەوەی نامرۆڤانە کە بە مەبەستی سەدەمەلێدان لە جەستە یان سەرجەم لایەنەکانی ڕوحی بەڕێوە بچێ، دەکەوێتە چوارچێوەی تاوانەکان بە دژی مرۆڤایەتی.

بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتری ئەو پرسە و ئیمکانی بەڕێوەچوونی دادگایەکی لەم چەشنە هەڵبەت بە شێوازی مەدەنی لە دەرەوەی بازنەی دادگای سزادانی نێونەتەوەیی دەتوانین ئاماژە بە "دادگای نێونەتەوەیی خەڵکیی ئابان" بکەین. دوای ڕووداوەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨ کە زۆربەی شارەکانی (بەشێکی کوردستان) ئێرانی گرتەوە، هێزە سەرکوتکەرەکانی حکومەتی بە شێوەیەکی پڕ لە توندوتیژ ئەو خۆپێشاندان و نارەزایەتییانەیان سەرکوت کرد و لە ئاستێکی بەربڵاو و سیستماتیک بەئاشکرا مافەکانی مرۆڤ پێشێل کران. ساڵی ١٤٠٠ بە پێشنیاری سێ ڕێکخراوەی ناحکوومی لە لەندەن دادگایەکی هێمایی و نافەرمی لەسەر ئەو پێشێلکاریانە بەڕێوە چوو و ئامانجیشی ئەوە بوو کە؛ لە ئامادەنەبوونی لایەنی فەرمی و دەستەڵاتداری نێودەوڵەتی کە سەڵاحییەتی قەزاییان هەیە، بەداواداچوون بۆ ئەو تاوانە مەزنانە بکەن کە لە پێوەندی دەگەڵ کوشتاری مانگی خەزەڵوەردا بە شێوەیەکی ڕێکخراو ڕوویان دابوو. هەرچەند ئاکام و حوکمی ئەو جۆرە دادگا خەڵکتەوەرانە مەرج نییە ناکا جێبەجێ بکرێ و زیاتر لایەنی سەمبۆلیکی هەیە، بەڵام هەر بەپێی لێکۆڵینەوەکان، بەڵگە و وتوویژ دەگەڵ شاهیدەکان، لایەنی "جینایەت بەدژی مرۆڤایەتی" هەڵسەنگاندنی بۆ کرا و بەم ڕوانگەیە دادگا کارەکانی خۆی پۆلێن کردبوو. لە کۆتاییشدا لە بڕیارێکی ڕەمزیدا هاتبوو: بەپێی بەڵگە و قسەی شاهیدەکان، حکومەت وێڕای شوڕای بەرزی ئەمنییەتی میللی، شوڕاکانی دابینکردنی ئەمنیەتی پارێزگاکان، هێزە ئینتزامییەکان، سپای پاسداران، هێزەکانی بەسیج، باقی هێزە لیباس شەخسییەکان لە "جینایەت بە دژی مرۆڤایەتی"دا دەوریان هەبووە. لەو حوکمەدا پێداگری لەسەر ئەو خاڵانەش کرابوو کە، کوشتن، بێسەروشوێنکردن، ئەشکەنجەدان و توندوتیژیی ڕەگەزی" لەو بڕگانەی تاوانەکانی دژبە مرۆڤایەتین کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خەزەڵوەری ١٣٩٨دا کردوونی.

ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لە ماوەی ٢٠٠ ڕۆژی سەرەتای بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی، بە شێوەیەکی بەربڵاو و لە ئاستێکی

خەرمانانی ٢٧٢٣

زۆردا پێشێلکاریی مافی مرۆڤی بەئاشکرا و سیستماتیک کردووە و هەتا ئێستاش ئەو پێشێلکارییانە درێژەیان هەیە. بەپێی ئامار و بەڵگەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و وتووێژ دەگەڵ بەشێک لە خەڵکی چالاکی ڕۆژهەڵات لە ڕووداوەکانی دوای کوشتنی ژینا ئەمینی دەرکەوتووە، لانیکەم ١٣٠ هاونیشتمانی بە تەقەی ڕاستەوخۆ و ئەشکەنجەدان لە گرتنگەکان گیانیان لەدەست داوە کە لەو ئامارە ١٣ کەسیان منداڵ (ژێر ١٨ ساڵ) و ٦ کەسیشیان ژن بوون. هەروەها نزیک ٦ هەزار هاونیشتمانی بە فیشەکی چەکی شەڕ یان تاپڕ (ساچمەیی) بریندار بوون بە جۆرێک برینی بەشێکیان کاریی بووە کە هەرنەبێ ناوی ١٨ کەس لەوان ئاشکرا بووە کە ڕووناکی چاوێک یان هەردووک چاویان لەدەست داوە. یان گرتن و بێسەروشوێنکردنی زیاتر لە ٧٥٠٠ هاونیشتمانی، ئەشکەنجە و دەستدرێژیکردن و سووکایەتی، پۆلۆمپکردنی دووکانی خەڵکی کاسبکار بە بیانووی بەشداریکردنی لە خۆپێشاندان و مانگرتنەکان، هێرش بۆ سەر قوتابخانەی منداڵان بەتایبەت کچان و... نیشان دەدات کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەبێ ڕێزگرتن لە بڕیار و بنەماکانی تەنانەت ئەو گرێبەستە مافە مرۆڤیانەی بۆخۆی واژۆی لەسەر کردوون یان یاسای بنەڕەتیی خۆیەتی، هەزاران پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤی کردووە و دەکرێ بخرێتە چوارچێوەی جینایەت بەدژی مرۆڤایەتیش.

دوای دەستبەکاربوونی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان، چالاکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی چاوەڕوانیی ئەوەیان هەیە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ئاستی جیهانیدا کار بۆ پەلکێشکردنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن، جا با بەهۆی بوونی مافی ڤێتۆی چین و ڕوسیە ئەگەری ئەوە هەیە هیچ بڕیارنامەیەک بەدژی ڕێژیم پەسند نەکرێ. یان بدرێتە دادگای نێونەتەوەیی سزادان بۆ وڵامدەربوونی لەهەمبەر ئەو تاوانە زۆرانەی کردوویەتی.

٣ی خەرمانانی ٢٧٢٣

# مستەفا هیجری: بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتیک دەبێ تەنیا پشت بە هێزی خۆمان ببەستین



دیمانە: شەماڵ تەرغیبی

## ئاماژە:

کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تازەترین دیمانەی لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی "کوردکاناڵ"دا، تیشکی خستووەتە سەر جێگەوپێگەی حیزبی دێموکرات لە هاوکێشە نێوخۆییەکانی کوردستان، ئێران و جیهاندا. پرسی کاریگەریی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، فازی نوێی بەربەرەکانیی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و، دوورەدیمەنی گۆڕانکارییەکان لە ئێران لە بەرەبەری ساڵیادی ژینا چەند تەوەرێکی دیکەی ئەم دیمانەیە بوون. "کوردستان‌میدیا" پوختەی ئەم وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستووەتەوە.

**شەماڵ تەرغیبی:** پێگەی حیزبی دێموکرات لە ٧٨ ساڵەی تەمەنیدا



سەرچاوە Serchawe

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

**مستەفا هیجری**: کاتێک ئێمە هەڵسەنگاندن بۆ مێژوو، چالاکی و سەرکەوتن و سەرنەکەوتنەکانی حیزبێک دەکەین، لە پێش هەموو شتێکدا پێویستە ئەو هەلومەرجەی ئەو حیزبە تێدا بووە، هەڵسەنگێنین و قەزاوەتەکەمان بەو پێیە بێت. لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ڕاستە حیزبەکەمان ئەم ڕۆژانە ٧٨ مین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی جێژن گرتووە، بەڵام لەو ٧٨ ساڵە زیاتر لە ٧٠ ساڵی ڕێبەرایەتییەکەی بەهۆی زەبروزەنگی ڕێژیم و بەبیانوی ئەوەی حیزبی دێموکرات حیزبێکی نایاساییە، ڕێبەرایەتییەکەی لە دەرەوەی وڵات بووە. لە نێوخۆش خەڵکەکەی لەگەڵ توندترین زەبروزەنگ و داپڵۆسین و زیندان و ئێعدام و ئەشکەنجە ڕووبەڕوو بوونەتەوە. لەو هەلومەرجەدا بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب لە زیندانەکاندا ئێعدام کراون، ئەموال و دارییان دەستی بەسەردا گیراوە، ناچاربوون کۆچ بکەن بۆ هەندەران، ئەوە باردۆخێک بووە کە ئەو حیزبە تێیدا بووە. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا ئەمن پێموایە بەپێی ئەو ڕابردووە تاڵە، حیزبی دێموکرات حیزبێکی سەرکەوتووە، بەو حاڵەشەوە لە هەلومەرجی ئێستادا یەکەم حیزبی بەهێز و بەتوانایە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و قسەی یەکەم دەکا. حیزبێکە کە توانا و هێز و گڕووتینی خۆی لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وەردەگرێ. لە هەموو ئەو ماوەیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆی و ویست و داخوازی خەڵکەکەیەتی لە پێناو وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیی کورد لە ئێران تێکۆشاوە و خەباتی کردووە. هیچ کات لەو ماوە دووردرێژەدا، لەو ڕێبازە ئەسڵییەی لای نەداوە. بێگومان ئەوەش یەکێک لەو هۆکارانەیە کە خەڵک پشتیوانییان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردووە.

حیزبی دێموکرات لەگەڵ هەموو ئەو نسکۆیانە وەکوو دابڕانەکان و تێرۆرەکان توانیویەتی سەربەرز هەستێتەوە و خەبات و تێکۆشانی خۆی درێژە بدا. ئەوە دەتوانم بڵێم هەڵسەنگاندنێکی کورتە بۆ ڕابردووی حیزبی دێموکرات کە جێگای شانازییە بۆ هەموومان و لە پێش هەمووانیشدا خەڵکی تێکۆشەر و فیداکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەپێش ئەوانیشدا بنەماڵەی شەهیدەکانمان کە لەسەر ئەو ڕێبازە شەهیدیان داوە و ئەو سەرکەوتنە بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە. جارێکی دیکە ڕێز و سڵاوم هەیە بۆ هەموو ئەوانە و بۆ من جێگای خۆشحاڵییە لە حیزبێکدا پێشمەرگایەتیی دەکەم کە خەڵکێکی وشیار و وریای هەیە کە بۆ مافی نەتەوەیی خۆیان تێدەکۆشن.

**شەماڵ تەرغیبی**: **پێگەی حیزب لە هاوکێشە سیاسییە نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانییەکاندا**

**مستەفا هیجری**: دوای ئەوەی ساڵی ڕابردوو حیزبی دێموکرات ڕیزەکانی خۆی یەکخستەوە، لەڕاستیدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر لە ڕابردوو بوو بە جێگای هیوا و ئومێدی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران و بەوە جێگە و پێگەی حیزبی دێموکرات لەڕاستیدا زۆر بەرزتر بۆوە. توانی وەرەبەخش بێ بۆ ئەوەی خەڵکەکە خەباتەکەیان بەتوانای

زیاترەوە ببەنە پێشێ. ئێمە بەو یەکگرتنەوەیە پەیامێکی سیاسیمان دا بە خەڵکی خۆمان کە سەردەمی دابڕانەکان، دژایەتی لەگەڵ یەکترکردن، یەکترشکاندن و ئەوانە بەسەر چووە و، بەپێی سەردەم ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کە پاڵ بەیەکەوە بدەین و پێکەوە شان بە شانی یەکتر خەبات بکەین. بەتایبەتی ئەو یەکگرتنەوەیە لە بزووتنەوەی ژینادا بەتەواوی هەم لەنێو کوردستاندا هەم لە سەرانسەری ئێراندا ڕەنگی داوەتەوە. ئێستا حیزبی دێموکرات هەم لەنێو کوردستانی ئێران، هەم لەنێو خەڵکی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا جێگە و پێگەییەکی جیاوازتر لە ڕابردووی هەیە و هەموویان ئۆمیدیان بە حیزبە بەستووە. بەتایبەتی کە دەبینین سەرەڕای زەبروزەنگەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییش کە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا هێزی بەرچاویان هەبوو، لە ڕاستیدا ئەوانە هەموویان تووشی دابڕان هاتوون و دابەش بوون. بەشێکی زۆریان ڕوویان کردووەتە دەرێ و ئەوانەش کە ماونەتەوە کەمن و ئەوە نین کاریگەرییان لەسەر خەڵک هەبێ. ئەوەی کە حیزبی دێموکرات لە بەرانبەر هەمووی ئەو زەبروزنگانەدا دووبارە هەستاوەتەوە سەر پێ و لە شکستەکان ئەزموونی وەرگرتووە، ئەوە لەڕاستیدا ئاڵوگۆڕی لە پێگەی حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکدا و تەنانەت لەنێو کۆڕوکۆمەڵی نێودەوڵەتییشدا پێک هێناوە و هەموو لایەنەکان حیساب لەسەر سیاسەت و بەرنامەکانی دەکەن.

هەڵبەت ڕاستە حیزبی دێموکرات هەمیشە پێگەی خۆی هەبووە، بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە کاتێک دابڕان لە حیزبی دێموکرات ڕووی دا، خەڵک نائومێد بوون. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش پتر ئایەی نائومێدی بۆ خوێندوون و خەڵک داغدار بوو. بەڵام کاتێک حیزب یەک دەگرێتەوە، بێگومان ئیعتبارەکەی زیاتر دەچێتە سەرێ و، زیاتر دەبێتە جێگای باوەڕ و متمانەی خەڵک کە بە دەوریدا کۆ ببنەوە.

**شەماڵ تەرغیبی**: **پلان و نەخشەڕێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ داهاتوو**

**مستەفا هیجری**: بەو ڕوونکردنەوەیەی لەسەر پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسم کرد، شتێکی زۆر سروشتییە کۆماری ئیسلامیی ئێران دوژمنایەتی و توندوتیژی و زەبروزەنگەکەی بەنیسبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چالاکانی حیزبی دێموکرات، سەرتر لەوان لەسەر خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەر بەبۆنەی ئەوەی پشتیوانییەکی بەرین لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەن، زیاتر بکات. بەڵام ڕابردووش پێشانی داوە هیچکام لەو زەبروزنگانە و لەو بەرنامە هەڵانە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوویەتی، ئەو سیاسەتە دژەمرۆڤانە کە بەکاری هێناوە هیچکامیان نەیتوانیوە خەڵکی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئازادیخوازانی ئێران بێدەنگ بکات. کەوابوو بۆ ئێمەش وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو ڕاستەڕێی خەباتی نەتەوەیی بەمەبەستی وەدەستهێنانی سەرەتاییترین

مافەکانی گەلەکەمان لەو سەردەمەدا کە گرتوومانەتە پێش، ئەوە دیسان ڕاستەڕێی خەباتی ئێمە دەبێ بۆ داهاتوو. پلانمان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو سیاسەتەدا نەگۆڕاوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو ڕێگایەی هەڵمانبژاردووە، ڕێگایەکی دروستە. ڕێگایەکە خەڵک دەیەوێ و پشتیوانیی لێ دەکا، بۆیە ئێمەش بە هەموو ئیمکاناتێک کە هەمانبێ، کەم یان زۆر لەو ڕێگایەوە خەباتی خۆمان درێژە دەدەین. متمانەم هەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتوانێ خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەلی کورد و هەموو ئازادیخوازانی ئێران، بێدەنگ بکا و بە ئامانجەکانی خۆی بگا، بەڵکوو ئەوە خەڵکن کە بە ئامانجی خۆیان دەگەن.

**شەماڵ تەرغیبی**: هەڕەشە و هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی و پرسی چەککردنی حیزبی دێموکرات

**مستەفا هیجری**: لەگەڵ ئەوەدا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتاوە دژایەتیی حیزبی دێموکراتی کردووە، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ پێگەی حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکدا قایمتر بووە و ڕێژیمیش بۆ تۆڵەکردنەوە زەبروزەنگەکەی زیاتر کردووە. سروشتییە ئێستاش کە ئێمە لە ساڵڤەگەری دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانداین و بەرەو ساڵڤەگەری بزووتنەوەی ژیناش دەچین، کۆماری ئیسلامیی ئێران نیگەران بێت و ترس و لەرزی ڕێ بنیشێ؛ بۆیە هەڕەشەکانی توندتر کردووە. یەکێک لەو مەسەلانەش کە باسی دەکەن مەسەلەی چەکە. جارێ ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەر لە سەرەتاوە ئاشقی چەک نەبووین و بە دڵخوازی خۆمان چەکمان هەڵنەگرتووە، بەڵکوو ئێمە لە سەرەتادا بە خەباتی مەدەنی و بە وتووێژ داوامان کردووە لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ویست و داخوازەکانی گەلی کورد بێنینە بەر باس و چارەسەریان بکەین. بەڵام یەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو لە بەرانبەر داخوازیی ئێمەدا کە داخوازییەکی مرۆڤانە و سەردەمیانە بوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی قەدەغە ڕاگەیاند، هێرشی کردە سەر کوردستان، تێکۆشەرانی ئێمەیان گرت و ئێعدامیان کردن و ئەو سیاسەتە هەتائێستاش بەردەوام بووە. یانی لەڕاستیدا هیچ ڕێگایەکی بۆ نەهێشتینەوە و ناچار بووین بۆ بەرگری لە خۆمان دەست بۆ چەک ببەین.

هەتا ئەو هەلومەرجە و ئەو دۆخەش لە وڵاتەکەماندا هەبێ، ئەوە مافی خۆمانە و بە هەموو ئیمکاناتێکی بەردەستمان و بە هەموو توانامان دژی ڕێژیم خەبات دەکەین. ئەگەر ئەو هەڵومەرجەش کە ئێمەی ناچار کرد چەک هەڵگرین نەما، سروشتییە ئەوودەم بارودۆخەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. یانی ئەگەر دۆخێکی وا لە ئێران و کوردستان ئێران بێتە پێشێ کە بتوانین وەکوو هەموو خەڵکی ئەو جیهانە پێشکەوتووە کە داخوازییەکانیان گوێی لێ دەگیرێ و ئەمنیەتییان پارێزراوە، ئەوودەم دەکرێ باس لەوە بکرێ کە چەک لە حیزبی دێموکراتی چی لێ دێتەوە؟ ڕەنگە ئەوودەم چەک کەڵکی نەمابێ. بەڵام تاوەکوو ئەم دۆخە لە ئارادا هەیە، حیزبی دێموکرات چەکی بۆ بەرگری لە خۆی پێ دەبێ و کەلکی لێ وەردەگرێ. مەسەلەیەکی



سەرچاوە
Serchawe

دیکە کە پێمخۆشە ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە ئێمە بە ئیجازەی کۆماری ئیسلامیی ئێران چەکمان هەڵنەگرتووە تا لەسەر داخوازیی وی چەک دابنێین. کەوابوو ئەوەش وەکوو بەشێک لە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات وەکوو چۆن ئێمە تێکۆشانی ڕاگەیاندمان هەیە، دیپلۆماسیمان هەیە و جۆرەها کاری ئۆرگانیزاسیۆنمان هەیە، چەکیش بەشێکە لەوان کە هەمانە و بۆ هێرشیش نییە، بەڵکوو بۆ بەرگری لەخۆمانە.

**شەماڵ تەرغیبی**: دەسکەوت و کارنامەی حیزبی دێموکرات لە یەکساڵەی یەکگرتنەوەیدا

**مستەفا هیجری**: لە پێش هەموو شتێکدا دەمەوێ بڵێم ئێمە لە لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دابڕان و یەکگرتنەوەی زۆرمان بووە. لە هەموو دابڕانەکانیشدا، خەڵک تووشی شۆک بوون، گەلەییان کردووە، بێزار بوون و لە یەکگرتنەوەکانیشدا خۆشحاڵ بوون. بەڵام یەکگرتنەوەی ئەمجارەمان جیاواز بوو لە هەموو ئەوانە، ڕەنگە جیاوازییەکە بەشێکی بگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجەکە. چونکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دۆخێکدا بوو ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لاوازیی پتر و، بەرەو پەرەگرتنی ناڕەزایەتیی خەڵک لە دژی دەسەڵات دەچوو. پێشبینی ئەوەش دەکرا کە ڕاپەڕینی بەرفراوان لە ئێران بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەست پێ بکات و، ئێران بخاتە سەر مەسیری بەرەو نەمان. کە لە هەلومەرجێکی وادا حیزبی دێموکرات یەک دەگرێتەوە، گرینگییەکەی زۆر زۆر زیاتر لە یەکگرتنەوەکانی ڕابردووە، کاریگەرییەکەشی وەکوو عەرزم کردی، لە شەقام و لە بزووتنەوەی ژینادا خەڵک پێشانی دا و بە دەنگیەوە هاتن. بێجگە لەوانە، کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی سیمای ڕاستەقینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نەزەر خەڵکی ئێرانەوە هەبوو. بۆیە هەرچەند یەک ساڵ بۆ ئەم یەکگرتنەوەیە ماوەیەکی کەمە، بەتایبەتی ئێمە بەهۆی ئەو هێرشە مووشەکییەی کرایە سەرمان، بنکەکانمان هێندێک بڵاو کەوتن، لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا باوەڕم وایە هەنگاوێکی زۆر مێژوویی بوو و حەتمەن لە داهاتوودا کاریگەریی زۆر لەوە زیاتریشی دەبێ. ئەمن هیوادارم ئەو یەکگرتنەوەیە، ڕۆژ بە ڕۆژ ببێتە هۆی بەهێزتربوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەر بە یەکگرتنەوەکە قانع نەبین، بەڵکوو هەوڵ بدەین هەموو لایەنەکانی دیکە لە کوردستانی ئێران و ئێراندا کە بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەبات دەکەن؛ هەموومان پێکەوە بتوانین ئێرانێک دوای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دروست بکەین، ئەو ڕۆژەڕەشانەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی چیدی درێژەیان نەبێت.

**شەماڵ تەرغیبی**: گەمە دیپلۆماسییەکانی ئێران، سەرکەوتنی سیاسی یان شتی تر؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی ئێران لەو ماوەیەدا کردوویەتی، وەک گۆڕینەوەی هێندێک زیندانی لەگەڵ ئەمریکا کە لەلایەن ئێرانەوە بەبارمتە گیرابوون، باشکردنی پێوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتێکی وەکوو عەرەبستان، یان ئەوەی چەند میلیارد دۆلار



سەرچاوە
Serchawe

پارەی ڕاگیراوی ئێران لە کۆرەی باشوور ئازاد بووە و ڕێژیم دەتوانێ کەڵکی لێ وەرگرێ، ئەوانە کۆماری ئیسلامی دەیتوانی چەند ساڵ لەوە پێشیش بیانکات و دەسکەوتێکی ئەوتۆ نییە؛ بگرە نیشانەی لاوازییەتی. بەڵام ئەوەدەم کۆماری ئیسلامی بە پێی سیاسەتە ئیدۆلۆژیکییەکانی گوێی پێ نەدەدا و ئێستا دوای چەند ساڵ بە هێندێک مەرجی زیاترەوە قبووڵی کردووە بۆ ئەوەی ئەوانە جێبەجێ بن. ئەوجار ئەوە خۆ پارەیەک نییە بڵێی ئەمریکا پێی دابێ، بەڵکوو پارەی خۆیەتی کە دەیتوانی بە سیاسەتی دروست ساڵانێک پێش ئەو ئازادیان بکات و کەڵکیان لێ وەربگرێ. کەوابوو من ئەوە بە سەرکەوتن نابینم بەڵکوو ئاوای لێک دەدەمەوە کە ڕێژیم هیچ دەرەتانێکی بۆ نەماوەوە، بێجگە لەوەی لە بەرانبەر داخوازەکانی لایەنی دیکەدا کە لەگەڵیان تەرەفی موعامەلەیە ئیمتیازی زیاتر بدا و پاشکەشەی زیاتر بکات بۆ ئەوەی کە بتوانێ هێندێک دەستکەوتی هەبێ.

ئەوە دۆخێکە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیەتی، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە سەر تەواوەتی مەسەلەکە وەکوو مەسەلەی دیپلۆماسی، لەڕاستیدا پێوەندیی ئەمڕۆی جیهان لەسەر قازانج و بەرژەوەندییە. کاتێک دەوڵەتانی پێشکەوتوو، لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دەکەونە وتووێژ، مامەڵە لەسەر قازانج و بەرژەوەندیی دوولایەنە دەکەن. تەبیعەتەن ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی زلهێزە، بەڵام ئەویش بۆ قازاج و بەرژەوەندیی خۆی تێدەکۆشی. بۆیە ئێمە ئەو چاوەڕوانییەمان دەبێ هەر هەبێ. ئەوە یەک شتی دیکە بۆ چەندەمین جار بە ئێمە دەڵێتەوە کە ئێمە بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتیک دەبێ پشت بە هێزی خۆمان ببستین. تەنیا ئێمە بۆخۆمانین کە پشت و پەنای خۆمانین. نابێ پشت بە هیچکەس ببەستین، بە هیچ لایەنێک، بە هیچ دەوڵەتێک. دەبێ پشت بە خۆمان، بە خەڵکی خۆمان ببستین و، ئەگەر لایەنی دیکەش لەبەر قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان ویستان یارمەتیدەرمان بن، ئێمە وەکوو یارمەتیدەر چاوی لێ دەکەین. بەڵام ئەسڵ و بنەڕەتی هێزی ئێمە دەبێ بۆخۆمان بین و ئەوەش دەرسێکە کە دەبێ لە گەمە دیپلۆماسییەکانی ئێرانی وەربگرین.

**شەماڵ تەرغیبی**: خوێندنەوەی ئێران بۆ ڕەوتی ڕووداوەکانی داهاتوو بە پێی دۆخی ئێستا

**مستەفا هیجری**: پێشتریش گوتومانە ڕێژیمێک کە دەیەوێ کێشە و گرفتەکانی ئەو سەردەمە بە ئیدیۆلۆژیی ١٠٠٠ ساڵ لەوە پێش چارەسەر بکات و ئوسوولەن بۆشی گرینگ نییە، شتێکی زۆر سروشتییە کە قەیرانەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ. سەردەمانێک بوو کۆماری ئیسلامی هاتبووە سەر کار و هێشتا خەڵک نەیدەناسی. ئەوان وادە و بەڵێنیان دەدا بە خەڵک و خەڵکیش بە کۆمەڵە هۆکارێک ڕەگەڵی کەوتبوون. بەڵام ڕۆژبەڕۆژ کە نێوەرۆکی ئەم ڕێژیمە دەرکەوت، هەمووان زانییان کە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی قەیرانخوڵقێنە و ئەو عەقڵییەتەی لەسەر کارە،



سەرچاوە
Serchawe

عەقڵییەتێک نییە بتوانێ قەیرانەکان چارەسەر بکا، بگە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتریان دەکا.

ئێستا دەبینین ئەو قەیرانانەی ئێران لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە لەگەڵی ڕووبەڕوو بوو، ئێستا نەک چارەسەر نەبوون، بەڵکوو چەندین بەرابەر زیاتریش بوون و ئەوە وەکوو ڕەوتێک درێژەی هەیە. سروشتییە لە هەلومەرجی وەهادا خەڵک ئیدی تەحەمولی نامێنێ. ژیان بۆ خەڵک نەماوە، خەڵک ئازادی و کەرامەتیان لێ ئەستێندراوە. سروشتییە بۆ ئەوە خەبات دەکا کە ئەو دۆخە، بگۆڕێ. بۆیە ئەمن لەسەر ئەو باوەڕەم دەبێ چاوەڕوانین بین لە داهاتوودا کۆماری ئیسلامی قەیرانەکان زۆر لەوە زیاتر بن و هێزی یەکگرتووی خەڵکی ئێرانیش بۆ ڕووخاندنی ڕێژی، بەهێزتر بێ، پەرەگرتووتر بێ. بەربەرەکانێی نێوان دوو لایەن، دوو لایەنی دژ بە یەک ئیدی هیچ ڕێگای موسالحە و سازانی تێدا نەماوە، بەڵکوو دەبێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لابچێ. بۆیە دەڵێم ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لابچێ، چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکوو حکوومەت هیچی بە دەستەوە نەماوە. نە بێهداشتی هەیە، نە خوێندن وەکوو خۆی ماوە، نە ئابووری، نە ئازادی و... هیچ شتێک نەماوە. تەنیا شتێک کە هەیەتی سەرکوت و زەبروزەنگە. ئەو سەرکوت و زەبروزەنگەش نەک هەر لە ئێراندا، بەڵکوو لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازی گەلانی جیهاندا، نەیتوانیوە بۆ هەتا هەتایە بەسەر هێزی خەڵکدا زاڵ ببێت. ئەمن ئەو داهاتوویە بۆ ئێران و بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشبینی دەکەم.

**شەماڵ تەرغیبی**: ئەرک و ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکان لە هاوکێشەکانی داهاتوودا

**مستەفا هیجری**: پێویستە ئەوەندەی بکرێ ئەحزاب بتوانن لە چوارچێوەییەکی سیاسیدا، لەسەر هێندێک خاڵی هاوبەش یەک بگرن و پشتی یەک بگرن و پشتیوانی بکەن لە خەباتێک کە خەڵکی ئێران لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی درێژەی پێ دەدەن. من پێم وایە ئەگەر ئەو یەکگرتووییە لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێک بێ، زۆر لەوە لاوازترە کە بتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژتر ئەو خەڵکە سەرکوت بکات و تووشی ئەو ڕۆژە ڕەشەیان بکات کە ئێستا تێدا هەن.

**شەماڵ تەرغیبی**: پەیام بەبۆنەی ساڵیادی دەسپێکی شۆڕشی ژینا

دەمەوێ ئەوە بە خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان بڵێم کە بزووتنەوەی ژینا لەگەڵ ئەوەی بوو بەهۆی لەدەستدانی ژینا خۆشەویستەکانمان، شەهیدبوونی زیاتر لە سەت کەس، ئەشکەنجەدا و بێحورمەتیکردن بە خەڵک کە ژمارەیەک لەوان هەتا ئێستاش لە زینداندان؛ بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خەڵکی کورد دەترسێ و نیگەرانە. من پەیامی یەکگرتووییم هەیە بۆ خەڵکەکەمان و لام وایە خەڵک لە ڕۆژانی ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادا، دیسان بەگوێرەی توانا و ئیمکانیان



سەرچاوە
Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٣

مانگرتن و خۆپیشاندان وەرێ دەخەن و دژایەتیی خۆیان پیشان دەدەن. هیواداریشم کە ئەو خەبات و بەربەرەکانێیە جارێکی دیکە لەگەڵ هەموو خەڵکی ئازادیخوازی ئێران شکڵێکی یەکگرتووتر بەخۆیەوە بگرێ. ئێمەش وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بێگومان، پشتیوانی ئەو ڕاپەڕینەین، پشتیوانی ئەو بزووتنەوەیە و ئەو داخوازە ڕەوایانەین خەڵک لەسەر شەقامەکان داوای دەکەن. ئەوە حەقی ئەوانە ژیانی باشتر بە کەرامەتتر و ئەمڕۆیانەتر شایستەی خەڵکی کورد و هەموو ئازادیخوازانی ئێرانە. من سەرکەوتنی زۆر خێراتریان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

٤ی خەرمانانی ٢٧٢٣

---

# ڕەسەنایەتی تەنیا ڕەمزی سەرکەوتن




**مامۆستای مافخواز**

**مێژووی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد بۆ دەستەبەری داوا ڕەواکانی سەلمێنەری کۆمەڵێک هەقیقەت و ڕاستی حاشالێنەکراوە. هەر کام لەو ڕاستییانە لەگەڵ خۆیاندا کۆمەڵێک ڕووداوی تاڵ و جەرگبڕی بە نیسبەت ئەم میللەتە مافزەوتکراوە پەلکێش کردووە کە بارتەقای هەر کامەیان ڕووبارێک لە خوێن و فرمێسک و ئازار لە سەر ناخی تاکی کورد بووە.**

**کاریگەری هێزی هەر کارەساتێکی خوڵقاو دژ بە میللەتی کورد دەیتوانی وا لەو نەتەوە بکات بەردەوام بیر لە تۆڵە و کوشتن و بڕینی نەیارانی بکاتەوە بەڵام بە پێچەوانە لە لووتکەی مافخوازیدا دەبینین ویستی "دێموکراسی بۆ ئێران" و دوایە "خودموختاری بۆ کوردستان" بەرز دەکرێتەوە یا ئەوەتا لە لووتکەی سەرکەوتن و دەسەڵاتدارەتی کورد ئامادە نییە شوێنپەنجە لەسەر مەرگی دیکتاتۆرێک وەک سەدام دانێت.**

**ئەم دوو نموونە هێما لەوەیە مرۆڤدۆستیی کورد وەک پێوەر و پرەنسیپێک بۆ سەرجەم جومگەکانی خەباتی مافخوازانەی ئەم**

خەرمانانی ٢٧٢٣

گەلە شۆڕ بووەتەوە و لەم پێوەندییەدا جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە قەوارەی هێزی سیاسی چالاک لە ژێر کارتێکەری ئەم هزرە ئینسانییە، چالاکیی مافخوازانەی خۆی ڕێک خستووە و تێکۆشاوە کۆڵەکەی بنەڕەتی ئەم خەباتە ڕەوایەی، بڕگەکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ بێت.

ئاوڕدانەوە لە چەشنی چالاکیی سیاسی ئەم هێزانە بە پشتبەستن بە دەیان و بگرە سەدان بەڵگەی سەلمێندراو تەنانەت لەلایەن دوژمنانی کوردەوە، دەری دەخات حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزی سەرەکیی ڕۆژهەڵات، خاوەنداریەتیی لەو پرەنسیپانە کردووە و لە ژێر کارتێکەری پەروەردەی سیاسی و ئەخلاقی مەکتەبی ڕێبەرانی شەهیدی، قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی وەفادار بەو ڕێچکە چالاکی ڕێکخراوەیی لە بەشە جۆراوجۆرە سیاسی، چەکداری و دیپلۆماتیکەکانی ڕێک خستووە.

ئاستی وەفادارمانەوە بەو ڕێباز و پێوەرانە زۆر کات ئەم حیزبەی لە بەردەم گلەیی و گازندەی ناوخۆیی داناوە بەڵام ئەمە وای نەکردووە حیزب دەستهەڵگری ئەو پێوەر و پرەنسیپانە بێت و ڕەسەنایەتیی چالاکی سەربەخۆ و مرۆڤدۆستانە بە هەندێ بەرژەندی بەرتەسکی حیزب و کورت مەودا بگۆڕێتەوە.

لە بەستێنی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" و بە پشتبەستن بەو پێوەرانە و لێکدانەوەی ژیرانەی ڕێبەرایەتیی سیاسی حیزب، لە بابەت ئاستی ڕەسەنایەتیی هەندێ قەوارەی بەناو سیاسی و تاکەکەسی ناسراو، ئامادە نەبوو لە ژێر کارتێکەری شەڕی میدیایی و هەڵخەڵەتێنراوی ڕای گشتی بە هەستی توندوتیژ، بەشداری قەوارەی پێکهێنراو لەسەر بنەمای باڵادەستیی هزری دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی پاشایەتی و بنەماڵەی پالەوی بکات.

دەرکەوتنی ڕاستییەکان و پەردەلادان لەسەر ئامانجی ڤیزەونی پاشماوەکانی دەسەڵاتدارەتی پالەوی کە درێژەدان بە هەمان سیاسەتی سەرکوت و قڕکردنی گەلانی کورد و بەلووچ و... هاوچەشنی دەسەڵاتی کۆماری سێدارە بە چەکی سپا و بەسیج بوو، ڕەسەنایەتی بانگەوازی مافخوازانەی حیزب و ڕێبەرایەتییەکەی بۆ ڕای گشتی گەلانی ئێران باشتر سەلماند بە چەشنێک کە ئێستا گەلانی بەشخوراوی بەلووچ و تورکمەن و عەرەب و ئازەری و فارسیش بە تێگەیشتن لە ئاستی ڕەسەنایەتیی بانگەوازی ئازادیخوازیی گەلی کورد، بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هیواکانیان لەسەر دروستبوونی بەرە یان ئێئتلافێک بە بەشداری ئەم حیزبە لەگەڵ هێزە سیاسییە ئازادیخوازانەکانی دیکەی ئێران سەریەک خستووە.



سەرچاوە
Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٣

ئەمە و واقعی کۆمەڵگا بۆ ڕەچاو کردنی سیاسەتی ئازادیخوازی و مرۆڤدۆستی و ئاستی وەفاداری هێزە سیاسییەکان بەو پێوەرانە دەیسەلمێنێ کە ڕەسەنایەتی ڕەمزی سەرکەوتنە بۆ داهاتوو.

٤ی خەرمانانی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe

# بەردەوامبوونی هەڵاوسان لە مێژووی ٤٤ ساڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێران!




حەسەن قارەمانی

بە درێژایی ٤٤ ساڵ لە دیاردەی سەرلێشێواوانەی هەڵاوسانی بەردەوام لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، و سەرەڕای سیاسەتە ئابوورییە جۆراوجۆرەکان و گۆڕانکاری لە حوکمڕانیدا، هەڵاوسان بەردەوامە لە بەرزبوونەوە نەک کەمبوونەوە. ئەم بارگرانییە ئابوورییە بەردەوامە پرسیاری گرنگی وروژاندووە کە هۆکاری بنەڕەتیی ئەم دیاردەیە چین؟ بۆچی ڕێوشوێنە تەقلیدییەکان نەیانتوانیوە سنووردار بکەن؟ ئەو هۆکارە ئاڵۆزانە کە لە ماوەی ئەم چوار دەیەدا کاریگەرییان لە ئاستەنگییەکانی ئێران لەگەڵ هەڵاوسان چین؟

لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٧٩ەوە،گەلانی ئێران لەگەڵ دووڕییانێکی ئابووری خەباتیان کردووە، ئەویش بەردەوامبوونی هەڵاوسانە.

لە کاتێکدا وڵاتانی دیکە توانیویانە لە ڕێگەی ڕێوشوێن و سیاسەتی جۆراوجۆرەوە هەڵاوسان سنووردار بکەن، ئێران



سەرچاوە
Serchawe

ڕێڕەوێکی بەردەوامی بەرەو سەرەوە لە ڕێژەی هەڵاوسانی خۆیدا ئەزموون کردووە.

شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ وەرچەرخانێکی سەرەکی لە مێژووی گەلانی ئێران بوو، کە دەسەڵاتی پاشایەتیی رووخاند و کۆمارێکی ئیسلامیی هێنایە ئاراوە. شەڕی ئێران و عێراقی دواتر (١٩٨٠-١٩٨٨) ئابووریی گرژ کرد و زەمینەی بۆ ئاستەنگییەکانی ئابووری دارشت. لەناو ئەم هەڵچوونانەدا، دەستێوەردانی حکوومەت لە کەرتە ئابوورییە سەرەکییەکان چڕتر بووەوە، زۆرجار بووە هۆی ناکارامەیی و خراپ بەڕێوەبردن.

یەکێک لە هۆکارە بەرچاوەکانی بەشدار لە هەڵاوسانی بەردەوامی ئێران، خراپ بەڕێوەبردنی ئابووری بووە. گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی سیاسەتە ئابوورییەکان، لەوانەش ڕێوشوێنی دراوی و دارایی ناتەبایی، نادڵنیایی دروستکردووە و وەبەرهێنانی بیانیی بێهیوا کردووە. بەرنامەکانی یارمەتییەکان لە کاتێکدا مەبەست لێی پشتگیریکردنی دانیشتووانە، بەڵام بوودجەی حکوومەتیان گرژ کردووە، ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی پارە و فشارەکانی هەڵاوسان.

ڕۆڵی ئێران لە ململانێکانی ناوچەیی و ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لێکەوتەی ئابووری بەرچاوی هەبووە. گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان بە تایبەتی پەیوەست بە بەرنامەی وزەی ئەتۆمی، دەستڕاگەیشتنی ئێران بە بازاڕە جیهانییەکان، تەکنۆلۆژیا و دامەزراوە داراییەکان بەتوندی سنووردار کردووە. ئەم گۆشەگیرییە بووەتە هۆی خاوبوونەوەی بازرگانی و وەبەرهێنانی دەرەکی، ئەمەش بەشدارە لە چەقبەستوویی ئابووری. لە هەمان کاتدا تێوەگلانی ئێران لە ململانێ ناوچەییەکاندا سەرچاوە ئابوورییەکانی ڕژاندووە و کێشەی هەڵاوسانی گەورەتر کردووە.

دابەزینی بەهای تمەنی ئێرانی، یەکێکی دیکە لە کاتالیستەکانی هەڵاوسان بووە. لاوازبوونی دراو تێچووی هاوردەکردن زیاد دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان. بوونی بازاڕی ڕەش بۆ دراوی بیانی زیاتر نرخی ئاڵوگۆڕی شێواندووە و بەشداری کردووە لە هەڵاوسان.لاوازبوونی دراو، تێچووی هاوردەکردنی زیاد کردووە و لە ئەنجامدا نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بەرزبووەتەوە. ئەمەش بەتایبەتی کاریگەری لەسەر کاڵا هاوردەکراوەکان هەبووە و بەم شێوەیەش بەشداری لە هەڵاوساندا کردووە. بازاڕی دراوی ڕەشی هاوتەریب زیاتر نرخی ئاڵوگۆڕی شێواندووە و متمانەی بە دراوی نیشتمانی تێکداوە. ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمە پێویستی بە هەوڵێکی هاوبەش هەیە بۆ سەقامگیرکردنی ڕیاڵ و باشترکردنی بەڕێوەبردنی بازاڕی دراوی بیانی و دروستکردنی ژینگەیەکی پێشبینیکراوی ئاڵوگۆڕی دراو.

هۆکارە سیاسییەکان لەوانەش گەندەڵی و نەبوونی شەفافییەتی دامەزراوەیی، متمانەی گشتییان بە سیاسەتەکانی حکوومەت

لەناو بردووە. زۆرجار هاووڵاتیان پەنا دەبەنە بەر کۆکردنەوەی سەروەت و سامان، بەتایبەتی دراوی بیانی و زێڕ، وەک پاراستنێک لە نادڵنیایی. ئەم ڕەفتارە کاریگەری سیاسەتە دراوییەکان کەم دەکاتەوە کە ئامانجیان کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسانە.


بوونی بەردەوامی هەڵاوسان کاریگەری کۆمەڵایەتی بەرچاوی هەیە. تێچووی ژیان بەرز دەبێتەوە، بە شێوەیەکی ناڕێژەیی کاریگەری لەسەر چینە کەمداهاتەکانی کۆمەڵگا دەبێت. پاشەکەوت بەها لەدەست دەدات، وەبەرهێنان لە ئابووریدا بێهیوا دەکات و دەتوانێت سووتەمەنی ناڕەزایی و نائارامی گشتی بێت.

## ئەنجام:

بەردەوامبوونی هەڵاوسان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤٤ ساڵدا پرسێکی فرەلایەنە کە دینامیکی ئابووری، سیاسی و ناوچەیی تێکەڵ دەکات. خراپ بەڕێوەبردنی ئابووری، سزا نێودەوڵەتییەکان، دابەزینی بەهای دراو، ناسەقامگیریی سیاسی و دەرئەنجامە کۆمەڵایەتییەکان هەموویان بەشداربوون لەم ئاڵۆزییەدا. چارەسەری هەڵاوسانی ئێران پێویستی بە ڕێبازێکی هەمەلایەنە و هاوئاهەنگ هەیە کە چارەسەری ئەم هۆکارە بنەڕەتییانە بکات. بەرزبوونەوەی تێچووی ژیان بە شێوەیەکی ناڕێژەیی کاریگەری لەسەر دانیشتووانی لاواز هەیە و نایەکسانی داهات خراپتر دەکات، کە ئەگەری هەیە ببێتە هۆی نائارامیی کۆمەڵایەتی. جگە لەوەش بەهای پاشەکەوت و وەبەرهێنان لەگەڵ دابەزینی هێزی کڕین دادەبەزێت و گەشەی ئابووری خاو دەکاتەوە. فاکتەری سەرەکیی پشت هەڵاوسانی بەردەوام، خراپ بەڕێوەبردنی ئابوورییە. سیاسەتە ئابوورییە ناتەباکان و نەبوونی تەرخانکردنی سەرچاوە، کەشێکی نادڵنیایی دروستکردووە کە هەم وەبەرهێنانی ناوخۆیی و هەم وەبەرهێنانی دەرەکی بێهیوا کردووە. گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی ستراتیژییە ئابوورییەکان بووەتە هۆی ناکارایی لە بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی سەرچاوەکاندا. بەکارهێنانی یارمەتییەکان لەلایەن حکوومەتەوە، هەرچەندە بڕیار بوو بارگرانی لەسەر دانیشتووان کەم بکاتەوە، بەڵام بووەتە هۆی کورتهێنانی بودجەی ناپایەدار، ئەمەش زیاتر بووەتە هۆی دروستبوونی فشارەکانی هەڵاوسان.

٦ی خەرمانانی ٢٧٢٣

# هەڕەشەیەک لە ترسەوە




**سمایل شەرەفی**

چەند حەوتوو لەمەوبەر، سەلامی، فەرماندەی گشتی سپای پاسدارانی ڕێژیم نەیتوانی ترسی سپا و ڕێژیمەکەی لە سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایەتییە جەماوەریی خەڵک بشارێتەوە. ناوبرا بەئاماژەدان بە نزیکبوونەوە لە ساڵڕۆژی شۆڕشی ژینا، داوای لەسەرجەم هێزە ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمەکەی کرد کە بە وردی چاودێری جموجۆڵەکان بکەن و پێش بە هەر جۆرە فیتنەیەکی دیکە بگرن. سەلامی لە قسەکانیدا وتی؛ "دوژمن مەبەستییەتی لە ساڵیادی دەستپێکی ئاژاوەگێڕییەکانی ساڵی رابردوودا، دیسانە فینتەیەکی نوێ بنێتەوە.. ئێمە دەبێت خۆمان ئامادە بکەین، پێشوەختە ڕێبەران و ڕێکخەرانیان بدۆزینەوە و پێشیان پێ بگرین.. دەبێت هەموو درز و کەلەبەرەکان بگرین، دوژمن لە کەلێنێکی بچوکەوە دێتە ناوەوە، جاری وایە بەنداوێکی گەورە لە درزێکی بچوکەوە هەرەس دەهێنێت."

ئەم قسانە و هەڵسووکەوتی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە ماوەی دوو سێ حەوتووی ڕابردوودا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە تەواوەتی هەستی بە کەلێنی بەرفراوانی نێوان خۆی لەگەڵ خەڵکدا کردووە و لە پەیامی



سەرچاوە
Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٣

شۆڕشی ژینا کە تێپەڕین لە تەواویەتی ئەم نیزامەیە تێگەیشتوە. بۆیە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی نارەزایەتییەکانی خەڵک لە سەرووبەندی ساڵوەگەڕی شۆڕشی ژینادا ترسی خستۆتە دڵی کاربەدەستانی ڕیژیم و بەهەر شێوەیەک کە بۆیان بکرێ هەوڵ دەدەن پێش بە هەرجۆرە نارەزایەتییەکی جەماوەریی خەڵک بگرن.

بۆ ئەم مەبەستە هەر وەک سەلامی و بە دڵنیاییەوە لە سەرووی سەلامیشەوە فەرمان بە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کراوە، لەم چەند حەوتووی ڕابردوودا شەپۆلیک لە گوشارخستنەسەر خەڵک و چالاکانی مەدەنی، هەڕەشە و دەستبەسەرکردنیان دەستی پێکردوە. بەشێک لە چالاکان بانگ کراونەتە ناوەندە ئەمنیەتییەکان و ناچار بە دانی تەئەهود و بەڵێنی کراون و بەشێکی بەرچاوی دیکەشیان دەستبەسەر کردوون.

ناوەندە ئەمنیەتییەکان لەم ڕێگایەوە دەیانهەوێ پێش بە هەرجۆرە نارەزایەتیدەربڕینێکی خەڵک بگرن. بەتایبەت لە سەروبەندی ساڵرۆژی گیانلەدەستدانی شەهید ژینا ئەمینی کە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ساڵی پار بە دەستی گەشتی بەناو ئیرشاد گیانی لێ ئەستێندرا و شۆڕشی ژینای بەدوادا هات. هەدەفی ناوەندە ئەمنیەتی و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لەم هەڕەشە و گوڕەشە و دەستبەسەرکردنانە، خوڵقاندنی فەزای ترس و خەفەقانە و پێیان وایە لەم ڕێگایەوە دەتوانن پێش بە نارەزایەتییەکانی خەڵک بگرن. هەوڵێک کە لە ترسێکی حاشاهەڵنەگری خۆیانەوە سەرهەڵدەدات. سەلامی و سپا تێرۆریست و سەرکوتکەرەکەی و ڕێژیمە لەچاوکەوتووەکەی کە لە ترسی سەرهەڵدانەوەی ڕاپەڕینی خەڵک و رووخان و لەنێوچوونیان، پەنا دەبەنە بەر ترساندنی خەڵک، بێگومان تووشی لێدانەوەیەکی هەڵە هاتوون!!. ئەگەر ئەم هەوڵە نەزۆک و ژەنگاویانەی ڕێژیم لە سیاسەتی سەرکوت و ترساندنی خەڵک و وازهێنانیان لە خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانیان ئاکام و نەتیجەی هەبا، چۆنە ئەم ڕێژیمە نەیتوانیوە پێش بە گەورەترین و درێژترین سەرهەڵدانی خەڵکی ئێران لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا بگرێ؟! ئەگەر سیاسەتی سەرکوت و داپڵۆسین بۆ ئەم ڕێژیمە نەتیجەی داوە، چۆنە دوای زیاتر لە چواردەیە لە دەسەڵاتداریی سێدارە و سەرکوت، دیسان خەڵک ناوەناوە و هەرجارە و بەبیانوویەک شەقامی شارەکانی وڵات جارلەگەڵجار زیاتر دەکەنە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونە لەگەڵ دیکتاتۆریەت؟! مەگەر لە چەند ساڵ پێش لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لە خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی، بە هەزاران کەس لە نارازییانی سەر شەقامەکان لە ساڵانی ٩٦ و ٩٨ دا بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی گیانیان لێنەئەستێندرا و بە هەزارانی دیکەش ڕەوانەی بەندیخانەکان نەکرا؟! خۆ ئەگەر سیاسەتی ترساندن و سەرکوت وڵامدەر بوایەوە بە قسەی فەرماندەی سپا، ناوەندە ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییەکان توانیبایان پێش بە نارەزایەتییەکانی خەڵک بگرن، خۆ دەبوو هەر لە دوای یەکەم ساڵەکانی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، خەڵکی ئەم وڵاتە کۆیلایەتی و تەسلیمبوونیان قبووڵ کردبا. بە دەیانهەزارکەسیان لە زیندانەکاندا تیرباران و لەسێدارە دران، بە دەیان هەزار کەسی دیکەشیان لە ئاکامی فەرمانی جیهادی خومەینیدا بوونە قوربانی و چارەنووسیان

خەرمانانی ٢٧٢٣

**بە نادیاریی مایەوە. ئەی چۆنە ئەم خەڵکە کۆڵ نادات و مل بە سیاسەت و بۆچوونە دژیگەلییەکانی ڕێژیم ناسپێرێ؟!**

**کەوابوو ئەوەی دەبێ بترسێ و لە کۆتاییدا تەسلیمی ئیرادەی خەڵک بێت، سەلامی و سەرجەم کاربەدەست و ناوەندە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانن کە بە ڕوونی ئەو ترسەیان پێوە دیارە. بۆیە ترسەنۆکانە هەوڵی ترساندنی هێزێک دەدەن کە زیاتر لە چوار دەیەیە خەوی لە چاو تاراندوون، هێزێک بە ناوی گەلانی مافخوازی ئێران. خەڵکانێک کە لە ڕەوتی شۆڕشی ژن، ژیان ئازادیدا سەرەڕای پیلانە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم بۆ ناکۆکینانەوە و دوورخستنەوەیان لە یەکتری، یەکگرتووانە تەواویەتی ئەم ڕێژیمەیان خستە ژێر پرسیار و ڕەتیان کردەوە. خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانیەوە لە شۆڕشی ژینادا – بەبێگوێدان بە ئیدیعا درۆینەکانی ڕێژیم - بە پشتیوانیکردن لەیەکتر، قۆناغێکی دیکەیان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێژیم ئەزموون کرد. قۆناغێک کە ئامیانەکەی یەکگرتوویی و هاوپێوەندییەکی قوڵی کۆمەڵایەتی سیاسییە کە بێگومان ڕێژیم لێتۆقیوە و دەبێ زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە لێی بترسێ.**

٦ی خەرمانانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# خالید عەزیزی: کۆماری ئیسلامی بۆ بازدان بەسەر قەیرانە کەڵەکەبووەکانی دەیەوێ شەڕ بە حیزبی دێموکرات، عێراق و ئەمریکا بفرۆشێ




**وتووێژ لەگەڵ تەلەڤزیۆنی "ایران انترناشنال" و "رادیو فردا"**

## ئاماژە:

دوای ئەوەی کەنعانی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە پرێس‌کۆنفرانسێکدا باسی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئەمنیەتیی نێوان ئێران و عێراقی کرد و ڕایگەیاند کە دواکات بۆ جێبەجێ بوونی ئەو ڕێککەوتننامەیە کە بەشێکی چەککردنی حیزبە کوردییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی و داخستنی بنکە و بارەگاکانیانە؛ وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژ لەگەڵ تەلەڤزیۆنی "ایران انترناشنال" و "رادیو فردا"دا هەڵوێست و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی شی کردەوە.

کاک خالید عەزیزی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە وەڵامی ئێوە بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندیی بەغدا لەمەڕ هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی چییە، گوتی: ئێمە لە کۆبوونەوەکانی خۆمان لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێمان گوتوون و هەمیشە لەسەر ئەو سیاسەتەی خۆمان پێداگریمان کردووە کە حیزبی

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

دێموکرات دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی عێراقدا ناکا و خاکی ئەو وڵاتەی بۆ هێرش بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بەکار نەهێناوە. بەتایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا هیچ هێزێکی پێشمەرگەی بۆ نێوخۆی کوردستانی ئێران نەناردۆتەوە، بۆیە ئیدیعاکانی کۆماری ئیسلامی لە بیانووگرتن بەولاوەتر نین. بەرپرسانی حکوومەتی عێراقیش قەت باسی چەکداماڵینی ئێمەیان لەگەڵ نەهێناوینەتە گۆڕێ و ئەمن لەسەر ئەو باوەڕەم ئەوەی ئێران لەسەری دەڕوا بۆ ترسی خۆیان لە ٢٥ی خەرمانان، ساڵیادی کوشتنی ژینا ئەمینی و ئامادەیی کوردستان بۆ شەپۆلێکی نوێی ناڕەزایەتی و کاردانەوەکان دەگەڕێتەوە. بۆیە ڕێژیم دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران بەلاڕێدا ببا و بانگەشە بۆ ئەوە دەکا کە لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان نائەمنی و بۆشایی ئەمنیەتی هەیە و دەیەوێ دۆخی میلیتاری و شەڕی تێدا جێگیر بکات.

**وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە کاردانەوەی بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەو ئۆڵتیماتۆمەی کۆماری ئیسلامی چییە و ئاخۆ بابەتی گواستنەوەتان بۆ کەمپ و شوێنی نوێ لە ڕۆژئاوای هەرێم چیی لێ دێ، گوتی:** ئێمە لەو ماوەیەدا بەبەردەوامی لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی هەرێم لە پێوەندیدا بووین و بابەتی چەکداماڵینی حیزبی دێموکرات وەک ئەوەی کۆماری ئیسلامی باسی دەکا بە هیچ جۆرێک لە ئارادا نییە. لەبەر ئەوەی کاربەدەستانی عێراق دەزانن لەو وڵاتەدا هەموو ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان دەبێ ئەمنیەتیان هەبێ و، دەشزانن ئێمە هیچ هەڕەشە و مەترسییەک بۆ سەر دەسەڵات و ئەمنیەتی ئەو وڵاتە نین و خاکی عێراقمان بەدژی ئێران بەکار نەهێناوە. بنکەکانی ئێمە وەک شوێنی نیشتەجێبوونی پەنابەران و ئەندامانی حیزب و بنەماڵەکانیان لەم وڵاتە هەم بەرپرسانی عێراق و هەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەزانن کە سڤیل و مەدەنین و بۆ هیچ ئامانجێکی سەربازی بەکار نەهاتوون. لە دوا هێرشە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەو بنکانە ژن و منداڵ کوژران و قوتابخانە کرایە ئامانج و لێی درا. بۆیە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بیەوێ لەسەر ئەو سیاسەتەی بەردەوام بێت، بنکەکانی ئێمە لەهەر کوێیەکی کوردستانی عێراق و تەنانەت ١٠٠ کیلۆمیتر دوورتر لە شوێنی ئێستاش بێت، دیسان وەک بیانوو دەیهێنێتەوە و ئەو باسانە دەورووژێنێتەوە.

**کاک خالید لە وەڵامی پرسیاری کاردانەوەی حیزب بە هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی گوتی:** لەو دۆخەدا دەبینین کە بەداخەوە ئاسمانی وڵاتی عێراق بەرگرییەکی نییە و هەموو خاکی ئەو وڵاتە بۆتە بەشێک لە پیلانگێری و بەرنامە شەڕەنگێزی و قەیرانخوڵقێنییەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕێژیم بەئاشکرا دەستێوەردانی تێدا دەکا. بینیشمان کە لە دوا هێرشەکانی ڕێژیم بۆ سەر کەمپی پەنابەرانی سیاسیی کوردی ئێران لە خاکی عێراقدا ژمارەیەکی زۆر لەوان کوژران و بریندار بوون کە بەشێکیان ژن و منداڵ بوون و نەمانتوانی هیچ بەرگرییەک لە خۆمان بکەین. ئێمە دەبینین کە

بزووتنەوەیەکی بەرین و گشتگیری سیاسی - مەدەنیی بەهێز لە نێوخۆی کوردستانی ئێران ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی خستووەتە تەنگانەوە و ڕێژیم بەدوای تۆڵە لە خەڵکی کوردستاندا دەگەڕێ. بۆیە لە ڕۆژانی ساڵیادی شۆڕشی ژینادا دەیەوێ بیکاتەوە بە بیانوویەک بۆ بەردەوامیی شەڕەنگێزییەکانی. بۆیە کاربەدەستان حکوومەتی عێراق، نەتەوە یەکگرتووەکان، حیزب و لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوە جۆراوجۆرە بیانی و خۆولاتییەکان لە عێراق بەرپرسایەتیی ئەوەیان دەکەوێتە ئەستۆ کە داکۆکی لە پەنابەران و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بکەن کە خاکی ولاتەکەیاندا تەنیا چالاکیی سیاسییان هەیە. ئێمە هەمیشە گوتوومانە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێویست ناکات پێشمەرگەکانی بۆ چالاکیی سیاسی و پێشمەرگانە بۆ نێوخۆی کوردستانی ئێران بنێرێتەوە، چونکی هەمووان دەبینین کە بزووتنەوەی نارەزایەتیی بەرین لە کوردستان لە ئارادایە و یەکیەتی و هاودڵی خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران کۆماری ئیسلامییان بەرەورووی گەورەترین قەیران کردووەتەوە. بۆیە پێویست ناکات ئێمە ئەو ڕێگەیە بگرینە بەر، بەلام سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بۆ دەربازبوون لە قەیرانە سیاسییە نێوخۆییەکانی هەر شەڕفرۆشتنە و دەیەوێ ئێمە، ئەمریکا و عێراق تووشی شەڕێکی داسەپاو بکات.

**وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە وەلامی ئەو پرسیارەدا کە ئاخۆ نیگەران نین چارەنووسی موجاهیدینی خەلق بە سەر ئێوەش بێت؟ گوتی:** شتی وا لەگۆڕێدا نییە. یەکەم پێوەندیی نێوان حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان و خەڵک و گەلی کورد لە ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان یەکجار باش و لەمێژینەیە. هەروەها حیزب و ڕێکخراوە غەیرەکوردەکان لە بەغداش بەو ناسینەی لە مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران و حیزبی دێموکرات هەیانە، دەزانن حیزبی ئێمە نەک لە شەڕەنگێزی و قەیرانخوڵقێنی ناگەڕێ، بەڵکوو د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکرات لەسەر مێزی وتوویژ لەگەڵ دیپلۆماتتێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و لە کۆبوونەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ڤییەن تێرۆر کراوە.

**کاک خالید عەزیزی لە وتوویژ لەگەڵ "ایران انترناشناڵ"دا ئەو ئاکامگیرییەی لە باسەکەی کرد:** ئێمە ڕێز لە پێوەندییە سیاسی، ئابووری و دیپلۆماسییەکانی هەرێم و بەغدا لەگەڵ تاران دەگرین و ئەوە بە مافی سروشتیی ئەوان دەزانین؛ بەلام ئەوە ئێمە نین بەشێک لە قەیرانەکە بین، بەڵکوو ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە بۆ چەواشەکردنی بیروڕای گشتی و بازدان بە سەر قەیرانە نێوخۆییەکانی ئێران بەدوای خوڵقاندنی قەیرانی دیکەیە و بۆ ئەو مەبەستە ئێمەی کردووەتە بیانوو. بۆیە لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم و بەغدا هەموو هەوڵمان ئەوەیە ڕێگەچارەیەک ببینینەوە کە بیانوو لە کۆماری ئیسلامی ببڕین.

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لێدوانێکیتردا بۆ "ڕادیۆ فەردا" وێڕای ڕوونکردنەوە و پێداگریی لەسەر سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند ئەوە کە ئێران لە کاربەدەستانی عێراقی داوا بکات لە خاکی ئەم ولاتەوە هێرش

خەرمانانی ٢٧٢٣

و پەلاماری نەکرێتە سەر، دەتوانێ یاسایی بێت و ئێمەش لەمێژ ساڵە لە خاکی هەرێمی کوردستانەوە هیچ هەڕەشەیەکمان بۆ سەر ڕێژیم دروست نەکردووە و پێبەندی بەڵێن و دەروەستییەکانی خۆمان بە هەرێمی کوردستان و وڵاتی عێڕاق بووین. بەڵام ئەوە کە ئێران داوا دەکات ئێمە لە خاکی عێڕاقدا چەک بکرێین نە ڕێگەپێدراوە و نە یاسایی و هیچ پرەنسیپێکی پێوەندیی نێوان وڵاتان و یاسای نێونەتەوەیی ئیزن بەوە نادا. چونکی ئەوە پێوندیی ڕاستەوخۆی بە عێڕاقەوە هەیە و ئەوە داوایەی ئێران هەم دەستێوەردانە و هەم پڕکێشی و نایاسایی.

٨ی خەرمانانی ٢٧٢٣

# چەک داماڵین یان هەرەسهێنان؟




**کەریم پەرویزی**

**وەک هەمیشە،**
**هیچ نەگۆڕاوە،**
**لەسەر هەمان هێڵی داڕزیوی هەردەمی،**
**سیاسەتی کۆلۆنیالیستیی تاران درێژەی هەیە!**

کاتێک لە گۆشەیەکەوە گوشارێکی توند بۆ سەر ڕێژیمی حاکم لە تاران دێ، بۆ دەربازکردنی خۆی لەو گێژاوە، پەنا دەباتە بەر هەڕەشە لە کوردستان! گوایە وڵات لە تەجزیەتەڵەبان ڕزگار دەکا!!

دۆخی ئابووریی ئێران لەژێر سێبەری وەیشوومەی سیاسەتە گەندەڵکاری و نەزانپەرستییەکانی ویلایەتی فەقیهیدا تا دێ وێرانتر دەبێ و وێڕای سەرکوت و توندوتیژی و چەندین مانگ هەڕەشە و گوڕەشە لە خەڵک، تا لە ساڵڕۆژی شەهیدکردنی ژینا نزیکتر دەبینەوە، کۆمەڵگا گەرمتر دەبێ و بەرەو نوختەی کوڵان و سەرڕێژ بوون نزیکتر دەبێتەوە.

خەرمانانی ٢٧٢٣

نە ڕێژیم توانیویەتی دەرفەتێک بۆ بەردەوامیی خۆی بدۆزێتەوە و لەگەڵ زلهێزەکان بگا بە ڕێککەوتنێک کە دڵی پێ خۆش بێ، چونکە ڕووسیە ڕێگەی پێ نادا و نە توانیویەتی بەتەواوی بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بێ کە کەس دەنگی لێوە نەیە و نە توانیوتیەتی دۆخی ژیان تۆزقاڵێک بگۆڕێ کە گرووپێکی کەم دڵی پێ خۆش بکەن و هەر ڕۆژ وەزعی ڕێژیم شڕتر دەبێ و نیگەرانییەکانی زۆرتر دەبن!

هەرچی لە ساڵڕۆژی شەهیدکردنی ژینا نزیکتر دەبینەوە و بەرەو ساڵڤەگەڕی سەرهەڵدان و شۆڕشی ژینا دەڕۆین، وەحشەت سەرتاپای ڕێژیم زیاتر دادەگرێ! هەر بۆیە لەگەڵ هەڵکشانی نیگەرانییەکانی دووردیمەنی هەرەسهێنانی زۆرتر و زۆرتر دەردەکەوێ و لە وەها دۆخێکدایە کە بۆ دەربازکردنی خۆی هەڕەشە لە کۆمەڵگا دەکا و هەر چالاکێکی وەبیر دێتەوە بانگی دەکا و هەڕەشەی لێ دەکا؛ بەڵام لە هەمووی زیاتر هەڕەشە و گوڕەگوڕەکانی ڕوو لە کوردستان و خەڵکی کورد زۆرتر دەکا چونکە کوردستان وەکوو مۆتەکەی مەرگی نیزامەکەی دەبینێ!

دووبارە و لەم ڕۆژانەدا بەرپرسانی ڕێژیم باسیان لە دوا مۆڵەت بۆ چەککردنی هێزەکانی ڕۆژهەڵات کردووە و ڕێککەوتنی ئەمنییەتییان لەگەڵ بەغدا دێننەوە بەر باس!

هەرچی لەلایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە باس دەکرێ دەڵێن ڕۆژی ٢٨ی خەرمانانیان وەکوو دوامۆڵەت دیاری کردووە! بەڵام لە لایەنی عێراقی و بەغدا و هەولێرەوە هیچ وشەیەک لە سەر ڕۆژ دیاریکردن نابیسی و لایەنی عێراقی بەردەوام دەڵێ کە ڕێککەوتنیان کردووە کە لە سنووری ئەوانەوە هەڕەشەی نیزامی بۆ سەر ڕێژیمی تاران نابێ!

ئەمانە دەری دەخەن کە لە ڕێککەوتنەکەدا باس لە ڕۆژی دیاریکراو نەکراوە و ئەمە نیگەرانی و زەندەقچوونەکانی ڕێژیمە کە ڕۆژانی ساڵڤەگەری شەهیدبوونی ژینا و دەسپێکی شۆڕشی ژینای لێ بۆتە ژوانی مەرگی ڕێژیم و بۆیە لێی ترساوە و وەکوو دوامۆڵەت لای خۆی دیاریی کردووە!

لەم پەلەقاژەی ڕێژیمدا هەردەم چاوەڕوانیی کردەوەی تیرۆریستی و تاوانی دژی مرۆیی دەکرێ و بەتایبەت کە لە ساڵڕۆژی سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا نزیک دەبینەوە کە هاوکاتیشە لەگەڵ تاوانێکی دزێوی دیکەی ڕێژیم واتە تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە بێرلین بە دەستی پاسدارە تێرۆریستەکانی نێردراوی تاران.

بەڵام خاڵێکی جێگای سرنج لەم هەڕەشە و گوشارانەی ڕێژیمدا کە وەبەر چاوی بخەینەوە بریتییە لە باسکردنی

خەرمانانی ٢٧٢٣

**دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە پرسێک بە ناوی چەککردن یان چەک داماڵینی هێزەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات!**

**ئەوەندەی کە لە مەیدیاکان باس کراوە و دەرکەوتووە گوایە دەسەڵاتی عێراقی لەگەڵ ڕێژیمی تاران ڕێککەوتنیان کردووە کە لە سنوورەکانەوە هەڕەشەی ئەمنییەتی لەسەر هیچ لایەکیان نەبێ یانێ هیچیان نەبنە پێگەیەک بۆ هەڕەشەی ئەمنییەتی و کردەوەی نیزامی دژی ئەوی تر. بەڵام ڕێژیمی تاران باس لەوە ناکا و شرۆڤە و ڕوانگەی خۆی باس دەکا و دەڵێ ڕێککەوتن کراوە کە هێزەکانی ڕۆژهەڵات چەک بکرێن!**

**ئەم پرسە دوو لایەنی هەیە، یەکەم پرسی بوونی هێزەکانی ڕۆژهەڵات، بوونێکی نێوخۆیی عێراقی و هەرێمی کوردستانە و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو هێزانە بەستراوەتەوە بە سیاسەتی ئەم دیو نەک سیاسەتی تاران! بەڵام لایەنی دیکەی کە دەبێ زیاتری لێ ورد بینەوە سیاسەتی چەواشەکارانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.**

**دیوی دیکەی ئەم سیاسەتەی ڕێژیم بریتییە لە بەلاڕێدابردنی پرسی سیاسی لە ئێران و چەواشەکردنی پرسی کورد لە ئێراندا.**

**یەکەم: ڕێژیم بەم شێوە هەڕەشە و گوشارهێنانانە بۆ سەر کوردستان، دەیەوێ سرنجی سیاسی لەسەر ئێران و ساڵڤەگەری شۆڕشی ژینا لا ببا و پرسەکە بکاتە کێشەی نێوان دەسەڵاتی تاران و بەقەولی خۆیان تەجزیەتەڵەبان!**

**دووهەم: بە باسکردنی بەردەوام لەسەر چەک داماڵین، پرسی کوردستان و کورد چکۆلە و قەتیس بکاتەوە لە پرسێک بە ناوی چەکدا کە مەسەلەکە ئەمنییەتییە و چەند کەسێکی چەکدار لە عێراق هەن کە هەڕەشەن بۆ سەر ئەمنییەتی سنوور و بەو شێوە تەنیا و تەنیا پرسی چەند نەفەر چەکدار باس بکرێ و باسەکە تەواو بکرێ بە چەک لێ سەندنەوە لەو چەند کەسە!**
**لەکاتێکدا کە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچیان بە دڵی خۆیان چەکیان هەڵ نەگرتوە، بەڵکوو ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی بە فەرمانی جەهاد بۆ سەر کوردستان، کوردی ناچار کرد کە شەڕی مان و نەمان بکا و لە بەرامبەر فەرمانی جینۆسایدیدا دەستی داوەتە دیفاع!**

**لەوەش زیاتر، پرسی کوردستان، پرسی چەند چەک و بە دەستی چەند چەکدارێکەوە نییە، بەڵکوو پرسی نەتەوەیەکە کە لە ناوەندی دەسەڵاتەوە ستەمیان لێ دەکرێ و سەرچاوەی کێشەکە لە تارانە! پرسەکە گرێدراوی سنوور نییە و پرسی**

خەرمانانی ٢٧٢٣

ئەمنییەتی سنوورەکان نییە، بەڵکوو پرسی ستەم و سەرکوت و لەوانەش گەورەتر پرسی سیاسەتی کۆلۆنیالیستیی دەسەڵاتی تارانە دژی نەتەوەکان و بەتایبەت دژی کوردستان و کورد!

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەرچەند پەلەقاژەیەتی کە پرسەکە بکاتە پرسی چەند چەک و چەند چەکدارێک، بەڵام خۆی باش دەزانێ کە پرسەکە پرسی ستەمی نەتەوەییە لە ئێراندا و هاوئاهەنگبوونی نەتەوە ستەملێکراوەکان لەگەڵ یەکدی و لەگەڵ چین و توێژە پەراوێزخراوەکانی دیکەی وەکوو ژنان و کرێکاران و خوێندکارا ن و ... دووڕەدیمەنی هەرەسهێنانی ڕێژیمی نزیکتر خستووەتەوە و بۆیە ڕێژیم هەم دەنگهەڵبڕین و هاوارەکانی زۆرتر کردوە و هەم دەیەوێ ئەسڵی بابەت و پرسەکانیش چەواشە بکا!

خەباتی ڕەوای نەتەوەکان و پەراوێزخراوە وەئاگاهاتووەکان لە ئێران تەنگی بە ڕێژیم هەڵچنیوە و نەک هێزەکانی کوردستان بەڵکوو ئەوە ڕێژیم و سوپا تیرۆریستیەکەیە کە دەبێ هەم چەک بکرێ و هەم بەرەو زبڵدانی مێژوو بەڕێ بکرێ.

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

٩ی خەرمانانی ٢٧٢٣

# هەرەس لە دوندی قەیرانەکانەوە



**عەلی بداغی**

دوو ساڵ لە سەرۆککۆماریی برایم ڕەئیسی تێپەڕی. خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو بۆنەیە و لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ڕئیسی و ئەندامانی کابینەکەیدا پێی لەسەر پشتیوانیی قورس و قایمی خۆی لە دەوڵەتی سێزدەهەم داگرتەوە. خامنەیی پێچەوانەی عادەتی باوی خۆی کە قەتی خۆ لە کاروکردەوەکانی دەوڵەتەکانی پێشوو بەخاوەن نەکردووە، لەم کۆبوونەوەیەدا زۆری بە بەژن‌وباڵای ڕەئیسی و کابینەکەی هەڵاگوت، کابینەیەک کە لە مێژووی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا بە قۆناغی هەرە یەکدەستی دەسەڵات لە ئێران دادەنرێت.

لە مێژووی دەوڵەتەکان لە ئێراندا هەرکام لە سەرۆککۆمارەکان دروشمێکی بنەڕەتییان هەڵگرتبوو کە پێی دەناسرێنەوە. بۆیە ئەگەر دروشمی ڕەفسەنجانی "سازندگی" و بنیاتنانەوەی ئێرانی دوای شەڕ بوو، ئەگەر خاتەمی باسی لە کرانەوەی سیاسی دەکرد، ئەگەر ئەحمەدی‌نژاد سواری شەپۆلەکانی دروشمی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ببوو، ئەگەر ڕوحانی هەموو وزەی خۆی لەسەر ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانیان لەگەڵ دنیای دەرەوە دانابوو هەتا خۆی گوتەنی هەم چەرخی

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

**سانترفیوژەکانیان بگەڕێ و هەم سزاکان لەسەر ئێران لاببا؛ بەڵام ڕەئیسی بەبێ ئەوەی تەکز لەسەر تەوەرێکی تایبەت بکا، دەیان وادەی هەمەجۆری دا و ئیدیعای کرد کە لە ماوەی ساڵێکدا خەڵک و وڵات لە هەژاری و مەینەتی ڕزگار دەکات! بەمجۆرە ڕەئیسی کە بە ئیدیعای داڕشتنی بەرنامەیەکی ٧ هەزار لاپەڕەیی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر بنەمای چاکسازیی ئابووری و لە مەهەندیسیکراوترین و ساردوسڕترین شانۆی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریدا ناوی لە سندووقەکان هێنرایە دەر، ئێستا دوو ساڵ دوای گرتنەدەستی جڵەوی کاروباری دەسەڵات ئێستا دەوڵەتەکەی بە درۆزنترین، گەندەڵترین و کاولترین دەوڵەت لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا دەناسرێ.**

**لەسەردەمی سەرۆککۆماریی ڕەئیسیدا ئابووریی وڵات نەک هیچ گەشە و نەشەیەکی بەخۆیەوە نەبینیوە، بەڵکوو خەڵکی هیندەی دیکەش هەژار و بێئەنوا کردووە. لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا دراوی بێپشتیوانە دوو هیندە جاران پتر چاپ کراوە و لەسۆنگەی زیادبوونی نەغدینەییەوە هەڵاواسانی ئابووری پتر و هیندەی دیکە ئابووریی وڵاتی تووشی قەیران کردووە. لەو دوو ساڵەدا نرخی دۆلار دوو هیندەی کاتی هاتنەسەرکاری ڕەئیسی زیادی کردووە و ئەو کە دەیگوت لە ساڵدا یەک میلیۆن هەلی کاری نوێ بۆ بێکارەکان دەڕەخسێنێ و چوار میلیون خانوو بۆ نیشتەجێکردنی کرێنشینەکان دروست دەکا، نەک هەر یەکی دەی وادەکانی بۆ نەچووەتە سەر؛ بەڵکوو هەم ئاماری بێکاری ئەوەندی دی هەڵکشا، هەم کرێخانووش دووقاتی ئەوکات زیادی کرد؛ بەوەش خەڵکی هەژار و کرێنشین هیندەی دیکەش تووشی بێدەرەتانی و تەنگانە هاتوون. ئەو کە هاتبوو نرخی دراوی نیشتمانی بۆ بایەخی خۆی بگێڕێتەوە، ئەوەندەی دیکەش تمەنی وێران کرد، بە جۆرێک دۆلار لە ٢٥ هەزار تمەنەوە بۆ ٥٠ هەزار تمەن هەڵکشاوە و سکە لە ١٠ میلیون تمەنەوە بۆ ٢٥ میلیۆن تمەن بەرز بۆتەوە و، نرخی کاڵا بنەڕەتییەکانی دیکەی وەک قەند و ڕۆن و برینج و گۆشت و ئەوانی دیکەش هیچ، کە بەشێکیان نەک دوو بەرابەر، بەڵکوو چوار هیندە زیادی کردووە و خەڵک ئەوەندە هەژار کەوتوون کە توانای کڕینی لانیکەمی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ژیانیان نەبێت.**

**لاوازکردنی پتری کەرتی تایبەت، گەندەڵیی هەوسارپچڕاو لە کەرتی دەوڵەتی و سیستمی بانکی، ڕاوەستانی وەبەرهێنانی نێوخۆیی و دەرەکی، کۆچی بەلێشاوی هێزی کاری پسپۆڕ بۆ دەرەوەی وڵات و قەیرانی ئاو و سووتەمەنی تەنیا بەشێک لە دەرەنجامی ئابووریی دەستووریی برایم ڕەئیسییە کە بە ئامارسازی و شانتاژ دەیەوێ پێچەوانەکەی بنوێنێ. شانتاژ و سانسۆڕ تا ئەو جێیەی کە خامنەیی لە قسەکانی لەو کۆبوونەوەیەدا نەیتوانی بۆی داپۆشێ و گوتی " ئامار و ڕاپۆرتی کاربەدەستان دەبێ تۆکمە بێت و وا نەبێ لایەنە حکوومەتییەکان ئامار و ڕاپۆرتی یەکتر ڕەت کەنەوە و زانیارییەکان لەگەڵ یەکتری نەیخوێننەوە".**



سەرچاوە
Serchawe

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

جیا لە بواری ئابووری کە دەوڵەتی ڕەئیسی نەیتوانیوە نەک دۆخی ژیان و بژیوی خەڵک باشتر بکا، یان نەک هەر نەیتوانیوە وا بکات دۆخەکە لانیکەم سەقامگیرییەکی پێوە دیار بێت و ڕۆژ بە ڕۆژ پتر هەناسەی لە خەڵک بڕیوە؛ لە بەشەکانی دیکەی وەک ژینگە و کولتووری و کۆمەڵایەتیشدا وڵاتی هیندەی دیکەش بەرەورووی قەیرانی نوێ کردووە. کۆی ئەو ناکارامەییانە لە تەنیشت سیاسەتی دژەژنی دەوڵەتی ڕەئیسی بووە هۆی ئەوەی گەورەترین بزووتنەوەی نارەزایەتیی مێژووی کۆماری ئیسلامی لە پاییزی ساڵی ڕابردووەوە وەرێ بکەوێ.

بەگشتی بێتوانایی لە سەقامگیرکردنی بایەخی دراوی نیشتمانی، لەکەمیدانی داهاتی سەرانەی بنەماڵەکان، دارمانی بازاڕی نیشتەجێبوون و لەو سۆنگەیەوە چوونەسەرێی کرێماڵ و کرێدووکان، دابەزینی پتری فرۆشی نەوت و گاز بەهۆی کاریگەریی گەمارۆکان و پەککەوتنی پیشەسازیی هەڵێنجان و وەبەرهێنان، بێتوانایی لە ڕاگرتنی نرخی سکە و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، زۆرکردنی باج و ماڵیات لەسەر خەڵک بە مەبەستی پڕکردنەوەی بەشێک لە کورتیهێنانی بودجە، زۆربوونی نەغدینەیی و هەڵاوسان و هەژاری تا ئەو ڕادەیەی بڕستی لە خەڵکی ببڕێ، هەرەسهێنانی دامەزران و پرۆژەکانی خوڵقاندنی هەلی کار، دارمانی بازاڕی بورس و قەیران لە پیشەسازیی ئۆتومبیل لە تەنیشت گەیشتنی گەندەڵیی سیستماتیک هەتا تەشقی ئاسمان تەنیا بەشێک لە کار و کارنامەی دەوڵەتی ڕوحانی لە دوو ساڵی ڕابردوون.

بەڵام تەنیا بوارێک کە ڕەئیسی لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بۆی گرینگ و بەخەمیەوە بووە، زیادکردنی بودجەی شەڕانخیویی هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنیەتییەکان بۆ بەگژداهاتنەوەی خەڵک و سەرکوتی خوێناوی و بێبەزییانەی ڕەوتی مافخوازیی گەلانی ئێران بووە. لەو ماوەیەشدا کە بەرەوپیلی ساڵیادی شۆڕشی ژینا دەچین، دەوڵەتی ڕەئیسی بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی توندتر بۆ سەرکوتی خەڵک دیەوێ بە سەپاندنی کەشی ترس و تۆقاندن ڕێ لە هەر جموجۆڵێکی نارەزایەتی بگرێت. پەرەسەندنی بانگکردنی چالاکانی سیاسی و ئەمنییەتی بۆ ناوەندە ئەمنیەتییەکان، گرتن و پەروەندەسازی و سەپاندنی سزای قورس بەسەر دەسبەسەرکراوان، خستنەژێر گوشاری پتر خوێندکاران و یەکدەستکردنی پتری زانکۆکان لەڕێگەی دەرکردنی ئەو مامۆستایانەی ساڵی ڕابردوو پشتیوانییان لە نارەزایەتییەکانی خەڵک کردبوو، بانگکردن و دەسبەسەرکردنی چالاکانی کرێکاری و تەنانەت بنەماڵەی کوژراوەکانی شۆڕشی ژینا بەشێکی بچووک لە کار و کردەوەکانی دەوڵەتی ڕەئیسی لە ماوەی ڕابردوویە کە هەمووی نیشانەی ترس و زەبوونیی ڕێژیم لە ئیرادە و خەباتخوازیی خەڵکن.

## لە کۆتاییدا:

ئەگەرچی دەوڵەتی ڕەئیسی لاوازترین، گەندەڵترین و ناکارامەترین دەوڵەتی مێژووی کۆماری ئیسلامییە و لەو سۆنگەیەوە

خەرمانانی ٢٧٢٣

خەڵکی وڵات تووشی ڕۆژڕەشی و زۆرترین قەیرانەکان هاتوون، بەڵام سەرچاوەی سەرەکیی ئەم دۆخە ڕەئیسی خۆی نییە، بەڵکوو هەرهەموو پێکهاتەی دەسەڵات و لەسەروو هەموویانەوە خامنەییە خەڵک و وڵاتی ئێرانیان تووشی ئەو کارەساتە کردووە و تاکەڕێگاش بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە بەردەوامیی خەبات و نارەزایەتییەکان هەتا ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمەیە.

١١ی خەرمانانی ٢٧٢٣

# قەڵەمبازێک بۆ ڕزگاری



شەماڵ تەرغیبی

تەنیا تا کەمتر لە دوو حەوتووی ترساڵیادێک یان بە دیوێکی تریدا تاڵیادێک بەسەر دەکەینەوە؛ تاڵیادێک کە تێیدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی جینایەتەکانی خۆیدا، پەلاماری کچە کوردێکی بێدیفاعی دا و لە شاری غەریب و لەوپەڕی بێدەسەڵاتیدا شەهیدیان کرد؛ تاڵیادی کوشتنی بەئەنقەستی ژینا ئەمینی! تاڵیادێک کە ڕێژیم بێئاگا بوو لەوەی گەلێک پێی دەڕاسێ و دەبێتە چەخماخەیەک و نوختەی هیوایەک بۆ تەکان و جمانێکی گشتگیر کە سەرانسەری جوغرافیای ئێران دەگرێتەوە و دەبێتە بیانوویەک بۆ بەرێوەبردنی حەماسەتێک لە ڕەگەزی بەرەنگارییەکانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و نا وتن بە خومەینی و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ فەرمانی بەدناوی جیهاد.

ژینا ئەمینی شەهید کرا؛ خەڵکی کوردستان هاتنە سەر شەقام و بە لەخۆ مایەدانان هەم دژی دەستدرێژییەکانی ڕێژیم وەستانەوە هەم جارێکی تر پێیان وت نا بۆ کۆماری ئیسلامی؛ ئەمەش بووە وانەیەکی مێژوویی دیکە بۆ هەموو دانیشتووانی ئەو جوغرافیایەی بە ئێران دەناسرێ تاکوو بزانن تەنیا بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیانە کە دەتوانن کۆتایی بە داگیرکاری،

ستەم و چەوسانەوە، هەڵاواردن و دووچاوگی بهێنن و ڕێڕەوێک خۆش بکەن کە لانیکەم نەسڵەکانی دواتریان لە خۆشبژێوی بژین؛ وانەیەک کە تێیدا خوداگایی گەیشتە لووتکەی خۆی و وێڕای چێکردنی هیوا بۆ دواڕۆژ بێهیواییەکانی ڕەواندەوە.

ئەم سیکلە لە شۆڕش وەک پێشبینی دەکرا بە پەلاماری هۆڤانەی ڕێژیم بۆ سەر مافخوازانی سەر شەقام و کوشتنی دەیان لاوی خۆپیشاندەر گەیشتە خاڵێک کە گەلانی ئێران دیسانەوە وەخۆ بێنەوە و بزانن کە بۆ کۆماری ئیسلامی ڕەگەز و ئایین و نەتەوە گرینگ نییە و ئەوەی کە لە سەرەتێیدایە بۆی، پاراستنی بوونی خۆیەتی وەک قەوارەیەکی سیاسیی خاوەن دەسەڵات بە هەر نرخێک!

ئەم شۆڕشە گشتگیرە بە کۆمەڵێک هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکی، پاش ماوەیەک جووڵەیەکی تاکتیکی کرد و خۆی خزاندە نێو هەندێ قوژبنی کۆمەڵگە، بەڵام نەخەوت و لە پێ نەکەوت بۆیە دیتمان کە ناوە بە ناوە و لە فۆرم و شکڵی جیاوازدا خۆی نواندەوە؛ هاوکات بەچارەسەرنەکراوەیی مانەوەی گرفت و کێشە و قەیرانە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگای ئێران بۆخۆی بووە بەستێنخۆشکەری بەردەوامیی شۆڕشەکە؛ هەر ئەمەش وای کردووە کە دەبینین لانیکەم لە شەش مانگی ڕابردوودا شەپۆلێکی بەربەرین و کەمتربینراو لە دەسبەسەرکردن، ئەشکەنجە، سووکایەتی کردن، چەواشەکاری و ئێعدامی چالاکانی سیاسی لە ئێراندا دەستی پێکرد کە ڕوونە ئامانجی ڕێژیم لەم ڕەشەکوژی و گرتنە گۆترەییانە ترساندنی خەڵک و ڕێگریکردنە لە دووبارە هاتنە سەر شەقام و نارەزایەتیدەربرین.

**لێرەدا بۆ کردنەوەی زیاتری باسەکەمان مژاری ڕێگەچارەکان دەخەینە بەرچاو؛ ڕێگەچارەکان هەم بۆ حکوومەت و هەمیش بۆ خەڵک:**

## ڕێگەچارەکان بۆ حکوومەت

ئەم بەشە دەکرێ بۆ خۆی لە دوو پاژی جیاوازدا باس بکرێ: یەکەمیان ئەو ڕێگەچارە عەقڵانییانەی کە حکوومەت دەتوانێ بیگرێتە بەر، بەڵام تا ئێستە نەیکردووە و وێناچێ لە داهاتووشدا ڕەچاویان بکات و دووهەم ئەو ڕێگەچارە ناعەقڵانی و هیستریاییانەی کە حکوومەت وەک چاوەڕوانی لێ دەکرا گرتوویەتە بەر.

### ڕێگەچارە عەقڵانییەکان:

ئەگەر بمانهەوێ درێژدادڕی نەکەین و لە سۆنگەی لۆژیک و ئاوەزەوە لەم بابەت بڕوانین بە پۆلێنکراوی دەتوانین بڵێین



سەرچاوە
Serchawe

**کۆماری ئیسلامی گەر ویستبای چارەسەری قەیرانەکانی کردبا دەیتوانێ لە ڕابردوودا ئەم ڕێکارانە بگرێتە بەر؛ هەلێک کە لە کیسی چوو و تازە ناشگەڕێتەوە:**

١- ئاوڕدانەوە و دیتنەوەی ڕیشەی گرفتە بەستێنخۆشکەرەکانی قەیرانەکانی ئەمڕۆ

٢- بە هەندوەرگرتنی داخوازە نەتەوەیییەکانی گەلانی ئێران

٣- بەهەندوەرگرتنی تەواوی ئەو ئاریشانەی کە بوونەتە هۆکاری ئێعتراز و نارەزایەتییەکان

٤- پەسندکردنی یاساگەلی ئەمڕۆیی کە تێیدا ڕەچاوی کەرامەتی مرۆڤەکان کرابێت و ناچارکردنی دامودەزگا حکوومەتییەکان بۆ جێبەجێکردنی یاساکان و بەکورتی یاساسەرووەری

٥- دانی ئازادی بە مانای ڕاستەقینەی خۆی لە هەموو ڕەهەندە تاکەکەسییەکان، ئایینی، چاندی و...

٦- کرانەوەی کەشی سیاسی لە وڵات

٧- ئەسپاردنی کار بە کارزان و لێئەستاندنەوەی سەڵاحییەت لە کەسانی نەشیاوی داسەپیندراو بەسەر ئۆرگانە دەوڵەتییەکان

٨- کۆتاییهێنان بە درۆ و دەلەسە و گرتنەبەری ڕێکاری "شەفاف" لە بیاڤەکانی سیاسەت، ئابووری و فەرهەنگی

٩- بنیاتنانی ئابوورییەکی تۆکمە لەسەر بناغەی زانستی ئابووری و کەڵکوەرگرتن لە کارناسانی لێزانی ئەم بوارە

...

**ڕێگەچارە ناعەقڵانییەکان:**

- بەڕێوەبردنی حکوومەتی سەربازی لە شەقامەکان
- هەوڵدان بۆ داخستنی ڕێگەکانی پێوەندی وەک فیلتێرکردن و پارازیت
- بەردەوامبوون لەسەر پڕوپاگاندای حکوومەتی و هەوڵدان بۆ خۆفەرزکردن بەسەر کۆمەڵگادا
- پەلاماردانی خەڵکی ناڕازی و گرتن و لێدان و سەپاندنی حوکمی ناڕەوا
- درۆکردن و پێدانی زانیاری ناڕاست لەسەر دۆخی هەنووکەیی
- گوێنەدان بە داخوازییە نەتەوەیی و ئێتنیکییەکان و گرێدانەوەیان بە لایەنە دەرەکییەکان و دوژمنە خەیاڵییەکان
- بەئامرازکردنی یاسا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم

## ڕێگەچارەکان بۆ خەڵک

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کەتوارانەی کە باس کران زۆر سرووشتی دێتە بەرچاو گەر پرسیار بکەین کەواتە ڕێگەچارەی خەڵک چییە؟ یان بە واتایەکی تر خەڵک دەبێ چی بکەن تا لەم نەهامەتییانەی بەسەریاندا هاتووە ڕزگاریان ببێ؟

بۆ وڵامدانەوە بەم پرسیارە نموونەیەکی مێژوویی دەهێنینەوە؛ سەدەی نێوەڕاست (قرون وسطی) یەکێک لە تاریکترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ بووە کە لە سەدەی ٥ی زایینییەوە دەست پێدەکات و لەگەڵ ڕێنێسانس لە سەدەی ١٤ کۆتایی پێ دێت. لەم قۆناغەدا دین کە کەنیسەکان نوێنەرایەتییان دەکرد تەواوی قوژبنەکانی کۆمەڵگە و فەرهەنگ و سیاسەت و ... خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و هەرچی زیندەوەر بوو، دەبوو بە بڕیاری کەنیسە بژی. ئەوانەی کە لە کەنیسەکاندا بوون خۆیان لە هەمووان پێ سەرتر و گەورەتر بوو، خاوەنی موڵک و ماڵ و ژیان و ژیاری خەڵک بوون و هەر کەس بچووکترین نارەزایەتی هەبووایە لە پرۆسەی ئەنگیزاسیۆندا بەرەوڕووی توندترین ئەشکەنجەکان و سزاکان دەبوویەوە. بەڵام لە سەدەی ١٤دا و بە ڕێنێسانسێک کە لە ئورووپا وەک چەقی دەسەڵاتی کەنیسە هاتە گۆڕێ، دیتمان کە کرانەوە و دووبارە زیندووبوونەوە و سەرهەڵدانەوەیەک لە هەموو بیاڤەکانی فکر و ئەندێشە، سەنعەت، بازرگانی، سیاسەت و تەواوی سووچەکانی ژیان هاتە گۆڕێ. بەم نموونەوە دەگەڕێینەوە سەر وڵامی پرسیارەکەمان کە لە ئێستەدا خەڵکانی نیشتەجێ لە ئێران دەبێ چی بکەن؟ کە وڵام بریتییە لەوەی تەنیا ڕێگە بۆ دەربازبوون لەو نەهامەتییانەی کۆماری ئیسلامی بۆ گەلانی ئەم وڵاتەی پێک هێناوە بریتییە لە ڕێنێسانسێکی فکری – کرداری کە بەهۆیەوە تەخت و بەختی دەسەڵات تێکەوە بپێچرێ؛ ئەویش بەهۆی یەکگرتوویی، باوەڕهێنان بە هاوچارەنووسبوون، پێویستیی هاوخەباتی و هەوڵدان بۆ ئامانجێکی هاوبەش بە پێی پلانێکی هاوبەش کە هەمووان خۆیانی تێدا ببیننەوە کە دەکرێ بە ناوی قەڵەمبازێک بۆ ڕزگاری ناوی لێ بهێنین.

١٣ی خەرمانانی ٢٧٢٣

# له بەرەبەرەی ساڵوەگەڕی شۆڕشی ژینادا



برایم چووکەڵی

به نزیکبوونەوە له ساڵڕۆژی شۆڕشی ژینا، لاپەڕەیەکی دیکه له خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستان دەنووسرێتەوە؛ دیسان لاوانی شۆڕشگێڕ کوڕان و کچانی خەباتکار، دەست لەناو دەستی یەکتر دەنێن و پێ دەنێنە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانێ. مەیدانێک که بەدرێژایی و پانایی کوردستانە و جێگا و هۆمێدی هەموو ئازادیخوازانی ئێرانه.

لەو مانگەدا جارێکی دیکه به تاقیکردنەوەی دوژمندا دەچینەوە، زۆر دیاردەی نوێ دێنه بەرچاو و گەلێک ئەرکی سەرەکێش دێنه کایەوە، که ساڵی ڕابردوو نیشانی داوە خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات که دوانەی لێک دانەبڕاون، وزە و توانایی خۆیان دەکەنه یەک و هەر وەک چۆن له ڕابردوودا به گژ دوژمندا چوونەوە، ئێستاش بەگژیدا دەچنەوە.

یەکێک له ئەرکه گرینگه کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی کوردستان له ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ژینادا، پتەوکردن و یەکگرتوویی زیاتر لەبەرامبەر دوژمنه. بێشک نابێ ڕێگا بدەن پیلانەکانی دوژمن جیاوازییان له نێواندا پێک بێنێ و لەبەرامبەر

یەکتردا ڕایانگرێ. ڕێژیم بۆ ئەم کارەی تێدەکۆشێ و کەسانی بەنفووز بەرەبەر بانگ دەکا کە لە ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ژینادا لە هاندانی خەڵک خۆ بپارێزن و بە سیاسەتە چەپەڵەکانی هەڕەشەیان لێ دەکا، ئەویش بۆ ئەوەیە ڕێگا نەدا کە هێز و توانای لاوانی کوردستان جارێکی دیکە بە پشتیوانیی حیزبەکەیان، ترس بخەنە دڵی ڕێژیمەوە.

لێرەدا پێویستە ئەو ڕاستییە وەبیر هەموو لایەک بخەینەوە، لە هەلومەرجێکدا کە لە کوردستان بزووتنەوەی خەڵکی دژی ڕێژیم گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی، ڕێژیم ڕاستەوخۆ شەڕ دژی کوردی جارێکی دیکە مۆر کردەوە و پەڵەیەکی ڕەشی دیکەی بۆ مێژووە ڕەشەکەی زیاد کرد، بەتایبەتی جاشی خۆفرۆش لەو نێوەدا دەستی باڵایان هەبوو، ئەوە بە پێچەوانەی ئیدیعای عەوام هەڵخەڵەتێنی ڕێژیم، گرتنەپێشی ئەو سیاسەتە کە زیاتر سەرکوتەکانی ئەو بزووتنەوە بەدەستی چڵکاوخۆران بوو تا لەناو ماڵی کورددا دووبەرەکیی زیاتر بنێتەوە و لەگەڵ یەک بیانکاتە دوژمن.

هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تا ئێستا بە دەیان جار ڕایگەیاندووە، چەکهەڵگرتن و جاشایەتی لەژێر هەر ناو و نیشانێکدا بێ، دژ بە خەڵکی کوردستانە و وەک خەیانەت بە گەل و نیشتمان دادەنرێت.

جارێکی دیکەش لاوانی کوردستان لەهەر ڕێگایەکەوە بۆیان دەلوێ و دەگونجێ بە دوژمنی نەتەوەی کورد دەسەلمێنن کە نە سیاسەتی زەبروزەنگ، نە سیاسەتی بە ڕواڵەت ڕووخۆش نیشاندانی کاتی، ناتوانێ کچان و کوڕانی شۆڕشگێڕی کوردستان و خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستان بەگشتی لە درێژەدانی خەبات بۆ وەدیهێنانی داخوازییەکانیان دڵسارد بکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، خەڵکی کوردستان دەبێ ئەو خائین و خۆفرۆشانەی ڕیزی خۆیان لە خەڵک جیا کردۆتەوە و سینگی لاوانی کورد ئاژن ئاژن دەکەن، بناسن و لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا لە هەموو شتێک بێبەشیان بکەن و تەنانەت لە هاموشۆکردن و یارمەتیدانیان، خۆ بپارێزن تا ئەو کاتەی جلوبەرگی جاشایەتییان لەبەر دادەدڕێ.

بێجگە لەو ئەرکە گشتییانە کە ئاماژەیان پێ کرا، بۆ هێنانی تەوژمێکی زیاتر بۆ ڕێژیم، بۆ ئەوەی بەتەواوی بکەوێتە حاڵەتێکی دیفاعییەوە بە بەربەرەکانێ و یەکگرتوویی، خۆیان بەهێز بکەن و تەنگ بە دوژمنی کۆنەپەرستی ئیسلامی هەڵچنن، وەک ساڵی ڕابردوو کە بەدەستی لاوانی شۆڕشگێڕەوە زەبوون و داماو بوو.

زەحمەتکێشانی کوردستان کە بەشی هەرەزۆری کۆمەڵی کوردەواری پێک دێنن، ئێستا لە هەموو کات زیاتر پشتیان لەژێر باری قورسی ژیاندا چەماوەتەوە. لە گوندەکان، جووتیاران و زەحمەتکێشان بۆ چوونەسەری نرخی بەرهەمی ساڵانەیان پێ



سەرچاوە
Serchawe

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

بە پێ گرانتربوونی کەرەسەی کار و خەرجی بەڕێوەچوون، یەک بگرن. مامۆستایانی قوتابخانە کە بەشێک لە ڕووناکبیرانی کۆمەڵگای کوردن و ژنانی کوردستان لە ساڵی ڕابردوو بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە پێشەوەی بزووتنەوەدا بوون، پێویستە جارێکی دیکە لە بەرامبەر پێشێلکردنی مافی سەرەتایی خۆیان لە بەرامبەر ڕێژیم بوەستنەوە و خۆیان لە چڵەپۆپە ببینەوە.


دەبێ لەبیرمان بێ هەرکام لەو ئەرکانە لە ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی ژینادا، هەرکام لە شوێنی خۆی تەئسیری ڕاستەوخۆی لە سەرکەوتن بەسەر دوژمندا هەیە و لەو بوارەدا ڕۆژانە کوردکاناڵ ڕێنوێنیی خۆی بە خەڵکی کوردستان کە زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە بڵاو دەکاتەوە و پێوەندیی خەڵک و حیزبی دێموکرات پتەوتر دەکا. با لە ساڵوەگەڕی شۆڕشی ژینادا هەموو لایەک بەیەکەوە، دەست لەناو دەستی یەک، ڕۆژێکی پڕ لە خەبات و پڕ لە چالاکی و دوژمن تەزاندن درووست بکەین. هێزی زۆر قەت نەیتوانیوە ئیرادەی گەل بەچۆک دابێنێ، چونکە خەڵکی کوردستان باش دەزانن سەردەمی ترس و خۆفیان بەجێ هێشتووە و شێوەی بەربەرەکانێ لەگەڵ دوژمن فێر بوون؛ ئەرکی خۆیان بە باشی دەناسن، باش دەزانن چۆن لە بەرژەوەندیی بزووتنەوە و بە زیانی دوژمن هەنگاو هەڵێننەوە. جارێکی دیکە "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" لە شەقامەکانی کوردستا دڵی دوژمن دەخاتە لەرزە. بۆیەش ڕێژیم لە پێوەندی خەڵک و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ترسی هەیە، و ئەم پێوەندییەش لەبڕاننەهاتوویە و تا سەرکەوتن درێژەی دەبێ.

**١٣ی خەرمانانی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

# بەرگری لە دادپەروەری و ئازادی، خەباتی ماندوونەناسانەی محەممەدساڵح نیکبەخت



**حەسەن قارەمانی**

لە جیهانێکدا کە زۆرجار دادپەروەری و ئازادی لەلایەن دەسەڵات و دامەزراوە سەرکوتکەرەکانەوە بەرەوڕووی پێشێلکاری دەبنەوە، تاکەکان لە پێناو حەقیقەت و دادپەروەریدا هەوڵ دەدەن، تەنانەت کاتێک لەم پێناوەشداهەست بەوە بکەن کە ئەگەری هەیە ببنە قوربانی ئەو هێزانە بەلام هەر لە هەوڵەکانینا بەردەوام دەبن. یەکێک لەو نموونانەی بوێری و ئیرادە، محەممەدساڵح نیکبەخت، پارێزەرێکی بەڕێزە کە ژیانی خۆی بۆ بەرگریکردن لە دادپەروەری و ئازادی، تەرخان کردووە بەبێ ئەوەی کە گوێ بەو هەڕەشە و مەترسییانەی بدات کە هەیە.

کاری نیکبەخت وەک پارێزەرێک لەوە زیاترە کە تەنها بەرگری لە ئامادەبووانی دادگا بکات. ئەم پارێزەرە بە وەستان لە پاڵ زیندانیانی سیاسی و قوربانیانی ستەمدا، دەبێتە دەنگی ئەو کەسانەی کە لەلایەن دەسەڵاتەوە بێدەنگ کراون، دەبێتە قسەکەرێکی بەهێز بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانن بۆ خۆیان قسە بکەن و لە ڕێگەی کارەکانییەوە گرنگی خەباتکردن بۆ دادپەروەری بیرمان دەخاتەوە تەنانەت کاتێک کە مەترسیداریش بێت.

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

**خەباتی محەممەدساڵح نیکبەخت تەنیا خەباتی خۆی نییە؛ هێمای بەدواداچوونی زیاتری دادپەروەری و ئازادییە. هەڵوێستی بوێرانەی ئەو هانمان دەدات لەبیرمان بێت کە مافە بنەڕەتییەکان تەنها خەمی تاکەکان نین، بەڵکوو بەها هاوبەشەکانن کە دەبێت هەموومان بەرگرییان لێبکەین. جەخت لەسەر گرنگیی هاودەنگی و هاوکاری لە بەرەنگاربوونەوەی ستەم و نادادپەروەری دەکاتەوە.**

**محەممەدساڵح نیکبەخت تەنها پارێزەر نییە؛ جەنگاوەرێکی ئازایە بۆ ڕاستییەکان. ناوبراو سەرەڕای ئەوەی بە تەواوی ئاگاداری ئەو مەترسی و تۆڵەسەندنەوەیە بووە کە لە دامەزراوە سەرکوتگەرەکان و ناوەندە قەزاییەکانەوە چاوەڕوانی دەکات، بەڵام هەرگیز پاشەکشەی نەکردووە لە وەستانەوە لەپێناو بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی و قوربانییانی ستەم لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا.**

**نیکبەخت لە ڕۆژی ٧ی خەرمانانی ئەمساڵدا، چووە بەردەم لێپرسینەوەی بێدادگای ڕێژیم چونکە بەرگریی لە کەیسی ژینا ئەمینی ڕووبەڕووی ئەو ڕژیمە کردبوو. نیکبەخت لەبری ئەوەی کڕنۆش بۆ چیرۆکە فەرمییەکان و بانگەشەکانی ڕێژیم سەبارەت بە مەرگی ژینا ببات، لە پاڵ ڕاستییەکان وەستا و ئامادە نەبوو کڕنۆش بۆ گوشارەکان ببات. ئیرادەی پشتنەکردن لە حەقیقەت و ویژدان و دادپەروەری، وای کردووە کە کەسانێکی وەک نیکبەخت، پارێزگاری لە ڕاستییەکان بکەن جا بە هەر نرخێک بێت.**

**ئەو ئامادە نەبوو مل بۆ درۆکانی گەشتی خوێنڕێژی ئیرشاد و دەزگای بێدادی ڕێژیم لە بارەی چۆنیەتیی کوژرانی ژینا ڕابکێشێ و ئیدیعاکانی ئەوانی ڕەت کردووەتەوە. هەر بۆیە دەیانەوێ تۆڵەی پشتنەکردن لە حەق و ویژدان و دادپەروەریی لێ بستێننەوە.**

**کارەکانی نیکبەخت نەک تەنها کاریگەریی لەسەر خەڵک لە ناوخۆدا هەبووە، بەڵکوو وشیاریی نێودەوڵەتیی لەسەر مەترسی و تەحەددیاتی بەردەم داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ دروست کردووە. بە بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر خەباتەکەی و هاوبەشکردنی چیرۆکەکەی، دەتوانین زانیاری بدەین لەو ئاستەنگانەی کە دەبێت تێپەڕێنرێن بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و ئازادی لەسەر ئاستی جیهانی.**

**لە سەردەمێکدا کە ڕێژێمەکان هەندێک جار دەسەڵاتی دادوەری وەک ئامرازێک بۆ بێدەنگکردنی ئۆپۆزسیۆن و سەرکوتکردنی ڕاستییەکان بەکار دەهێنن، زۆر گرنگە تاکەکانی وەک محەممەدساڵح نیکبەخت پشتیوانی و دانپێدانانیان بۆ هەوڵەکانیان**

بکرێت. هەر مرۆڤێک بەهای دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ دەدات، ئەرکی لەسەر شانە لە پاڵ ئەو جۆرە بەرگریکارە ئازایانەدا بوەستێت و نەهێڵێت بیانووی "تۆڵەسەندنەوە"ی ڕێژیم، ڕاستی و دادپەروەری بترسێنێت.

## ئەنجام

هەڵوێستی بوێرانەی محەممەدساڵح نیکبەخت لە دژی نادادپەروەری و دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکان، نیشانەی گرنگی هەرگیز دەستبەردارنەبوون لە شەڕی دادپەروەری و ئازادی، تەنانەت کاتێک نرخەکان زۆرن. ئیرادەی ئەو بۆ وەستانەوە بۆ دەستەبەرکردنی ڕاستییەکان و ڕەتکردنەوەی کڕنۆش بۆ درۆکان ئیلهامبەخش بووە بۆ زۆر کەس لە سەرانسەری جیهاندا. پێویستە هەموومان لە ئازایەتیی نیکبەختەوە فێر بین و پشتیوانی ئەو و بەرگریکارە هاوشێوەکانی دیکە بکەین لە هەوڵەکانیان بۆ جیهانێکی دادپەروەر و ئازاد.

ئازایەتی و خۆبەخشیی محەممەدساڵح نیکبەخت لە بەرگریکردن لە دادپەروەری و ئازادی وەبیرهێنانەوەیەکە کە کردەوەی تاکەکان دەتوانێت کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر کۆمەڵگا و جیهان بەگشتی هەبێت. هەڵوێستی ئەو لە دژی هێزە ستەمکارەکان و ئیرادەی لە بەرگریکردن لە ڕاستی، نموونەی ئیلهامبەخشن کە پێویستە پەیڕەویی لێ بکەین. بە پشتیوانی و ڕێزلێنان لە بەرگریکارانی وەک نیکبەخت، پابەندبوونمان بە جیهانێک پتەوتر دەکەین کە دادپەروەری و ئازادی مافی هەمووان بن.

١٤ی خەرمانانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ترسی ڕێژیم لە پێگەی شەهیدانی کوردستان




**سمایل شەرەفی**

لەڕەوتی شۆڕشی ژینادا بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشەکە ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریان گێڕا. ئەوان بەکەڵکوەرگرتن لە هەر بۆنەیەک و بەئامادەبوون لەسەر گڵکۆی ئازیزەکانیان وێڕای دەربڕینی نەفرەت و بێزاریی خۆیان لە ڕیژیم و ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدەکان، پەیامی لەسەرڕێبوون و بەردەوامبوونی شۆڕشەکەیان بڵاو دەکردەوە.

لە شۆڕشی ژینادا خەڵکی کوردستان بۆ جارێکی دیکە بە ناولێنانی شەهیدەکان بە "قارەمان" و بە درووشمی "شەهیدان نامرن" و "شەهید نامرێ"، سەلماندیان کە شەهیدەکان لە دڵی ئەواندا دەژین و بۆ هەمیشە بە نەمری دەمێننەوە. ئەوان لەسەر جەنازە و گڵکۆی شەهیدەکان هاواریان دەکرد؛ "نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتدا دەژین". شەهیدەکانی شۆڕشی ژینا هەروەک چۆن پێش لە شەهیدبوونیان پێشەنگایەتی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەکەیان لەسەر شەقامەکانی کوردستان دەکرد، دوای شەهیدبوونیشیان وەک کاتالیزۆرێکی زیندوو، بۆ ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و مەفخوازی بوونە "قووەتی قەلب" و، بۆ لەشکری دووژمن بوونە چقڵی چاو.

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

کۆماری ئیسلامی کە هەستی بە ڕۆڵی کاراکتەری شەهید لە بزووتنەوەی کوردستاندا کرد زۆر بێشەرمانە کەوتە پیلانگێڕیّ و لەیەکەم قۆناغی ئەم پیلانگێڕییەدا هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو کە پێش بە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ناشتنی جەنازەکانیان بگرێ. بۆیە بە هەڕەشە و گوڕەشە لە بنەماڵەکانیان داوای لێدەکردن "دەبێ هەر بەشەو و بەبێدەنگی بنیانێژن". بەڵام بنەماڵەی سەربەرز و خاوەن هەڵوێستی شەهیدەکان و خەڵکی کوردستان وڵامی داواکارییەکانی ڕێژیمیان نەدایەوە و ڕێوڕەسمی ناشتنی جەنازەی پیرۆزی شەهیدەکانیان دەکردەوە بە دەرفەتێک بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین و بەرەنگاربوونەوە. ئەوە بوو کە بەکرێگیراوانی ڕێژیم دەستیان لە دزینی جەنازەی شەهیدەکانیش نەپاراست. خەڵک ئەم پیلانەشیان بە شاردنەوەی جەنازەی شەهیدەکان و ڕاگرتنیان لە شوێنی ئەمین تا ڕەخسینی دەرفەتی گونجاو پووچەڵ کردەوە. لەم پێوەندییەدا بڵاوبوونەوەی وێنەی جەنازەی شەهید محەممەد حەسەنزادە کە شەهیدی هاوڕێی، شەهید شەهریار محەممەدی لە شاری بۆکان تا بەیانی بەلایەوە ماوەتەوە، جوانترین تابلۆیە کە لەلایەک تەعبیر لە دەروەستبوونی لاوانی شۆڕشگێڕی وڵات دەکات و لە لایەکی دیکەوە ڕوخساری دزێوی کۆماری ئیسلامی ئێران وێنا دەکات.

شێواندنی گڵکۆی شەهیدەکانی کوردستانیش لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، وەک بەشێک لەم پیلانگێڕییە، دیاردەیەکی تازە نیە. هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لەهەرکوێ هەستیان بە گڵکۆی ڕۆڵەیەکی قارەمان، پێشمەرگەیەکی شەهیدی ئەم نیشتمانە کردبا، هەوڵیان دەدا بیشێوینن و ئاسەواری نەهێڵن. لە شۆڕشی ژینـاشدا ئەم کردەوە قێزەونەیان درێژەپێدا. چەند جارێک گڵکۆی شەهید ژینایان لە گۆڕستانی ئایچی شێواند و کێلەکەیان شکاند و ئەم کارەیان لەزۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان لەسەر گڵکۆی شەهیدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەڕێوە بردوە.

لە درێژەی ئەم پیلانگێڕییەدا و لە بەرەبەری ساڵرۆژی شۆڕشی ژینادا، ڕێژیم هەوڵ دەدات بە سازکردنی کۆمەڵێک سناریۆ، کەسایەتیی شەهیدەکان بڕووشێنێ و گومان لە سەر چۆنیەتی شەهیدکردنیان بڵاو بکاتەوە. لە تازەترین هەوڵی قێزەونانەی ڕێژیمدا وەک لە سایتی "میزان"ی سەر بە ڕێژیم بڵاو بۆتەوە، کەسایەتیی شەهید محەممەد حەسەنزادە، یەکێک لە شەهیدەکانی شۆڕشی ژینا لە شاری بۆکان و چۆنیەتی شەهیدبوونی کراوەتە ئامانج. بە گوێرەی ئیدیعای پڕوپووچی ئەم پێگەیەی ڕێژیم، گوایا شەهید محەممەد لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە شەهید نەکراوە و بە هۆکاری دیکە گیانی لەدەست داوە!. هەروەک لە ڕاپۆرتەکەی "میزان"یش ڕا دیارە، ژووری پیلانگێڕی خەریکی سازکردنی سناریۆیەکە کە ئیدیعا درۆینەکەیان لەسەر شەهید محەممەد حەسەنزادە بسەلمێنن، بۆیە هیچ دوور نیە کە لە شانۆگەرییەکی تلویزیۆنیدا دوو کەس لە مۆرەکانی خۆیان ناچار بە گێڕانەوەی حەقایەت و شێواندنی ڕاستییەکان بکەن.

هیچ گومان لەوەدا نیە کە شەهیدەکانی شۆڕشی ژینا و بنەماڵە سەربەرزەکانیان وەک لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا



سەرچاوە
Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٣

دەرکەوت لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا خاوەنی پێگەیەکی بەرزی ئەرزشی و مەعنەوین. ئەم جێگەوپێگەیە ئەوەندە ئاسان دەستنەوکەوتووە کە ژوورە مێشکڕزیوە ئەمنیەتییەکانی رێژیم بتوانن بنکۆڵی بکەن. شەهیدەکانی شۆڕشی ژینا کە هەر هەموویان گەنج و دڵپڕ لە ئاوات و ئارەزووی ژیان و بەختەوەری بوون، گەرەترین سەرمایەی ژیانیان (گیانیان) کردە قوربانیی خاک و خەڵکیان. بنەماڵەکانیان ئازیزترین کەسەکانیان لەم پێناوەدا بەخت کردوە. بۆیە لێدان لە کەسایەتیی شەهید و هەوڵدان بۆ بەدناوکردنی بنەماڵەی شەهیدان، جیا لە گەمژەیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچی دیکە ناگەیەنێ.

١٤ی خەرمانانی ٢٧٢٣

# گەورەتر لە ئێمە




**کەریم پەرویزی**

لە ساڵڤەگەڕی شۆڕشی ژینا نزیک دەبینەوە. ئەو دەمەی کە کچەکوردێکی دڵخۆش بە ژیان بۆ سەردانی بنەماڵەی ڕوو دەکاتە تارانی پێتەختی کۆلۆنیاڵیزمی حاکم، بەڵام تاران تەرمەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ زێدەکەی کوردستان! برووسکەی شەهیدکردنی ژینا، خەرمانی شۆڕشی لە خەرماناندا هەڵکرد.

شۆڕشێکی بەرفراوان کە سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە، وانەی زۆری تێدایە بۆ فێربوون و وەرددانەوەو کەموکۆڕی و لاوازیشی تێدایە بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن و چارەسەرکردن.

لە ماوەی شۆڕشی ژینادا، لە یەک ساڵی ڕابردوودا، هەندێ کار هەبوو بکرێن و هەندێ کار و کردار نەدەبوو بکرێن، بەڵام دوای ساڵێک لانیکەم بۆ ئەوانەی بیر دەکەنەوە پێویستە کە گۆشەنیگایەکی پێدا بخشێنن و ڕاستەڕێی شۆڕشی خەڵک بە وردبینییەوە کورتتر و کەم تێچووتر بکەن.



سەرچاوە Serchawe

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

یەکێک لەو پێویستییانەی شۆڕش، بریتییە لە پێکەوەبوونی هێز و لایەنە سیاسی و کاریگەرەکان کە بتوانن بە پێکەوەبوون دەرفەتە ڕەخساوەکان بە باشی ئیدارە بکەن و بە پێکەوەبوونیان دەرفەتی نوێتر و لەبارتر برەخسێنن، بەڵام بۆ پێکەوەبوون هەندێ پێشمەرج یان بەستێن پێویستە کە دیارە لانیکەم ساڵێک تێپەڕین لە شۆڕشی ژینای پێویست بوو کە تا ڕادەیەک ئەو بەستێنە بۆ پێکەوەبوون برەخسێ.

چەند حیزب و لایەنی سیاسی لە ڕۆژی ١٥ی خەرمانانەدا ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان دەرکرد و تێیدا وێڕای ئاوڕێکی کورت لە شۆڕشی یەک ساڵی ڕابردوو، پێکەوە لە چەند خاڵێکدا داوایان کردووە کە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان بکرێتە ڕۆژی مانگرتنی گشتی لە کوردستان.

ئەوەی کە ئەو داواکاری و خاڵی هاوبەشانە پێشنیاری دەکا، دەکرا بەرفراوانتر بێ یا داواکاریی دیکە ڕوو لە کۆمەڵگا بکرێ یان تێبینیی لەسەر بێ، شتێکی ئاساییە و ڕەنگە هەر لایەن و تەنانەت هەر تاکێک خوێندنەوەی جیاوازی خۆی بۆ دۆخەکە هەبێ و پێی باش بێ فلان کردار بکرێ یان بە فلان شێوەی دیکە بکرێ یان فلان شت نەکرێ. بەڵام ئەوەی خاڵی گرنگی ئەم ڕاگەیەندراوەیە نەک خودی داواکارییەکە بەڵکوو هاوبەشبوون لە داواکارییەکەدایە کە ڕاگەیەندراوەکە دەکاتە خاڵێکی وەرچەرخان!

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا زۆرجار باس لە یەکریزیی خەڵک و یەکگرتوویی و یەکبوون و هاوکاری و هاوئاهەنگی و زۆر وشە و ئەدگاری دیکەی هاوشێوە کراوە کە ڕەنگە هەر کامەیان مانای جیاوازیان هەبێ و باسکردن لە پێویستیی مێژووییان ئاسان و سانا کرابێتەوە، بەڵام وەکوو کردەوە و هەنگاوی کردەیی تا ئێستا یەک هەنگاوی بەکردەی بۆ هەڵنەگیرابێتەوە.
کاتێک دەڵێین یەک هەنگاوی کردەیی بە مانای ئەوە نییە کە هیچ لایەنێک قسەی لەسەر نەکردووە، بە پێچەوانەوە هەموو لایەنەکان زۆر بە فراوانی قسەیان لە سەر یەکگرتوویی و یەکریزی کردووە! وەکوو هەنگاویش زۆرجار دیدار و دانیشتن لەسەر ئەو بابەتە لە نێوان لایەنە جیاوازەکاندا لە درێژایی ساڵانی ڕابردوودا کراوە. بەڵام هیچیان نەگەیشتوون بە هەنگاوی کردەیی تاکوو ئەمجارە و لە ساڵڤەگەڕی شۆڕشی ژینادا ئەم ژمارە بەرچاوە لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان پێکەوە ڕاگەیەنەدراوی هاوبەشیان داوە.

ڕەنگە باسکردن لە وشە و دەستەواژە جیاوازەکان ئەوەی تێگەیاندبین کە هەموویان وەکوو یەکن و ئاکامی کۆتایی بریتییە لە یەکگرتوویی هێزەکان! بەڵام لە دونیای واقیعی سیاسیدا ئەوەی ڕەخساوتر و گونجاوترە نەک یەکگرتوویی بەڵکوو پێکەوەبوونە!

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

یەکگرتوویی هەلومەرجی قورستر و دژوارتری دەوێ و لە بیرکردنەوەیەکی دیکەوە سەرچاوە دەگرێ و ڕەنگە لە قۆناخێکدا کۆمەڵگا بەرەو تۆتالیتاریزیمیش هان بدا و ببێتە هۆی سڕینەوە و لەنێوبردنی جیاوازییەکان؛ بەڵام پێکەوەبوون بەو مانایەیە کە لایەنە جیاوازەکان بە پاراستنی ناسنامە و شوناس و ڕوانگەی جیاوازیانەوە، دەگەن بەو قەناعەتەی کە لە قۆناخێکدا لە بەرامبەر دوژمنێکی هاوبەشدا و بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکێکی گەورەتر لە هەر حیزبێک واتە ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی پێویستە کە پێکەوە بن.

ئەوەی کە ساڵانێکە قسەی لێ کراوە و هەوڵی بۆ دراوە، ڕەنگە بەو هۆکارە بە ئاکام نەگەیشتبێ کە لە تێڕوانینێکی ڕابردووتەوەرەوە وەها هاتبێتە بەرچاو کە بە یەکگرتوویی ڕەنگە لایەنە جیاوازەکان بسڕدرێنەوە و هێژموونییەکی تایبەت زاڵ ببێ و ئەمە خۆی لە ناخی خۆیدا هەنگاوی بەرەو لێکنزیککەوتنەوە دوور دەخاتەوە و خۆی دەبێتە هۆی دابڕانی زۆرتر، واتە ترس و نیگەرانی لەوەی هێژموونیخوازی لە ناخی یەکگرتووخوازیدا خۆی پەنگ دابێتەوە، لایەنەکان لێک دوورتر دەکاتەوە بەڵام قبووڵکردنی ئەوەی کە واقیعیەتیی کۆمەڵگا فرەچەشنییە و هیچ لایەنێک پێویست ناکا واز لە ناسنامە و شوناسی خۆی بێنێ، بەڵکوو بە ڕەنگ و گوتاری جیاوازەوە دەتوانن لە دەوری تەوەرێکی گەورەتر کۆ ببنەوە و بە پێکەوەبوون بە مانای هێزبەخشینی هەمووان بە هەمووان لە پێناو خۆڕاگری و سەرخستنی قۆناخی هاوبەشدا مێژوویەکی دیکە تۆمار بکەن.
ئەم ڕاگەیەندراوە هاوبەشەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، هەم دەرخەری ئەوەیە کە لە کوردستاندا قۆناخێک هاتۆتە ئاراوە کە هەموو لە پەنای یەک دژی دوژمن دەوەستنەوە و هەم نیشان لەوە دەدا کە بڕگەیەکی جیاواز لە کاری سیاسی و خەبات لە کوردستان پێویستە و دەستی پێ دەکرێ.

بە وتەیەکی کورتتر، شۆڕشی ژینا دەبێ بەو قەناعەتەی گەیاندبین کە دەتوانین پێکەوە بین و یەکتر نەشکێنین بەڵکوو هەموومان یەکتر بەهێز بکەین و وردەحیسابی کێ چەندە مەزنترە بهێڵینەوە بۆ گەل، با گەل بڕیار بدا و ئێمە هەموومان بە پێکەوەبوونمان بیسەلمێنین و بە کردەوە نیشانی بدەین کە لە پێناو مانایەکی گەورەتر لە هەمووان و لە پێناو بەرژەوەندیی نیشتمان و نەتەوەکەماندا بە دەوری یەک کۆ دەبینەوە. پێکەوەبوونمان دەیسەلمێنێ کە کوردستانی نیشتمانمان، لە هەمووومان گەورەترە.

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

**١٦ی خەرمانانی ٢٧٢٣**

# ڕزگار ئەمین‌نژاد: ڕەوایی حیزب بەپێی ڕەنسیبی نیشتمانی هەڵدەسەنگێردرێت



**بەشی دووهەم و کۆتایی**

**دیمانە: دیاکۆ دانا**

**ئاماژە:**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای نیزیک بە ٨ دەیە خەبات لەپێناو وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و ڕزگاریی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بە خەباتی بێوچان و دەریایەک خوێن کە بۆ ئامانجەکانی گەلی کورد بەخشیویەتی، ئێستا هیوای هەرەسەرەکیی خەڵک و خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بەڵام پرسی نەتەوایەتی لە ماوەی ئەو دەیان ساڵەدا تاکە تەوەری خەبات و تێکۆشانی حیزب نەبووە. حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی مۆدێرن و سەردەمیانە کە باوەڕی بە دێموکراسی و بایەخە جیهانداگرەکان و دەسەڵاتی گەلی و دێموکراتیک هەیە، واقیگەرایانە ئاوڕی لە هەموو پرسەکانی کۆمەڵگە داوەتەوە، پلانی بۆ داڕشتوون، لە سیاسەتەکانی خۆیدا خوێندنەوەی بۆ کردوون و هەنگاوی پراکتیکی بۆ هەڵگرتوون و تاکەتەور لە داڕشتنی سیاسەتی ئەم حیزبە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بووە. "کوردستان" بۆ تاوتوێکردنی زیاتری کاریگەریی حیزب دێموکرات لەسەر خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە**

خەرمانانی ٢٧٢٣

**کوردستانی ئێران، وتووێژێکی لەگەڵ "ڕزگار ئەمینن‌ژاد"، نووسەر، لێکۆڵەر و کارناسی سیاسی کردووە.**

**دیاکۆ دانا: لە ٧٨ ساڵ تەمەنی حیزبی دێموکرات ئەم حیزبە کەمتر لە ٥ ساڵ بەشێوەی قانوونیی لەنێو خەڵکی کوردستاندا مەجالی تێکۆشان و کاری ڕێکخستنی هەبووە، بەڵام لە بچووکترین دەرفەتەکاندا ناوی حیزب و ڕێبەرانی شەهیدی ئەم حیزبە لە شەقامەکاندا بەرز دەبنەوە. ڕازی مانەوەی ئەم حیزبە و بەتایبەت لەم ڕێگە هەڵەمووت و دژوارەدا بۆ چی دەگەڕێننەوە؟**

**ڕزگار ئەمینن‌ژاد**: گشت پێکهاتەیەکی سیاسی مێژووییەکی هەیە، ئەو مێژووە وێنەییەک لەو حیزبە یا لە بزووتنەوەکە چێ دەکات و وێنەکەش دەبێت بە گێڕانەوە (روایت). وابزانم یەک لەو وێنانەی کە لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا بە جوانی ماوەتەوە، کۆماری کوردستانە. یازدە مانگ دەسەڵاتی کۆماری کوردستان لەسەر بەشێکی کەم لە خاکی کوردستان، گێڕانەوەیەکی بەرهەم هێناوە بە تامی ئازادی. ئازادی زۆر گرینگە چونکە پێوەندیی بە کەرامەتی مرۆڤەوە هەیە. ئەم گێڕانەوەیە بە ناخی ئەدەبیاتی کوردیدا ڕۆچووە، کەوتە سەر زاران و وێنەیەکی لە کوردبوون چێ کرد کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ وەک نۆستالێژی و نۆرمێکی سیاسی سەیر دەکرێت. بۆ نموونە جاران کەسێک دەچوو بۆ پێشمەرگایەتی، دەیانگوت وەدوای کوردایەتی کەوتووە. کوردایەتی لەنێو زمانی ئاکادێمیکیشدا، هەم بە ئینگلیزی و هەم بە فارسی وەک خۆی دەکار دەکرێت و بووە بە تێرمێکی زانستی بۆ پێناسەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی. تەنانەت کوردبوون وەک نۆرم و بایەخ لە ژانرە ئەدەبییەکاندا بەرز نرخاوە، بۆ نموونە شێعرەکەی هێمن کە دەڵێت: "وەرە کورد بە و مەکە پەیمانشکێنی." یا لە شەقامەکانی کوردستاندا زۆرمان بەر گوێ دەکەوت کە لە وەسفی کەسێکی دەرووەست و بەئەخلاقدا دەیانگووت فلانە کەس زۆر کوردە. دواتر لە ساڵانی ٤٦-٤٧ دا ڕۆمانسییەتێکی شۆڕشگێرانەش ئاوێتەی ئەو گێڕانەوەیە دەبێت و لە ئینقیلابی ١٣٥٧دا حیزبی دێموکرات بەرهەمەکەی لێ هەڵدەگرێتەوە. ئەو پازانە بەگشتی حیزبی دێموکراتی کرد بە دیاردەیەکی ئەنتەرسەبجەکتیڤ، واتە وەک سووژەیەکی سیاسی لە زەینی کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە و لەو پرسانەی پێوەندی بە کوردە، ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت. بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خولی یەکەمی مەجلیس لە ساڵی ١٣٥٨ ناوی ئەندامانی ئەو حیزبە لە سندووقی دەنگدان دێتەدەر، بۆ وتووێژەکان لەسەر پرسی کورد ئەو حیزبە دەبێتە بەردەنگی ڕێژیم، جێگای ئەو حیزبە لە هاوپەیمانەتی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیشدا دیاریکەر بوو.

ڕەهەندێکی دیکەش هەیە کە وابزانم زۆر گرینگە بۆ ڕەواییدان بە حیزبێکی سیاسی و ئەویش پرەنسیبی نیشتمانییە. پرەنسیپی نیشتمانی لە گوتار و بڕیارە چارەنووسازەکانی حیزبێکی سیاسیدا دەردەکەوێت. حیزبی دێموکرات هەڵە و شکستی زۆری هەبووە و وابزانم کەس ئامادە نابێت نکۆڵییان لێ بکات، بۆ نموونە لە شەڕی نێوخویی تێوەگلاوە، چەند جار تووشی



سەرچاوە
Serchawe

ئینشیعاب بووە و لەباری ستراتیژیی چەکدارییشەوە هەتا پشت سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاشەکشەی کردووە. بەڵام ئەو شتەی لە مێژوودا تیشکی دەخرێتە سەر، پرەنسیپی نیشتمانی و گوتاری کوردستانی ئەو حیزبەیە. حیزبی دێموکرات لە هیچ قۆناغێکدا وازی لە بەرپرسیارێتیی نیشتمانی نەهێناوە و بە قازانجی حیزبەکەی، گەمەی بە پرسی کورد نەکردووە. نموونە زۆرن بۆ پیشاندانی وەها پرەنسیپێک بەتایبەت لە دانیشتنەکانی لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمدا، لە شێوەی تەعامولی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە و هەروەها لە تەعامولکردن لەگەل حیزبی پارچەکانی دیکەی کوردستان. لەوانەیە گێڕانەوە کارایی هەبێت لەسەر حوزووری زەینیی ئەو حیزبە لە یادەوەرییدا، بەڵام ڕەوایی و قورسایی حیزبێکی سیاسی بە پێی پرەنسیپی نیشتیمانیی هەڵدەسەنگێردرێت.

**دیاکۆ دانا**: پێتان وایە شوێندانانی حیزبی دێموکرات لەسەر بزاوت سیاسی و ناسیۆنالیستیی کورد هەر لە ڕۆژهەڵات بووە، یان پەلی بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هاویشتووە؟

**ڕزگار ئەمین‌نژاد**: شوێندانی بیر یا کولتوورێکی سیاسی، دوو لایەنیە. نابێ ئەوەمان لەبیر بچێتەوە کە پرسی کورد دیاردەییەکی قاییم بە زاتە لەنێو کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستاندا. سروشتییە کاتێ خەباتی بەشێک لە پارچەکانی کوردستان چالاک بێت، ژێلەمۆی خەباتی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دەگەشێتەوە. بۆ نموونە کۆماری کوردستان و ئەزموونی حیزبایەتی لە کۆمار وێنەیەکی کارا بوو بۆ دامەزرانی پارتی دێموکرات و هاتنە ڕۆژەڤی ئۆتۆنۆمی لە باشووری کوردستان. بە هەمان شێوەش شۆڕشی ئەیلول تا ساڵی ١٣٤٦ گیانێکی نوێی کرد بە بەری چالاکانی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم سیکلی کارتێکەرییە ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەردەوامە و بەتایبەت لەو دوو بەشەی کوردستان کە لە زۆر قۆناغدا خەباتەکەیان وەها ئاوێتەی یەکتر بووە کە تووشی چارەنووسی هاوبەش دەبوون، بۆ نموونە هاوپشتیی ستراتیژیکی یەکیەتیی نیشتیمانی و حیزبی دێموکرات لە ساڵانی ١٩٨٠دا و هەروەها چەسپاندنی فیدراڵیزم لە دروشمی ستراتیژیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵانی ٢٠٠٠ دا. وەک دەبینین ئەو کارتێکەرییە هەر لە نێوەرۆکی ناسیۆنالیزمی کوردیدا دەرناکەوێت بەڵکوو کارکردی سیاسی حیزبی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دەگرێتەوە. شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وای کردووە کە پرستیژی سیاسی و پرەنسیبی نیشتیمانیی حیزبەکانی باشووری کوردستان دیاری بکات. هەر ئەم دۆخە وا دەکات کە حیزبەکانی باشوور لە تەعامول لەگەڵ ڕێژیمی ئێراندا هەستیارتر بن. پشتکردن لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمڕۆدا نەک ڕیسکێکی گەورەیە بۆ ڕەوایی حیزبی بەشەکانی دیکەی کوردستان لەنێو جەماوەر و لایەنگرانی خۆیان، بەڵکوو دەبێتە هۆکاری شکستهێنانی عاملییەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین.



سەرچاوە
Serchawe

**دیاکۆ دانا**: دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دێموکرات لە سەردەمی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف ڕا و لە ماوەی هەشت دەیەی ڕابردوودا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. چۆن باس لە ڕەوتی ئەم ئاڵوگۆڕانە لە دروشمی ستراتیژیی حیزبدا دەکەن و بەڕوونی لە ڕوانگەی ئێوەوە چەندە واقعبینانە بووە؟

**ڕزگار ئەمین‌نژاد**: بەر لە وەڵامدانەوە بەم پرسیارە دەبێ لە خۆمان بپرسین واقعبینی چییە؟ واقعبینی لای من یانی دۆزینەوەی سێنتێزێک لەنێوان ئەو خەونانەی مومکینن و ئەگەری هاتنەدی ئەو خەونانە. بۆ نموونە ئاشتی لە جیهاندا مووومکینە، بەڵام بەرژەوەندیی و ئاڕایشتی زلهێزەکان لە ئێستادا، ئیحتیمالی ئەو ئاشتییە کەم دەکاتەوە. کەوایە دیاریکردنی ستراتیژی و هەروەها تاکتیکی سیاسی حیزبەکانیش لەم مەنتقەوە سەرچاوە دەگرێت. ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ یەک لەو نموونانەیە، سەرەڕای ئەوە کە دوو خوێندنەوەی جیاواز بۆ واقعی کۆمار هەیە و بەشێک لە توێژەران باوەڕیان وایە کە دامەزراندنی کۆمار ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانە و بەشێکی دیکەش پێیان وایە کۆماری کوردستان کۆمارێکی خودموختار بوو- وەک کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەت، بەهەرحاڵ هەر دوو حاڵەتەکە لە بەستێنێکدا هاتە دی کە لەو سەردەمەدا هەم مووومکین بووە و هەم ئیحتمالەکەی زۆر بووە.

لە دوای کۆنگرەی دوویەمەوە حیزبی دێموکرات کار بۆ داڕشتنی ستراتیژییەک دەکات کە چ لەباری تیۆریک و چ لەباری پراکتیکەوە دەرفەت بۆ عاملییەتی سیاسی حیزب لەنێو گەمەی سیاسی ئێراندا بکاتەوە. بۆیە لە کۆنگرەی سێیەمدا دروشمی ستراتیژیکی حیزب دەبێت بە: «دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان». بەدوای سەرکەوتنی ئینقلاب، دارشتنی چوارچێوەییەکی تیۆریک و گەڵاڵەیەکی حقووقی بۆ خودموختاری دەبێ بە زەروورەت، چونکە داواکە دەبێت بە داوای گشتی لە کوردستاندا. ئەو گەڵاڵەیە کە لەژێر چاوەدێریی باشترین کارناسانی یاسا لە ئاستی ئێراندا ئامادە کرابوو، لەلایەن بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیشەوە پەسند دەکرێت و لەوەش گرینگتر دەچێتە سەر مێزی وتووێژی حیزبە کوردستانییەکان و دەوڵەتی یەکەم لە دوای ئینقلابی ١٣٥٧. ئێستا ئەو وتووێژانە چ ئاکامێکی لێ کەوتەوە باسێکی دیکەیە، بەڵام مەبەستی من واقعبینیی ئەو گەڵاڵە سیاسییەیە لە کاتی خۆیدا. چونکە هەم مووومکین بوو هەم ئیحتمالی جێبەجێکردنی هەبوو ئەگەر شەپۆلی خومەینیزم لە بەردەم ئازادی و دێموکراتیزەکردنی ئێران نەبوایە بە کۆسپ.

لە کۆنگرەی سێزدەیەمدا "فیدراڵیزم لە ئێرانێکی دێموکراتیک" جێگای دروشمی ستراتیژی پێشوو دەگرێتەوە. ڕێگام بدەن ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ ئەم بژاردەییە بێنمە بەر باس. لەگەڵ ئەوەیدا کە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی بەرەو فازێکی دێموکراتیک بچێت، هەم مومکینە و هەم ئەگەریشی هەیە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە زەرفییەتی ئێرانییەکان بۆ بەڕەورووبوونەوە لە گەڵ داخوازییە دێموکراتیک و نەتەوەییەکان تا چەندە؟ ئەوەی تا ئێستا دیارە، تێگەیشتنی

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی - بە کۆماریخواز و مەشرووتەخوازەوە- لەمەڕ دێموکراسی جیاوازییەکی بنەڕەتیی هەیە لەگەڵ تێگەیشتنی کورد و بەلووچ و عەرەبەکان. مۆدێلی دێمۆکراسی ئەوان سێمولاتیڤ یا بە فارسییەکەی تەقلیدییە و لای پێکهاتە نەتەوەیی و زمانییەکان کاتالیکە. بەڵام بە زمانێکی سادە عەرزتان بکەم: ئەگەر زۆر خۆشبینانە سەیریان بکەین ئەوان لەبیری دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیکن بۆ دەستەبەرکردنی مافی شارومەندی لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ. بەڵام پێکهاتە نەتەوەییەکان دێموکراسی وەک دەرفەتێک دەبینن بۆ دیارییکردنی مافی چارەنووس. ئەم دوو ڕوانگەیە ناتەبان و ناکۆکییەکان زۆر لەوە جیددیترن کە بتوانێ کۆمان بکاتەوە. کەوایە ئەم دروشمی ستراتیژیکە باز بەسەر بابەتێکی بنەڕەتیدا دەدات بە ناوی دێموکراسی کە ئەگەرەکەی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد زۆر لاوازە و ئەوەی لەو دروشمە ستراتیژییەدا گۆڕاوە، فۆڕمی داخوازییە نەتەوەییەکانە. حیزبی دێموکرات پێوستیی بەوە نییە ڕوانگەیەکی فۆرماڵی هەبێت بۆ دێموکراسی، لە کاتێکدا هیچ کام لە زەمینەکانی یەکسانی بۆ کورد لەئارادا نییە. ئەو دێموکراسییە تەقلیدییە کە ئێرانییەکان پێداگریی لەسەر دەکەن دەبێ لەسەر وڵاتێک تاقی بکرێتەوە کە وەک مارکس دەڵێت پێشمەرجی وەدیهاتنی ئازادی ڕاستەقینە بۆ هاوڵاتیان فەراهەم کراو بێت، کۆتایی بە ڕووکردی کۆلۆنیالیستی هێنابێت و لەوەش گرینگتر دەرفەتی یەکسانیی سیاسی و ئابووریش بۆ هەموو کەس و پێکهاتەیەک لەئارادا بێت. بەڕاستی نابێ پرسیار لە خۆمان بکەین کە لەم دۆخە قەیراناوییەی ئێران و نەبوونی گشت ئەو پێشمەرجانەی باسم کرد، دێموکراسی چی دەگۆڕێت؟ ئێرانییەکان بە گشتی و کورد بەتایبەتی پێویستیان بە پێناسەییەکە بۆ ئێرانی بوون. واتە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەی حیزبدا چ ئێرانێکە و مەرجەکانی مانەوەی کورد لەو ئێرانەدا کامانەن. دەبێ ئەم بۆچوونە ڕەخنەگرانەیە لەمەڕ دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی فۆرمولە بکرێت و لە تویێ دروشمێکدا داڕێژرێت. کۆمەڵگەی مەدەنی و سیاسی و هەروەها خەڵک بەگشتی چاوەڕوانی وەها بڕیارێکی بوێرانەن بەڵکوو حیزبە کوردستانییەکان خۆیان ساغ بکەنەوە و ئامانج و دروشمێک دیاریی بکەن کە لەگەڵ ڕوح و شعووری نەتەوەیی ئەم نەوەیەدا تەبا بێت و بە دڵنیاییەوە خەڵک بە پانەوە دەچنە پشت وەها بڕیارێک، وەک نموونەکەی خودموختاری.

ئێستا با بێنە سەر فۆرمی داخوازییە نەتەوەییەکان. خودموختاری یا ئۆتۆنۆمی تایبەتمەندییەکی "خۆ-دێتێرمێنیستیانە"ی هەبوو. دێتێرمینەیشن لە ڕوانگەی کانتەوە پێوەندی هەیە بە دیاریکردنی چارەی خۆنووسین واتە قوتاربوون لە چارەنووسی مێتافیزیکی، یا هێزێک کە لە دەرەوەی ئیرادەی تاک چارەنووس دیاریی دەکات. دواتر لە سەدەی نۆزدەیەمدا ئەم چەمکە لەلایەن فیتشەر و هایدگێر لە کۆنتێکستێکی سیاسیدا شرۆڤە دەکرێت و دەبێت بە دۆکترینی گەڕانەوە بۆ "خود" و دیاریکردنی چارەنووس لەسەر بنەما زەمینییەکانی زمان-کولتوور. کەوایە خودموختاری پرسی کوردی کرد بە پرسی نەتەوەیەک کە قایم بە زاتی خۆییەتی واتە ماهییەتێکی زاتخوازانەی هەیە. بەڵام فیدراڵیزم ماهییەتێکی ئینتەگراتیڤی هەیە واتە سیستەمێکی وەخۆگرە بۆ یەکپارچە کردن. ئەمە بەشێکی ڕەخنەکانە، یەک لە ڕەخنەکانی دیکە ئامارییە، واتە لە

ڕێفراندۆمێکدا کە بۆ دیاریکردنی فۆڕمی دەسەڵات لە ئێران بەڕێوە بچێت، بژاری فیدراڵیزم تا چەند ئەگەری هەیە دەنگ بێنێتەوە؟ کاتێ بەراوردی ڕێژەیی کەڵەکەبوونی سەرمایە لە پارێزگاکان و بەربڵاویی حەشیمەت لە ئێران دەکەین، دەبینین ئەو ئەگەرە زۆر لاوازە. وەک دیارە ئەم دروشمە ڕەهەندی ئیحتیمالاتی لەبەرچاو نەگرتووە کە فاکتۆرێکی بەهێزە بۆ واقعبینی.

گەڵاڵەی فیدراڵیزم کەم کەم خەریکە ماوەی بەسەر دەچێت چونکە ئاراستەی زاتخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووی لە گەشەیە. لەم سەردەمەدا دیاریکردنی ستراتیژی بە میکانیزمی دیکەوە گرێ دراوە، بۆ نموونە ڕووداوەکانی ئەم ساڵانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست باس لە ماتریسێکی سیاسی دەکات کە زلهێزەکان دایدەڕێژن. بەداخەوە عاملییەتی حیزبە سیاسییەکان کەمتر ڕۆڵیان هەیە لە گۆڕانی دۆخەکە و ئەو شتەی کە ڕۆڵ دەگێڕێت هێزە و چۆنیەتیی گەمەکردن لەو ماتریسانەدایە کە لە دەرەوەی ئیرادەی بزووتنەوە سیاسییەکانن، بۆ نموونە ڕووداوەکانی سووریە، عێراق، لوبنان و هتد. وابزانم حیزبە کوردستانییەکان دەبێ لەبیری ستراتیژییەک بن بۆ هاوبەشکردنی شەقام، واتە بەشێکی زۆر لە عاملییەتی سیاسی بۆ شەقام بگەڕێننەوە. هەنووکە لە جیهاندا ڕۆڵی حیزب لە ڕێبەریکردنی جووڵانەوەڕا (مۆدێلی لێنین) بۆ نوێنەرایەتیکردن گۆڕاوە بۆ (مۆدێلی دێموکراتیک). حیزبی دێموکرات لە دروشمی ستراتیژیی خۆیدا پێویستە نوێنەرایەتی داواییەکی قایم بە زات بکات و بە داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس ڕازی بێت، بەڵام فۆڕمی داخوازییە نەتەوەییەکە دابنێت بۆ ڕێفراندۆمێکی کوردستانی بەڵکوو خەڵک بڕیاری خۆی بدات. وابزانم ئەم ڕووکردە هەم دێموکراتیک ترە و هەم زەمینە بۆ عاملیەتی شەقامیش خۆش دەکات. لە بیرمان نەچێت کە ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە ئاکتێڤیستەکان ئاقاری گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دیاری دەکەن.

**دیاکۆ دانا:** لە ٧٨ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەرفەتەکانی بەردەم حیزبی دێموکرات کامانەن؟ هەڕەشەکانی سەر ئەم حیزبە چین؟

**ڕزگار ئەمین‌نژاد:** هەڕەشە و دەرفەت بەشێکن لە ژین - جیهانی حیزبی سیاسی. واتە حیزب بەرهەمی دەرفەتەکانە و دەرفەتەکانیش بێ کێشە نین. کەوایە دەرفەت لە خۆیدا هەڕەشەیە و لە زۆر حاڵەتدا دەکرێ هەڕەشەکان بکەین بە دەرفەت. حیزبە کوردستانییەکان هەنووکە لە قۆناغێکی هەستیاردان و ئەم دۆخە وا دەکات کە دەرفەت و هەڕەشەکان لە جاران زیاتر بن. ئەم دۆخە هەستیارە پێوەندی بە دو پارامێترەوە هەیە: یەکەم دۆخی ناجێگیری ڕێژیمە و دوویەم پوتانسیێلێکە کە لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردستاندا هەست پێ دەکرێت. سەبارەت بە ڕێژیم دەبێ عەرزتان بکەم کە کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتووەتە ئەو قۆناغەی کە هانا ئارێنت پێی دەڵێت فازی سێیەمی تۆتالیتاریزم. بەپێی ئەم بۆچوونە؛

فازی یەکەمی ڕێـژیمە تۆتالیتارییەکان کۆدەنگییە، فازی دوویەم پاکانە حساب و یەکدەنگ کردنە و کاتێ دەزگای پرۆپاگاندا دەرەقەتی بووژاندنەوەی ئیدئۆلۆژییەکەی نەهات ئەوا ناچارە پشت بە دەزگای سەرکوت و تۆقاندن ببەستێت، واتە فازی سێیەم. بەڵام ئەم فازی سێیەمە پێویستیی بە دەستمایەییەکی بەهێز هەیە کە ڕێژیم نییەتی، هەڵاوسانی ئابووری لە ئێران و هەروەها پاشەکشەی ڕێژیم لە ئاست وڵاتانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی دراوسێش شاهیدی بۆ ئەم بۆچوونە دەدەن. کەوایە ئێران تووشی قەیرانێکی جیددی هاتووە. هەڵبەت قەیران هەر شتە عەینییەکان نین بەڵکوو ڕووکردی زەینییش ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە دەرکەوتنی قەیران. قەیران لە ڕوانگەی ئانتۆنی گرامشییەوە کاتێ دێتە دی کە لە لایەکەوە سیستەمی کۆن و سیاسەتە ناکارامەکانی وڵامدەری داخوازییەکانی نەوەی نوێ نابن و لەلایەکی دیکەشەوە ڕێژیم بۆ مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا ڕێ لە هەر چەشنە مۆدێلێکی دیکەی سیاسی دەگرێت. لە وەها دۆخێکدا ئەو هێزەی کە ڕۆڵی دەبێت لە ڕووخاندنی سیستەمی کۆن و ڕێژیمە ناکارامەکەی، ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسی یا مۆدێلێکی عەقڵانی نییە بۆ سیاسەت کردن بەڵکوو قەیرانەکان کۆمەڵگە وەها تووشی بشێویی دەکات کە بەداخەوە ئەو پێکهاتانە ڕۆڵیان دەبێت کە پابەند بە ئوسوولی سیاسی و نۆرمە مرۆییەکان نین وەک ئینقلابی ساڵی ١٣٥٧. کەوایە قەیرانەکانی ئێران تەنیا هەڕەشە نین بۆ ڕێژیم بەڵکوو بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردستانییەکانیش هەڕەشەن. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەو هەڕەشەیە بکرێت بە دەرفەت؟ تۆماس سپرینگێز پێی وایە قووڵترین و داهێنانەترین هزرە سیاسییەکان هەمیشە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانەکاندا هاتوونەتە ئاراوە. ڕەوەندی هاتنەئارای هزرێکی داهێنەرانە لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ قەیراندا، بە بۆچوونی سپرینگێز، لە تێگەیشتن لە قەیرانەکەوە دەست پێدەکات، دواتر لە کاتی ئانالایزی دۆخەکەدا بیری نوێ لەدایک دەبێت و دواجار لەسەر باشترین چارەسەریی ساغمان دەکاتەوە. مەنتقی دەروونی ئەم سیستەمە هزرییە پێمان دەڵێت کە ئەرک و بەرپرسیارەتی حیزبەکان تا چەند قورسە و سروشتییە کە وەها سیستەمێکی هزری هەر بە ئەندامانی حیزبێکی سیاسی ناکرێت بەڵکوو پێویستیی بە خوێندنەوەیەکی کارناسانەیە. حیزبی دێموکرات پێویستە پێداچوونەوەیەکی جیددی بە دێموکراسی دەروون حیزبیدا بکاتەوە بەڵکوو ئەو ئاستەنگانە لابدات کە ڕێگرن بۆ بەشدارکردنی نوخبەی ئاکادێمک لە ئاستی بڕیار و پلاندانانی حیزبدا.

سەبارەت بە پوتانسێلی کۆمەڵایەتیش دەبێ عەرزتان بکەم کە ئێمە لە کۆمەڵگەی یەکدەست و نەریتی تێپەڕیوین بەرەو کۆمەڵگەییەکی فرەچەشن بەڕێوەین کە ئەمە لە خۆیدا مەنتقی مۆدێرنیزمە. وەها ترانسفۆرماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی لە خۆیدا قەیرانی فرەچەشنیشی لێدەکەوێتەوە و ئەگەر حیزب لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا هەستیار بێت، دەتوانێ بیکات بە دەرفەت. لە وڵامی یەک لە پرسیارەکانی بەشی یەکەم ئاماژەم بە تێرمی مێتابۆلیزمی حەشیمەتی کرد. کۆمەڵگەی ئێران و بەتایبەتی کوردستان نەوەیەکی بەرهەم هێناوە کە لە زۆر بوارانـدا وەک ئێمە ناچن و تەنانەت ئێمەشیان قبووڵ نییە. ئاستی خوێندەواری، ستایلی ژیان و بەتایبەت جموجۆڵە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتی بەم نەوەیە داوە بەڵکوو لە پاڕادایمی

خەرمانانی ٢٧٢٣

ڕۆشنبیری تێپەڕن. هەنووکە ڕۆشنبیر نە ئەو ئیعیبارەی جارانی ماوە و نە ڕۆڵ دەگێڕێت لە بەرهەمهێنانی هزر و بیری نوێدا. ئەو شتەی کارناسانی پەروەردە پێی دەڵێن "دیجیتاڵ لیتەراسی" ئەمرۆ بەڕادەیەک پەرەی سەندووە کە تەنانەت مامۆستاکانی قوتابخانەش مەرجەع نەماون بۆ فێرکاری و ڕاهێنان. کەوایە نەک ڕۆڵی ڕۆشنبیر بەڵکوو دامەزراوە مەدەنی و سیاسییەکانیش چی دی مەرجەعی زانیاریی و ئاگایی نەماون و سروشتییە کە کۆمەڵگە چاوەڕێی داهێنانی تییۆری نوێ لەوان ناکات چونکە خۆیان لە ڕێگای پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیاوە ئاگاداری گۆڕانکارییە هزری و کولتوورییەکان هەن. چاوەڕوانیی نەوەی نوێ لە حیزبەکان، پراکتیکێکی سیاسییە کە هەستی هاوچارەنووسیی و وێناکردنی جڤات و پێکەوەبوون بەهێز بکات، وەکوو چۆن تیۆریی کوردایەتی لە ساڵانی ڕابردوودا کردی. کەوایە سەرەتا دەبێ لە زمانەوە دەست پێ بکەین چونکە زمانی ئەم نەوەیە جیاوازیی هەیە لەگەڵ زمانی ئێمە و سروشتییە کە جیاوازیی زمان بە بۆچوونی ویتگێنشتیان دەلالەت لە واقعی جیاواز دەکات. لە ڕۆژانی شۆڕشی ژینادا ئێمە بینیمان کە لێدوانی بەرپرسانی حیزبی هێندێ جار دژ بەیەک و لە زۆر حاڵەتدا مەودایەکی زۆری هەبوو لەگەڵ ئەو زمانەی کە نەوەی ئەمرۆ بۆچوونی خۆی پێ دەردەبڕێت. ئەمە بە ئێمە دەڵێت حیزبەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکرات پێویستی بە قبووڵکردنی ئەو مێتابۆلیزمی حەشیمەتییە هەیە و لە ئاستی ڕێبەرایەتی و ڕاگەیاندندا دەبێ هاوسەنگییەک دروست بکات لەنێوان گونجاندن و ڕێکخستنی نەوەی نوێ لە ڕیزی ڕێبەراییەتی حیزبەکەیدا و هەروەها پێداچوونەوەیەک بۆ زمانی دەربڕینی حیزب بکات. زمانێک نەتوانێ وێنەیەکی جڤاتی (جمعی) بخوڵقێنێت، ئەو زمانە کارایی نەماوە. با بە گشت لایەکمانەوە هەوڵ بدەین حیزبی دێموکرات گرفتاری سێندرۆمی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نەیەت. دابڕانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەو مێتابولیزمی حەشیمەتییە وای کردووە کە لە ئاستی ڕێبەریدا پیر و لە باری هزرییەوە خۆپارێز و لە باری پراکتیکی سیاسیشەوە کەم جووڵە بن. هیوادارم حیزبی دێموکرات قەت تووشی وەها چارەنووسێک نەیەت، حیزبێک کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت خەڵک بە چاوی هیواوە لێی دەڕوانن.

١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# هێزی پشت دەزگای تیرۆری ئێران




سپای تاک - جاناتان برۆدەر

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

بۆ ماوەی دەیان ساڵ سوپای پاسدارانی ئێران یەک ڕوخساری بەرەو دنیای دەرەوەدا هەبوو: ژەنراڵ قاسم سولەیمانی، داڕێژەری بڕوابەخۆ و خاوەن کاریزمای ئۆپەراسیۆنە سەربازی و هەواڵگرییەکانی تاران لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست. کاتێک لە جانیوەری ٢٠٢٠، هێرشێکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئەمریکایی ئەوی لە بەغدا کوشت، ڕێژیمی ئێران تازیەباری لەکیس چوونی قارەمانێکی پلەبەرزی خۆی بوو. بەڵام ئێرانییەک هەبوو کە ڕەنگبێ بەوە خەمبار نەبوو: بەرپرسی سولەیمانی، ژەنراڵ حوسێن سەلامی، فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران لە تا کوژرانی سولەیمانی، کەسێکی خاوەن دەسەڵات بەڵام بیرۆکراتێکی ناوبزر لە دامودەزگای تەشەنەستێنی ئەمنییەتیی ئێران بوو. بەڵام لە دوای ئەوە، سەلامیی ٦٣ ساڵە بە هێزەوە هاتۆتە سەر شانۆ و بەردەوام دێتە بەر دیدی جەماوەر تا وتاری ئاگرین پێشکەش بکات و لەواندا هەڕەشە لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات و بەڵێنی سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشەکان دەدات و، لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا سوپای پاسداران ڕۆڵی سەرەکیی بووە لە قەڵاچۆکردنی ئەو ژنانەی دژی داواکارییە دواکەوتووەکانی حیجاب و

پێشێلکارییەکانی گەشتی ئیرشاد وێستاونەوە. ئەوەی ئەو سەرۆکە تێرۆریستە لە کاریزمادا کەمی دێنێ، بەزیادەوە لە هێزی ڕووتدا تێی هەڵدێنێتەوە.

داگلاس لەندەن، کارمەندێکی ٣٤ ساڵەی خاوەنئەزموونی سی ئای ئەی کە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا خزمەتی کردووە دەڵێ، "ڕەنگبێ سەلامی تاکە فرمێسکێکی لە کاتی کوژرانی سولەیمانیدا نەڕشتبێ، چونکە کاتێک سەلامی فەرماندەی سوپای پاسداران بوو، ئەوە هەمیشە سولەیمانی بوو لەلای ڕاستی ڕێبەری گەورە عەلی خامنەیی دادەنیشت. ڕەنگبێ سەلامی هەستی کردبێ دەتوانێ کەڵک لە کوژرانی سولەیمانی بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکەی بە لێدوانی وروژێنەرانە وەرگرێ".

لەو دواییانەدا سەلامی لە لێدوانەکانیدا زۆرتر باسی ناردنی هێزی زیاتر لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بۆ کەنداوی فارسی کردووە کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن دەڵێ بۆ بەرپەرچدانەوەی دەستبەسەرداگرتنەکان و جاڕزکردنەکانی سوپای پاسدارن دژی پاپۆڕەوانیی نێودەوڵەتی لە ڕێگا ئاوییەکانی ستراتێژیکدا ڕەچاوی کردووە. تەنیا لە دوو ساڵی ڕابردوودا، هێزی دەریایی ئەمریکا ٢٠ ڕووداوی بژاردوون کە لەواندا سوپای پاسداران لە کەنداو هێرشی کردووە، دەستی بە سەر پاپۆڕی بازرگانی داگرتووە یان جاڕزی کردوون و ئێران وەک "هەڕەشەیەکی ئاشکرا بۆ سەر ئاسایشی دەریایی ناوچە و ئابووری جیهان" وەسف دەکرێ.

لە وەڵامێکی سەرکێشانەدا لە مانگی جولای، سەلامی فەرمانی مانۆڕی سەربازیی سوپای پاسدارانی لە کەنداو دا کە هێزی دەریایی و ویشکانی دەگرتنە خۆ. سەلامی لە کاتی مانۆڕەکەدا گوتی، "پێویست بە هێزی سەربازیی ئەمریکایی یان ئورووپایی لە کەنداو ناکات،" و هەڕەشەی کرد سوپای پاسداران "توانای وەڵامدانەوەی هەر کردەوەی هەڵەی ئەمریکاییەکانی هەیە، لە ناویاندا بە دەستبەسەرداگرتنی پاپۆڕان".

لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای دەرکەوتنی بە ژاوەژاوی سەلامی، چەند پسپۆڕی کاروباری ئێران لە خۆرئاوا، لەناویاندا چەند کاربەدەستی پێشووی سەربازی و هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان کە "سپای تاک" وتووێژی لەگەڵدا کردوون، گوتیان شتێکی زیاتر لە ژیاننامەی فەرمیی ناوبراو نازانن. سی ئای ئەی کە بە شێوەی نەریتی پرۆفایلی نەیارانی بەرچاوی خۆی ئامادە دەکات، خۆی لە درکاندنی وردەکارییەکانی ژیانی تاکەکەسیی سەلامی یان بۆچوونەکانی زیاتر لە کەسایەتییە توندئاژۆیە فەرمییەکەی بوارد. هەواڵگریی ئەوتۆ دەتوانێ لە کاتێکدا بەڕێوەبەرایەتیی بایدن و تاران بەرەو گۆڕینەوەی زیندانییان و ئازادکردنی دراوی سڕکراوی ئێران و ئەگەری سنووردارکردنی بەرنامەی ناوکی ئێران، یەکلاکەرەوە بێ.

## چیرۆکی ڕەچەڵەک

بەگوێرەی زانیاریی ئێرانی، ئەمریکایی و ئیسرائیلی، سەلامی لە ساڵێ ١٩٦٠ لە گوندی بچووکی گۆلپایەگان لە ناوەندی ئێران و پارێزگای کەمئاوی ئیسفەهان لەدایک بووە. پاش تێپەڕکردنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی لەو گوندە، سەلامی لە تاقیکارییەکدا بە مەبەستی بورسیەی خوێندن لە زانکۆی زانست و تەکنەلۆژیی تاران لە ١٩٧٨ دا بەشدار بوو. عەلی ئالفۆنە، پسپۆڕێکی پرسی ئێران لە ئەنستیتۆی وڵاتانی عەرەبی کەنداو لە واشینگتۆن دەڵێ، "گواستنەوە لە لە ١٩٦٠ لە گوندێکی بچووکی پارێزگای ئیسفەهان بۆ تاران، وەکوو گواستنەوە لە شوێنێکی گەلێک بچووکی میشیگان بۆ مانهاتانە. ئەو ئەوکارەی بەهۆی پەیوەندیی بنەماڵەیی یان دەوڵەمەندیی نەکرد، بەڵکو ئەو خوێندکارێکی ژیر بوو و گەلێک کاری بۆ کردبوو".

بەڵام خوێندنی زانکۆ لە تاران بۆ سەلامی هاوکات بوو لەگەڵ شۆڕشی جەماوەریی دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لەو وڵاتە، واتە محەممەدڕەزا پەهلەوی، کە بووە هۆی ڕووخانی دەسەڵاتەکەی لە ١٩٧٩. بە گوتەی ئالفۆنە و پسپۆڕی دیکەی پرسی ئێران، هیچ بەڵگەیەک بۆ پشتڕاستکردنەوەی بوونی ڕوانگەی شۆڕشگێڕیی سەلامی و بەشداریی ناوبراو لە خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران دژی شا لەگۆڕێدا نییە. لە ١٩٨٠دەسەڵاتدارە نوێیەکانی ئێران زانکۆکانی وڵاتیان داخست و مامۆستا سێکولارەکانیان لەسەر کار لابرد و پلانی خوێندنی ئیسلامییان بۆ خوێندکارەکان داڕشت. پاشان، لە سێپتەمبەری ئەوساڵە، عێراق ئێرانی داگیر کرد. بە داخرانی زانکۆکەی و بوونی ئێران لەژێر هێرشدا، سەلامیی تەمەن ٢٠ ساڵ، وەک زۆرێک لە لاوە کۆنەپارێزەکانی دیکە وەک کارێکی نیشتمانپەروەرانە و پراگماتیستی، چوونە نێو سوپای پاسداران کە ئەوکات تازە دامەزرابوو. بە گوتەی ئالفۆنە، سوپای پاسداران مووچەی دەدا و شوێنی حاوانە و خواردنی دابین دەکرد.

سەلامی پێشدا لە پارێزگاکانی باکووری خۆرئاوای ئێران، شوێنێک کە کوردەکان خەریکی شەڕ دژی دەسەڵاتی ناوەندیی تاران بوون، چاوی بە شەڕ کەوت. ساڵێک دواتر، تیپی ناوبراو نێردرا بۆ باشوور دژی داگیرکەرانی عێراق. لەوێ سەلامی شاهیدی شەپۆلە مرۆییەکانی سوپای پاسداران لە کاتی هێرشدا بوو کە دەبوونە هۆی کوژرانی هەزاران کەس، بەڵام لە کۆتاییدا عێراقییەکان لە خاکی ئێران وەدەر نران. ئەوە وانەی بەرگری بوو کە ئەو قەت لەبیری نەکرد و لێیان فێر بوو. ئاننی-ترەیسی ساموئێل، پسپۆڕێکی پرسی ئێران لە زانکۆی تێنێسی و نووسەری کتێبی تازە چاپکراوی "چیرۆکی ناتەواوی جەنگی ئێران-عێراق" دەڵێ، "لە نووسراوەکان و لێدوانەکانیدا، سەلامی بەردەوام جەخت لەسەر گرینگیی وانەکانی جەنگی ئێران - عێراق و شێوەی کەڵکلێوەرگرتنیان لە ئاسایشی ئەمڕۆی ئێراندا دەکاتەوە. ئەو هەمیشە باسی گرینگیی



سەرچاوە
Serchawe

ستراتیژییە ناهاوشێوە و ئەو تاکتیکانە دەکات کە ئێزن بە ئێران دەدەن بەرەوڕووی ڕکەبەری بەهێزتر بێتەوە".

## چوون بۆ دەریا

لە سێپتەمبەری ١٩٨٥، سەلامی پلەی بەرز کرایەوە و گوسترایەوە بۆ یەکەی دەریایی سوپای پاسداران، کە دەستپێشخەری ئۆپەراسیۆنی سەر زەوی و دەریایی لە ناوچە قامیشەڵانەکانی عێراق و دەوروبەری ئابادان و شاری ڕۆخیی خوڕەمشار لە ڕێگا ئاوییەکەی شەتولعەرەب بوو.

کاتێک شەڕ بە شێوەی بێئاکام لە ١٩٨٨ کۆتایی هات، سەلامی بڕیاری دا برەو بە پیشەی خۆی لە نێو سوپای پاسداراندا بدا. لە کاتێکدا گەلێک لە هاوپیشەکانی لە سوپای پاسداران ڕوویان کردە کۆمپانیای بیناسازی کە هی سوپای پاسداران بوون، فەرماندەکانی سەلامی ناوبراویان ناردەوە زانکۆ تا بەڵگەنامەی زانکۆ لە ئەندازیاریی میکانیک وەرگرێ. لە ١٩٩٢، ئەو وەک فەرماندەی کۆلێژی کارمەندانی سوپای پاسداران دەستنیشان کرا و لەوێ بۆ ماوەی پێنج ساڵ خزمەتی کرد و پلانی خوێندنی شەڕی ناهاوشێوەی سوپای پاسدارانی داڕشت. ئالفۆنە دەڵێ، ئەوە لەوێ بوو کە سەلامی پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ ئەفسەرانی سوپای پاسداران دامەزراند کە دواتر ڕێگایان بۆ هەڵکشان لەنێو سوپای پاسداراندا خۆش کرد. ئەو دەڵێ، "سەلامی بوو بە بەشێک لە ڕایەڵەی کوڕە دێرینەکانی سوپای پاسداران".

لە ١٩٩٧ سەلامی پلەی بەرز کرایەوە و ئەمجارە بوو بە جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای پاسداران، پلەیەک کە بۆ ماوەی نۆ ساڵی دواتر هەیبوو. لەو ماوەیەدا، پێکدادانی توند لە نێوان ئێلیتی سیاسی و هێندێک لە فەرماندەکانی سوپای پاسداران هاتە ئاراوە، بەڵام سەلامی سەلماندی لە ڕوانگەی سیاسییەوە خۆگونجێنە و لەو ڕکەبەرییانە تێپەڕ بوو. لە ٢٠٠٦، ئەو بوو بە فەرماندەی هێزی ئاسمانیی سوپای پاسداران کە بەرپرسی یەکەکانی مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانە.

جەختکردنەوە لەسەر ئەو بەرنامانەش وانەیەکی بەنرخی جەنگی ئێران-عێراق بوو، واتە گەشەپێدانی پێشەسازیی چەکوچۆڵی نێوخۆیی. ئالفۆنە دەڵێ لە ژێر ڕێبەریی سەلامیدا، لقی هێزی ئاسمانیی سوپای پاسداران توانی دوو فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئەمریکایی کە لە ئەفغانستان دەستیان کەوتبوون، ئەندازیاریی پێچەوانە بکاتەوە. ئەو کارە ڕێگای دامەزراندنی ناوەندی بەرهەمهێنانی چەکوچۆڵی بۆ سوپای پاسداران خۆش کرد. ئالفۆنە دەڵێ، "هۆیەکەی ئەوە بوو سەلامی توانی پەیوەندییەکانی بۆ دابینکردنی دراوی پێویست بۆ بەرنامەکەی بەکار بێنێ".



سەرچاوە
Serchawe

جەیسۆن برادسکی، پسپۆڕێکی هێزی سەربازیی ئێران لە ڕێکخراوی یەکگرتوو دژی ئێرانی ناوکی، دەڵێ لە کاتی فەرماندەیی سەلامی لە هێزی ئاسمانیی سوپای پاسداران، ئەو عەمباری مووشەکیی ئێرانی دروست کرد تا جێگرەوەی فڕۆکەی ئێف چواری ئەمریکایی بن کە لە سەردەمی شادا لە ئەمریکا کڕدرابوون. سەلامی چاودێریی چەند تاقیکاریی سەرکەوتووانەی هاژەکی مەوداماماناوەند و درێژمەودای کرد کە بەشێکیان دەتوانن چەند کڵاو هەڵگرن، خۆ لە ئاشکرابوون لە ڕادار ببوێرن و دەتوانن بگەنە ئیسرائیل و بنکەکانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست.

## ئاشقی تەقەکردن

بە گوێرەی نووسراوەیەکی برادسکی لەسەر سەلامی لە ٢٠٢٠، ناوبراو گوتوویەتی، "قامکەکانی ئێمە هەمیشە لەسەر پەلەپیتکەن و هاژەکانمان ئامادی هاویشتنن." لە جێیەکی دیکەدا هەڕەشەی کردووە، "ئێران دەتوانێ هەر کات بیهەوێ کاریگەریی لەسەر گواستنەوەی نیوەی وزەی دنیا هەبێ." لە ٢٠٠٩، سەرکەوتنەکانی سەلامی وەک فەرماندەی هێزی ئاسمانیی سوپای پاسداران بووە هۆی بەرزبوونەوەی پلەکەی وەک جێگری فەرماندەی گشتیی سوپا کە دبێتە پلەی دووهەمی ئەو ڕێکخراوەیە.

ئەو چەند ساڵ دوتر لە کاتێکدا لە پەسندی دەستڕاگەیشتوویی ستراتیژیکیی ئێران بۆ ئەوبەری سنوورەکانی کردوونی، خۆی بە پشتیوانیکردنی سوپای پاسداران لە شیعەکانی عێراق، حوسییەکانی یەمەن هەڵنایەوە و داوای لە شیعەکانی بەحرەین کرد دژی پاشایەتی کەمینەی سوننی وڵاتەکەیان سەرهەڵدان بکەن. ئەو فیڕاندی کە سوپای پاسداران حیزبوڵڵای - میلیشیا بەکرێگیراوەکەی لە لوبنان - بە سەد هەزار هاژەک پڕ چەک کردووە کە بەرەو ئیسرائیل سیرەیان گرتووە. سەلامی لە یەکێک لە لێدوانەکانیدا دژی ئیسرائیل گوتی، "فەرماندەکانی حیزبوڵڵا تەنیا چاوەڕوانی فەرمانن، بە شێوەیەک کاتێک دەستیان بە پەلەپیتکاندا هێنا، خاڵە ڕەشە نەفرەتییەکە لەسەر نەخشەی ژیۆپۆلیتیکی دنیا بۆ هەمیشە پاک دەکرێتەوە." ئەو هەروەها گاڵتەی بە بنیامین نەتانیاهوو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل کرد و گوتی، "نەتانیاهوو دەبێ بزانێ هیچ ڕێگایەکی بێجگە لە ڕاکردن لە ناوچەکە نییە، کە وابوو پێویستە فێری مەلەکردن لە دەریای مەدیتەرانە بێ".

برادسکی دەڵێ، بەڵام سەلامی لە ٢٠١٤ لەگەڵ سەرکۆمار حەسەن ڕوحانی لەسەر دەستڕۆیشتوویی سیاسیی سوپای پاسداران تووشی کێشە بوو. کاتێک ڕوحانی دەستی بە دانوستان لەمەڕ ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان و زلهێزەکانی دیکەی خۆرئاوا کرد، سەلامی بەئاشکرا دژی هەر جۆرە ڕێککەوتنێک کە ببێتە هۆی سنووردار کردنی بەرنامەی ناوکی ئێران یان ئیزن بە پشکنینی بیانی دامەزراوە ناوکییەکان بدرێ، هەڵوێستی گرت. تەنانەت دوای جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ناوکی

لە ٢٠١٥، سەلامی ئەوەی ڕەت کردەوە و گوتی، "ئێمە گوێ نادەینە بڕیارنامان. ئەوە ئەرکی ئێمەیە دەسەڵاتی خۆمان گەشە پێ بدەین و هیچ کەسێک فەرمانمان پێ ناکات".

ڕوانگە شەڕخوازانەکانی سەلامی لە ٢٠١٨، کاتێک سەرکۆمار دۆناڵد ترامپ لە ڕێککەوتنە "خاوەن کەموکوڕییەکە" کشایەوە و تاکلایەنە گەمارۆی ئابووری خستنە سەر ئێران تا ئابووریەکەی لە پەلوپۆ بخات، بەهێزتر بوون.

## هەڵکشان بەرەو سەرەوە

ساڵێک دواتر، ماوەیەکی کورت دوای دەستنیشانکرانی سوپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریست لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ترامپەوە، خامنەیی سەلامی کردە فەرماندەی سوپای پاسداران. بەرزکردنەوەی پلەکەی هاوکات بوو لەگەڵ جێکردنەوەی ناوبراو لە ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی، شوێنێک کە هەڵوێستە سەرپێچیکارانەکانی سەلامی دژی وڵاتە یەکگرتووەکان زۆر زوو بەسەر ئەو یەکەیەی دیاریکەری سیاسەتی وڵاتدا زاڵ بوو.

ماوەیەکی کورت پاش دەستنیشانکرانی سەلامی وەک فەرماندەی سوپای پاسداران، ئێران دەستی بە پیتاندنەوەی ئورانیۆم تا نزیک پلەی ٪٩٠ کە بۆ بۆمبی ناوکی پێویستە، کردەوە. لە یەکەم لێدوانەکەیدا وەک سەرۆکی سوپای پاسداران، سەلامی وێ دەچوو زۆر حەزی لە بەرەوڕووبوونەوەی سوپای پاسداران لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئاستی جیهانیدا بێ. ئەو لە شوێنێک دەڵێ، "ئێمە لێهاتوویەکانمان لە ناوچەکەوە بۆ هەموو دنیا پەرە پێداوە، بە شێوەیەک کە دوژمن هیچ شوێنێکی ئەمینی نییە." بەڵام سەرەڕای خەیاڵپڵاوەکانی سەلامی بۆ سوپای پاسداران، ڕووداوی نەخوازراو و هێرش لە نێوخۆوە ئەوی سەرقاڵی پێشگرتن و کۆنترۆڵی زەرەر و زیانی زیاتر کرد.

دوای کوژرانی قام سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودس لە جانیوەری ٢٠٢٠، پاسەوانیی هاژەکیی سوپای پاسداران کە لە ئامادەباشیدا بوو فڕۆکەیەکی مەدەنیی ئوکراینیان لەگەڵ هاژەکی ئەمریکایی لێ تێک چوو و خستیانە خوارەوە کە بووە هۆی کوژرانی ١٧٦ مسافیر و سەرنشین. لە کاتێکدا سەربازەکانی سوپای پاسداران کە بەرپرسی خستنەخوارەوەی فڕۆکەکە بوون سزای زیندانیان لە ١٣ ساڵ بۆ سەرەوە بۆ بڕایەوە، هیچکام لە فەرماندە پلەبەرزەکان سزا نەدران.

لە هەمان ساڵدا، ئابڕووچوونی زیاتر بەدوایدا هاتن. بریکارانی موسادی ئیسرائیل، ژمارەیەک ئۆپەراسیۆنیان لە نێوخۆی ئێراندا بەڕێوەبردن، بۆمبی بەهێزیان لە بنکەیەکی هاژەکی نزیک پارچین و بنکەیەکی پیتاندنی ئورانیۆم لە نەتەنز

تەقاندنەوە. هەروەها بریکارە ئیسرائیلییەکان تویژەرێکی پلەبەرزی ناوکیی ئێرانیان کوشت و سەرجەم ئارشیوی ناوکیی ئێرانیان لە عەمبارێکی ناوەندیی تارانەوە دزی.

لە کاتێکدا ڕووداوی ئەوتۆ لێهاتوویی بریکارە ئیسرائیلییەکانیان بۆ هێرش لە نێوخۆی ئێران پشتڕاست کردەوە، وێدەچی سەلامی هیچ ڕێکارێکی بۆ چارەسەریی کەمایەسییەکان تا مانگی جوونی ساڵی ڕابردوو نەگرتبێتە بەر. پاش کوژرانی سێ ئەفسەری پلەبەرزی سوپای پاسداران لە لایەن بریکارانی ئیسرائیل، ئەو سەرۆکی درێژمەودای هەواڵگریی سوپای پاسداران، حوسێن تائیب، مەلایەک کە هیچ ئەزموونێکی هەواڵگریی نەبوو، لەسەر کار لابرد. سەلامی لەجێی تائیب، ژەنراڵ محەممەد کازمی، ئەفسەرێکی خاوەن ڕابردووی هەواڵگریی دانا.

لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، سەلامی چاودێریی هەوڵەکان بۆ تێکشکاندنی ناڕەزایەتییە سەرانسەرییەکانی کردووە کە بە هۆی کوشتنی ژنێک بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی ئیسلامی کوژرا، دەستی پێ کرد و خێرا بوونە مەزنترین خۆپیشاندانەکانی دژی حکوومەت. بەسیجی سەر بە سوپای پاسداران بە تەقە لە خۆپیشاندەران، سەدان خۆپیشاندەریان تا ئێستا کوشتووە و هەزارانیان دەستبەسەر کردوون؛ هەروەها دەیان کەس لە دەستبەسەر کراوان لە سێدارە دراون.

## کایەی ترسنۆکانە

ساموئێل لە زانکۆی تێنێسی دەڵێ، هەڕەشەکانی سەلامی دژی ئیسرائیل شتێک نین بێجگە لە فڕوفیشاڵ. ئەو دەڵێ، "فەرماندەی سوپای پاسداران گەمژە نییە. ئەو دەزانێ ئەو بەرەورووی ڕکەبەرێکی بەهێزتر بۆتەوە. من پێموانییە ئەو لەو بڕوایە دابێ کە ئێران دەتوانێ ئیسرائیل لە سەر نەخشە بسڕێتەوە. ئەو پێویستە ئەو قسانە بکات تا پێگەی خۆی لە لای ڕێبەری گەورە بپارێزێ".

نۆرمەن ڕووڵ، بەرپرسێکی هەواڵگریی نیشتیمانیی کە کاری لەسەر ئێران کردووە دەڵێ، ئەوە بەڵێنییەکانی سەلامی لەمەڕ وەدەرنانی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کەنداوی فارسیش دەگرێتەوە. ڕووڵ دەڵێ، "گوێ مەدەرە فڕوفیشاڵەکان، سەلامی سەربازێکی پرۆفیشناڵە. ئەو توندئاژۆیە، بەڵام هاوکات کەتوارگەراشە. ئەو دەزانێ هێزە سەربازییەکەی لە بەرانبەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا هیچ نین. ئەو ستراتێژیی ناهاوشێوە ڕەچاو دەکات و هێزەکانی تا ئەو سنوورە هان دەدا کە لە هێڵی دەستپێکی جەنگ لەگەڵ ئێمە تێپەڕ نەبن." ڕووڵ دەڵێ، کە وابوو ئەو بە بەلەمی بچووک و خێرا دەورەی پاپۆڕە بازرگانییەکان دەدا، یان هێزەکانی بە هێلیکۆپتەر لەسەر پاپۆڕێک دادەبەزێنێ، دەستی بەسەردا دەگرێ و

ناچاری دەکات لە پێش گەیشتنی هێزی دەریای وڵاتە یەکگرتووەکان بەرەو بەندەرێکی ئێرانی بڕوات. بە واتایەکی دیکە، ئەو قەڵسەمان پێ دەگیرێ، بە ئامانجی شەرمەزار کردنی وڵاتە یەکگرتووەکان. ئەوە کایەی سەلامییە".

بەڵام داگلاس لەندەن، نووسەری کتێبی "بە ئەندامگر: سیخوڕی و هونەری بزربووی هەواڵگریی ئەمریکایی، بیرەوەرییەک"، دەڵێ سەرەڕای گرژییە تازەکان لە کەنداوی فارس، وێدەچێ پەیوەندیی نێوان بەڕێوەبەرایەتی بایدن و ئێران بەرەو باشتربوون بچێ. ئەو دوو وڵاتە لەو دواییانەدا گەیشتوونە لێکتێگەیشتنێکی جێگرەوە کە بەگوێرەی ئەو دوای ئازادکردنی ١٠ میلیارد دۆلار دراوی دەستبەسەرداگیراوی ئێرانی و گواستنەوەی لە کۆرەی باشوور و عێراقەوە بۆ بانکێکی قەتەری، پێنج زیندانیی شارۆمەندی ئەمریکا بە پێنج دەستبەسەرکراوی ئێرانی لە وڵاتە یەکگرتووەکان بگۆڕدرێنەوە. لەژێر چاودێریی کاربەدەستانی وەزارەتی دارایی ئەمریکا، ئێران ئیزنی پێ دەدرێ ئەو دراوە بۆ پێداویستییە مرۆییەکان بەکار بێنێ.

کاربەدەستانی ئەمریکایی و ئێرانی دەڵێن ڕێککەوتنەکە، کە پاش دوو ساڵ دانووستانی ناڕاستەخۆ گەیشتە ئاکام، دەتوانێ لە کۆتایی مانگی سێپتەمبەردا بە ئەنجام بگات و هێندێک چاودێر دەڵێن مامەڵەکە دەتوانێ ڕێخۆشکەری ڕێککەوتنی زیاتر بۆ سنووردار کردنی بەرنامەی ناوکی ئێران بێ.

لەندەن دەڵێ، ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ سەلامی ملکەچی ڕێککەوتنێکی نوێ بۆ کەمکردنەوەی گرژیی نێوان تاران و واشینگتۆن دەبێ؟ ئەو دەڵێ، "سوپای پاسداران زۆرترین زەرەر لە هەر جۆرە ڕێککەوتنێکی ئاشتیانە دەکات. سوپای پاسداران سوود لە ئێرانی ژێر زۆرترین زەختدا دەبینێ. ئەوانن کە دراویان پێ دەدرێ تا بەرگریی بکەن و گەمارۆکان پووچەڵ بکەنەوە و ئەو پارەیە دەستڕۆیشتوویی و دەسەڵاتی بە دواوەیە. تا ئەوان کەمتر پێویست بن، دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی ئەوانیش کەمتر دەبێتەوە".

تا ئێستا، سەلامی لەمەڕ ڕێککەوتنی گۆڕینەوەی زیندانییان بێدەنگ بووە. لە هەمان کاتدا، مێدیای ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت ڕێککەوتنەکەی وەک "دیپلۆماسیی ڕێزدارانە" و سەرکەوتنێک بۆ دەوڵەتی توندئاژۆی سەرکۆمار ئیبراهیم ڕەئیسی وەسف کردووە. چاودێرە خاوەنئەزموونەکانی کاروباری ئێران ئاماژە بەوە دەکەن بەبێ چرای سەوزی خامنەیی، ڕێککەوتنەکە نەیدەتوانێ بگاتە ئەو دۆخەی ئێستا. ئەوان هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن بەرهەڵستکارییە سەرزارەکییەکانی سەلامی دەتوانێ ببێتە هۆی لێ ئەستاندنەوەی کارەکەی.

بەڵام ڕووڵ، بەرپرسێکی هەواڵگریی نیستانیی پێشوو، لەگەڵ لەندەن هاوڕا نییە و دەڵێ، سوپای پاسداران دەورێکی

خەرمانانی ٢٧٢٣

گەلێک بەرچاوتری لە پرۆسەی بڕیاردانەکانی دەوڵەتیدا دەگێڕێ. ئەو دەڵێ، "ڕێککەوتنەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان وەها ڕێک دەخرێن کە لەگەڵ سامانەکانی سوپای پاسداران ناتەبا نەبن، جەخت لەسەر "ناتەبا نەبن"، دەکەمەوە. سوپای پاسداران بەئاشکرا دژی ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان دەوەستێتەوە، بەڵام لە پشت شانۆکان دژایەتی ناکات." ڕووڵ هەروەها ئەوەش زیاد دەکات کە ئەو جۆرە ڕێککەوتنانە بە مانای وەلانانی پشتیوانیی سوپای پاسداران بۆ بەکرێگیراوە ناوچەییەکانی یان هەڵوێستی شەڕانشۆیانە بەرانبەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کەنداوی فارس، نین. ئەو دەڵێ، "لێرە جیاوازییەک هەیە. لە نێوان ڕییکەوتن و باشتر کردنی پەیوەندییەکان".

لەندەن نەتەنیا نایهەوێ شتێکی لەمەڕ هەنگاوی داهاتووی سەلامی بڵێ، بەڵکو دڵنیاش نییە کە ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکرێ. ئەو دەڵێ، "ئەو شتانە زۆر بە سانایی لێک هەڵدەوەشێن." و ئەوەش زیاد دەکات: "دانوستان لەگەڵ ئێران نەهامەتییەکی وەهایە." کە ڕەنگبێ سەلامی لەبارەیدا بڵێ: "لە زاری تۆوە تا گوێی خودا".

١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ئەو جینایەتانەی نابێ لەبیر بچنەوە!



**ناسر ساڵحی‌نەسڵ**

**گەلانی ئێران هەموو ساڵی لە وەرزی هاویندا، یەکیک لە تاڵترین و گەورەترین جینایەتی مێژوویی دەسەڵاتداریی ڕەش و سەرەڕۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، واتە کوشتاری بەکۆمەڵی بەندکراوانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوییان بیر دێتەوە.**

**٣٥ سال بە سەر کارەساتی ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی لە هاوینی سالی 1367ی هەتاویدا کە مانگی خەرمانان چەڵەپوپەی کارەسات و ڕووداوەکە بوو، تێپەڕی. لەو ساڵە و لە ماوە چەند مانگدا هەزاران زیندانیی سیاسیی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ کە تاوانیان تەنیا تێکۆشان لەپێناو ئازادی و دێموکراسی و مافی نەتەوایەتیدا بوو، لە زیندانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ئێعدام کران. هەروەها زۆربەی هەرەزۆری ئەو بەندکراوە سیاسییانە یان ماوەی حوکمی داسەپاویان تەواو ببوو، یان خەریک بوو دواڕۆژ و مانگەکانی ماوەی حوکمەکەیان تێدەپەڕاند!**

چیرۆکەکە ئاوا بوو: ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بڕیارنامەی ٥٩٨ی شورای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پوشپەڕی ١٣٦٧ی هەتاویدا قەبووڵ کرد. پاش فڕکردنی جامی ژاری شکست لەلایەن خومەینییەوە، لەلایەک ئەو پرسیارە لەلایەن خەڵکەوە هاتبووە گۆڕێ کە ئەو هەموو دروشمی " شەڕ شەڕ تا سەرکەوتن" بۆ چی بوو؟ لەلایەکی دیکەش ڕەخنە و بێزاری و نارەزایەتیی گەلانی ئیران لە ڕێژیم و سیاسەتە ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسییەکانی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە پەرەسەندندا بوو. هەروەها لەوانەش گرنگتر ئەوە بوو کە ڕێژیمی خومەینی، هەم لە بواری ئابوورییەوە تێکقرمابوو، هەم لە بوار هێزی ئینسانییەوە کەس ئامادە نەبوو لە شەڕی بێئاکامدا بەشداریی بکات و بەرەکانی شەڕیان چوڵ دەکرد! لە وەها باردۆخێکدا ڕێژیمی خومەینی بە دانانان بە شکستیان لە شەڕی بێئاکامی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە لە ترسی ڕاپەڕین و شۆڕشی گەلانی ئێران پاش ئەو شکستە گەورەیە کە تێچووەکەی جیا چەند میلیارد دۆلار خەساری ئابووری، کوژرانی سەدان هەزار کەس و بریندار و کەمئەندامبوونی بەمیلیۆن کەس و ئاوارەبوونی سەدان هەزار کەسی بوو، لە ترسی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و بۆ چاوترسینکردنی خەڵک هەزاران بەندکراوی سیاسیی ئێعدام کرد.

بە دیاریکردنی لیژنەیەک لەلایەن خومەینییەوە، پێکهاتوو لە: ئاخوند نەییەری قازیی دادگا، ئاخوند مستەفا پوورمحەممەدی نوێنەری وەزارەتی ئیتلاعات، ئاخوند ئیشراقی دادوەری گشتی و ئیبراهیم ڕەئیسی جێگیری دادوەریی گشتی (سەرکۆماری ئیستای ڕێژیم)، بە ڕاگرتنی مولاقاتی زیندانیانی سیاسی لە سەرتاسەری ئیران، دەستیان بە ئێعدامی بەکۆمەڵی بەندکراوانی کرد. لەڕاستیدا کوشتاری بەکۆمەڵی بەندکراوانی سیاسی بە حوکمی ڕاستەوخۆی خومەینی هەوڵی ڕێژیم بۆ پێشگرتن لە ڕاپەڕین و شۆڕشی گەلانی ئیران بوو. چوونکە گەلانی ئێران لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵات لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، پاش ٨ ساڵ شەڕی خوێناویی ماڵوێرانکەری بێئاکام و کاولکردنی ئێران بەتەواوی ناڕازی بوون. بەم جۆرە لە وەرزی هاوینی ١٣٦٧ی هەتاویدا بە کوشتاری بەکۆمەڵی بەندکراوانی سیاسی، بە خەیاڵی خۆیان ویستیان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و گەلانی وەزاڵەهاتوو و نارازیی ئێران، چاوترسین بکەن.

پاش کوشتاری دڵتەزینی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ١٣٦٧ی هەتاویدا، ئیستاش گرتن، ڕادوونان و ئەشکەنجە و ئێعدامی خەباتگێڕان و ئازادیخوازانی گەلانی ئیران، چ لەنێو زیندانەکان، چ بە شێوەی تێرۆر لە نێوخو و دەرەوەی وڵات و چ بە شێوەی سەرکوتی خوێناویی ڕاپەڕین و شۆڕشی شەقام لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتی ئێران، وەک ڕاپەڕینی ساڵەکانی دەیەی حەفتای هەتاوی و ڕاپەڕینە خوێناوییەکانی ساڵەکانی ١٣٩٦ و ٩٧ و ٩٨ی هەتاوی و بە تایبەت شۆڕشی ژینا لە ساڵی ڕابردوودا درێژەی هەیە. چونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو بڕوایەدایە تەنیا بە سیاسەتی سەرکوت و خەفەقان، گرتن، زیندان و ئێعدامی ڕۆڵە خەباتگێڕ و ئازادیخوازانی گەلانی ئیران دەتوانی درێژە بە تەمەنی پڕ لە جینایەت و شوورەیی خۆیی بدات. هەربۆیە ئیستاش زیندانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ژنان ئازادیخواز، خوێندکاری

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

ئاگا و بەهەڵویست، ڕۆژنامەنووسانی ئازا و بوێر، لاوانی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر و هەروەها هەموو چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران کە بۆ ئازادی و دێموکراسی و مافە نەتەوایەتی بە دروشمی "ژن ژیان ئازادی" لە شار و شەقام خەبات و بەربەرەکانی دەکەن، جمەیان دێت. ڕێژیم بەوەش نەوەستا و هەرچی لە دەستی هات بەدژی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆڵە تێکۆشەر و خەباتگێڕەکانی بە موشەکبارانی بنکە و بارەگای حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و کوشتاری خۆپێشاندەران لەسەر شەقامەکان کردی.

بە پێی ئامارەکان لە شۆڕشی ژینادا لە ناوەندی بلوچستان واتا شاری زاهیدان، لە هەینی خوێناوی پاییزی ساڵی ١٤٠١ی هەتاویدا لە یەک ڕۆژدا نزیک بە ١٠٠ کەس بە فیشەکی جەنگی کوژرا. هەروەها لە کوردستان ١١٦ کەس لە شۆڕشی ژینادا کوژران و بە گشتی لە ئاستی ئێراندا زیاتر لە ٥٠٠ کەس گیانیان لێ ئەستێندرا. زۆربەی کوژراوەکانی ڕاپەڕینی ژینا تازەلاو بوون و هەروەها بە هەزاران کەس بریندار و کەمئەندام بوون! بە سەدان کەس بینایی چاویک یان هەر دوو چاویان لە دەست دا و نزیک بە ١٠ کەس لە لاوانی شۆڕشگێڕی بەشدار لە شۆڕشی ژینا ئێعدام کران! هەروەها بە دەیان هەزار کەس لە بەشداربوونی شۆڕشی ژینا گیران و زیندان کران و بە سەدان کەس ئاوارە و پەڕیوەی هەندەران بوون.

بێگومان بۆ دەرچوون لەم وەزعەدا تەنیا ڕێگاچارەی گەلانی ئێران، ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. ئەویش بە درێژەدان و بەشداریی گشتی و جەماوەری هەموو چین و توێژەکان گەلانی ئیران لە شۆڕشی ژینا لەپێناو تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک و فیدراڵ لە ئێرانی داهاتوودا.

**١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

# کورد و ئۆپۆزسیۆنی ئێران لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی ئامریکادا




وریا ڕەحمانی

لە بەستێنی سیاسەتی نێونەتەوەیی وڵاتاندا دوو ڕوویکردی سەرەکی هەیە کە یەکیان بە مێتۆدی ئامریکایی بەناوبانگە و ئەوەی دی مێتۆدی بریتانیی پێ دەڵێن. مێتۆدی ئامریکایی باس لەوە دەکات هەرچی وڵاتێک لە نێوخۆیدا پۆشتەتر و دەوڵەمەندتر بێ بەهێزترە و دەتوانێ کاریگەرییەکی زیاتری لە ئاستی نێونەتەوەییشدا هەبێ. بەڵام مێتۆدی بریتانی ڕێک بەپێچەوانەیە و دەڵێ بەهێزبوونی وڵاتان پەیوەندیی بە نفووز و کاریگەری لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەیە و هەر وڵاتێک چەندە دەور و کاریگەرییەکی زیاتری لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیدا هەبێ، لە ئاستی جیهانییشدا بەهێزترە و دەتوانێ گرفت و کێشە نێوخۆییەکانیشی پێ چارەسەر بکات. چێبوونی هەر دووی ئەو وێنایانەش لە شێوازی سیاسەتی ئەو دوو وڵاتەوە سەرچاوەی گرتووە.

بریتانیا کاتی خۆی یەکەم وڵاتی زلهێزی جیهان بوو. ئەو وڵاتە دەستی کۆلۆنیالیستیی بە سەر ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی دنیادا کێشابوو و بەشی زۆری ئابووری و بازرگانیی دنیاشی کۆنترۆڵ دەکرد. ئەوەش هێزێکی کەموێنەی پێدابوو کە



سەرچاوە
Serchawe

کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر سیاسەتی نێونەتەوەییدا دابنێ. بەڵام ئامریکا کە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی وەک زلهێزێکی نوێ لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەرکەوت، نەتەنیا موستەعمیرەی نەبوو، بەڵکوو دەستێوەردانێکی ئەوتۆشی لە کاروباری وڵاتاندا نەدەکرد و تەنانەت سیاسەتی دژی کۆلۆنیالیستییشی پەیڕەو دەکرد.

لەگەڵ گەشەی هەستی نەتەوایەتی و بە سەربەخۆیی گەیشتنی بەشێکی زۆر لەو وڵاتانەی پێشتر موستەعمیرەی بریتانیا و وڵاتانی دیکەی ئورووپایی بوون، بەرەبەرە لە دەسەڵات و هێزی ئەو وڵاتانە لە ئاستی نێونەتەوەییدا کەم بۆوە، کەچی ئامریکا کە موستەعمیرەی نەبوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەهێزتر بوو. سیاسەتمەدارانی ئامریکایی هێندەیان باوەڕ بەو چەشنە ڕوانگە سیاسییە بوو کە بۆ چوونە نێو هەر دوو شەڕی گەورەی جیهانی زۆر دوودڵ بوون و دەیانەویست تا ئەو جێیەی بۆیان دەلوێ خۆیان بەدوور بگرن. بەڵام ناچار بە شەڕ بوون. تەنانەت تیۆدۆر روزڤێڵت لە بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی پێش شەڕی دوویەمی جیهانیدا ڕاشکاوانە گوتی ئەمجارەیان سەربازی ئامریکایی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆماندا بەکوشت نادەین و وەک جاری پێشوو بەشداریی شەڕی نێوان وڵاتانی دیکە ناکەین؛ کەچی هێرشی ژاپۆن بۆ سەر ناوە فرۆکەهەڵگرەکانی ئامریکا بە ناچار تێوەی گلاند.

ئینجا سەرهەڵدانی هێزێکی نوێی ئیدیۆلۆژیکی وەک سۆڤییەت کە کۆمەڵێک تماحی سیاسی و ئیدیۆلۆژیکیی مەترسیداری هەبوو، ئاراستەیەکی پێچەوانەی بە ستراتێژیی سیاسیی ئامریکا لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەخشی. ڕووبەڕووبوونەوەی بلۆکی کۆمۆنیستی بە ڕێبەرایەتیی سۆڤییەت و بلۆکی لیبراڵ دێموکراسی بە پێشەنگایەتیی ئامریکا، سەردەمێکی نوێی لە ملبەملێ و کێبەرکێی سیاسی لە ئاستی جیهانیدا پێک هێنا بە ناوی شەڕی سارد. لەو قۆناغەشدا سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا کە بناغەکەی لەسەر ئەساسی تەعامول دامەزرابوو، ڕێچکەیەکی پێچەوانەی بەخۆی گرت و کردی بە کاراکتەرێکی گرینگی جیهانی کە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی لە سیاسەتی نێونەتەوەیی و تەنانەت کاروباری نێوخۆیی وڵاتاندا دەکرد. ڕاستە ئەمریکا وەک بریتانیای پێشوو وڵاتانی داگیر نەدەکرد و بە کۆلۆنیی نەدەکردن، بەڵام تا ئەو جێیەی بۆی دەکرا هەوڵی دەدا نفووز و کاریگەریی بەسەریاندا هەبێت.

گرینگترین کێشە و لەمپەڕی ئامریکا لەو سەردەمەدا سۆڤییەت بوو کە نوێنگەی سەرەکیی چەپی ئیدیۆلۆژیک لە ئاستی جیهانیدا بوو. هەر بۆیەش کارکردی سیاسیی ئامریکا بەدرێژایی شەڕی سارد بە دەوری میحوەری سۆڤییەتدا دەخولایەوە. هەموو هەوڵەکە ئەوە بوو ئەوەندەی دەکرێ پێش بە نفووز و دەسەڵاتی سۆڤییەت و بیری کۆمۆنیستی لە ئاستی نێونەتەوەییدا بگرن. **دوو لە گرینگترین و کاریگەرترین هەوڵەکانی ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئەوە بوو کە؛**

- پێش لە نزیکبوونەوە و هاوپەیمانەتیی نێوان سۆڤییەت و چینی کۆمۆنیستی بگرن. لە گرینگترین دەرکەوتەکانی ئەو هەوڵەی ئامریکا سەردانی مێژوویی ڕیچارد نیکسۆنی سەرکۆمار و هێنری کسینجێری وەزیری دەرەوەی ئامریکا بۆ چین بوو کە هەوڵیان دا بە دانی کۆمەڵێک ئیمتیازی ئابووری و سیاسی ئەو وڵاتە لە داوێنی سۆڤییەت دوور کەنەوە و بەرەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی ڕاکێش بکەن.

- هەوڵ بۆ پێکهێنانی پشتێندی سەوز بە دەوری سۆڤییەت. ترسی ڕۆژئاوا لە نفووز و پەرەی سۆڤییەت و بیری کۆمۆنیستی بۆ وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەستپێڕاگەیشتنی ئەو وڵاتە بە ئاوە گەرمەکانی دنیا و بە دەستەوەگرتنی بەشێکی زۆر لە بازرگانیی جیهانی، دەستی ئامریکا و هاوپەیمانانی بۆ دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتانە ڕاکێشا. لە گرینگترین دەرکەوتەکانی ئەو هەوڵەش یارمەتیدان بە پەرەگرتنی بونیادگەرایی ئیسلامی و بەرگریکردن لە حکومەتگەلی دیکتاتۆریی دژی کۆمۆنیستی لە ناوچەکە بوو.

پاش ڕووخانی سۆڤییەت و تەواوبوونی شەڕی سارد، گرفتێکی دی بەرۆکی ڕۆژئاوا بەتایبەت ئامریکای گرت، ئەویش کێشەی توندئاژۆیی ئیسلامی بوو کە وەکوو مەترسییەکی جیددی خۆی دەرخست. بەتایبەت پاش ڕووداوی یازدەی سێپتامبر ئەو پرسە قەوارەیەکی بەرینتری گرتە خۆی و سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەزاند و لە چواچێوەیەکی نێونەتەوەییدا دەرکەوت. هەرچەند ئیسلامی سیاسی چونکی لە بواری ڕێکخراوەییەوە ئەو یەکانگیرییە پێویستەی نەبوو و لەوەش گرینگتر وڵاتێکی بەهێز لە ئاستی جیهانیدا نوێنەرایەتیی نەدەکرد، نەیتوانی وەک بەدیلێکی جیددی لە بەرانبەر ڕۆژئاوا و ئامریکادا دەرکەوێ و وەک ڕکەبەر خۆی بسەلمێنێ. زۆربەی دەرکەوتەکانی ئەو ڕەوتە لە کۆمەڵێک هەوڵی تێرۆریستی و خرابکارانە بە مەبەستی تێکدانی ئاسایشی گشتی و پرەنسیپە نێونەتەوەییەکاندا خۆی نیشان دا. گرینگترین نموودەکانی بونیادگەرایی ئیسلامی کە لە جۆری ئیسلامی سیاسیدا خۆی دەرخست کۆماری ئیسلامی و تالیبان وەک دوو حکومەتی ناوچەیی و هەندێ ڕەوتی وەک ئەلقاعیدە و حیزبوڵڵا و داعش بوون کە زیاتر نەک وەک مەترسی، بەڵکوو وەک سەرئێشە و هەڕەشە بۆ ڕۆژئاوا و ئامریکا دەرکەوتن.

هەر وەک باس کرا ئامریکای دوای شەڕی دوویەمی جیهانی بەپێچەوانەی ئەو ڕوویکردە سیاسییە نێونەتەوەییە دڵخوازەی پێشتر بووی مەجبوور بە جوڵانەوە بووە. هەتا ئێستا نفووز و دەستێوەردانی بەرینی ئامریکا لە ئاستی جیهانیدا تێچوویەکی زۆری بۆ ئەو وڵاتە بووە، بەو مانایە کە لەلایەکەوە لە هێزی ئەو وڵاتەی کەم کردۆتەوە و لەلایەکی تریشەوە ڕێگەی بۆ چڕبوون و سەرهەڵدانی هێزی دیکە کە خۆیان لەم کێشانە بەدوور گرتووە خۆش کردووە. واتا یەکێک لە گرینگترین کێشەکانی ئامریکا لە دنیای ئەمڕۆدا کە مەترسیی جیدیی لەسەر دەور و پێگەی ئەو وڵاتە لە ئاستی نێونەتەوەییدا پێک



سەرچاوە
Serchawe

هێناوە، چینە.

دەسەڵاتی چین بە پێچەوانەی سۆڤییەت چەپی ئیدیۆلۆژیک نییە، بەڵکوو چەپێکی سیاسییە. بەم پێیەش کێشەی چین یان باشترە بڵێین ڕکەبەرایەتیی چین لەگەڵ ئامریکا بەپێچەوانەی سۆڤییەت نەک ئیدیۆلۆژیک بەڵکوو سیاسییە و چەقی ئەو ڕکەبەرایەتییەش لە بەستێنی ئابووریدا خۆی دەدۆزێتەوە. کاتی خۆی لە دەیەی ٧٠ و ٨٠ی زایینیدا چینیش وەک سۆڤییەت بە جۆرێک تووشی بنبەستی سیاسی هات و بارودۆخی وڵات لەوپەڕی خراپیی خۆیدا بوو. بەڵام بەپێچەوانەی سۆڤییەت کە ڕووی لە کرانەوەی سیاسی کرد، چین لە بواری ئابوورییەوە ئاڵوگۆڕی پێک هێنا و لەگەڵ بازاڕی ئازاد و نەزمی ئابووریی جیهانی خۆی ڕێک خست. هەر ئەوەش وای کرد ئەم وڵاتە کرانەوەیەکی بەرینی ئابووری بەخۆیەوە ببینێ و لە هەموو ڕوویەکەوە گەشە بستێنێ. وەک بینرا ئەو گەشە ئابوورییە گەشەی سیاسی و نیزامییشی بەدوای خۆیدا هێنا و پێشبینی دەکرێ چین ئیتر بەرەبەرە دەور و دەسەڵاتێکی زیاتر و کاریگەرتر لە ئاستی سیاسەتی نێونەتەوەییدا بۆ خۆی دەستەبەر بکات. ئەوەش زەنگێکی خەتەری جیددییە بۆ ئامریکا و بەرەی ڕۆژئاوا کە وڵاتێکی چەپی کۆمۆنیستی بتوانێ دەورێکی زێدە و کاریگەر لە چوارچێوەی هاوکێشە سیاسییەکانی دنیادا بگێڕێ. ئەوەش وای کردوە کە چین پێگەیەکی تاقانەی لە بەستێنی سیاسەتی دەرەوەی ئامریکادا هەبێ و لەمەودوا هەموو هاوکێشە ورد و درشتەکانی دی بە دەوری ئەم میحوەرە سەرەکییەدا بخولێنەوە. بەشێک لە کێشەی ئەو هاوکێشەیەش ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە لە زاتی خۆیاندا دژبەری ئامریکان و ڕەنگە نەفسی ئەو دژبەربوونەش لە چینیان نزیک کاتەوە. ئەوجار دەوری وڵاتانێکی وەک ئێران، سووریە، ڤێنێزوێلا، کۆریای باکوور و... لەو سۆنگەیەوە زیاتر دەردەکەوێ و ڕەنگێکی تۆختر بە خۆوە دەگرێ.

بابەتی سەرەکی لێرەدا لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی سیاسەتمەدارانی ئامریکا بەتایبەت دوو حیزبی سەرەکیی ئەم وڵاتە لەگەڵ ئەو پرسەدا خۆی دەنوێنێت. سیاسەتی سەرەکیی ئامریکا لەو بوارەدا ئەوەیە نەهێڵن ئەو وڵاتانە بەتەواوەتی بکەونە ژێر ئەجێندای سیاسیی چینەوە و بەهەر شێوەیەک بۆیان دەلوێ پێش لە نفووز و کاریگەریی زێدەی ئەو وڵاتە لە ئاستی جیهانیدا بگرن. بەڵام ڕوانگەی سیاسیی دێموکراتەکان و کۆماریخوازان یەک شت نییە و دوو ڕەهەندی جیاواز لەخۆ دەگرێ.
هەرچی دێموکراتەکانن سیاسەتی دووری لە کێشە «تنش زدایی» بە نیسبەت ئەو وڵاتانەوە ڕەچاو دەکەن. تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا بە دانی کۆمەڵێک ئیمتیازی ئابووری و سیاسیی تایبەت لە هەوڵی ئەوە دان لە پێویستی و نیازی ئەو وڵاتانە بە چین کەم کەنەوە و تەشویقیان بکەن لەبری نزیکبوونەوە و چوونە بەرەی چین ئیمکانی گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بەرەی ڕۆژئاوایان هەبێ. دێموکراتەکان پێیانوایە لە ئاکامی گرژی و ئاڵۆزیی زێدە لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا ئەگەری نزیکبوونەوەیان لە چین و بەرەی دژ بە ڕۆژئاوا زیاتر دەبێ. کەچی لە بەرانبەردا کۆماریخوازەکان سیاسەتی پێچەوانەیان هەیە. ئەوان پێیانوایە دانی هەر چەشنە ئیمتیازێکی تایبەت بەو وڵاتانە بەهێزتریان دەکا و قازانجەکەشی

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەچێتە گیرفانی بەرەی دژبەرەوە. پێیان وایە کە حکومەتەکانی حاکم بەسەر ئەو وڵاتانە لە زاتی خۆیاندا دژبەری ئامریکا و بەرەی ڕۆژئاوان و یارمەتیدانیان نەتەنیا سوودێکی نابێ بەڵکوو زەرەری لێ دەکەوێتەوە. هەر بۆیەش ڕاهاتن و حاوانەوە لەگەڵ ئەو وڵاتانە یارمەتیدەری وەرسووڕانیان بەرەو کۆمەڵگەی جیهانی و بەرەی ڕۆژئاوا و ئامریکا نابێ بەڵکوو شەریک و هاوپەیمانە ئابووری و سیاسییەکانی چین و بەرەی دژبەری پێ بەهێزتر دەبێ. هەر بۆیەش سیاسەتی کۆماریخوازەکان سیاسەتی گەمارۆ و ڕووبەڕووبوونەوەیە نەک هەڵکردن و ڕێککەوتن.

تەعامولی سەرەکیی دێموکراتەکان لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا بە نیسبەت ئەو وڵاتانەی بە دۆست و نزیکی چین ئەژمار دەکرێن لەگەڵ حکومەتەکانی حاکم بەسەر ئەو وڵاتانەدایە. کەچی ئەم تەعامولە لەلایەن کۆماریخوازەکانەوە ئاراستەیەکی پێچەوانەی هەیە و ڕووی لە دژبەرانی ئەو حکومەتانەیە. بەم پێیەش ئۆپۆزسیۆن دەورێکی کاراتر دەگێڕێ و وەک بەشێکی گرینگ لە سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو جۆرە وڵاتانەدا دێتە ئەژمار. هەر بۆیەش لە سۆنگەی سیاسەتی دەرەوەی ئامریکاوە، بەگوێرەی ئەوەی کام یەک لە حیزبەکان لەسەر کارن، ئۆپۆزسیۆنی هەر کام لەو وڵاتانە و یەک لەوان ئێران، دەور و کارکردی جیاوازیان هەیە.


**١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe

# کوردستان و ئێران ساڵێک دوای شۆڕشی ژینا




**ئەلبورز ڕوویین‌تەن**

لەو ڕۆژەی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی دەست پێ کرد، ساڵێک تێپەڕ بوو. ساڵێک پڕ لە ڕووداو و گۆڕانکاری، ساڵێک کە خەباتی ئازادیخوازیی لە ئێرانی ژێر دیکتاتوریی بۆ قۆناغی زۆر گرینگ بەرەو پێش برد. کۆمەڵگەی ئێران وێڕای ئەوەی لەو ساڵەدا لە ژێردەستیی دیکتاتۆردا هەر ڕۆژێکی پڕ بووە لە ئازار، بەڵام لە هەمان کاتدا قەت بەقەرا ڕۆژانی گەرمی ئەو هەستانەوەش هیوای نەمانی ئەو دیکتاتۆرە نەبووژابۆوە.

ئەو هەستانەوەیە لە زۆر ڕوانگەوە جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنە، بە جورێک ڕەمزی سەرکەوتن لە داهاتوو گرێدراوی تێگەیشتن لە هەموو خاڵە ئەرێنی و خەسارەکانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادییە. لێرەدا تەنیا یەکێک لەو بابەتانەی ئێمە لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا بەڕوونی دیتمان باسی دەکەین، ئەویش پرسی کورد وەک پرسێکی جیاواز هەڵگری خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆی.

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

کوردستان لە سەرەتای بوونیەوە یەکەیەکی جیاواز بووە، ئەو جیاوازییە لەسەر پێگەی جیاوازی ڕەچەڵەک، زمان، جوغرافیا و کولتووری کورد دروست بووە. تەنانەت یەکخستنی ئیدارەی سیاسی لە کات و ساتی جیاوازیش نەیتوانیوە جیاوازییەکان بسڕێتەوە. تەنانەت لەگەڵ هەموو ئەو هێرشانەی بۆ سەر کورد و کوردستان کراون، وێڕای ژێنوساید و بەتاڵانبردنی سامان و وێرانکردنی کوردستان، لەنێوبردنی کولتوور و زمان و مێژووی کورد بە مەبەستی سڕینەوەی ناسنامەی کوردی و سڕینەوەی جیاوازییەکان بەشێکی دانەبڕاوی سیاسەتی حکومەتەکانی ئێرانی بووە کە هەڵسوکەوتی داگیرکەرانەن. هەموو سیاسەت و پلانەکانی ڕێژیم لەو ماوەیەدا ئەوە بووە حاشا لە بوونی کورد وەک نەتەوە و بەو پێیەش حاشا لە مافەکانی بکەن.

لە سەردەمی شۆڕشی ژینادا جارێکی دیکە جیاوازیی سروشت و تایبەتمەندییەکانی پرسی کورد لە ئێران دەرکەوتەوە و بووە هۆی گۆڕینی سەرنج و ڕوانگە لەپێشدا لەقاڵبدراوەکان لەلایەن نەتەوەکانی دیکەوەی ئێرانەوە. لە کاتێکدا نارەزایەتییەکان لە ناوەندی ئێران بۆ لابردنی حیجابی زۆرەملێ ئەویش بەکزی و لاوازی بوو، لە کوردستان شەقامەکان ببوونە مینبەری مافخوازی و خەباتی شوناسخوازی و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان هاواریان دەکرد کە شەهیدمان بۆ ئازادی و کوردستان داوە، یا دەیانگووت ئەوە خاکە، خاکی شەهیدی کوردستانە.

لە کاتێکدا لە ئاستی ئۆپۆزیسیوندا کورد لە پێناو دروستبوونی ئالتێرناتیڤ و هاوخەباتی هەوڵی دەدا، ئۆپۆزیسیونی فارس بەشی هەرە زۆری ئامادە نەبوو دان بە مافی نەتەوەیی و ویست و داخوازەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکە دابنێ، یان دەیویست بە لەگەڵ کوردەکان بە پێشمەرجی وەفاداری بۆ سیستمێکی دواکەوتووی دژی جیابیری و ڕەتکردنەوەی جیاوازییەکان دابنیشێت. واتە بە شێوەیەکی کردەیی چ لەلایەن دەوڵەت و چ لەلایەن ئۆپۆزیسیونەوە بەدەم کەمترین داخوازیی کورد و نەتەوەکانی دیکە وڵاتەوە نەهاتن و تەنانەت هەوڵێکی ڕەشی سیاسی و میدیایی دیپلۆماسی و شەڕی نەرم لەئارادا بوو بۆ ئەوەی شۆڕش لە کوردستان بە ڕەنگی خۆیان و بە داماڵینی لە شوناس و هەویتیی کوردی پێناسە بکەن و پێشانی بدەن. وەک چۆن "ژینا"ی کوردیان دەکرا بە "مەهسا."

ئەو جیاوازییانە جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەی پێشان دا وێڕای ئەوەی هەموومان داوای نەمانی دیکتاتورییەت لە ئێران بە هەموو شێوەیەک دەکەین، بەڵام ئەو داوایە وەک کوردێک زۆر جیاوازترە لە پێکهاتەکانی دیکەی وڵات. دیارە ئەو ڕاستیە پێشتریش هەبووە بەڵام دەرکەوتنی بەو زەقییە بۆ جارێکی دیکە ئەو پرسیارانەمان بۆ دروست دەکات، کە چۆن دەکرێ ویستی پرسی کورد و پرسی ئێران هاوتەریب بێ؟ ئایا هاوتەریبە؟ بەدرێژایی خەباتمان بۆ لێکگرێدانی ئەو پرسانە چەند سەرکەوتوو بووین؟ ئەگەر نەبووین هۆکاری چیە و تا کەی دەبێ بەردەوام بین؟ چۆن دەکرێ پرسێکی نەتەوەی لە چوارچێوەی پرسێکی گشتیی دیکە واتە ڕزگاری لە دیکتاتورێک باس بکەین؟ ئەگەر باس لەوە دەکرێ دێموکراسی چارەسەری

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

هەموو جیاوازییەکان دەکات و لێکگرێدانی خەبات و دروستکردنی هاوخەباتیی لێدەکەوێتەوە، دەڵێین دێموکراسی دەبێ وەڵام زۆر پرسیاری دیکەش بداتەوە. وەکوو ئەوەی کام دێموکراسی؟ ئەو دێموکراسییەی کە لە سۆسیالیزمدا هەیە یا ئەو دێموکراسییەی لە لیبرالیزمدا؟ ئەو دێموکراسییەی کە باس لە زۆرینە و کەمینە دەکات یا دێموکراسییەکی تەوافوقی؟ دێموکراسیی شاهەنشایی یا مەشروتەخوازەکان؟ یا دێموکراسیی چەپەکان یا ئەو دێموکراسییەی نەتەوەکانی بندەست داوای دەکەن؟ دێموکراسی لەنێو یەکەیەکی ئیداری یا وڵاتێکی فیدراڵی؟ ئەگەر فیدراڵی ئەوجار دێموکراسی لە فیدراڵیزمێکی ئیداری یا جوغرافیاییدا؟

ئەگەر وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەش درایەوە، ئەو پرسیارە دەمێنی کە ئایا ئەوان ئەو دێموکراسیەی ئێمە داوا دەکەین قەبوڵیانە یان نە؟ لە هەموو ئەوانەی سەرەوە گرینگتر ئەوەیە ئەگەر ئێران ئەسڵەن دێموکراسیی نەویست ئەوکات ئێمە دەبێ چ بکەین؟ چونکە بەدێموکراتکردنی تاران و کاشان و ئیسفەهان ئاسان نییە و ئاخۆ ئەوە ئەرکی ئێمەشە؟ ئەدی ئەوکات کام پرس بۆ ئێمە لە ئەولەویەتدا دەبێت؟

دوای ساڵێک لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی، لە ئاکامی هەموو ئەو ڕاستییانەدا کە باس کران بەو ئاکامە دەگەین جیاوازییەکانی کوردستان لە زۆر ئاستی جیاجیادا تۆختر لە جاران خۆیان دەنوێنێ و تەنانەت تا دێت زیادتریش دەبێ، بۆیە پێویستە بیرێکی جیدیتر لەو جیاوازییانە بکەینەوە. پرسی کورد خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و خەباتەکەشی تایبەتمەندیی خۆی دەوێ، هەر ئەو جیاوازی و تایبەتمەندییە سەربەخۆیەش دەخوازێ ڕێگەچارەی جیاوازی بۆ ببیندرێتەوە.

**١٨ی خەرمانانی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

# قەیران و دوژمنی خەیاڵی




**ڕەزا دانشجوو**

حکوومەتە خۆسەپێن و دیکتاتۆرەکان بەبێ گوێدان بە تاقمێک جیاوازیی بچووک هەڵگری زۆر تایبەتمەندیی هاوشێوەن. هەڵسوکەوتی دیکتاتۆرەکان بەباشی ئەوە دەردەخات کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەڕووی دەروونناسیی ڕەفتارییەوە کەم تا زۆر هەموویان کەسایەتییەکی یەکسانیان هەیە و کات و شوێنیش کاریگەریی لەسەر ئەم بابەتە نییە. کتێبی "ڕەخنە و شیکاریی ستەمکاری" لە نووسینی "مانس شپێربر" دەروونناسیی بەناوبانگی ئاڵمانیی باس لە شیکاری ڕەفتاری دیکتاتۆرەکان دەکات. هەرچەند ئەو کتێبە پێش ئەوەی هیتلەر جیهان دوچاری شەڕی جیهانی دووەمەوە بکات نووسراوە، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پێشبینی دەکات هیتلێر لە کۆتاییدا خۆی ئەکوژێت!

**موحسین ڕەنانی مامۆستای زانکو لێکدانەوەیەکی سەرنجڕاکێشی سەبارەت بەو کتێبە هەیە، ڕەنانی دەڵێت:**

"شپێربر" نیشان دەدات چۆن کەسایەتیی دەروونیی ستەمکار لە زەماندا ئاڵوگۆڕی بەسەر دادێت و بە تێپەڕبوونی کات کەسایەتییەکی تازە دروست دەبێت، بەو پێیەی ستەمکارەکە وردە وردە پێ دەنێتە قۆناغی سادیزم (چێژوەرگرتن لە

زیانگەیاندن بە خەڵک) و لە قۆناغەکانی دواتردا مازۆخیزم (چێژوەرگرتن لە زیان بەخۆگەیاندن).

لە ڕاستیدا بەگوێرەی قسەکانی "شپێربر" دیکتاتۆرە خۆسەپێنەکان ئەم نەخۆشانەن لەنێو ژاوەژاو و هەرای کۆمەڵگەدا نەخۆشییەکەیان بە شاراوەیی دەمێنێتەوە و هەر بەم هۆیەش هیچ کات دەرفەتی چارەسەرکردنیان پێ نادرێت!

"شپێربر" لە سەر ئەو باوەڕەیە عادەتی دروستکردنی دوژمن و بیرۆکەی "ئەوەی لەگەڵ ئێمە نییە، دوژمنە" بەرهەمیی ترسی قووڵی و شاراوەی دیکتاتوری زاڵمە.

شپێربر بە ئاماژە بە ڕستەیەک لە ئەفلاتون دەنووسێت: هەر کەسێک دەتوانێت شایانی نازناوی ئازایەتی بێت جگە لە مرۆڤی زاڵم و خۆسەپێن! "شپێربر" نیشان دەدات چۆن بە تێپەڕبوونی کات ترس بۆ ڕق و کینە دەگۆڕێت و چۆن دواتر جەماوەر بۆ ڕازیکردنیی دڵی خۆیان و دەربڕینی ڕق و کینەیان لە چەند کەسێک، یارمەتیی زۆردارێکی زاڵم دەدەن تا ئەم کەسانە لەنێو ببات و دواتر هەر ئەم جەماوەرە بە هۆی کینە و ڕقیان لەم زۆردارە یارمەتیی زۆردارێکی تر دەدەن تا لە ناوی ببات!

شپێربر ڕوونی دەکاتەوە چۆن دیکتاتۆری زاڵم بە سادە نیشاندانی پرسە ئاڵۆزەکان، چارەسەرێکی پۆپۆلیستی بۆ ئەم پرسانە پێشکەش دەکات و بە هیچ شێوەیەک نیگەرانی بەئاکامنەگەیشتنی و جێبەجێنەبوونیان نین، چونکە بەباشی فێربوون کە کاتێک چارەسەرەکەیان سەرکەوتوو نەبوو، چۆن بەرپرسیارێتی ئەم شکستە بخەنە سەر شانی دوژمنە گوماناوییەکانیان!

بێگومان "شپێربر" شیکارییەکەی ئاراستەی هیچ کەسایەتییە سیاسیی دیار ناکات، هەرچەند تاقمێک لە نموونەکانی لە هەڵسوکەوتی دیکتاتۆرەکانی سەردەمی خۆی (ستالین و هیتلێر) دەهێنێتەوە.

هۆکاری سەرنجڕاکێشبوونی ئەم کتێبە ئەوەیە کاتێک ناوی هیتلەر و ستالین لادەبەیت و ناوی دیکتاتۆرێکی تر دادەنێیت، دەردەکەوێت ئەم لێکدانەوە چەندە تازەیە! وەک ئەوەی شپێربر هەر دوێنێ و بۆ شیکردنەوەی هەڵسوکەوتی دیکتاتۆرەکانی ئەمڕۆ نووسیبێتی! "مانس شپێربر" لە ڕوانگەیەکی وردبینانەدا ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە کە ئەم تایبەتمەندییە ڕەفتارییانە دەتوانرێت لە هەر کاتێکدا بگەڕێندرێتەوە بۆ هەر دیکتاتۆرێک و لە بەرچاو بگیرێت.



سەرچاوە
Serchawe

سازدانی قەیران و دروستکردنی دوژمن یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی دیکتاتۆرە خۆسەپێنەکان بۆ مانەوەی تاج و تەختەکەیان. هیتلێر کە بە بیانووی دژایەتیکردنی لەگەڵ نەزمی سەپێندراو لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانی بەریتانیا و فەرانسە و دارشتنی بناغەی نەزمی نوێ، ئورووپا و جیهانی تێوەگلاوی کارەساتی جەنگی جیهانی دووەم کرت، زۆر باش دەیزانی کە بوونی ئەو دوژمنایەتییە چەندە بۆ مانەوەی دەسەڵاتەکەی پێویستە. ساڵانێک بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە یەکیەتیی سۆڤیەت لەژێر سێبەری بەربەرەکانی لەگەڵ کاریگەریی ئیمپریالیزمدا ڕێگەی بە ستالین دا کە شکستە سیاسی و ئابوورییەکانی کۆمۆنیستەکان پەردەپۆش بکات. سەردەمی "مەک کارتیزم" لە ئەمریکا، بە بیانووی کاریگەریی کۆمۆنیزم، لایەنی تری ئەم چیرۆکەیە، ئەمجارەیان لە جیهانی بەرواڵەت ئازاددا، بیرمەندانی دژبەری سەرمایەداری بوون بە ئامانجی دەسبەسەرکردن و ئازاری نەیارانی کۆمۆنیزم.
سازدانی قەیران و دروستکردنی دوژمن لە کۆماری ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە تەنانەت بۆ پێش هاتنەسەرکاری ئەم دەسەڵاتە نامرۆڤانەیە. یەکەمین قەیرانی دەستکردی ڕێژیم دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوی جەرگبڕی سووتاندنی بەئەنقەستی سینەما ڕیکسی ئابادان لە مانگی گەلاوێژی ٥٧ کە لەلایەن لایەنگرانی خومەینییەوە بە مەبەستی بەدناوکردنی ڕێژیمی پێشوو ئەنجام درا و لە ئاکامی ئەم کردەوە قێزەونە سێ سەد و شەست کەس بە زیندووی سووتێنران!

قۆناغی دووەمی سازدانی قەیران و دروستکردنی دوژمن دەگەڕێتەوە بۆ یەکلاکردنەوەی حیساباتی سیاسی لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی، لە میانەی بەرنامەیەکی هاوئاهەنگ و بە گڵۆپی سەوز و هاوکاری هاشمی ڕەفسەنجانی و عەلی خامنەیی بۆ کوشتنی زۆرێک لە سەرکردەکانی ڕێژیم لە ڕووداوەکانی هاوشێوەی تەقینەوەی بۆمب و تیرۆردا لەلایەن ڕێکخراوی موجاهدین و هەندێک گرووپی تر. سەیر لەوەدایە، هەموو ئەوانەی لەم تەقینەوانەدا کرانە ئامانج، کەسانی زۆر نزیک لە خومەینی بوون و هەڕەشە لە داهاتووی سیاسی ڕەفسەنجانی و خامنەیی! بەهەشتی، مۆتەهەری، ڕەجایی و... هتد
.

قۆناغی سێیەمی پرۆژەی سازدانی قەیران و دروستکردنی دوژمن، و لە ڕاستیدا گرنگترین چالاکیی ڕێژیم کە بە هاوبەشی و یاوەریی دیکتاتۆری خۆسەپێنی عێراق ڕووی دا، سەپاندنی شەڕێکی هەشت ساڵە بوو بەسەر خەڵکی ئێران و عێراق و بە قەبارەیەکی گەورەتر بە سەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. هەردوو دیکتاتۆری خۆسەپێن، خومەینی و سەدام لە هەموو کەس باشتر دەیانزانی ئەم شەڕە جگە لە وێرانکاری و خەسارە هیچ قازانجێک بە هیچ کام لەم وڵاتانە ناگەیەنێت، بەڵام هەردوو دیکتاتۆر لە پرۆژەی دروستکردنی دوژمن بۆ وروژاندنی هەستی ناسیۆنالیستی و نیشاندانی وێنەیەکی نیشتمانپەروەرانە لە خۆیان دەبوو شەڕێک لە نێوان چاکە و خراپەدا دەست پێ بکەن بۆ ئەوەی ڕۆڵی چاکە بگێڕن. شەڕێک کە بووە هۆی کوشتن و ئاوارەبوونی میلیۆنان کەسی بێتاوان و لەنێوبردنی ژێرخانی زۆری دوو وڵات تەنانەت بۆ ئەوەی دوو دیکتاتۆری خۆسەپێن کەمێک زیاتر لە دەسەڵاتدا بمێننەوە.

خەرمانانی ٢٧٢٣

بە کۆتایی‌هاتنی شەڕ و هاتنەسەرکاری خامنەیی پرۆژەی دروستکردنی قەیرانەکان پێی نا قۆناغێکی نوێ، بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین دوژمن زۆرترین وشەیەکە کە خامنەیی لە دوای هاتنە سەرکاریەوە بەکاری هێناوە. سازدانی قەیران و دروستکردنی ململانێ لە وڵاتانی دراوسێدا بەشێکی دیکەی ئەم سیناریۆیە، خەڵک بەکوشتدان و تێوەگلانی هەستی کوێری ناسیۆنالیستیی.

دانانەوە و تەقینەوەی دەیان بۆمب لە ناوچە جیاجیاکانی وڵات لە ساتەوەختە مێژووییەکاندا بە مەبەستی دروستکردنی قەیران و دوژمن سازکردن بە مەبەست سەرکوتکردنی زیاتری نەیاران و ئۆپۆزسیۆن بەشێکی دیکەی ئەو سیناریۆیەیە کە چەندین جار دووبارە بووەتەوە. تەقینەوەی بۆمب لە مەزارگەی ڕەزا، ئیمامی هەشتەمی شیعەکان، تەقینەوە لە نمایشی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە مەهاباد، هێرشی چەکداریی ئەم دواییە لە مەزارگەی شاچرا لە شیراز و...

ئەم تەقینەوانەی بەڕوونی هەموو لەو قۆناغانەدا ڕوویان داوە کە ڕێژیم نەیتوانیوە بارودۆخی کۆمەڵگە کۆنترۆڵ بکات و وەڵامی نارەزایی خەڵک بداتەوە. لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ لە ڕێگای دروستکردنی هەستێکی هاوسۆزیی خەڵک لەگەڵ مردووەکانی ئەم کارەساتانە، کە لە زۆربەی کاتەکاندا خەڵکی مەدەنی بوون، بۆ ماوەیەکی ئەگەر کورتیش بێت، سەرنجی جەماوەر بە هۆی ئەو کەشوهەوای سۆزدارییەوە کە زاڵە بەسەر کۆمەڵگەدا، لە واقیعەکانی کۆمەڵگە دوور بخاتەوە. بەڵام ئەوەی کۆماری ئیسلامی ناتوانێت لێی تێ بگات، هەلومەرجی جیاوازی ئێستای کۆمەڵگەی ئێرانە، ئەو نەوەی وشیارەی بە لادان لە نۆرم و بەها دەستکردەکان بە شوێن ڕاستیدا دەگەڕێت، ئەو نەوە بەئاگایەی لە شۆڕشی ژینادا پێشانی دا چەندە لە ماف و ئەرکەکانی خۆی ئاگادارە. ئەگەر سەردەمانێک لەم وڵاتەدا دایکان و باوکانێک بوون لە مانگدا وێنەی خومەینییان دەبینی، ئێستا دڕاندنی وێنەی خومەینی لە قوتابخانەکان کایەی نەوەکانیانە. تەقەکردن لە خەڵک دوالاپەڕەی کتێبی ژیانی کۆماری ئیسلامییە، ئەمە کۆتا تاکتیکی نیزامی وەلایەتی فەقێیە، دۆست یان دوژمن جیاوازی نییە، چ نەیارانی کە لە شەقامدا مردنی هاوار دەکەن چ ئەوانەی بۆ زیارەت دەچنە شوێنێکی پیرۆز. ڕێژیم دەزانێ ئەم سیناریۆیە لای خەلک لەمێژە ئاشکرا بووە، بەڵام بۆ کەسێک کە لە لێواری هەڵدێر خەرێکە دەکەوێتە خوارەوە، هەر ڕیشەیەکی لاواز حوکمی دارێکی ئەستووری هەیە، لانیکەم چەند کاتژمێرێک دەتوانێت خۆی پێ ڕاگرێت. ڕێژیم نازانێت کە لەژێر ئەم هەڵدێرە ڕووبارێکی گەورەیە، ڕووبارێک پڕ لە توڕەییەکی پیرۆز درەئەنجامی ساڵانێک زوڵم و زۆری، ڕووبارێک کە ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر و بەرز دەبێتەوە تا ئەوکاتەی لەناکاو بێتە لافاوێک و ڕۆژێک بۆ هەمیشە هەرچی ڕەشایی و تاریکییە لەگەڵ خۆی ببات. کۆماری ئیسلامی خۆی ناڕوخێت، خەلک دەیڕوخێنێت. چارەنووسی دیکتاتۆری کۆن مردنی ئاسایی نییە، بەڵکو کەوتنە دەستی شۆڕشگێڕان و سپاردنی بە مەحکەمەی گەڵە.

١٨ی خەرمانانی ٢٧٢٣

خەرمانانی ٢٧٢٣

# ئاگایی و وشیاری وەک پەیژەکانی سەرکەوتن



**ئاسۆ مینبەری**

وردەوردە خەریکین لە ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی و دەسپێکی شۆڕشی ژینا بە دروشمی سەرەکیی ژن، ژیان، ئازادی نزیک دەبینەوە. شۆڕشێک کە چەخماخەکەی لە کوردستانەوە لێ درا و وردەوردە هەموو ئێرانی گرتەوە . لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، بینەری کۆمەڵێک ڕووداوی جۆراوجۆر لە کوردستان و ئێراندا بووین، ڕووداوگەلێک کە هەموویان بە ئاراستەیەکدا دەچوون و ئەویش هەوڵدان بۆ سەرخستنی شۆڕشی ژینا بوو.

گومان لەوەدا نییە ژنان یەکەم چەخماخەی ئەم شۆڕشەیان لێ دا، ڤیدیۆ بڵاوکراوەکانی ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان لە کاتی ئەسپەردەکردنی تەرمی ژینادا، ئەم ڕاستییە پشتڕاست دەکەنەوە و، هەر ئەم ئەکتەی ژنان بوو کە توانی گۆڕەپانەکە بۆ ڕووداوەکانی دواتر هەموار بکات. فڕێدانی سەرپۆش ئەویش لەژێر گوشاری ڕێژیمێکدا کە هەر بەو بۆنەوە ژینای لە ژیان بێبەری کرد و تەرمەکەی ڕەوانەی گۆڕستان کرد، لە جۆری خۆیدا و لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا بێوێنە بوو، بەڵام کاتێک

ئەم ئەکتە مانای تەواوی خۆی مسۆگەر کرد کە دروشمی ژن، ژیان، ئازادیشی لەگەڵ خۆی ڕێک خست و بوو بە هۆی سەرهەڵدانێکی مەزن نەک تەنیا لە شاری سەقزی شوێنی لەدایکبوونی ژینا، بەڵکوو لە هەموو کوردستان و ئێران.

ژنان لەم یەک ساڵەدا بە هەموو شێوازێک هاتنە مەیدان و داوای مافی خۆیان کرد، ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە بە پێچەوانەی باقی شارەکانی ئێران، لە کوردستاندا، پرسی حیجاب پرسی سەرەکی نەبوو، بەڵکوو بوو بە بیانوویەک بۆ ئەوەی لە پەنایدا، باس لە مافی نەتەوایەتی بکرێ! هەر خودی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، بە نێوەرۆکێکی پڕ ماناوە لە هۆکارە سەرەکییەکانی هیدایەتکردنی شۆڕشەکە بوو، دروشمێک کە تێیدا سێ چەمکی گرینگ و لێکگرێدراوی کۆمەڵگە باسیان لێوە کرا و ڕێبەریی شۆڕشەکەیان کرد. خاڵی سەرنجڕاکیش ئەوەیە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، بە هەر بیر و باوەڕێکی ئایینی، سیاسی یان تەنانەت فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە، لەژێر ئەو دروشمەدا کۆ بوونەوە و هاوئاهەنگ لەگەڵ یەکتر، دروشمگەلی پێکهاتەشکێن و ڕادیکاڵتریان بەرانبەر بە دەسەڵات بەکار هێنا. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەندێ لایەن بە هێنانەئارای دروشمی "مرد، میهن، آبادی"، هەوڵیان دا ئاراستەی شۆڕشەکە بگۆڕن و فەلسەفەی شۆڕشەکە بەلاڕێدا ببەن.

لە یەک ساڵی ڕابردوودا لەلایەن زۆر کەس و لایەنەوە، کۆمەڵێک هەڵە روویان دا کە بووە هۆی ئەوەی شۆڕشەکە لە کزی بدا و خەڵکی ڕاپەڕیویش دڵسارد بکەنەوە، بەڵام ئیرادەی گشتی بۆ تێکەوەپێچانی دەسەڵاتی خوێنمژی ئاخوندی، گەورەترین هۆکار بۆ بەردەوامبوونی شۆڕشەکە تا ئەمڕۆ بووە و وا وێدەچێ لە ساڵیادی ئەم شۆڕشەشدا کۆمەڵێک ڕووداوی دیکە بێنە پێش کە ئەمە لە وتە و هەڕەشەکانی ڕێژیمدا بە باشی خۆی دەنوێنێ و ئەوانیش خۆیان بۆ ئەم ڕووداوانە ئامادە کردووە.

لە یەک ساڵی ڕابردوودا، ژنان لە زۆر بواردا توانییان ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕن، ڕەنگە زۆر کەس لە خەسارناسیی ئەم بەشداریکردنەدا، ڕۆڵی ژنان بە لاواز وەسف بکەن بەڵام ڕاستییەکە پێچەوانەی ئەمەیە. لە کۆمەڵگەیەکدا کە بەدرێژایی زیاتر لە ٤ دەیە، دەسەڵات هەوڵی پەراوێزخستنی ژنانی داوە و لەسەر پرسێکی زۆر بێبایەخی وەکوو حیجاب، ژینا ئەمینیی شەهید کرد و بە دەیان کچی دیکەی خستە زیندانەوە، لە کۆمەڵگەیەکدا کە عورفی داسەپاو وای کردووە کە ژن توانای دەربڕینی ویستەکانی نەبێت و لە ئەگەری دەربڕینی خواستەکانیدا پێش دەسەڵات، لەلایەن بنەماڵە و کۆمەڵگەوە هێرشی بکرێتە سەر، کردەوەی ژنان دەبێ بەرز بنرخێندرێ.

ئەگەرچی لە کوردستاندا هەوڵێکی گشتگیر بۆ دژایەتی لەگەڵ خواستی دەسەڵات لەئارادا بووە و کوردستان هیچکات ملکەچی

خەرمانانی ٢٧٢٣

بڕیاری دەسەڵات نەبووە، بەڵام ناتوانین حاشا لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیم لەسەر خەڵک بکەین، بۆیە بە سەرنجدان بەو گوشارەی کە لەلایەن ڕێژیمەوە بۆ سەپاندنی هزر و ئیدئۆلۆژیی چەقبەستووی ئیسلامی هەبووە، پێویستە هەموو هەنگاوەکانی ژنان، بەنرخ بزانین و گرینگی تایبەتیان پێ بدەین. ژنان لە سووچی ماڵەکانەوە، گەیشتنە زانکۆکان و لە شۆڕشی ژینادا، بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ و ڕوانینێکی دروست هاتنە مەیدانی کردەوە، لەم پێناوەدا بریندار بوون، دەسبەسەرکران و تەنانەت هەندێکیشیان کەوتنە بەر ئازار و ئەشکەنجەی درندانەی هێزە سەرکوتکەرەکان بەڵام، لە داواکردنی مافەکانیان پاشگەز نەبوونەوە. چاوخشاندنێک بەسەر ئاماری ڕێکخراوە مافی مرۆییەکاندا نیشانمان دەدات کە لە یەک ساڵی ڕابردوودا، ژنان تا چ ڕادەیەک کەوتنە بەر شەپۆلی دەسبەسەرکران و توندوتیژییان بەرانبەر کرا بەڵام، قەت کۆڵیان نەدا، چونکە ڕاستییەکە ئەوەیە ئەگەر هەمووان پێکەوە نەبن بە مستێک لە بەرانبەر داگیرکەردا، بێگومان یەک بە یەک وەکوو ژیناکانی ئەم نیشتمانە، دەبنە قوربانی.

لەڕاستیدا باسکردن لە بوون و ڕۆڵی ژنان، بەو مانایە نییە ئەم بەشداریکردنە ڕەخنەی لەسەر نییە، بێگومان ڕەخنەش هەیە بەتایبەت لەو بەشەدا کە کۆمەڵێک لە ژنانی کورد، خوازراو یان نەخوازراو کەوتنە داوی پڕوپاگەندەی گرووپەکانی دیکەوە و پرسەکەیان تەنیا لە حیجابدا قەتیس کردەوە، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە، زۆرترین ڕێژەی ژنان لە کوردستان، ئەو کەسانە بوون کە بە ئاگایی سیاسییەوە لە پرسەکەیان ڕوانی و هاتنە مەیدان تاکوو هاوتەریب لەگەڵ مافی خۆیان وەک ژن، داوای مافی نەتەوەکەشیان بکەن.

بەشداریی ژنان لەم شۆڕشەدا، خاڵێکی وەرچەرخان لە دۆخی ئەواندایە، بێگومان دەبێ توندوتیژییەکان بەرانبەر بە ژنان لە داهاتوودا کەم ببنەوە و ژنانیش زیاتر لە پرسە گرینگەکانی کۆمەڵگەدا، خۆیان ببیننەوە، چونکە سەرکەوتن لە گرەوی ئاگاییدایە و بەبێ بوونی کۆمەڵگەیەکی وشیار و ئاگا، سەرکەوتن مسۆگەر نابێ.

١٨ی خەرمانانی ٢٧٢٣

# لە بەردەم کۆتایی و دەسپێکی دوو سەردەمدا




**سۆران شەمسی**

بە شۆڕشی ژینا لە ساڵی ڕابردووەوە سەردەمێکی نوێی پێشهاتە خێراکان لە ئێران دەستی پێ کردووە. کوشتنی خەڵکانی مافخواز و ئەوانەی لەدژی هەڵاواردن و گەندەڵی ڕژابوونە سەر شەقامەکان، ئەو پرسیارەی وروژاندووە کە بە چ شێوەیەک دەبێ بەرەنگاری حکوومەتێک ببیەوە کە تەحەمولی بچووکترین ڕەخنە و نارەزایەتیی خەڵکی نییە و کام لەوەها سیستمێکدا چ شتێک دەبێتە هۆی گۆڕانکاری؟ لە کاتێکدا لەو بارودۆخەدا کەسانێک هەن کە ڕاوەستان لە بەرانبەر توندوتیژییەکانی ڕێژیم بە چارەسەر دەزانن، کەم نین کەسانێک و گرووپگەلێکیش کە هەروا پێداگری لەسەر پابەندبوون بە خەباتی ناتوندوتیژ دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە مافی "بەرگریکردن لە خۆ" بۆ هەموو تاک و لایەنێک یاسایی و ڕێگەپێدراوە، بەڵام هاوکات تەکزکردنە سەر توندوتیژی لەهەمبەر سەرکوت هێشتا جێگای مشتومڕە و هەندێک لەوە نیگەرانن توندوتیژییەکە لە چوارچێوەی بەرگریکردن لە خۆ بترازێ و بوار بۆ دروستبوونی توندوتیژیی ڕێکخراو خۆش ببێت. بەڵام گومانی تێدا نییە ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو ئێمەی گەیاندۆتە قۆناغێکی نوێی پێشهاتەکان و پێدەچێت پرسی توندوتیژی لە داهاتوودا ببێتە پرسێکی

خەرمانانی ٢٧٢٣

گرنگ. چونکە هەر کردەوەیەکی توندوتیژی و دژەگەلی لەلایەن نیزامی سیاسییەوە کە هیچ ڕەواییەکی خەڵکیی نەماوە، لە دژی خۆی دەشکێتەوە، دەرئەنجامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە و خەڵک ناچار بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی نوێ دەکات.

سەرکوت و توندوتیژی سیاسەتی ڕەسمی و نەگۆڕی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ٤٤ ساڵی ڕابردوودا بووە. هەر لە مانگەکانی یەکەمی دوای شۆڕشی ٥٧ کە خەڵکی کوردستان و زۆر لایەنی سیاسیی دیکە لە ئێران داوای ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خۆیان دەکرد کە شۆڕشیان بۆ کردبوو و خوێنیان بۆ دابوو، ڕێژیم بە سەرکوت و داپڵۆسین بەرەورووی خەڵک بۆوە و ماهییەتی ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا کرد. بۆ نموونە بینیمان خەڵکی کوردستان کە داوای مافی خودموختاری مافی بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆی ناوچەی خۆیان دەکرد و پێیان لەسەر ماف و ئازادییەکانیان دادەگرت، فەرمانی جیهادیان لەدژی درا و شەڕیان بەسەردا سەپێندرا. ئەمە سەرەتایەک بوو کە هەتا ئێستا درێژەی هەیە و لە بارودۆخی هەستاری هەنووکەشدا ڕێژیم بە هێرشکردنە سەر کوردستان و بزووتنەوە سیاسییەکەی دەیەوێ پێش بە هەڵەسوونی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە سەرانسەری وڵات بگرێت.

## وەردێکی ڕووداوەکان

دوای کوژرانی ژینا و ئاخێزی کوردستان ڕێژیم دەیزانی کار لە گرێژنە ترازاوە و بچووککردنەوە ڕووداوەکە، پاساوهێنانەوە و ئیدیعای بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دادی نادەن و کەسی پێ قایل نابێت، تاکەچارەسەری هەر لە سەرکوت و کوشتندا دیتەوە. بەتایبەت دوای ئەوەی شۆڕشی ژینا بە دروشمە بایەخمەندەکەی ژن، ژیان ئازادی هەموو کوردستان و ئێرانی تەنی و هاوپشتییەکی کەموێنەی لە ئاستی دنیاشدا بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

کۆماری ئیسلامی کە بەلاڕێدابردن (فرافکنی) هەمیشە بەشێک لە تاکتیکەکانی بووە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانەکاندا، دەمودەست هۆکاری ناڕەزایەتییەکانی ئێرانی خستە ئەستۆی ڕۆژاوا و پاڵنەری دەرەکی، بەڵام کاتێک دەیزانی ناتوانێ لە ڕۆژاوای هەڵپێچێ و پرسی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان و زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی و لادانی سزاکان لەبار دەچێ؛ کەوتە سەرکوتکردنی خوێناویی خۆپێشاندانەکان لە نێوخۆ. ناوکی دەسەڵات لە ڕێژیم کە بەهۆی ڕوانگەی ئەمنیەتییەوە هەمیشە کورد، تورک، بەلووچ، عەرەب، تورکمەن، گیلەک و نەتەوەکانی دیکەی لە پەراوێزدا و لە بەرانبەر یەکتریدا ڕاگرتووە، دیسان کەوتە پلانی دووفاقەی نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لەلایەک و سەرکوتی نەتەوەکانی کورد و بەلووچ بۆ چاوترسێنکردنی نەتەوەکانی دیکەی جوغرافیای ئێران. هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکە و بارەگای حیزبە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستانیش هەم بۆ ڕەنگدانەوەی ئایدیا و دروشمەکانی ئەم حیزبانە لەنێو دڵی جەماوەر و

خۆپێشاندانەکان دەگەڕایەوە، هەم بۆ نیگەرانییەی کە هەوڵەکانی یەکگرتنەوە و نیزیکبوونەوەی هێزە سیاسییە کوردەکان خستبوویە هەناوی ڕێبەرانی ڕێژیمەوە.

ساڵێک دوای ئەم ڕووداوە نەک نارەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات دانەمرکاون، بەڵکوو لە بەرەبەری ساڵیادی شۆڕشی ژینا ڕێژیم چەند قات ترسی ڕێ نیشتووە کە هەڵگیرسانەوەی خۆپێشاندانەکان ئەمجارەیان بە ئاقارێکی دیکەدا بڕوات. ڕێژیم کە دەیزانی سیاسەتی چلوچوار ساڵەی تاوانبارکردنی کوردەکان بە جیاییخوازی مایەپووچ بووە و پێکهاتەکانی دیکەی وڵاتی پێ لەخشتە نابرێ، بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئەمنیەتی لەگەڵ عێراق لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بەتەمایە مەترسیی حیزبە کوردییەکان بە یەکجاری لە کۆڵ خۆی بکاتەوە؛ چونکی بەهۆی پاشخانی سیاسیی بزووتنەوەی کورد، ئەزموون و توانای ڕێکخستنی سیاسیی و جەماوەریی کوردستان و پێگەی قورسی حیزبە کوردییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا؛ پێش هەموو جێیەک کوردستان بە خاڵی لاوازی خۆی دەزانێت.

## دۆخی ئێستا

کۆمەڵگەی ئێران بەرەوپیلی ساڵوەگەڕی شۆڕشی ژینا دەچێت. هێز و لایەنە سیاسییە دژبەرەکانی ڕێژیم لە ئێستاوە بانگەواز بۆ مانگرتن و خۆپێشاندان دەکەن و ڕێژیم لە ترسی تەشەنەسەندنی بزووتنەوەی ژینا، لەلایەک بە گوشارهێنان بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی و خوێندکاری و لەلایەکی دیکە بە گوشارهێنان بۆ سەر حکوومەتی عێراق دەیانەوێ جڵەوی پێشهاتەکان لە دەستی خۆیاندا بێڵنەوە. بەتایبەت کە بانگکردن و دەسبەسەرکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و هەڕەشە لە خەڵکی بازاڕ و دووکاندار و مامۆستایان لە کوردستان گوڕی و خێرایی زیاتری بەخۆوە گرتووە. سوپای پاسداران هێزی زیاتری گواستووەتەوە بۆ سەر سنوورەکانی کوردستان و هەڕەشەی هێرشی مووشەکی و چوونە نێو خاکی هەرێمی کوردستان دەکەن.
ئەگەرچی نە هەڕەشە و هێرشی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم و نە بوونی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لە خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق دیاردەیەکی نوێ نییە و بە درێژایی ساڵانی ڕابردووشدا سپای پاسداران بەردەوام تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی کردووە؛ بەڵام ڕەوتی گۆڕانکارییەکان لە نێوخۆی ئێران هاوکێشەکەی تا ڕادەیەژی زۆر گۆڕیوە. بەتایبەت کە شۆڕشی ژینا لە ساڵی ڕابردوودا بزووتنەوە نارەزایەتییەکان لەو وڵاتەی بەرەو ئاقارێکی دی بردووە و لە ئێستادا داخوازیی خەڵک نە ڕیفۆرم و چاکسازی و نە داوای سینفی نین و تەواوەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان بەئامانج گرتووە.

لە هاوکێشە ناوچەییەکانیشدا کێبرکێی سیاسی و ئابووری ئێران لەگەڵ تورکیە و ژئوپۆلۆتیکی هەرێمی کوردستان وای کردووە سەرەڕای سیاسەتی ڕوونی کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر دەسەڵاتی کوردی لە ناوچە، بەڵام باشووری کوردستان

خەرمانانی ٢٧٢٣

جێگەیەکی تایبەتتری لە بەرنامەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا هەبێت.

**پوختەی مەبەست:**

کۆماری ئیسلامی نوقمی قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە. بەهۆی ئەوەش کە نە شەرعییەتی لەلای خەڵکی وڵات ماوە و نە توانایی چارەسەری کێشەکان و زاڵبوون بە سەر قەیرانەکانیدا هەیە، بە هەموو شێوەیەک و قەیرانخوڵقێنییەکی دیکە پەلەقاژەی مانەوەت زیاتری خۆی دەدات. بینیمان کە بۆردومانکردنی بارەگا و کەمپەکانی حزبە سیاسییەکانی کوردستان و هێرشی مووشەکی بۆ سەر قوتابخانە و شوێنە مەدەنییەکانیش هیچ دەستکەوتێکی بۆ نەهێنا و خەڵکی کوردستان بە مانگرتنە یەک لەدوای یەک و خۆپێشاندنی بەرفراوان لە شارەکان وەڵامی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامییان دایەوە. لە بەلوچستانیش هەروەها. هاوکات یەکگریی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری نەتەوە و پێکهاتەکانی ئێران ئەوەندەی دیکەش زراوی ڕێبەرانی ڕێژیمی بردووە.

لەو بارودۆخە ململانێی ڕێژیم کە تەنیا چەکی سەرکوتی بەدەستەوە ماوە لەگەڵ خەڵکی ئێران و هێزە گۆڕانخوازەکانی وڵات، کە لێبڕاو و شێلگیر خۆیان بۆ قۆناغێکی دی لە خەبات و بەربەرەکانی دژی ڕێژیم ڕێکدەخەن، ئێران دەباتە دۆخێکی نوێ. دۆخێک کە لە ئەگەری یەکخستنی وزەی خەباتگێڕیی هەموو جۆراوجۆرییەکانی وڵات و سەرگرتنی هەوڵی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی ڕێژیم لە پێکهێنانی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی، بە سەرکەوتنی ئەو خەباتە چارەنووسی دواجاری ڕێژیم لە داهاتوویەکی زۆر نیزیکدا یەکلا دەبێتەوە.

٢٠ی خەرمانانی ٢٧٢٣

# لەژێر ساباتی هاوگوتاریی گەلاندا



ئەمیر باباخانی

ڕەنگە زێدەڕەوی نەبێ ئەگەر بڵێین ئەوەی ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەئارادایە، لەوانەیە لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی جیهان بە گشتی و لەم ناوچەیە بەتایبەتی بێنێتە ئاراوە. جموجۆڵ و گەڕانەوەی سەرلەنوێی هێزەکانی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ بەرگرتن بە سیاسەتەکانی چین و ڕووسیە و دوورکردنەوەی وڵاتانی کەنداو لەم دوو وڵاتە، ڕکەبەریی نابەرهەستی چین و ڕووسیە لە ناوچەدا، ئەگەری نیزیکبوونەوەی زیاتری ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی دەنگۆی ئاسایی‌بوونەوەی پەیوەندەییەکان لەگەڵ عەرەبستان، پڕۆژە ئابووری و چەکدارییەکانی وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی عەرەبستان و ئەمارات، تەریک‌خستنەوە و ئیزۆلەکردنی زیاتری کۆماری ئیسلامی ئێران، دەوری ئەفغانستانی تاڵەبان و... ئەمانە هەموو نیشاندەری ئەوەن تەکوزییەکی نوێ لەم ناوچەیە بەڕێوەیە و بەتایبەتی لێکەوتەکانی بۆ دواڕۆژی هەندێ وڵات دەتوانێ زۆر گرینگ بێ.

ئەوەمان لەبیرمان نەچێ سیاسەت ڕێک ئەو شوێنەیە کە ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکان و پێشهاتە سەیروسەمەرەکان لێی ڕوو

دەدەن! بۆ وێنە ئەگەر لە وڵاتێکی وەک ئێران هەندێ لە نەتەوەکان بە هومێد و هەستیارییەوە لە جموجۆڵ و ئاڵوگۆڕەکان دەڕوانن، بەرهەمی خوێندنەوەی دۆخەکە و ئەگەری هاتنەئارای ڕووداوی چاوەڕواننەکراوە. بەڵام هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و هیوای وەدیهاتنی دۆخێکی نوێ، لایەنێکی تریش بە شێوەیەکی هاوتەریب نیگەرانی ئەم ئاڵوگۆڕانەیە کە تەواو ڕوانینێکی شۆڤێنیستیشی پێوە دیارە و قەزائەن ئەم دەنگانە لەلایەن چینی دەسەڵاتدارەوە دەبیسرێ کە تەنانەت ئەوەندە ڕادیکاڵە کە خۆی لە قەرەی توندوتیژی دەدا و ڕێک ئەم توندوتیژییە دەگوازێتەوە بۆ نێو کۆمەڵگە!

بۆ وێنە لە کۆمەڵگەیەکی ئیستبدادلێدراوی وەک ئێران، دەسەڵاتی فاشیستی لانیکەم لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا خۆی بە سەر هەموو بوارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و تەنانەت ئەخلاقییەکانیشدا سەپاندووە بە مەبەستی سازکردنی کۆمەڵگەیەکی داخراو لە ڕێگەی کۆنترۆڵی پۆلیسییەوە! نموونەی هەرەزیندووی ئەم دواییە "طرح حجاب و عفاف"ە بەدژی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بۆ کۆنترۆڵی ژنانی ڕاپەڕیو لەم وڵاتەدا.

ئیستبداد وەها چۆتە نێو تان‌وپۆی کۆمەڵگەوە کە تاک و گرووپەکانی دەرەوەی نیزامی سیاسی لەڕاستیدا هیچ کارەن و هیچ چەشنە ئازادی و دەسەڵاتێکیان لە بڕیاردان و جێبەجێکردندا نییە. دیارە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەسەڵاتی سیاسیی ئێران لەسەر دوو تەوەری زمانی فارسی و نەتەوەپەرەستی کەونینیەخوازی و هەروەها ئایینزای شیعە دامەزراوە، هەرگیز باوەڕی بە هاوبەشی سیاسی گرووپە نەتەوەیی و ئێتنیکییەکان بە مانا هانا ئارێنتییەکەی نەبووە. ئەمەش ڕێک هەمان ڕوخساری ڕاستەقینەی فاشیزمە کە لەم ساتەوەختەی ئێستادا بۆ سەرجەم گەلانی ئێران دەرکەوتووە، ئەوەی دەمێک ساڵە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لێی لە هەڵا داوە، سەیرەکە لەوەدایە ئەو فاشیزمە لەنێو بەناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش شەپۆلان دەدا.

دیارە داهاتووی پرسی کورد بە داهاتووی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژی گرێ دراوە و بێگومان دۆزینەوەی ڕێگاچارەکان لەسەر بنەمای ئازادی، دێموکراسی و پلۆرالیزم دەبێتە هۆی تۆختربوونەوەی دەوری سەرجەم نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران بۆ گەیشتن بە مافەکانیان و بەشداری لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا. بۆیە ئاشکرایە هەر ڕێگاچارەیەکی تر کە مافی نەتەوەکان لە ئێران بە فەرمی نەناسێ، شانسی سەرکەوتنی نابێ. بۆ دەرچوون لەو قەیرانە مێژووییە و پێشگیری لە ڕوودانی توندوتیژییەکانی داهاتوو، باشترین ڕێگا ئەوەیە کە لەسەر ئەو سێ بنەمایەی باسم لێوە کرد، واتە ئازادی، دێموکراسی و پلۆرالیزم دان بە هەر دوو "مافی نەتەوەیی" و "مافی شارۆمەندی"ی گەلان دابندرێ.

پێداگری هاوکات لەسەر مافی نەتەوەیی و مافی شارۆمەندی بۆیە بۆ نەتەوەکان گرینگە، چون تەنیا دابینکردنی مافی

شارۆمەندی کە لەسەر بنەمای دێموکراسی پێکدێ، گەرەنتییەک بۆ مافی نەتەوەیی نییە. تەنانەت بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە تاراوگە هەر پێداگری لەسەر مافی شارۆمەندی دەکا و بە هیچ کلۆجێ پێمل بە مافە نەتەوایەتییەکانی نابێ. لەڕاستیدا دژایەتیی ئەوان بۆ وێنە لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردی دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە ئەوان نایانهەوێ کورد وەک نەتەوە هاوشانی نەتەوەی باڵادەست بێ و بەگشتی خاوەنی جێگەوپێگەیەکی هاوشانی نەتەوەکانی تر!

دیارە نەتەوەی کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت، بەشێکی بەرچاوی حەولەکەی بۆ وەدەستخستنی سەروەریی سیاسی و دیاریکردنی مافی چارەنووس بووە، هەرچەند دۆخی ژێئۆپۆلیتیکی کوردستان، دابەشبوونی لەنێو چوار وڵات و تەکوزی نێونەتەوەیی (نظم بین‌الملل) وەک بەربەستی ناسیۆنالیزمی کوردی دێنە ئەژمار، بەڵام ئەم ناسیۆنالیزمە تا ئەمڕۆ هەربەردەوام بووە و ئێستا وەک ناسیۆنالیزمێکی گەشەسەندوو پێناسە دەکرێ.

لەلایەکی تریشەوە لەنێو ئێران وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە ئەوەی لەباری کردەوەییەوە - بەدەر لە دروشم - لانیکەم لەم قۆناغەدا دەتوانێ سەروەریی سیاسی بۆ کورد دابین بکا، فەوارەیەکی فیدراڵییە بۆ ئەم وڵاتە! ڕەنگە لەم مەجالە کورتەدا دەرفەتی شەن‌وکەوی ڕەهەندە هەمەجۆرەکانی فیدراڵیزم نەبێ، بەڵام بە حوکمی ئەو پتانسییەلە لەناخداهەڵگرەی هەیەتی دەتوانێ لە دوارۆژدا زۆربەی گرفتەکان بەتایبەتی ئەو شوێنانەی لەباری دێموگرافییەوە کێشەیان لەسەرە، چارەسەر بکا.
ئەگەرچی کورد دەمێک ساڵە باس لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دەکا و بە وتەی شەهید دوکتور قاسملوو خودموختاری، فیدراڵیزم، کۆنفێدراڵیزم و دواجار سەربەخۆیی دەتوانێ یەکێک لە قالبەکانی چارەنووس بێ، بەڵام کورد لەم قۆناغە زەمەنییەدا بەم ئاکامە گەیوە کە فیدراڵیزم دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ چارەسەری پرسەکەی!

لەم نێوەدا هەرچەند وێدەچێ کە زۆربەی خەڵکانی سەر بە نەتەوەکانی تر هاوڕاییەکی زیاتریان لەگەڵ فیدراڵیزم هەیە بەڵام ئەو ڕەوتانەی خاوەن دەسەڵات بوون هەر لە سەردەمی پاشایەتی‌ڕا تا سەردەمی کۆماری ئیسلامی دژی هەر چەشنە چەندبنەکی‌کردنی دەسەڵات و دژی پلۆرالیزم بوون. تەنانەت لەنێو بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی فارسیشدا تێزی یەک نەتەوە و یەک زمان بە دژی فرەنەتەوەیی بوون لە لایەن ئەوانەوە هێڵی سوورە، بۆیە ئەوان زۆرترین دژایەتییان لەگەڵ گەلی کوردە! بێگومان ئۆپۆزیسیۆنی کوردی بە حوکمی مێژوویەکی دووردرێژ لە خەبات و بوونی ژێرخانی فکری و هەروەها ڕێکخراوەیی، نوێنەرایەتی نەتەوەی کوردی لە تەواوی ئەم ساڵانەدا لەسەر شان بووە و بێگومان جیددی‌ترین ئۆپۆزیسیۆنە لە ئێران و هیچ هاوکێشەیەکی سیاسی بەبێ کورد چارەسەری یەکجارەکی بۆ ناکرێ.

ڕاستە لە ماوەی شۆڕشی ژینادا دەکرێ بڵێین جۆرێ لە وشیاری سیاسی و بوێریی کۆمەڵایەتی لە سەرانسەری ئێراندا

خەرمانانی ٢٧٢٣


خۆدەنوێنێ بەتایبەتی گەلانی بندەست نقورچکێکی نەتەوەخوازی ڕاپەڕاندوون، بەڵام لە هێڵی یەکەمی شەڕ لەگەڵ فاشیزمی پاشایی‌خواز و فاشیزمی مەزهەبی، تەنانەت بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی بەناو چەپ و دێموکراسی‌خوازی ئێرانی دژی مافی نەتەوەکان، ئەوە کوردە کە سەنگەری چۆڵ نەکردووە!

لەمپەری سەرەکی لەبەردەم وڵاتانی فرەنەتەوە، بوونی جۆرێ لە باوەڕی هەڵەیە کە ساڵەهای ساڵە لەلایەن دەسەڵاتەوە بە گوێی خەڵک دادراوە. ئەم خۆبەزلزانی بێبنەمایە مێژووی بۆ سازکراوە، کولتووری بۆ دابین کراوە، تا ئاستی پیرۆزی بەرز کراوەتەوە جا چ شا بووبێ چ ئاخوند. دەکرێ بڵێین جۆرێ لە قودسییەتی بۆ زمان و کلتوور و مێژوو و ئەدەب و هونەری نەتەوەی باڵادەست ساز کردووە و دەسەڵاتی سیاسی بە سەر نەتەوەکانی تردا زاڵی کردووە. ئەم جۆرە تایبەتە لە فاشیزم خاڵی هاوبەشی تەنانەت بیرۆکە بەڕواڵەت دژبەیەکەکانیشە. وەک ئاماژەم پێ کرد پاشایخوازەکان و لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمارییە نەتەوەخوازەکان لەم پنتەڕا یەک دەگرن و ئاماڵگوتارێکی هاوبەش لە نێوانیاندا ساز دەبێ کە یەکێ لە کلیلوشە سەرەکییەکانی "تمامیت ارضی"یە کە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا بۆتە کۆدی سەرکوتی نەتەوەکانی تر، بەتایبەتی نەتەوەی کورد.

ئەگەر بگەڕێمەوە سەرەتای وتارەکە، دەکرێ ئاواتی ئەوە بخوازم کە کورد بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی وردی دۆخەکە و بە حوکمی ئەو پتانسییەلەی هەیەتی چ لە ڕووی هێزی مرۆییەوە (هێزی خەڵک لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات)، چ لە ڕووی پاشخانی فکرییەوە (گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی) و چ لە ڕووی توانایی بە ئۆرگانیزەبوونی (حیزبە سیاسییەکانی کوردستان) ببێ بە خوڵقێنەری گوتارێک کە سەرجەم نەتەوەکانی تریش لەخۆ بگرێ. ئەگینا جگە لە سازدانی گوتاری هاوبەش لەگەڵ سەرجەم نەتەوەکانی تری ئێران هیچ ئاڵترناتیوێکی تر لەگۆڕێدا نییە بەدژی فاشیزمی کۆماری ئیسلامی یان فاشیزمی پەهلەوی. بۆیە کورد وەک بەهێزترین ئۆپۆزیسیۆن پشکی شێری بەردەکەوێ بۆ سازدانی ئەم کەپر و ساباتی هاوگوتاریی گەلان!

٢٠ی خەرمانانی ٢٧٢٣

# "چاکسازی" یان "شۆڕش"؛ جیاوازیی بۆچوون لە نێوان "مارتین لۆتێرکینگ" و "ویلیام فاکنێر"



**عیرفان سابتی**

**و: شاڕوخ حەسەنزادە**

لە ٥ ی مارسی ١٩٥٦ی زایینیدا، ویلیام فاکنێر، نووسەری سپیپێست، خەڵکی میسیسیپی لە باشووری ئەمریکا و براوەی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل (١٩٤٩) بە بڵاوکردنەوەی وتارێک لە حەوتوونامەی پڕخوێنەری "لایف"، چالاکانی بزووتنەوەی مەدەنی لە ئەمریکای بە توندئاژۆبوون تۆمەتبار کرد و داوای لێکردن کە؛ "ماوەیەک دەست ڕابگرن و دەرفەت بە سپیپێستەکان بدەن هەتا بە بیرۆکەی مافی بەرابەری لەگەڵ ڕەشپێستەکان ڕا بێن و هەرسی بکەن."

بیست ڕۆژ دواتر، مارتین لۆتێرکینگ، سەرۆکی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان، لە گوتارێک لە بروکلین بە بەشداریی ٢٥٠٠ بەردەنگی شێلگیر و بەگڕوتین گوتی: ئێمە ناتوانین خێرایی خۆمان کەم بکەینەوە، بەردەوام کەرامەت و نەفسبەرزیی خۆمان دەپارێزین، ئێمە ناتوانین خێرایی خۆمان کەم بکەینەوە، لەبەر خۆشەویستیمان بۆ گەیشتن بە دیموکراسی و ئەمریکا، کەسێک دەبێ بە فاکنێر بڵێت زۆربەی هەرە زۆری حەشیمەتیی ئەم جیهانە پێستڕەنگینن. ناوبراو بە ئاماژەدان بە

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

گەمارۆخستنە سەر ئوتوبووسەکان لە مۆنتگمریی ئەیاڵەتی ئالاباما لە باشووری ئەمریکا، لە هەمبەر نارەزایەتی بە جیاکاریی ڕەگەزی لە سیستەمی هاتووچۆی گشتیی، گوتی: مۆنتگمری وەک لانکەی یەکیەتییەکانی ئەیاڵەتی باشوور (لە شەڕەکانی نێوخۆیی) ناسراوە، ئەو شارە بۆ ماوەیەکی زۆر بێشکەیەکی ڕاوەستاو بووە، بەڵام ئیستا ئەم لانکەیە وەڕاژان کەوتووە.

لۆتێرکینگ پێداگریی لەسەر ئەوە کرد، تێکدانی ئەو ئاسایشەی فاکنێری ئاڵۆز کردووە، ئاکامی تێگەیشتنی نوێی ڕەش پێشتەکان لە کەرامەتی مرۆڤیانەی خۆیانە: "بەڵێ، لە باشوور پێکهەڵپرژان هەیە، بەڵام ئەو ئاڵۆزییانە بۆ پێداچوونەوە و گەنگەشەی سەرلەنوێی ڕەش پێستەکان بۆ مافەکانی خۆیان دەگەڕێتەوە."

ئەو گوتی؛ ئیتر بەسە، چی دیکە ناخوازین سپی پێستەکان سەرافەتیمان بکەن و ئەمرمان پێ بکەن، وێڕای ئەمەش لۆتێرکینگ لەسەر ئەم خاڵە جەختی کردەوە کە، هێمای ڕەش پێستەکان کەسایەتی و ئاکار و ڕەوشتیی گاندییە و لە تێکۆشانی خۆیاندا دەگەڵ ناداد پەروەری لە خەباتی مەدەنی کەڵک وەردەگرن و لە بەرانبەر توندوتیژیدا دەوەستن. مانگێک دواتر لۆتێرکینگ لە نیۆیۆرک، جارێکی دیکەش ئاماژەی بە فاکنێر کردەوە و گوتی: "لەڕاستیدا فاکنێر ڕەش پیستەکانی هان داوە بۆ ماوەیەکی زیاتر ناداد پەروەری، چەوساندنەوە و بێ ڕێزی و سووکایەتی قبوڵ بکەن". ئەو لە درێژەدا گوتی؛ هاندانی دیتران بە دانپێدانانی ناداد پەروەری کە خۆمان لەدەستیانی وەئامان هاتووین، کردەوەیەکی نائەخلاقییە.

بە ڕای لۆتەرکینگ، ڕاوەستان و وەپاشدانی خەبات بەمانای "پاشەکشە"ی ڕەش پێستەکانە لە بەرگری لە مافەکانی خۆیان. لەهەمان کاتدا، ئەو بە ئاماژەدان بە نیگەرانییەکانی فاکنێر لە ئەگەری توندوتیژی، جارێکی دیکە گرنگیی "بەرگریی مەدەنیی" وەبیر هێنایەوە و گوتی: ئەم شێوازە ئیزنی ئەوەمان پێ دەدا، و لە هەمان کاتدا کە ئێمە کەرامەت و شەرافەتی خۆمان دەپارێزین، پاشەکشەش ناکەین. لۆتەرکینگ دەیزانی هەوڵدان بۆ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان هەڵویستی توندوتیژانەی کەس یان کۆمەڵە دەمارگرژەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت، دەگەڵ ئەمەش ئەو پێداگریی دەکرد ڕەش پێستەکان لە بەرانبەر هەڕەشە و توندوتیژیی دژبەرانی بەرابەریی و ئازادی، وەک ئەوان ناکەن و خۆیان دەبوێرن: "ئەوان هەرکارێک بکەن، هەڵویستی ئێمە توندوتیژیی نییە و هەوڵ نادەین وەک ئەوان بین. هیوادارم لەم خەباتەدا بەجۆرێک هەڵسوکەوت بکەین کە ئەوان بە ئاکاری ناحەزی خۆیان بزانن و ڕێز بۆ بیروڕای ئێمە دابنێن، بەم شێوەیە هەموومان دەتوانین لە ئاشتی و بەرابەریدا پێکەوە بژین."



سەرچاوە
Serchawe

لۆتەرکینگ بەباشی دەیزانی کاتێک ئەو هەمووە زوڵم و زۆرییە کۆتایی پێ دێت کە، ڕوانینی مرۆڤەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەر دابێ. هەربۆیە نەک هەر ڕەش‌پێستەکان بەڵکوو سپیّ‌پێستەکانیشیی هان دەدا بە شێوە ڕوانینی خۆیاندا بچنەوە و زیاتر بیر بکەنەوە. لەلایەک بە ڕای ئەو، کۆیلایەتی، هەژاری، ناداد‌پەروەری و جیایی ناچارەکی لە نەریتی ئەفریقایی ببووە هۆی ئەوەی کە، زۆرێک لە ڕەش‌پێستەکان بەرزەخۆییان نەمێنێ، لەلایەکی دیکەشەوە، ئەو سپی‌پێستانەی کە دانیان بە بنەمای بەرزی ئەخلاقی مرۆڤایەتییان دانەدەنا و بۆ خۆماک و غەریزە نزمەکانی خۆیان دەگەڕانەوە، بۆ پاراستنی ئارامیی دەروونی خۆیان، ناچار بە "پاساو"هێنانەوە دەبوون و ڕەوشی نزمی ڕەش‌پێستەکانییان وەک دۆخێکی سرووشتی کە لە ناخ و ڕەگەزی ئەواندا پەنگ دەداتەوە، لێکدەدایەوە. شێوازی پێکهاتە و قەوارەی کولتووری و دامەزراوەکانی کۆمەڵایەتیی باشووری ئەمریکاش زیاتر ئەم پاساوەی دەسەپاند بە جۆرێکی دیکە؛ "ئاشتی ڕەگەزی" ئاکامی پەسندکردنی هەژاریی خودیی ڕەش‌پێستەکان، هەم لە ئالی سپی‌پێستەکان و هەمژی لەلایەن ڕەش‌پێستەکانەوە بوو.

چارڵز دەبلیۆ میلز، فەیلەسووفی ئەمریکی لە تەتەڵەی ڕەگەزپەرستی کەڵک لە چەمکی "مەعریفەناسیی گەمژەیی(Epistemology of ignorance)" - معرفت شناسی جهالت- وەردەگرێت. ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو: سپی‌پێستەکان ڕێککەوتوون ڕەش‌پێستەکان وەک مرۆڤی بەرابەر بەفەرمی نەناسن" ناوبراو، ئەو ڕێککەوتنەی وەک "گەمژەیی و نەزانیی سپی‌پێستەکان" پێناسە دەکرد، کە ئاوێتەیەک بوو دەگەڵ گەوجی و نەزانی و لەبەرچاونەگرتنی بەئانقەست یان نیوەی ئانقەستی ئەو دیاردەیە. پیتێر بێرک لە کتێبی "مێژووی گەمژەیی"دا (٢٠٢٣) بەشێک لە ڕۆمانی "کتوپڕ لە نێوان تەم" (١٩٤٨) بەرهەمی ویلیام فاکنێر وەک میناکێک لە گەوجی دێنیتەوە. فاکنێر بە ئاماژەدان بە هێرشی درندانەی ژێنراڵ پێکەت و سەربازەکانی لە شەڕی گێتیسبورگ کە نەک هەر بووە هۆی تێکشکانی باشوورییەکان، بەڵکوو لە ئاکامدا لە شەڕی نێوخۆییدا دۆڕان، دەنووسێت: بۆ هەرکام لە مێرمنداڵە ١٤ ساڵەکانی باشووری، نەک هەر جارێک بەڵکوو هەرکاتێک بخوازێت، ئەو ساتە بۆی هەیە کە هێشتا کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژی ژوئییەی ١٨٦٣ نەگەیشتبێت". بە لەونێکی دیکە، هەر دەڵێی ئەو هێرشە مەرگهێنەرە هەر ڕووی نەدابێ و باشوورییەکانیش تێک نەشکابن! بە ڕای بێرک، فاکنێر لەلایەک تووشی تشتێک بووە کە فرۆید وەک "دڕدونگیی دووپاتە" دەیناسێنێت، واتە پێویستیی لایەنی دۆڕاو بە پاتەبوونەوەی بەردەوامی ڕابردوو لە ئاوەزی خۆیدا، لەلایەکی دیکەشەوە فاکنێر تووشی جۆرێک خلیسکانی زمانیی فرۆیدی بووە و خسڵەتی "سپی‌پێستی" لەبیر چووەتەوە، لەکاتێکدا هەر بەڕاستی مەبەستی "مێرمنداڵی چاردە ساڵەی، سپیّ‌پێستە". بە باوەڕی بێرک، ئەو خلیسکانەی زمانی، کە شوناس و هەوێتی و بایەخەکانی فاکنێر ئاشکرا دەکا، هەمەن نەزانی و گەمژەیی سپی‌پێستانەیە.

بە گێڕانەوە لۆتەرکینگ، ڕەش‌پێستەکانی باشووری ئەمریکا، وردەوردە پێداچوونەوە بە ڕوانگەکانی"شۆڕشگێڕ" بوونی خۆیاندا

دەکەن و لە وەرگرتنی هێما کۆمەڵایەتییە کۆنەکان کە دەبنە هۆی نادادپەروەری، چەوساندنەوە و نابەرابەری، خۆ دەبوێرن، بەڵام سپی‌پێستەکان بەردەوام لەسەر ڕێچکەی خۆیانن، لە ئاکامدا "ئاشتی" نامێنێت و ئاڵۆزی و تێکهەڵچوون ڕوو دەدات. لە ڕوانگەی لۆتەرکینگەوە، ئەو تێکهەڵچوونە سەختە ئاکامی گۆڕانی بنەڕەتی لە ڕوانینی ڕەش‌پێستەکان بە نیسبەت خۆیان و چارەنووسیانە و هەروەها بریتییە لە هەوڵدان بۆ خەبات بە دژی زوڵم و گەیشتن بە مافەکانیان: "ئێمە ڕەش‌پێستەکان ڕێز و حورمەت دەکەینە جێگرەوەی خۆخوازی و، نەفس‌بەرزی بە خۆکەم‌بینی دەگۆڕینەوە و ئەمە دەسەلمێنین". بەڵام سپی‌پێستەکان باوەڕیان وابوو ڕەش‌پێستەکان خەیانەتیان بە سرووشتی نزمبوونی خۆیان کردووە و پێیان لە بەڕەی خۆیان درێژتر کردووە.

هەرچەند ویلیام فاکنێر سەر بەو دەستە لە سپی‌پێستەکان نەبووە بەڵام مایکێل گورا، نووسەری کتێبی "خەم‌هێنەرترین وشەکان، شەڕی نێوخۆیی ویلیام فاکنێر" کە فاکنێر وەک مەزنترین ڕۆمان‌نووسی سەدەی بیستەم دەزانێت، قبوڵی ئەوە دەکات، فاکنێر لە ڕووداوەکان بەجێ مابوو و ڕوانینی تاڵ و نەشیاوی لەهەمبەر بەرزیی ڕەگەزی و دادپەروەری باس کردووە. بە بڕوای گورا؛ فاکنێر پیاوێکی سپی‌پێستی خەڵکی باشووری دووچاوەکیی ئەمریکا مایەوە... هەندێک جار، وشەکانی ئەو دەتوانێ و دەبێ ئێمە خەمبار بکات" بە ڕای گورا هەرچەند فاکنێر بە پێچەوانەی زۆرێک لە سپی‌پێستەکانی باشووری ئەمریکا وێنایەکی کلیشەیی و چەندپاتەکراوی ناحەز لە ڕەش‌پێستەکان بڵاو ناکاتەوە، بەڵام لە نووسراوەکانیشیدا باس لە ژان و ئێش و ئازاری کۆیلەکانیش ناکات.

بە ڕای گورا، فاکنێر سپی‌پێستێکیی باشووری "میانەڕۆ" بوو کە توندوتیژی و هەڵاواردنی ڕەگەزی مەحکووم دەکرد بەڵام دژایەتی پێداگری لۆتەرکینگ لەهەمبەر گۆڕانکاریی خێرا بوو. بە لەبەرچاو گرتنی چەمک گەلی باو لە فەزای سیاسیی ئێران دەتوانرێ ئەوە بڵێین کە؛ فاکنێر "چاکسازی‌خواز" بوو و لۆتەرکینگیش "شۆڕشگێر". فاکنێر خوازیاری ئەوە بوو ماوەیەک دەست ڕابگرن و دەرفەت بە سپی‌پێستەکان بدەن هەتا لەگەڵ بیرۆکەی مافی بەرابەریی ڕەش‌پێستەکان ڕا بێن. بەڵام هەروەک گورا وەبیر ئێمەی هێنایەوە، ئەو تشتە لە بواری ئەخلاقییەوە پەسند ناکرێ، چوونکە جگە لە پاشەکشە و وەدواخستنی دادپەروەری هیچ ئامانجێکی دیکەی نەبوو.

ئەو نوسینە بە گێڕانەوەی بەشێک لە وتەکانی مارتین لۆتەرکینگ لەهەمبەر ڕوانینی خۆی بۆ ئاڵوگۆڕیی "شۆڕشگێڕانە"ی بایەخەکانی کۆمەڵگە کۆتایی پێ دێنم:

ئێمە نامانەوێ لە سەرەوەی سپی‌پێستەکان بین، تشتێکی وەها تەنیا جێگای ژێردەست و ژووردەستەکان دەگۆڕێ، بەڵام

خەرمانانی ٢٧٢٣

ئەگەر بتوانین بە باوەڕ بەکردەوەش پێملی دژایەتیی توندوتیژی بین و خۆی لێ ببوێرین، کۆمەڵگەیەکی نێوان ڕەگەزی لەسەر بنەمای ئازادی بۆ هەموولایەک وەدی دێت.

**٢٠ی خەرمانانی ٢٧٢٣**

خەرمانانی ٢٧٢٣

# مانیفێستی خۆڕاگری



**کەریم پەرویزی**

لەم ڕۆژانەدا کە لە ساڵڤەگەڕی شۆڕشی ژینا نزیک دەبینەوە، هەڕەشە و گوڕەشە و نومایشە سەربازی و خۆفشکردنەوەکانی سوپای پاسداران و بەرپرسانی جۆربەجۆری ڕێژیمی کۆلۆنیالیستیی تاران زۆرتر و فراوانتر دەبێتەوە.

بەرپرسێکی سوپا بە ناوی "نیلفرووشان" وتوویە کە سوپای پاسداران بەرامبەر بە کوردستان سیاسەتی مستی ئاسنینی پێڕەوی کردووە!

یان لە هەواڵێکی هەواڵدەریەکانی سەر بە سوپای پاسداراندا گواستنەوەی چەک و چۆڵی قورسی وەکوو چەند تانک و چەند تۆپێک لە نێو شارەکانی کوردستاندا بڵاو کردووەتەوە و دەڵێ کە بەپێی ڕاپۆرتی خەڵکی! کۆماری ئیسلامی خەریکە هێز دەنێرێتە شارە سنوورییەکان بۆ لێدان لە هێزەکانی کوردستان!

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

ئەوەی کە لە یەکەم سرنج و ڕوانینیدا بەرامبەر بەو جۆرە قسە و مانۆڕانەی ڕێژیمی ئێران دێتە بەر چاو، ترسی لە ڕادەبەدەری ڕێژیمە لە ڕاپەڕین و کاردانەوەی خەڵک لە ساڵڤەگەڕی شۆڕشی ژینادا و هەر بۆیەشە کە بە هەر شێوەیەک بۆی بکرێ، هەوڵی دروستکردنی ترس و وەحشەت لە نێو خەڵکدا دەدا تاکوو بەشکوو لەم ساڵڤەگەرە تێپەڕێ و ڕێژیمەکەی بەردەوام بێ.

بەڵام گەر زیاتر لەو سرنجە سەرەکییە، هەندێک وردتر بڕوانینە قسە و لێدوانەکانی بەرپرسانی ڕێژیم و سوپای پاسدارانی تیرۆریست، هەندێک لایەنی قووڵترمان بۆ دەردەکەوێ.

بەرپرسی سوپای پاسداران دەڵێ کە بەرامبەر بە کوردستان سیاسەتی مستی ئاسنینیان پێڕەوی کردووە، وەک بڵێی کە شتێکی تازە و زۆر مەترسیداریان هێنابێتە ئاراوە و هەر بۆیەشە بەو مستە ئاسنینەی ڕێژیم، ئیدی خەڵکی کوردستان چاوترسێن کراون و ملیان بۆ ڕێژیم شۆڕ کردبێ!

سیاسەتی مستی ئاسنینی ڕێژیم و سوپای پاسداران چەندین قات کورتکراوەی هەڵسوکەوتی پێشوویانە و نەک سیاسەتێکی زۆر بەهێز و مەترسیداری تازە نییە، بەڵکوو چەند قات بەرامبەر بە کردەوەکانیان بە درێژایی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوویان کەمتر و سووکترە!

ساڵی ١٣٥٨، کە تازە چەند مانگێک بوو ڕێژیمی ملهوڕ و تاوانکاری پاڵەوی ڕووخابوو، ستەمکارێکی دیکە بە ناوی خومەینی هاتە جێگەی و توندتر لەوان دەستی دایە سەرکوتی کوردستان؛ چونکە کوردستان سەنگەری لەگیراننەهاتووی خۆڕاگری و بەرخۆدان بەرامبەر بە ستەمکاری بووە و هەیە و هەر بۆیە بە هەموو هێزی ڕقی پەنگخواردوویانەوە، هێرش دەبەنە سەر کوردستان.

خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، فەرمانی جەهادی بە دژی کورد دەر کرد و هێزە جۆربەجۆرەکانی ڕێژیم چ بەو هێزانەی هی ڕێژیمی پێشوو بوون و دووبارە بۆسەرکوتی خەڵک بەکاریان دێنان و چ بە هێزەکانی کۆمیتەی ئینقلاب و مرۆڤکوژانی دیکەشەوە، هێرشی بەرفراوانیان کردە سەر کوردستان. خومەینی تەنانەت لە فەرمانی جەهادەکەیدا دەڵێ کە بە هەموو هێزەوە تەنانەت بە هێزی دەریایی ئەرتەشیشەوە برژێنە سەر کوردستان تاکوو بەچۆکیدا بێنن!!

بەڵام ئەوەی لە مێژوودا تۆمار کرا، خۆڕاگریی سێ مانگەی کوردستان بوو و دوای سێ مانگ لە هێرشی بەرفراوان، خومەینی

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

تووشی شکست بوو و ڕایگەیاند کە هەڵەیان تێگەیاندووە و پەیامی بەقەول ئاگربڕی دا! بەڵام دوای چەند مانگ دووبارە بە هێز و بەرنامەڕێژیی فراوانترەوە هێرشیان کردەوە سەر کوردستان و سوپای نێردراوی تاران وەکوو داگیرکەرێک لە کوڵان و گەڕەک و شاخ و دەشتی کوردستاندا دەستی دایە تاوان و تا ئێستاش ئەو داگیرکارییە بەردەوامە و تاکوو ئێستاش خۆڕاگریی کوردستان بەردەوامە.

بە بوونی هێزە سەرکوتکارە فراوانەکانی ڕێژیمەوە لە کوردستان، تاکوو ئێستاش کوردستان کۆڵی بۆ ڕێژیمی کۆلۆنیالیستیی حاکم لە تاران نەداوە و بەردەوام لە خەبات و بەرخۆدان بووە و هەر بۆیەشە کە بە درێژایی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوو، بەردەوام ڕێژیمی ئێران ترسی لە کوردستان هەبووە و دۆخی شەڕ و ئەمنییەتیی لە کوردستان هەڵ نەگرتووە!

فەرمانی جەهادی خومەینی بە قەڵاچۆکردن و کوشتار و بە ئێعدامی بەکۆمەڵی لاوانی کورد و بە سەدان و هەزاران تاوان و تاوانکاری بەڕێوە چووە و کوردستانیش بە خۆڕاگری و بەرخۆدان و چۆکدانەدان وەڵامی داوەتەوە.

ئەوەی کە لە ئێستادا بەرپرسانی سوپای پاسداران باس لە مستی ئاسنین دەکەن لە ڕاستیدا مستێکی بچکۆلەیە لەو دەیان هەزار هێزی تیرۆریستییەی هرووژمیان هێنایە کوردستان و بە سەدان پایگا و پادگان و بنکەی نیزامییان دروست کردووە و بەڵام تاقە شەوێکیش بە ئارامی لە کوردستان سەریان نەناوەتەوە!

کوردستانێک کە بەرامبەر بە فەرمانی جەهادی خومەینی بە خۆڕاگریی وای لێ کرد کە پەیامی شکستخواردنی بڵاو بکاتەوە، هەمان کوردستانە کە دوای زیاتر لە چوار دەیە دواتر، شۆڕشی ژینای دەست پێ کرد و لە تەواوی دونیادا دروشمی، ژن، ژیان، ئازادیی بڵاو کردەوە!

کوردستانێک کە گەورەترین قەیرانی بۆ ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو دروست کردبوو، هەمان کوردستانە کە تەواوی کۆڵەکەکانی کۆلۆنیالیزیمی لە تاران وەلەرزە خستووە و ئێستە ئیدی تاران لە لەدەستدانی دەسەڵاتی کۆکراوی دەترسێ و ئەوەی نەتەوە و چینە پەراوێزخراوەکانن کە دەبنە ناوەندی گۆڕانکاری و نووسینەوەی داهاتوو!

ئەم ڕێژیمە بۆ مانەوەی خۆی تەنانەت منداڵانی وەکوو کیانی پیرفەلەکیشی شەهید کرد، چونکە هەموو ڕەوایی و پێگە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی بە شۆڕشی ژینای کوردستان و کورد، بەتاڵ بوونەوە و تەنیا و تەنیا پاڵی وە هێزی ڕووتی سەرکوتەوە داوە. ئێستە لە کوردستاندا هێزی سەرکوتکەری بە ماشین دەگێڕێ و نومایشیان دەکا و گوایە دەیەوێ بە



سەرچاوە
Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٣

چاوترسێن کردنی کوردستان، بە سلامەتی لە سالڤەگەری شۆڕشەکە تێپەڕیٚ!

مستی ئاسنین و هێرشی درۆنی تیرۆریستیی خۆکوژ و مووشەکی بالستیکی تایبەت بە کوشتاری خەڵکی سیڤیل، ڕەنگە دووبارە ڕوومەتی کوردستان بریندار بکاتەوە، بەڵام کوردستان بە

ڕوومەتی خوێنینەوە، بەرامبەر بە سەرکوتکاری و ستەمەکاری بەپێوە ڕاوەستاوە و ڕادەوەستێتەوە، چونکە کوردستانیبوون یانیٚ مانیفێستی خۆڕاگری.

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

٢٣ی خەرمانانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# خالید عەزیزی: ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا عێراق بکاتە سووریە و لوبنانێکی دی




**ئاماژە:**

**بەشی فارسیی دەنگی ئەمریکا لە تازەترین وتووێژی خۆیدا لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسی لە دواگۆڕانکارییەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئەمنیەتیی نێوان عێراق و ئێران کردووە. کاک خالید عەزیزی لە وەڵامی پرسیارەکانی دەنگی ئەمریکادا بەڕوونی سیاسەت و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی لە پێوەندی لەگەڵ جێگۆڕگێی نیزامیی هێزی پێشمەرگە و پرکێشییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ چەککردنی حیزبی دێموکرات شی کردۆتەوە.**

**کوردستان‌میدیا دەقی کوردیی ئەم وتووێژە بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە:**

**پرسیار:** کۆماری ئیسلامی بۆچی لە بەرەبەری ساڵرۆژی مەرگی ژینادا ئۆڵتیماتوم بە بەغدا دەدا بۆ چەکداماڵینی حیزبە کوردییەکان؟

**خالید عەزیزی**: هەموو قەیرانەکان لە ناوچەدا کۆماری ئیسلامی دروستیان دەکا، ئەوەش کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستانی وەک بیانوو بە ئامانج گرتووە، گرێدراوی دۆخی نێوخۆیی ئێرانە. کۆماری ئیسلامی بەجیددی نیگەرانە لە ساڵرۆژی کوژرانی ژینا ئەمینیدا بزووتنەوەیەکی بەربەرینی ناڕەزایەتی لە کوردستان بە بەشداری و هاوکاریی نەتەوەکانی دیکە و حیزبە سیاسییەکانی هەموو ئێران لەدژی ڕێژیم وەڕێ بکەوێتەوە. بۆیە دەیەوێ بیروڕای گشتیی ئێران بەلاڕێد ببا و وا دەنوێنێ کە لە کوردستان بۆشاییەکی ئەمنییەتی و لە دەرەوەی سنوورەکانیش هەڕەشەیەک لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە. بەڵام هەمووان دەزانن کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانەوە هیچ هەڕەشەیەک لەدژی ئێران لەئارادا نییە و ئەوانە هەموو بیانوو و پاساون.

**پرسیار**: ئەدی پرۆسەی چەککردن و ڕاگواستنی هێزە کوردییەکان بۆ کەمپەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چ قۆناغێکدایە؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە بە بەردەوامی لەگەڵ حکوومەتی بەغدا و بەتایبەت حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێوەندیمان هەیە و لە دانوستانەکانمان بەردەوامین. سیاسەتی ئێمە ڕوونە و لەو کۆبوونەوانەشدا پێمان لەسەر داگرتۆتەوە کە لە خاکی هەرێمی کوردستانەوە هیچ هێرشێک ناکەینە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئێمە نامانەوێ خاکی عێراق بکەینە پشتی جەبهە بۆ هێرشکردنە سەر کۆماری ئیسلامی، بۆیە ئەوە کە کۆماری ئیسلامی ئیدعا دەکا پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و حیزبە کوردییەکانی دیکە خاکی هەرێمی کوردستان بەدژی ڕێژیم بەکار دێنن بەتەواوی ناڕاستە. ئێمە ئەو بەڵێنەشمان بەجێ هێناوە کە پێشمەرگەکانمان کار و چالاکیی پێشمەرگانەیان لە خاکی هەرێمی کوردستانەوە نەبێت.

**پرسیار**: ئایا هیچ لایەنێکی کوردی هەیە نەیهەوێ چەک دابنێ؟ کاردانەوەی حیزبە کوردییەکان بەو بڕیارە چییە؟

**خالید عەزیزی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکە پێبەندی دەروەستی و بەرپرسایەتییەکانیەتی. ئێمە گوتوومانە هیچ دەستوەردانێک لە کاروباری نێوخۆیی عێراقدا ناکەین، سیاسیی ئەو وڵاتەمان لەلا گرینگە و ڕێز بۆ یاسا و ڕێوشوێنەکانی هەرێمی کوردستان دادەنێین. لە ئێستاشدا کەس باسی چەکداماڵینی لەگەڵ ئێمە نەکردووە و لە بنەڕەتڕا ئەوە بەشێک لەو باسە نییە. ئێران هەمیشە گوتویەتی کە حیزبە کوردییەکان نابێ لە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە هێرشمان بکەنە سەر و ئێمەش گوتومانە ئەوە ناکەین و ڕێز سەروەریی عێراق و هەرێمی کوردستان دەگرین.

**پرسیار**: ئەدی تا ئێستا ڕوونە کە چەند گرووپ و لایەنی کوردی پەنایان بۆ کەمپەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان



سەرچاوە Serchawe

هەیە؟

**خالید عەزیزی**: ئەوەندەی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە، لە هەموو کەمپەکانیدا کەسانی مەدەنی و ناچەکدار نیشتەجێن. کەمپەکانی ئێمە مەدەنین و ئەوانەی لەو کەمپانەدا دەژین پێوەندییان بە لقە سەربازییەکانی حیزبی دێموکراتەوە نییە. ئەو کۆمەڵە خەڵکەی نێو کەمپەکان لە دامەزراوە و ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا کار دەکەن و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەوە دەزانێ و بەشێکی زۆری خەڵکانی نیشتەجێی ئەو کەمپانە پێشتر لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ناونووسییان کردووە. بۆیە ئەمە شتێکی نوێ نییە و un هەم بە کەمپەکان و هەم دۆخی خەڵکانی نیشتەجێ لەو کەمپانە شارەزایە و لە بنەڕەتڕا ئیدیعاکانی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا ناڕاستن و ئەسڵ و ئەساسیان نییە. ئەو کەمپانە نیزامی نین، مەدەنین و هیچ پێویست ناکات شوێنیان بگۆڕدرێ و خەڵکەکەیان ڕاگواسترێ؛ لەبەر ئەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆخۆی شارەزای دۆخی ئەو کەمپانەیە.

**پرسیار**: کاک خالید چەکداماڵینی گرووپە کوردییەکان چارەنووسی کۆنترین حیزبی دژبەری کۆماری ئیسلامی تووشی چ گۆڕانکارییەک دەکا؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە لە بەرنامە و ستراتیژیی سیاسیی خۆماندا وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێداگریمان لەسەر چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا کردووە. ئێمە بۆ چارەسەری پرسی کورد هەموو کاتێک باوەڕمان چارەسەری ئاشتییانە، مەدەنی و ڕێوشوێنە دێموکراتیکەکان بووە. هەر لەجێدا، لە کاتێکدا لە کوردستان لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوو و لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا سەدان هەزار کەس هاتنە سەر شەقامەکان و لە ئێستادا کە ڕەوتی نارەزایەتییەکان لە کوردستان بە هاوپێوەندیی ناوچەکانی دیکەی ئێران درێژەیان هەیە؛ پێویست ناکا ئێمە بچینە نێو فازی نیزامی و پێشمەرگانەوە.

ئەمن پێموایە پرسی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران و پرسی دێموکراسی و ماف و ئازادییەکان لە ئێران زۆر دیارە و بەرچاوە و لە ساڵی ڕابردووشدا خەڵک بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان ئەوەیان سەلماند. هەر ئەو خۆڕاگرییە مەدەنییە کاریگەرییەکانی لەسەر خەباتە قانوونی و مەدەنییەکان و پرسی هاوکاریی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانیش داناوە. فەلسەفەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەردی بناغەی دامەزرانی خۆیەوە ئەوە بووە بە خەباتی مەدەنی و لە ڕێگەی ئاشتییانەوە و لێکتێگەیشتنەوە ماف و داواکانی دەستەبەر بکات. حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسیی کورد ئامانجیێ ئەوەیە زۆرترین مافەکانی خۆی لە دڵی ڕەوتی خەباتی مەدەنیی سەرانسەرییدا وەدی بنێن. بۆیە سیاسەتی ئێمە

هەرووەک پێشوو ئەوەیە کە درێژە بە خەباتی سیاسی و مەدەنیی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدەین. هەڕەشە و گوشارەکانی کۆماری ئیسلامییش هیچ کاریگەرییەکی لەسەر خەباتی ئێمە نابێت، چونکی فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات کە حیزبێکی خەڵکییە و لە هەناوی خەڵکی کوردستانەوە هەڵقوڵیوە، فەلسەفەی خەباتێکی مەدەنی بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستانە. خەڵکی کوردستانیش لە هەموو هەوراز و نشێو و قۆناغەکانی خەباتی ئەم حیزبەدا لە پشتی بوون و پاڵپشتی حیزبەکەیان ماونەتەوە.

**پرسیار**: هێزە چەکدارەکانی کورد لە هەرێمی کوردستان کامانەن؟ بە سەرنجدان بەوەی پژاک لە شوێنێکی دی خەباتی خۆی دەکات؟

**خالید عەزیزی**: ئەمن بە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قسە دەکەم. لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش زۆر گرووپ و لایەن چەکدارن، یانی سروشتی عێراق جۆرێکە کە هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆ بەرگری لە خۆشیان بێت چەکدارن. لە عێراق بۆشایی ئەمنیەتی هەیە و هۆکاری ئەو بۆشایی ئەمنیەتی و ناسەقامگیرییەش هەر کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. بۆیە ئێمەش مادام لەوێین، بۆ پاراستنی خۆمان و کەمپەکانمان چەکمان پێیە و چەکەکانمان بۆ ئەو مەبەستەن. کێشەی سەرەکی ئەوەیە کۆماری ئیسلامی نایهەوێ لە عێراقدا دێموکراسی و ئەمنییەت جێگیر بێ و پرۆسەی سەقامگیریی عێراق بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بچێت. کۆماری ئیسلامی دەیەوێ عێراق بۆ هێزە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە، بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمان و بۆ هەموو لایەنەکان نائەمن و ناسەقامگیر بکات. ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە عێراق بکاتە سووریە و لوبنانێکی دی لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا.

**پرسیار**: **کاک خالید وەزیری دەرەوەی عێراق لە تاران ڕایگەیاند حیزبە کوردییەکان لە سنوورەکانی ئێران دوور دەخرێنەوە و لە قووڵایی هەرێمی کوردستاندا نیشتەجێ دەکرێن. ئەو شوێنە بەڕوونی کوێیە و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کەیەوە دروستکردنی ئەو کەمپانەی دەست پێ کردووە؟**

**خالید عەزیزی**: بەشی سەربازی و پێشمەرگانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچە سنووری و کوێستانییەکان بوون. بەدوای وتووێژەکانی ئێمە و هەرێمی کوردستان و پێوەندییە ناڕاستەوخۆیەکانمان لەگەڵ حکوومەتی عێراق ئامادەیی خۆمان دەربڕیوە کە هێزەکانی پێشمەرگەمان لە ناوچە سنوورییەکان بکشێنەوە. ئەوە پێچەوانەی سیاسەتی حکوومەتی بەغدا و هەرێمی کوردستانیش نییە، بەڵام کۆماری ئیسلامی پڕکێشی دەکا و دەیەوێ بەوەلاوەتر بڕوا و حکوومەتی ناوەندیی عێراق و هەرێمی کورستانیش بەرەورووی کێشە و دژوارییەکی زیاتر بکا.

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

**هەروەک پێشوو باسم کرد لە ئێستادا بەرنامەی هیچ عەمەلیات و چالاکییەکی نیزامی و پێشمەرگانە لە ڕۆژەڤی ئێمەدا نییە و هێزەکانی پێشمەرگەی ئێمە لە ناوچە سنوورییەکان نین.**

**٢٤ی خەرمانانی ٢٧٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe

# شۆڕشی ژینا، چیمان نەکرد کە دەبوایە بمانکردایە؟



**نەهیە خۆشکەلام**

نزیک بە ساڵێک لە شۆڕشی ژینا تێپەڕ دەبێت، لەم یەکساڵەدا گەلێک ڕووداو هاتە ئاراوە کە تا ڕادەیەکی زۆر توانی بەرچاو ڕوونیمان بۆ هەڵسەنگاندنی توانایی ئۆپۆزیسیۆن و هێزە سیاسیەکان بە کورد و غەیری کورد، و ئاراستە و هەڵوێستەکانیانمان بداتێ.

پێشەکی بە پێوستی دەزانم بڵێم ئەم خاڵانەی خوارەوە، هەمووی باس و خواستێکی زۆر لە خۆ دەگرێ، بەڵام من بێ لایەنگری و لە گۆشەنیگای ژنێکی کوردستانییەوە، ئەم شتانە دەنووسم.

سەرەڕای هەموو ڕەخنە و تێبینیەک کە لە سەر سیاسەتی حیزبەکانمان هەمە تاکوو ئێستاش پێموایە کە حیزبەکان سەرمایەی مەعنەوی خەڵکی کوردستانن و تا ئێستاش قورسایی و کاریگەری خۆیان هەیە. هەر دەسکەوت و سەرکەوتنێک، هەروەها هەر شکست و نسکۆ و نشێوێکی ئەوان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە سەر دەروونی تاکی کورد کاریگەری دادەنێت.

خەرمانانی ٢٧٢٣

بەڵام با لە گەڵ خۆمان ڕوو ڕاست بین و ڕاشکاوانە باس لە کاریگەری سیاسەتی هەڵە و ئەو ڕووداوانەی کە ئەوان لێی بەرپرسن بکەین. باس لە کاریگەری ئەو وتووێژانەی کە نوێنەری حیزبەکان کردوویانە و دەیکەن و دەوری ڕاستەوخۆی لە سەر دەروونی تاکی کورد و دۆزی کوردی ڕۆژهەڵات هەیە بکەین کە ئەم ساڵەیان واتە یەکساڵی دوای شۆڕشی ژینایان دروست کرد.

لەم یەکساڵەدا ئێمە ڕوخسارێکی جیاوازترمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بینی، خەڵکی ناو ڕۆژهەڵات لە نەبوونی ڕاستەوخۆی هێزە سیاسییەکان ئاراستەی کۆمەڵگایەکی کارای مەدەنیان بەخۆ گرتووە کە لە هەر دەرفەتێک بۆ دەربڕین و خۆڕسکان کەڵک وەردەگرن، ویست و داخوازیەکانی خەڵک لە گەڵ ڕەوتی زەمەن گۆڕاون و گەلێک جیاوازتر لەو گوتارەیە کە بە گشتی حیزبە سیاسییەکان لە سەرەتای دامەزراندنیان تاکو ئێستاش نەگۆڕ و شێلگێرانە پەیڕەوی دەکەن. ئەو بزووتنەوەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵات دەبینرێ پەروەردە و گوتارێکی نەتەوەیی وێنا دەکات کە لە ناو تاکی کوردی ڕۆژهەڵات دەروونی بووە، خەڵکانێک کە هەر ڕووداوێکیتر لە پارچەکانیتری کوردستان دەیانهەژێنێت و تەنانەت کارەساتە سروشتیەکانیش وەک بوومەلەرزە، وەک بە ئەنقەست سووتاندنی دارستانەکانی کوردستان دەکەن بە بیانوو و دەرفەت بۆ وەگەر خستنی وەبەرهێنانەوەی هەستێکی قووڵی نەتەوەیی، کە پێویست بوو و پێوستە هێزە سیاسییە کوردەکان وەکو خۆی لێی تێگەیشتبان!

پێوستە حیزب و هێزە سیاسیەکان بۆ ئەوەی لەو خەڵکە دانەبڕێن پێداچوونەوە و گۆڕانکاری بنەڕەتی بە سەر سیاسەتەکانیاندا بکەن و خوێندنەوەی تازە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن.

بێگومان لە وتەی یەک بە یەکی کەسوکار، دایک و باوکی گیانبەختکردووانی شۆڕشی ژینا ئێمە بە ڕوونی مانەفێست و گوتارێکیترمان دەبینی کە عەرز تا ئاسمان لە گەڵ ئەو سیاسەتەی کە لە دەرەوەی ڕۆژهەڵات هێزە سیاسییەکان لەماوەی ئەم یەکساڵەدا کردیان فەرقی بوو!

لە ماوەی ئەم ٤٤ ساڵەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی، کوردی ناو ڕۆژهەڵات دەرفەتێکیان بێ یارمەتی هیچ هێزێکی دەرەکی خوڵقاند کە لە نەوعی خۆیدا بێ وێنە بوو و کاریگەریەکانی بۆ هەمیشە دەبێتە بەشێک لە مێژووی خەباتی میللەتی کورد. گەلێک جار دەبیستین کە دەگوترێ کورد دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بێت تا ناهاوسەنگی لە ئاراستەی هێزە دەرەکییەکان و زلهێزەکان بە نیسبەت سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دروست ببێت و لەوانەیە لەو ناهاوسەنگیانەدا دەرفەتێک بۆ باسکردن لە دۆزی کورد دروست بێت، بۆ ئەوەی کە کورد بتوانێ دەسکەوتێکی هەبێت دەبێ ئەو دەرفەتە



سەرچاوە
Serchawe

بقۆزێتەوەو لەو بۆشاییە کەڵک وەر بگرێت چما کە سیاسەتی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان پیشانمان ئەدات کە تاکو ئێستا لە هیچ دەرفەتێک کە لە دەرئەنجامی ناهاوسەنگی هێزەکان دروست بوویێت بە شێوەی پێوست کەڵک وەرنەگیراوە و هێزە سیاسییەکان ئەوەندە خەریکی مل شکاندنی یەکتر بوون، بۆیە هەموو دەرفەتێکیان لە بار بردووە.

پۆل بریمەرلە کتێبی ساڵەکەم لە عێراق دەڵێت: من دەترسام سەرکردەکانی کورد بێن شەری قەومیەت و خاکم لە گەڵ بکەن، یان داوای سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتی کوردی و گەڕانەوەی کەرکوک بکەن، کەچی لەیەکەمین کۆبونەوە باسی پارەو پۆستیان لە گەڵم دەکرد. ئەوان زۆر جیاواز بوون لە سەردەمی ئۆپۆزسیۆن بوونیان، کاتێک لە لەندەن لە ٢٠٠٢ نەخشە ڕێگای رووخانی ڕژێمی بەعس دانرا ئەوان شەریان لەسەر مافی تەواوی گەلانی عێراقیش دەکرد نەک هەر مافی خۆیان، کەچی کە ڕژێمی بەعس رووخا یەکەمین داواکاریان بریتی بوو لە پارە و پۆست، بۆیە من دواتر تێگەشتم ئەوان چیان دەوێت و ترسم لێیان شکا و لە هەموو کۆبونەوەکان لە گەڵیان من براوەی دانوستانەکان بووم!

کریس کۆچیرا لە کتێبی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی لە چەند جێگەدا هۆکاری سەرنەکەوتنی کورد ڕاستەوخۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ یەکنەگرتوویی و نەبوونی گوتارێکی هاوبەشی سیاسی. بە دەیان نووسەر و توێژەری بیانی و غەیری بیانی کە دۆست یان نەیاری کورد بوون کتێبیان لەسەر دۆخی کورد نووسیووە، هەمووان لە کۆتایی ئاماژەیان بەوە کردووە کە هۆکاری سەرەکی سەرنەکەوتنی کورد ئەو نایەکگرتوویەیە. هەموو جیهان تێمانگەشتووە کەچی تاکوو ئێستاش هێزە سیاسیە کاریگەرەکان خۆیان لەو ڕاستیە لائەدەن و دەیان پاساوی دەرەکی و ناوەکی بۆ ناکارامەیی سیاسەتی خۆیان دەهێننەوە. تا ئەو کاتەی کە کورد بە هەموو حیزبەکانەوە لەوە تێ نەگەن کە هەمووان لە ناو یەک کەشتیدان و ئەگەر لایەکی ئەو کەشتیە کون ببێت هەمووان هەم کوردە« خوب» کان و هەم کوردە خراپەکان لە ناو دەچن. بۆ نەتەوەی باڵادەست جا بە چەپ و بە ڕاستیانەوە کوردی باش کوردێکی مردووە. بۆیە هەر بۆشایی و ناهاوسەنگیکیش ڕوو بدا مادامێکە بەرژەوەندی نەتەوەیی لە بەرچاو نەگیردرێ و بەرژەوەندییەکان لە ناو بەرژەوەندی بچکۆلەی حیزبیدا قەتیس بێت هیچ دەرفەتێکی ناوچەیی و نێونەتەوەیش ناتوانێ ئێمە لەم دۆخە ڕزگار بکات.

ئەو شتەی کە خۆی بە تەنها و بێ یارمەتی هیچ زلهێزێک دەتوانێ دەرفەت بخوڵقێنێت بەس یەکگرتوویی و ڕێکەوتنی حیزب و هێزە سیاسیەکانی کورد لە سەر ئەو خاڵە نەتەوەیانەیە کە پێوستە دەست تێوە بردن و مامەڵە پێوەکردنی ببێتە هێڵی سوور و ڕێگە پێدراو نەبێت بۆ هیچ حیزب و گرووپێک کە بە تەنها لە سەر ئەو شتانە بریار بدات و هەروەها وتوویژ و ڕێکەوتن لە گەڵ هێزە دەرکییەکان بکات!



سەرچاوە
Serchawe

ئەم جارەیان دوای گیانبەختکردنی ژینا بێ هیچ یارمەتی و ناهاوسەنگی هێزە دەرەکی و زلهێزەکان ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خۆی بوو بە هۆکاری دروستبوونی ئەو ناهاوسەنگیە و چەخماخی شۆڕشێکی لێدا کە بێگومان ئاسەوارەکەی تا درێژخایەن دەمێنێتەوە کە زۆر بە داخەوە هێزە سیاسیە کوردەکان نەیانتوانی لە قەدەر مەزنی ئاستی ئەو بزووتنەوەدا هەنگاو بنێن و پەیامی سەر شەقامی کوردی و ئەو گۆڕانکاری گوتاریە لە مەڕ دۆزی کورد وەک خۆی وەخوێنن!

خەڵکی ڕۆژهەڵات لە سەر شەقام بۆ شتێکیتر دەجەنگان، بۆ هەوەڵین جار مەسەلەی ستەمی نەتەوەیی و باس لە زوڵم و ستەمێک کە لە ژنان دەکرێ بە دروشمێک کە ڕوخسارێکی ئینترسکشوالی «یەکتربڕی جێندری» هەبوو و باسی فرە ڕەهەندی ستەمەکانی دەکرد لە شارێکی بچکۆلەی کوردستان کە بە درێژایی مێژوو سیستماتێک هەوڵئەدرێت بە میللەتێکی ناشارستانی و نەفام بناسێندرێت، خاڵێکی وەرچەرخانی بە نیسبەت تێروانین لە مەسەلەی کورد دروست کرد، دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بوو. بە دروشمی سەرەکی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆحێکیتری پێ بەخشرا و مانایەکیتری بە ژنی ناو ئەو دروشمە بەخشی، ژنی کورد چیتر ئەو ژنە سەرکوتکراوە نەبوو کە تەنانەت لە ناو ئەدەبیاتی فمینیزمی باڵادەست ساڵانێکە بە شێوازی جۆراوجۆر کار بۆ چەسپاندنی دەستە چەمکی کوردی ژنکوژ و ژنی ناوشیار و سەرکوتکراو دەکرێت و هەروەها ژنی کورد لە ناو ئەم دروشمەدا بەس ژنێکی پێشمەرگە و شەرڤان نەبوو، بەڵکو ژنێک بوو کە هاوتەریب لە گەڵ داوای مافی نەتەوەیی خۆی بۆ بە دەستهێنانی سەروەری سیاسی نەتەوەکەی داوای مافی ڕەگەزی و ئینسانی خۆیشی دەکرد. کە دەبوایە ئەو باسە ببوایە بە کرۆک و ناوەڕۆکی هەموو بروسکە و پەیامێک ڕوو بە هێزەکانیتری ئێران و هێزە سیاسیە کوردیەکان دەبوایە خاوەنداری و پێداگیریان لە سەر بکردایە، بەڵام ویست و خواستی خەڵکی سەر شەقام نە تەنها بە هەند وەر نەگیردرا بەڵکوو هەر هەنگاوێک کە هەڵێنرا بەر پەرچدانەوەیەک بوو بەرانبەر ئەو داواکاریانە!

ناکرێ حیزبە کوردییەکان ئیدعای نوێنەری میللەتی کورد بکەن و لە گەڵ ئەو شتەی کە لە سەر شەقامی ڕۆژهەڵات دەوترێ ئەوەندە نامۆ و بێگانە بن، ناکرێ چاو ببەستن و لە کاتێکدا کە ئیعتبار لە بەرخۆدان و قوربانیدانی ئەو خەڵکە وەردەگرن ئەوەندە خەمسارد لە گەڵ ویستەکانی ئەو میللەتە هەلسوکەوت بکەن و مامەڵەی بە سەرەوە بکەن.

لە هەستیارترین کاتەکاندا کە دروشمی« ژن، ژیان، ئازادی» گشت جیهانی تەنیبووەوە و ڕۆحی نوێ مافخوازانەی میللی و یەکسانی و جێندەری بە بەردا کرابوو کە هەموو ژنێک تەنانەت لە دوورترین گۆشەی جیهانیشدا و هەروەها هەموو کەمایەتیە پەراوێز خراوەکان و...خۆیان تیا ئەدیەوە، بزوتنەوەیەکی فرەڕەنگ کە زۆرترینی ستەملێکراوانی لە خۆ دەگرت، هێزە کوردییەکان شەڕی ئەوەیان دەکرد کە ئەو دروشمە هی کێیە و هی کێ نییە! لە هەستیارترین کاتەکاندا ڕاپەرین و بزووتنەوەیەک کە دینامیسمەکەی ژنی کورد و دروشمەکەی ژن، ژیان، ئازادی بوو تەنانەت بۆ دیکۆریش(کە من موخالیفی بە



سەرچاوە
Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٣

دیکۆر کردنی ژنم) لیژنەی حیزب و هێزە سیاسیەکان کە سەردانی ئەم لا و لایان دەکرد ژنیان تێدا نەبوو. ڕوخسار و سیمایەکی عەجایەب پیاوانە و عەشیرەتیان ڕوو بە جیهان نمایشت دەکرد کە هەر خودی ئەو شتە بەیانگەری ئەوە بوو کە چ بەرەو دواچوون و دابڕانێکیان لەم ماوەدا نیسبەت بە کۆمەڵگای ڕۆژهەلات بە خۆوە بینیووە، لە کاتێکدا کە باوکی شەهید موحەممەدی بۆکان لە ناو ڕۆژهەلات بە قەناعەتەوە دەڵێت: ئەوڕۆ گەر پیاوێک بیهەوێ زۆر پیاو بێ، دەبێ زۆر ژن بێ.

لە هەستیارترین کات بۆ دژایەتی لە گەڵ ئەو ئالایەی کە بە ئالای کوردستان ئەمڕۆکە ناسراوە، پێوست بوو لەو ناسین و ئیعتبارە بۆ ناساندنی دۆزی کورد کەڵک وەربگیردرێ، هاتن و باسی ئالای کۆماریان هێنایە گۆڕێ و خەڵکیان بۆ ماوەیەک بەوەوە سەر قاڵکرد و بەمەش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەرتەوازەیان دروست دەکرد.

لەو کاتەی دەبوایە هێز سەرفی ڕێکخستنی ماڵی کورد بکرایە و هەوڵی نزیکبوونەوە لەیەک بدرایە، هەوڵی ڕێککەوتن لە گەڵ بەرەی ڕاستی ئێرانی و پاشاخوازەکان دراو وەک سەرمایەی میللی ناویان لێ بردرا و قورسایەکی زۆر زیاتر لەکێشی خۆیانیان ئەویش لەسەر ئیعتباری خوێنی ئەو هەموو گەنجە پێ بەخشرا.

لە هەستیارترین کات مەنشورێک بە ناوی «مەنشوری مەهسا» واژوو کرا کە سوپا و ئەرتەشی بۆ بەرقەرای ئەمنیەت تێکەڵ دەکرد. لە کاتێکدا هەمیشە دەسەڵاتی قووڵی باڵادەست لە ئێران نیگایەکی ئەمنیەتی نیسبەت بە کورد هەیە، کورد خۆێ هات و واژووی کرد کە سبەی سوپا و ئەرتەش بۆ پاراستنی بەرژەوەندی « یەکپارچەگی سەرزەمینی » ئەو سووپایە بەرەو کوردستان وەڕێ بخات، کوردستانێک کە تاکو ئیستاش سێبەری حوکمێکی جیهادی باتڵ نەکراوی بە سەرەوەیە. ئەو نیگا ئەمنیەتیە بە نیسبەت کوردستان مێژوویەکی درێژخایەنی هەیە و بەس لە ماوەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی نابێ کورت بکرێتەوە و بە پاڕانەوەش ناگۆردرێ. جا ئیتر تێکەڵ کردنی سپا و ئەرتەش بەو عەقڵیەتی حاکمەی تاکی سیاسی و غەیرە سیاسی ئێرانی واتە بەرهەم هێنانەوەی هەمان دیکتاتۆریەتە بەڵام لە نەوعی پەهلەویەکەی بۆ بەرقەراری ئەمنیەت! چەن ساڵ لەوەوبەر لە گەڵ منداڵەکان سەیری فیلمێکی دیکۆمنتاریمان دەکرد، لە باخچەی ئاژەڵان. دوو فیل، دایکێک و بێچووە فیلێک ڕاوەستابوون ئەوە کە تۆزێ نائاسایی هاتە بەر چاوی ئێمەش وەک بینەری ئەو فیلمە و سەرنجمان چووە سەری ئەوە بوو کە دایکەکە نەبەستراببوووەوە بەڵام بێچووە فیلەکە بە تەنافێک بەسترابوو و بە ئەندازەی یەک بازنە دەیتوانی بە دەوری خۆێدا وەسوڕێ، منداڵێک کە هاتبوو بۆ سەردانی ئاژەڵەکان لە ڕاهێنەری فیلەکانی پرسی بۆ ئەو فیلە منداڵە بەستراوەتەوە؟ ڕاهێنەرەکە وتی لە بەر ئەوەی کونترۆڵی بکەین.



سەرچاوە Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٣

منداڵەکە دوبارە پرسی ئەی بۆ دایکەکە نابەستنەوە خۆ ئەو زۆر بەهێزترە؟ ڕاهێنەرەکە وتی: پێوست ناکات ئەو وەبەستین چوون ئەویش بە منداڵی بەستراوەتەوە و فێر بووە، ئەو بۆ خۆیَ ئیتر لەو بازنە ناچێتە دەر بۆیە پێوستە بێچووەکەش فێر ببێت کە گەورە بوو وا گۆش دەکرێت کە پێوست بە بەستنەوە ناکات و ئەو ئیتر بۆ خۆیَ سنووری ئەو بازنە ناپسێنێت. نازانم بۆ هەر کات چاو لە سیاسەتی خۆمان دەکەم ڕێک داستانی ئەو دوو فیلمەم دێتەوە بیر!

تەوای هەوڵی بە تایبەت بەرەی ڕاستی ئێرانی ئەوە بوو کە زۆر ئاگاهانە باسەکان لە ناو ئازادی فەردی تاک و مافی شارومەندی لە ئێران بچکۆلە بکرێت و زۆر تەم و مژاوی بە ناوی ئتنێک یان قەوم یا کەمایەتی یا عەشیرە و قەبیلە باس لە میللەتەکانیتر بکرێت تا بە جۆرێک داوای ئازادی کۆلێکتیوی ئەو میللەتانە کە دەتوانی ڕوخسار بە داخوازیی نەتەوەیی گەلانی بندەست ببەخشێ کەمڕەنگ بکاتەوە.

لە هەستیارترین کاتدا ژورناڵیستێکی دەستی دوو یان سێی ئێرانی لە باتی وتوویژ و گفتوگۆ وەک لێپێچینەوە بکات سەرۆک و وتەبێژی ئەم حیزب و ئەو حیزبی کە خاوەنی دەیان ساڵ خەبات، ئەزموونی مەیدانی و سیاسی بوون دەهێنا و دەیخستنە گۆشەیەک و وای لێدەکردن کە بەردەوام بپارێنەوە کە بە پیرو پێغەمبەر « ئێمە تەجزیە تەڵەب» نین.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەزموونی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان و ئەم ڕووداوە دڵتەزینانە کە لەم ئاخرەدا لە کەرکوک و دێرەزوور ڕوویدا زۆر ڕاشکاوانە پێمان دەڵێ کە تیۆری فیدراڵی، برایەتی گەلان و پێکەوە ژیان تاکو ئیستا بەس شکستیان بۆ کورد بە دیاری هێناوە و ئەگەر سەربەخۆیی بۆ کورد واتای خەون بێت فیدراڵی و برایەتی گەلان لە ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەس شیعر و ئەفسانەیە. ئەو خەسار و زیانە کە بەر ماڵی کورد کەوتووە و دەکەویَ لە ناو پرۆسەی چەسپاندنی ئەو تیئۆری گەلە نە تەنها کەمتر لەوە نیە گەر کورد خوازیاری سەروەری خۆی بێت، بەڵکو زیاتریش خەسارەتی گەیاندووە. ئەم هەمووە بەڵگە ڕوون و ئاشکرا و ڕووداوە ڕوو ئەدەن ئیتر نازانم ئەوە دەبیَ چ حیکمەتێکی تێدا بیَ کە ئێستاش پێیانوایە بە پاشەکشەکردن لە مافەکان دەتواندریَ سەرنج و بەزەیی میللەتی باڵادەست و هێزە بیانیەکان ڕابکێشن؟

ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرا بینیمان دوای ئەم هەمووە ساڵە سیاسەتی حیزبەکان بەرانبەر یەکتر نەگۆڕاوە و بۆ حیزبەکان بەرژەوەندی حیزب و تاک لە سەروی هەموو بەرژەوەندیە نیشتمانیەکانەو بە درێژایی مێژووی کورد ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە لە دەرخۆنەی بەرژەوەندی حیزبی سەیری دەرفەت و ڕووداوەکان کردن کارەساتی بە سەر میللەتی کوردا هێناوە و تا ئاوا بەردەوام بن ئەو شتەی کە خەڵکی سەر شەقام بە خوێن بە دەستی دێنن لە سەر مێزی گفتوگۆ هەرزان فرۆش دەکرێت.



سەرچاوە Serchawe

لە هەستیارترین کاتەکانیشدا هیچ شتێک نەیتوانی هێزە سیاسیە کوردەکانی رۆژهەڵات لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە، لە حاڵەتێکدا کە هەر ئەو هێزە سیاسیانە لە گەڵ یەکتر کێبڕکێیان دەکرد تا لە گەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست و چەپی ئێرانی کە پەرتەوازەترین و سەرلێشێواوترین ئۆپۆزیسیۆنن دانیشتن بکەن و دواتریش وەک دەسکەوت بە خەڵکی کوردی بفرۆشن لە کاتێکدا گیری کاری میللەتی کورد پێش ئەوە پۆزیسیۆن و ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتانە بێت کە ئەوان تیایدا دەژین خودی دژبەری و دوژمنی و ڕەقابەتی ناتەندروست لە گەڵ یەکتر وەهەروەها یەکتر قەبووڵ نەکردنە. تەنانەت لەو کاتەکاندا چەک بەڕەوڕوی یەکتر کێشرا و دوو ڕۆڵەی کورد لە خوێنی خۆیان گەوزان، تەنانەت مافی شانازی کردنیش لە سەر شێوازی گیانبەختکردنیان لە دایک و باوک و بنەماڵەی ئەو کەسانە زەوت کردرا. ئەوە بۆمان دەر دەخات کە حیزبە کوردیەکان نەگۆڕاون و لە ڕابردوی تاڵی شەڕی کوردکوژی هیچ دەرسێکیان وەر نەگرتووە و هەر وەک جاران ئەو پوتانسیلەیان هەیە کە لە سەر چکۆلەترین بەرژەوەندی حیزبی چەک لە یەکتر بکێشن!

ماوەی ئەم یەکساڵە دەرفەتێکی باش بوو بۆ ناسینی دەروونناسی خۆمان و هەروەها دەروونناسی هەژموونی قوڵی حاکمیەتی ئێرانی کە لێرەدا مەبەست بەس دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نییە بەڵکوو مەبەست لەو حاکمیەت و ئەو هەژمونیخوازیەیە کە تاکی میللەتی دەسەڵاتداری پێ گۆش کراوە، کە لە کەمترین کاتدا شانە نووستوەکانی هێزە ڕاست و فاشیستیەکانی وەک کارگ هەڵتۆقاند.

سەرەتای شۆڕشی ژینا، پاشاخوازەکان هەوەڵ بە شەرمەوە دەهاتنە ناو ڕێپێوانەکان، دوای ماوەیەکی کورت دروشمی « مرد، میهن، آبادی» یان بۆ بەربەرەکانێ لە گەڵ دروشمی « ژن، ژیان، ئازادی» ، داهێنا و بە ئێعتماد بە نەفسێکی زۆرتر دەرکەوتن و لە ماوەیەکی کورتتر ئەمجا دەنگیان دلێرتر بوو. وێنەی شای باوە گەورە و شای باوک و کوڕی شا و بنەماڵە بەرز بویەوە جگە لەوە ئاڵای سەڵتەنەت خوازەکان کە دوای تێپەڕبوونی ئەم هەمووە ساڵە هەر وەک جاران دروشمەکەی نەگۆڕە، «یک پرچم، یک ملت، یک رهبر» بە ماشین دەهێنرانە ناو ڕێپێوانەکان و بە خۆڕایی بە سەر خەڵکدا دابەش دەکرا. بەوەشەوە نەوەستان دواتر تەنانەت لە ناو دڵی وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکی، ئەوان ئەو حەقەیان بە خۆیان ئەدا لێپرسینەوەت لێبکەن گەر ئاڵای کوردستان یان بەلوچستانت پێبوایە و تا ڕادەی توندوتیژی فیزیکیش دەڕۆیشتن و دواتریش وێنەی «پەرویزی سابتی» هێمای سازمانی ترسهێنەری ساواکیان بەرز کردەوە و هەر لەو کاتانەدا بوو کە بەشێک لە کوردەکانی خۆمان دژ بە هێنانی ئاڵای کوردستان هەڵوێستیان دەگرت و دەیانگوت کە دەبێتە مایەی تەفرەقە. هەر لەو کاتەدا بەشێکی زۆری کوردەکان دەیانوت ناوی ژینا لە گەڵ ناوی مهسا فەرقی نییە بڵێن مەهسا با چەن بەرەکی دروست نەبێ و تاکو ئێستاش هەر دەڵێن مەهسا، هەر لەو کاتەدا ئێمە کوردەکان شەڕمان دەکرد لە سەر ئەوە کە دروشمی « ژن، ژیان، ئازادی» هی ئەم نییە و هی ئەوە و تەنانەت بڕێک لە کوردەکان دەستیان کرد بە دژایەتی ئەو دروشمە، هەر لەو

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

کاتوساتەدا بوو کە گەلی باڵادەست لە ژێر ناو و بە بیانووی ئەو دروشمە شەپۆل شەپۆل سەرنجی خەڵکی بیانی بۆ لای ویستەکانی ناوەندخوازانی ئێرانی ڕادەکێشا و ئەو دروشمەی کرد بە « زن، زندگی، ازادی» و کردی بە دروشمی ساڵۆنە «مۆدەشاوەکانی» و تەواوی ئەو دروشمە چکۆلە بووەوە لە ناو قەبارەی ویستەکانی ژنی ناوەندگەرا!

تەنانەت کۆماری ئیسلامی و بەرەی ڕاستی ئێرانی لە سەر یەک شت ڕێک کەوتبوون کە کارەکانیان تەواوکەری یەکتر بوو ئەویش ئەوە بوو کە نەهێڵن شۆڕشی ژینا، شۆڕشیک کە مۆرکی کوردبوونی پێوە دیار بوو بگاتە ئەنجام، ئەوان سەرەڕای هەموو دژایەتییەکی یەکتر کە دەیکەن هێزەکانیان لە بەر بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان ڕێکخست، تا کورد لەو بازنە بیهاوێژنە دەر، بەڵام ئێمە هیچ شتێک نەیتوانی لە سەر چەن خاڵی سەرەکی کە سەروەری نەتەوەیی کوردی تیا بەرجەستە کرابێت ڕێکمان بخات!

هیچ کاتێک بە قەد ئەمساڵ هەستم بە بۆشایی و نەبوونی سیاسەتێکی حەکمیانە و بوێرانە کە پێی لە سەر ئینتما و بەرژەوەندی نیشتمانی گیر بێت نەکردووە، سیاسەتێک کە متمانەی بە هێزی میللەتەکەی خۆیَ بێت. قەیرانی نەبوونی گوتارێکی نەتەوەیی و سیاسی هاوبەش و نەبوونی ڕێبەرییەک کە خۆی لەو داگیرکراویە زیهنیە قوتار کردبێت زیاتر لەهەر کاتێک هەستی پێکرا!

باش وایە کە سەرنجێکش بدەمە سەر چینی ئەکادیمی، ڕۆشنبیر و ئەو چالاکە سیاسی و مەدەنیانەی کە حیزبی نین و بە ژمارەش زۆرن و پسپۆر و شارەزان و پوتانسیلێکی زۆر باشیشیان هەیە کە بە داخەوە تاکو ئێستا ئەوانیش نەیانتوانیووە بە شێوازیکی کاریگەر بە لانی کەم لەسەر ئاستی گوتاری پێکەوە کاری تیمی بکەن. واتە ئەو فەرهەنگی پەرتەوازەییە لە ناو ئەوانیشدا دەبینرێت کە نەدەبووایە وا بوایە و پێوستە کە ئێمە پێداچوونەوەیەک بە سەر هەموو شتێکدا بکەین. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەندەرانیش پێوستی بە بزاڤێکی نەتەوەیی لە خەڵکی ئاکادیمێک و ڕۆشنبیر و چالاکی مەدەنی کارایە کە بتوانن پێکەوە خۆیان ڕێک بخەن و ببنە رەوتێکی کاریگەر لە سەر ڕووداو و بڕیارە سیاسیەکان.

لە کۆتاییدا با بگەڕێنەوە بۆ مەڵبەندی وڵاتی خۆر و سەرێک لە ئارامستانی ئایچی بدەین و خۆمان بسپێرینە دەس زایەڵەی میلۆدی نووسینی سەر کێلی ژینا کە تیادا نوسراوە: ژینا گیان تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز!

با بچینە ناو دەقی قسەکانی دایکی شەهید محەمەدی بۆکان کە دەڵێت، ئێرە خاک و وەتەنی ئێمەیە، ئێرە هی دەوڵەت نییە!

خەرمانانی ٢٧٢٣

میلۆدی دەنگی باوکی کۆماریش کە بالآی بە قەد بالآی زاگرۆس هەڵکشاوە و زایەڵەی دەنگی بە دەم شنەبای نەسیمی شۆڕشێک لە جنسی شۆڕشی ژینا شەوی چنگ بە خۆری مەڵبەندی تاسە ئاوسی هیوا و هومێد کردووە و گەلێک دڵساغی ئاسمانی لە ئامێز گرتووە و ئۆقرە ئەدات بە جەستەی ماندوو و شەکەتی نیشتمان، نیشتمانێک پڕ لە تاڤگەی هیوا و ئامانجە مرۆییەکان کە لە پێدەشتی ئاسۆکانیدا بەرەو بوومەلێڵی دەمەو بەیان تۆوی هەزاران تیشکی خۆری درەوشاوەی تیا دەپشکوێ.

**ئەو کات کە دەڵێ ئەو کوڕەم ٢٥ی گەلاوێژ لە دایک بوو، بۆیە ناوم لێنا کۆمار!**

**٢٤ی خەرمانانی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

# له مەرگی ژیناوە تا ژیانەوەی شۆڕشێک



سمایل شەرەفی

ئەمڕۆ شەممە، ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٢ی هەتاوی ساڵێک بەسەر مەرگی ژینا ئەمینی، کچە کوردی سەقزی ڕابرد کە لە تاران بە دەستی هێزە پەلاماردەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی کوژرا. ڕووداوێک کە بوو بەهۆی هەڵگیرسانی بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتیی بەربەرین لە مێژووی ئێران و کوردستاندا. بێگومان ئەوەی هەمووان لەسەری کۆکن ئەوەیە کە شۆڕشی ژینا لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دژبە ڕێژیمی پاشایەتی لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە، گەورەترین و بەردرێژترین بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی دژبە کۆماری ئیسلامییە.

باسکردن لە شۆڕشی ژینا کە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و سەرانسەری ئێرانی گرتەوە و لە ئاستی جیهانییشدا زۆرترین سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە کە لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا زۆری لە سەر وتاراوە و نووسراوە. بۆیە لەم کورتە وتارەدا وەک زۆر جارانیش باسی کراوە سەرنج دەخەینە سەر ڕەهەندە کوردستانییەکەی و لەم پێوەندییەدا تەنیا چەند سەرنجێک دووپات دەکەینەوە.

خەرمانانی ٢٧٢٣

ئەوەیکە ئەم سەرهەڵدانە شۆڕشگێڕانەیە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا لەگەڵ زیان و تێچووە ئەمنیەتییەکانی کە بە سەرنجدان بە ڕوانین و هەڵوێستەکانی ڕێژیم بەرانبەر بە کورد و پرسە ڕەواکەی پێشبینیکراو بوو، بۆ کوردستان دەرفەتێکی مێژوویی و بەکەڵک بوو. کوردستان وەک ناوەندی ڕووبەڕووبوونەوەی دەیان ساڵە دژبە سەرەڕۆیی و سیاسەتی دژگەلیانەی کۆماری ئیسلامی، بە پێچەوانەی تەبلیغات و ئیدیعا درۆیینەکانی ئەم ڕێژیمە کە هەمیشە هەوڵی سرینەوەی ڕەوایی خەباتکارانەی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانی داوە، توانی بۆ جارێکی دیکە سەرنج و متمانە و پشتیوانیی خەڵکانی دیکەی ئێران بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و لە ڕووی گوتارییەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەوڕووی گەورەترین ئاستەنگی تەمەنی خۆی بکات. هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکە و بارەگای حیزبەکان و دەستنەپاراستنی هێزە سەرکوتکەرەکان لە شۆڕشگێڕانی سەر شەقامەکانی کوردستان، پێشانی دا کە ئەم ڕێژیمە بەرانبەر بە کوردستان دەستەوەستان و دۆڕاوە. بۆیە خەڵک لە سەرانسەری ئێراندا بە دەربڕینی پشتیوانی لە کوردستان، ئاواتیان بە خەڵکی کوردستان خواست و ئارەزوویان ئەوەیە کە "تاران ببێتە کوردستان، بۆ ئەوەی ئێران ببێت بەو بەهەشت و گوڵستان"ەی کە ئەوان ئاواتی بۆ دەخوازن.

شۆڕشی ژینا کە هەڵقوڵاوی گۆڕانکارییەکی قوڵی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان بوو، پێویستی بە تێفکرین و دەربڕینێکی ئەمرۆژییانەی مودێرن بوو کە بە بەربڵاوی تەعبیر لەم گۆڕانکارییانە بکات کە بەختەوەرانە شەقامەکانی کوردستان توانیان وڵامی ئەم زەروورەتەش بدەنەوە و بەرزکردنەوەی درووشمی پڕ لە واتا و پڕنیوەڕۆکی "ژن، ژیان، ئازادی" بوو بە پێناسەیەکی مەعریفی بۆ شۆڕشی ژینا. بە جۆرێک کە نەتەنیا تەواوی شەقامەکانی ئێرانی تەنی، بەڵکوو لە ئاستی جیهانییشدا زۆرترین سەرنجی خرایە سەر و بە دەیان زمانی زیندووی دنیا تەرجەمە و تەفسیر کرا. لەم شۆڕشەدا بە پێچەوانەی جووڵە و نارەزایەتییەکانی دیکە، شەقامەکانی ئێران و کوردستان بە تێپەڕین لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بە پێشەنگایەتیی ژنان و کچانی وڵات، بۆ دەستەبەری ژیانێکی بەختەوەر و ئازاد لەسەر لەگۆڕنانی دیکتاتۆری و کۆنەپەرەستی شێلگیر و لێبڕاو بوون. ژنان لەم شۆڕشەدا ڕۆڵێکی مێژووییان گێڕا، ئەوان کە لەژێر سێبەری شوومی یاسا کۆن و دژەباو و ناسەردەمیانەکانی ئەم ڕێژیمەدا چەند قات چەوساونەتەوە، لێبڕاوانە بەشدار دەبوون و ڕێسا نامرۆڤانەکانی ڕێژیمیان دەخستە ژێر پرسیار و چاونەترسانە هەوڵی بنیاتنانی ژیانێکی ئازاد و بەختەوەرانەیان دەدا. کچانی کوردستان لە قوتابخانەکان، لە سەرشەقامەکانی شار و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئازاتر لە هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی ئەم شۆڕشەدا بوون.

کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەی لە مەیدانەکانی دیکەی ئەم شۆڕشەدا بە وریاییەوە هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو ئیزن بە دوژمنان و نەیارانی ئەم شۆڕشە نەدات لە کەلێن و بۆشایی و کەمایەسییەکان کەڵک وەربگرن. بۆیە هاوکات لەگەڵ

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

پووچەڵکردنەوەی پیلانی ژوورە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم کە هەوڵی ڕاکێشانی بزووتنەوەی کوردستان بۆ مەیدانێکی نابەرانبەری پڕ لە پیلانگێڕیی شەڕیان دەدا، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ عەقڵییەتی تەواویەتیخواز، کارێک بوو کە دەبوا لێبڕاوانە هەنگاوی بۆ نرابا. بەداخەوە لە نەبوونی ئاڵترناتیڤێکی واقعی، گەلی و وڵامدەر، ڕەوتێکی تەواویەتخوازی فاشیست، هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو لەسەر ئاساسی سڕینەوەی جۆراوجۆرییەکان و دژایەتی لەگەڵ ماهییەت و نێوەرۆکی شۆڕشەکە و لە هەمووی گرینگتر بنیاتنانەوەی وەهمێکی کۆن و دژایەتی لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، خۆی بە سەر شۆڕشەکەدا بسەپێنێ. لەم پێوەندییەدا بزووتنەوەی ڕەسەنی ئازادیخوازانەی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە باری قورس و گرانی چاوەڕوانییەکانی لەسەر شان بوو، ڕاشکاوانە و لێبڕاوانە بەرانبەر بەم ڕەوتە دژیگەلیە ڕاوەستا و پاشەکشەی پێ کرد.

ڕاستە شۆڕشی ژینا هەتا ئێستا نەیتوانیوە بە ئامانجی سەرەکیی خۆی کە ڕاماڵینی دیکتاتۆرییە بگات، بەڵام لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک هەنگاوی پێویست و زەرووریی ناون کە بۆ ئێستای شۆڕشەکە و داهاتووەکەی گرینگ و پڕبایەخن. لەکارخستنی ڕەوایی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەڕەسمییەت ناسینی زێهنیی پرسی نەتەوەکان و فرەنەتەوەیی لە ئێران، پێگەی کوردستان وەک متمانەیەکی قایمی سیاسی و خەباتکارانە، بەڕەسمی ناسینی ماف و ئازادییەکانی ژنان و چین و توێژەکانی دیکە و پاشەکشەپێکردن بە هەر تێفکرین و عەقڵییەتێکی خۆسەپێن و تەواویەتخواز، لەو هەنگاو و دەسکەوتانەن کە خەڵکی کوردستان و ئێران لە یەکساڵی شۆڕسی ژینادا دەستەبەریان کردوون.

لە یەکساڵەی شۆڕشی ژینادا سڵاو لە یاد و ناوی شەهید ژینا ئەمینی و سەرجەم شەهیدانی ئەم شۆڕشە مەزنەمان. سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی شۆڕشی ژینا کە نەتەنیا پێملی ویست و هەڕەشەکانی ڕێژیم نەبوون، بەڵکوو هەوڵیان بۆ بەردەوامی و زیندووڕاگرتنی شۆڕشەکە دا. سڵاو لە خەڵکی خۆڕاگری ئێران و کوردستان کە سەرەڕای گوشار و سەرکوتی هێزە ئەمنیەتییەکان، لێبڕاوانە دژبە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی ڕاوەستاون. بێگومان بەری ڕەنج و تێچووی ئەو ڕاوەستانە ڕزگاری و وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجە بەرزەکانی شۆڕشە کە دەستەبەرکردنیان لە هەرکاتێک نیزیکترە.

**٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٣**

# زرێپۆش و لەشکری ڕەشتان مژدەی مەرگتانی پێوە دیارە



**حەسەن ساڵحزادە**

ساڵی ڕابردوو گەلی ئێمە لە کوردستان هاتە سەر شەقام و لە تویێ بەرەیەکی یەکگرتوودا بە هەڵبڕینی هاواری بێدادی، نفرەت و بێزاریی خۆیان لە دەزگای خوێنمژی کۆماری سێدارەی ئاخوندی دەربڕی. خۆڕاگریی چەند مانگەی کیژان و کوڕانی شەیدای ئازادی لە کوردستان، هەستی گەلانی بندەستی دیکە و ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێرانی هەژاند و بە جۆرێک بەگژ سیاسەتی ئاخوندە دنیاپەرەستە دەسەڵاتدارەکاندا چوونەوە کە هەمووانیان سەرسام کرد. ئەمجارە لاوانی کوردستان بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ دێوەزمەی جەهالەتی قوم و تاران، ستراتێژییەکی نوێیان هێنایە ئاراوە، ئەویش بەکارهێنانی چەکی ئەندێشە و بیرمەندانەی "ژن، ژیان، ئازادی" بوو. هەر وەک دیمان لە سێبەری ئەم ڕێدۆزەدا تەرازووی سەرکەوتنەکان هەر بە لای لاوانی کوردستاندا دەشکایەوە. ئاخر لەنێو قاموسی بەهاکانی مرۆڤ و لەنێو هی ئاخوندە برسی و قین لەدڵەکانی ئێران، پێناسەی کەرامەتی ژن، مانای ڕاستەقینەی ژیان و خوێندنەوەی وشەی ئازادی گەلێک تۆفیریان هەیە. هەربۆیە دامودەزگای ڕێژیمی جینایەتکاری خامنەیی بە تەواوی تووشی سەرلێشێواوی بووە و لە هەموو بوارەکانی دەسەڵاتداری، دیپلۆماسی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئیداری و هتد مەشروعییەتی خۆی لەدەست داوە و لەگەڵ گرفتی جیددی

ڕووبەڕوو بۆتەوە.

ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران لە ناوەڕۆک و تەواوەتی خۆیدا تێکهاڵۆزاوە و هیچ ڕەواییەکی لە مانادا بۆ نەماوەتەوە. ئەو ڕێژیمەی کە چوار دەیە ئیدیعای دەکرد لە سەر بنەمای باوەڕمەندی بە ئیسلامی ڕاستەقینە بونیاد نراوە و تاکەکانی ژێر تەمەنی ٥٠ ساڵەی کۆمەڵگەی لە تویێ سیستەمی پەروەردەی تایبەت بە نیزامی ئایدۆلۆژیای خۆی واتە ویلایەتی فەقیهـ بار هێناوە، لە هەموو وەخت زیاتر تەریک کەوتۆتەوە و هیچ بەهرە و داراییەکی لەبەر دەستدا نییە هەتا بتوانێ وڵاتە وێرانکراوەکەی پێ وەسەریەک بخاتەوە. ئەمڕۆ کۆمەڵگەی ئێران بە هیچ جۆر وەک جاران فریوی دەزگای دەسەڵاتخوازی ئێران ناخوات. ئیتر وەک جاران نە کلیلە ژەنگاوییەکەی دەرگاکانی بەهەشت بایەخێکیان هەیە، نە ئەرتەشی پووشاڵیی ٢٠ ملیۆنی ئاواتی ئەوانە و نە بە بیانووی ئەوەی کە وڵاتی کفرە، پێملی فەرمانی جیهاد بۆ کوردستان دەبن. ڕێژیم بۆ ئەوەی کوردستان داگیر بکات، لە ماوەی تەمەنی شوومیدا، هەزاران سێناریۆی لە بواری فیلم و سینەما، دەسیسەی ئاشکرا و نهێنی، بابەتی فێرکاری و پەروەردەیی، پیلانی نیزامی و تێرۆر، ئاڵۆزیی سیاسی و کۆمەڵایەتی، هەروەها چەندین پرۆژە و پلانی دیار و نەدیاری بەمەبەستی بەلاڕێدابردنی ڕوانگەی کۆمەڵگەی ئێران و جیهان سەبارەت بە گەلی کورد ڕێک خست. ئەوان بەردەوام مێتۆدەکانیان بەڕۆژ دەکردەوە هەتا لە سێبەریاندا بە ئارامی بتوانێ درێژە بە پیلانی داگیرکاریی خۆیان لە نیشتمانی کوردان بدەن و هاوکێشەکان وەک خۆی ڕابگرن. دیارە پرۆسەی ئازادیخوازی گەلی کورد لەمبارە گەلێک قۆناخی بڕیوە و تووشی هەوراز و نشێوی جۆراوجۆر هاتووە، بەڵام لە ڕاستیدا شۆڕشی ژینا سەرەتایەکی گرینگە بۆ دەرچوون لەم دۆخە و هەروەها دەسپێکی شۆڕشێکی جەماوەرییە بۆ ئەوەی لە مەیدانی کردەوەیەکی گشتیدا پیلان و بەرنامەکانی چەند ساڵەی داگیرکەران بکاتەوە بە خوری و لەبەریەک هەڵیانتەکێنێ.

ئەگەر دروست ساڵێک لەمەوبەر بهێنینەوە بەرچاومان، بۆمان دەردەکەوێ کە تراژێدیای چەند ڕۆژەی ژینا لە مێترۆی تارانەوە بۆ گۆڕستانی ئایچیی سەقز و لێکەوتەکانی، بوون بە هۆی ئەوەی کە تاران و سەقز لێک گرێ بدرێن و خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی بەرخۆدانی گەلانی تینووی ئازادی بە دژی دەسەڵاتی ئاخوندە فێڵباز و جینایەتکارەکان، دروست ببێت. لە ئاکامدا ئاڵای شکۆی بەرخۆدانی کوردستان نێزیک بە تەواوی ناوچەکانی ئێرانی گرتەوە، ئازادیخوازانی ئێران بە حەماسەتەوە پەیامی هاوسۆزی و پشتیوانییان دەنارد و لە ڕێگەی دروشمەکانیانەوە بە کوردستانیاندا هەڵدەگوت. ڕێژیم لە هەموو بەرەکانی خۆپیشاندانی بەرهەقی خەڵکدا تووشی شۆک و شکست هات. ڕێژیم کە خۆی لەم قەیرانە فرە ڕەهەندییەدا بە زەبوونی بینییەوە، وەکوو درەندەیەکی هار هێرشی چەشناوچەشنی هەوایی و تێرۆریستی بۆ سەر بارەگا و کەمپی پەنابەرانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشوور کرد. بەڵام وەک دیمان ئەوەش ئاکامی پێچەوانەی بۆ ئەوان لێکەوتەوە. لاوانی چاونەترسی کورد لە سەر شەقامەکانی کوردستان بانگیان هەڵدا و هاواریان کرد "هەموو خاکی

ڕۆژهەڵات بۆتە قەڵای دێموکرات"، هونەرمەندانی کوردستان سروود و گۆرانیان بۆ "وانیارەکان" هۆنییەوە، خەڵک پەیتا پەیتا و بە دڵگەرمی سیاسەتی حیزبەکانی کوردستانییان ڕەچاو دەکرد. لەوانەش زیاتر، باسکی پارێزەری دەسەڵاتی خامنەیی خوێنمژ، واتە سپای پاسداران، لەگەڵ مەحکوومییەتێکی بێوێنەی جیهانی ڕووبەڕوو بوویەوە، لە پارلمانی ئورووپا و زۆربەی وڵاتان دۆسیەی بە تێرۆریست ناساندنی بۆ کرایەوە. لە هەمان کاتدا جینایەتەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران لە میدیای جیهانیدا بوونە ڕۆژەڤ و بەمجۆرە دەسەڵاتی ئاخوندی لە پانتایی نێونەتەوەییدا تووشی شکستێکی گەورە هاتن.

ئێستا ساڵوەگەڕی شۆڕشی بەشکۆی ژینای کوردستان دەستی پێکردووە، یان باشتر وایە بڵێین چەخماخەی بووژانەوەی شۆڕش بە دژی داگیرکاری لێ درا و هەموو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی گەلەکەمان خۆیان بۆ یادی ئەم ڕۆژە مێژووییە ئامادە کردووە. هەتا دوایین ساتەکانی ساڵیادی ژینا، ڕێژیم لە گرتن و ڕفاندن و تۆقاندنی تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری لە کۆسپێک درێغی نەکرد و بە تێخزاندنی هێزی پارێزەری جەهالت هەموو کۆڵان و شەقامەکانی کوردستانی مێلیتاریزە کرد هەتا بە خەیاڵی خۆی دەنگی ڕەوای ئەم گەلە کپ بکا. ڕێژیم بە پێچەوانەی ساڵانی ڕابردوو کە بە شێوەی دزێو هێزی سەرکوتکەری لە مۆڵگەکانیان حەشار دەدا و لە حاڵەتی پێویستدا لە خەڵکیان بەردەدان تا بەشکم هەناوی نگریسیان تۆزێک ئۆقرە بگرێ. دوژمنی تینووی ئازادی و یەکسانی، بەوپەڕی بێشەرمی و داماوی، لە ستوون و قەوارەی لەشکری زەبەلاحدا لەنێو جاددەی شارەکان و لەنێو شەقامەکانی کوردستان مانۆڕی سەربازی و نیزامییان ساز کردووە و هەر بۆ خۆشیان فیلم و ڕیپۆرتاژیان لێ بڵاو دەکەنەوە. ئەگەرچی ڕێژیم پێی وایە لەمبارەوە دەتوانێ خەڵکی مافخواز چاوترسێن بکا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم مانۆڕە نیشانەی ترس و بێدەسەڵاتیی ڕێژیم لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستانە کە بڕیاریان داوە نەسرەون هەتا سەر دەکەون. دەزگای دەسەڵاتداری خامنەیی کە هەموو میدیاکانی قۆرخ کردووە و لەوێدا بەردەوام پێداگری لە خەڵکیبوونی نیزامەکەی و ئیدیعای دامەزراندنی سیستەمی عادڵانەی خوا لە سەر عەرز دەکا، دەبێ لە چی بترسێ؟ یان ئەگەر خاوەن مەشرووعییەت و ڕەوایین، ئەو هەموو چەکوچۆڵە ڕوویان لە کوێ و لە کێیە؟ دیارە ئەم پرسیارانە بۆ ئەوان زۆر قورسن، چونکوو ئەو پرۆژەی کە دەسەڵاتی خامنەیی لە کوردستان پیادەی دەکا، سیاسەتی وڵاتێک بەرانبەر بە وڵاتێکی دەرەکییە کە ئێعلانی شەڕیان بۆ دابێت!

دەزگای پڕۆپاگاندای کۆماری ئیسلامی ماوەی چەند ڕۆژە مانۆڕێکی بەربڵاوی میدیایی و دیپلۆماسی دەست پێکردووە و لەودا بەوە دەنازێ کە ناوەندی بەڕێوەبەریی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆنترۆڵ کردووە و ئەوان چیتر ناتوانن چالاکی بکەن. ئەوەتا ئەمڕۆ بە چاوی خۆمان دەبینین کە هەموو شار و گوندەکانی کوردستان بۆتە مەکۆی بەرەنگاری بە دژی نیزام و خەڵکی بەئەمەگی کوردستان لە بەرەیەکی یەکگرتوودا وەڵامی حیزبە خۆشەویستەکانی خۆیانیان لەسەر داوای مانگرتنی گشتی لە



سەرچاوە
Serchawe

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

کوردستان دایەوە. هەروەها گەلی چاونەترسی کورد، جارێکی دیکە بە دوژمنی دژەکوردی تارانی سەلماند کە مێشکی بزووتنەوەی کوردستان لە چەقی شەقامەکانی کوردستان هەڵکەوتووە و ئەوان ناتوانن لە هیچ مامەڵەیەکدا چەلەحانێ لەسەر مافەکانیان بکەن.

وەک لە کردەوەدا دەردەکەوێ، هەڵسوکەوتی حکوومەتی ئێران لە کوردستان، لە جۆری ڕوانین بۆ وڵاتێکی کۆلۆنیزەکراوە و گەلی کوردیش ئەم مەترسییەی بە جیددی وەرگرتووە، هەر بۆیە ڕۆڵەکانی لە هەموو وەخت وشیارترن و هەتا نەمانی داگیرکەر لەسەر خاکەکەیان کۆڵ نادەن. داگیرکەر هارتر لە هەموو وەخت لە پیلانگێڕیدایە و وێڕای گرتن و ترساندن، هەموو جۆرە چەکێکی بۆ کپکردنی دەنگی مافخوازی هێناوەتە سەر شەقامەکانی کوردستان. بەڵام خەیاڵیان خاوە، ئەگەر چەکی دوژمن بریتی لە پیلان و زیندان و زرێپۆشە، چەکی ڕۆڵەکانی ئێمەش بانگی ئازادی لەسەر شەقامەکانی کوردستان بۆ دابینکردنی بەها بەرزەکانی مافی مرۆڤ لە ڕیزی یەکگرتوویيدایە. ئاسۆ ڕوونە، گوڵی سەرکەوتن بۆ ئازادیخوازنی کوردستانە و مەرگ و ڕیسوایی بۆ داگیرکەر و دەستوپێوەندییە بێنرخەکانیان دەمێنێتەوە.

**٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

# خەباتی سەرشەقام دوژمن بەچۆک دادێنێ



حەسەن قارەمانی

لە ساڵڕۆژی مەرگی دڵتەزێنی ژینا ئەمینیدا، ڕووبەڕووی سەردەمێک دەبینەوە کە ژیان و مەرگی ژینا شۆڕشێکی لێکەوتەوە کە سنووورە سیاسییەکان و دابەشکارییە ئایدیۆلۆژییەکان تێدەپەڕێنێت. ژینا ئەمینی بوو بە دەنگ بۆ ئەوانەی پێشتر بێدەنگ و چەوساوە بوون. ژینا بووەتە ڕەمزێک کە دەتوانێت لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت جیهانیشدا گۆڕانێکی مەزن دروست بکات.

لە سەروبەندی ساڵڕۆژی مەرگی دڵتەزێنی ژینادا ، ڕوونە کە سەرەڕای زیادبوونی سەرکوت و هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ خنکاندنی ئۆپۆزسیۆن، ئیرادەی خەڵک بۆ خەبات و دادپەروەری و ئازادی کەم نەبووەتەوە. پابەندبوون و کردەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئێستا زۆر گرنگ دەبێت بۆ پشتگیریکردنی ئەو کەسانەی کە خەبات دەکەن بۆ گۆڕانکاری و دڵنیابوون لەوەی کە ئەوانەی پێشێلکاری ئەنجام دەدەن لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت لەسەر کارەکانیان.
لە سەردەمی پەیوەندی و بڵاوکردنەوەی زانیاری جیهانیدا، هیچ نهێنییەک ناتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر بە شاراوەیی

بمێنێتەوە. کاتێک دۆسییەی ژینا ئەمینی کەوتە بەر چاوی جیهان، شەپۆلێکی هاوپشتی و بەزەیی دروست کرد. خەڵک لە سەرانسەری جیهان بینەری چیرۆکەکە بوون و گوێیان لە قسەی شایەتحاڵان و ستەم و سووکایەتیکردنەکانی ڕێژیم بوو. ئەم یەکگرتووییە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە چۆن چارەنووسی تاکەکەسەکان دەتوانن یەکبگرن و ببنە دەنگێکی بەکۆمەڵ کە داوای گۆڕانکاری دەکات.

شۆڕشی ژینا جەماوەریترین و درێژترین سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییە کە توانیویەتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بخاتە ژێر پرسیار و هەنگاو بۆ لەگۆڕنانی ئەم ڕێژیمە سەرکوتکەرە بنێ. لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا و لە ڕەوتی ئەم شۆڕشەدا بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی، دژبە ڕێژیمی زاڵ بە سەر ئێراندا، قۆناغی نوێ و جەماوەریی ئەزموون کردووە و هەنگاوی لێبڕاوانەی ناوە کە ڕاوەستان و گەڕانەوەی بۆ نییە. دەوری بەرچاوی ژنان لە پێشەنگایەتیی ئەو شۆڕشەدا کۆمەڵگەی ئێمەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە یەک هەنگاوی گەورە بەرەو پێش بردووە و ئاسۆی سەرکەوتنی ڕوونتر کردووە و لاوان لەوپەڕی گیانبازیدا بۆ ژیانێکی ئازاد و ئارەزوومەند فیداکاریی کەموێنە دەکەن. یەکێک لە لایەنە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو، هێز و هیوای نەوەی گەنج بووە. چالاکانی لاو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران خەباتیان بۆ گۆڕانکاری کردووە و ئیرادە و وەرەیان جێگای سەرنجە. ئەم گەنجانە ڕەتیان کردووەتەوە ترس ڕێگرییان لێ بکات لە وەستانەوە بۆ ئەوەی باوەڕیان پێی هەیە. ئەوان نیشانیان داوە سەرەڕای هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە و، ئیرادەی مرۆڤ و خواستی دادپەروەری دەتوانن ئاستەنگەکان تێپەڕێنن.

ئەم نەوە نوێیە لە تێکۆشەران، سنووری سیاسی و کۆمەڵایەتیشیان بەزاندووە بۆ ئەوەی لە خەباتی خۆیاندا یەکبگرن. هێزی هاوپشتی و هاوکارییان نیشان دا؛ بە پێکەوە کارکردن توانییان بزووتنەوەیەکی فراوانتر بۆ گۆڕانکاری دروست بکەن کە سەختە پشتگوێ بخرێت. توانای ڕێکخستن و پەیوەندیکردنیان بە شێوەیەکی کاریگەر، تەنانەت لە ژێر فشاریشدا، بەڵگەی ئیرادە و کۆڵنەدانیانە. ئەم نەوە نوێیە هێز و بوێریی باوەڕپێنەکراوی خۆیان نیشان داوە و وەک پاڵەوانی گۆڕانکاری دەرکەوتوون. سەرەڕای هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە دەرگایان بەڕووی سەردەمێکی نوێی چالاکی و کۆمەڵگادا کردووەتەوە.

مەرگی ژینا ئەمینی ساتێکی گرنگە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. وەبیرهێنانەوەی بەرپرسیارێتی کە لە کاتی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و لە کاتی چەوساندنەوەی خەڵکدا دەبێ سەرنجی بدرێت. کاتێک باس لە وەستانەوە بۆ ئازادی و مافە سەرەتاییەکان دەکرێت، بێدەنگی بژاردەیەک نییە. هەوڵێکی هاوبەش و هاوئاهەنگی سەرکردەکان و حکوومەتەکانی جیهان بۆ دروستکردنی فشار و فشاری دیپلۆماسی بۆ گۆڕینی دۆخی ئێرانی دەوێت. جێگای نائومێدییە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دۆسییەی ژینا ئەمینی و بارودۆخی فراوانتری ئێراندا چالاکتر و یەکلاکەرەوەتر هەڵسوکەوتی نەکردووە.



سەرچاوە
Serchawe

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شکستهێنان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم و خراپ بەکارهێنان لە ئێران، ئاماژەیەکی مەترسیدار بۆ ڕێژیمە هاوشێوەکانی دیکە لە سەرانسەری جیهاندا دەنێرێت. لەوانەیە ئەم دەسەڵاتانە ئەو بێدەنگییە وەک جۆرێک لە شەرعیەت لێک بدەنەوە، و ڕەنگە بڕیاری بەکارهێنانی توندوتیژی و سەرکوتکردنیان لە دژی هاووڵاتییانیان بەهێزتر بکەن. بۆ ئەوەی ئەمە ڕوو نەدات، پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستی هەبێت و بە بەردەوامی لە دژی ئەمجۆرە پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ مامەڵە بکات.**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە بیر لە سەپاندنی سزا و ئامرازەکانی تری گوشار بۆ کاریگەری لەسەر بارودۆخی ئێران بکاتەوە. ئەم ڕێوشوێنانە پێویستە ئاراستەی ئەو کەسانە بکرێت کە بەرپرسیارن لە پێشێلکارییەکان . جگە لەوەش پێویستە دیپلۆماتکاران و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان چالاکانە بەشدار بن لە چاودێریکردنی دۆخەکە و ڕاپۆرتکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ.**

**بۆ ڕێزگرتن لە یادی ژینا ئەمینی و بەشداریکردنی لە خەباتی مافەکانی مرۆڤ، پێویستە بەردەوام بین لە تیشک خستنەسەر چیرۆکەکەی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە بارەی دۆخی ئێران. پێویستە کار بکەین بۆ پشتگیریکردن و بەهێزکردنی ئەو چالاکوانە گەنجانەی کە خەبات دەکەن بۆ گۆڕانکاری، چ لە ڕێگەی پشتیوانی ئەخلاقی و چ لە ڕێگەی کردەوەی کۆنکرێتی.**


**گرنگە مەرگی ژینا ئەمینی لەبیر نەکرێت و پەراوێز نەخرێت. مەرگی ژینا دەنگێکی بە بێدەنگەکان بەخشیوە و سەکۆیەکی بۆ داوای دادپەروەری و ئازادی ساز کردووە. پێویستە ئەوەمان لەبیر بێت کە خەبات بۆ مافەکانی مرۆڤ هەوڵێکی جیهانییە و پێویستی بە یەکریزی و پابەندبوون هەیە لە هەموو گۆشەکانی جیهانەوە.**

**ساڵێک بەسەر مەرگ ژینادا تێپەڕیوە، ساڵێک کە پڕ بووە هەم لە پێشکەوتن و هەم پاشەکشە بۆ بزووتنەوەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بۆ گۆڕانکاری. مەرگە کارەساتبارەکەی ژینا بۆتە هێمای خەبات بۆ مافەکانی مرۆڤ و گۆڕانکاری لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. بەڵام بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نائومێدکەر بووە و نیشانەی ئەوەیە کە پێویستە زیاتر کار و خە بات بکەین بۆ وەستاندنی ستەمەکە.**

**ژیان و مردنی ژینا ئەمینی ئیلهامبەخش بووە بۆ بزووتنەوەیەکی جیهانی کە داوای گۆڕانکاری و مافی مرۆڤ دەکات. پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ پشتیوانی لەم خەباتە هەنگاو بنێت.**

**٢٨ی خەرمانانی ٢٧٢٣**

# ڕۆژێکی تر



کەریم پەرویزی

سریاڵی بەناوبانگی "شەڕی تاج و تەخت" کچێکی منداڵی تێدایە بەناوی "ئاریەن ستارک" کە بە بەرچاویەوە دوژمنان ملی باوکی دەپەڕێنن و ئەویش لە تۆڵەی باوکیدا دەچێتە نێو گرووپێکی نهێنییەوە تاکوو شێوازی خەبات و شەڕ و خۆپاراستن فێر ببێ و دواتر تۆڵە لە دوژمنەکان بکاتەوە.

لەو گرووپە نهێنییەدا، مامۆستاکەی وانەیەکی بۆ باس دەکا کە دەڵێ بۆ هەتایە پێویستتە و دەبێ جوان فێری ببی.

مامۆستاکەی پێی دەڵی کە پێش لە فێربوونی چۆنیەتیی شەڕکردن و تاکتیکەکانی شەڕ، لە مێشکی خۆتدا ئەوە جێگیر بکە کە هەر ڕۆژێک کە زۆر دەکەویتە دۆخێکی دژوارەوە و خەریک بوو لە شکست نزیک ببیتەوە، بە مەرگ بڵێ:

"ئەمڕۆ نا، ڕەنگە ڕۆژێکی تر"!

خەرمانانی ٢٧٢٣

لەڕاستیدا بەو ڕستەیە لە مێشکی ئەو کەسەدا کە دەیەوێ ڕێگایەکی دژوار بپێوێ هیوا بە داهاتوو و وردەی خۆڕاگری لە بەردەم دۆخی ئەستەمی ئێستادا دەچێنێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەستی بە چەکی کۆمەڵکوژ و بالستیک گەیشتووە، لەم چەند ساڵەی دواییدا زیاتر لە جاران دڕندەیی دەنوێنێ و تەواوی ناوچەکەشی بە ئاژاوەگێڕییەکانیەوە تووشی نەهامەتی کردووە.

ئەو سەدان میلیارد دۆلارەی کە لە وڵاتانی ناوچەکەدا ساڵانە بەرهەم دێ، لە عێراق و لوبنان و سووریە و بەحرەین و یەمەن و... خەرجی گێرە و کێشەکان دەکرێن کە سەرچاوەی هەموویان ڕێژیمی ئیسلامیی تارانە! سەدان میلیارد دۆلار ساڵانە لە داهاتی ئێران و عێراق و سووریە و عەرەبستان و قەتەر و بەحرەین و ئەمارات و ... بە هەزینەی کێشەکانی ناوچەوە خەرج دەکرێن و بەفیڕۆ دەچن. سەرچاوەی نەهامەتیی ناوچەش ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهیە.

وەکوو دوژمنی هەمیشەیی کۆماری ئیسلامیش، سەرانی ڕێژیم و سوپا تیرۆریستییەکەی چاویان لەسەر کورد و کوردستانە و بەردەوام پیلانی جۆربەجۆری بۆ دادەڕێژن تاکوو کوردستان لاواز و لاوازتر بکەن و کورد لەسەر زەوی بسڕنەوە.

کۆماری ئیسلامیی حاکم لە ئێران بەوەشەوە ناوەستێ و بەردەوام لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر دادەنیشێ و سەردانیان دەکا و ڕێکەوتننیان لەگەڵ دەکا و هانیان دەدا کە بە دژی کورد کار بکەن.

ڕۆژێ لە ئانکاران و ڕۆژێ لە دەمشق وچەند ڕۆژ لەسەریەکیش لە بەغدا، تەنیا و تەنیا بۆ ئەوەی هەموو ئەوانە بە دژی کورد هان بدەن و لەگەڵیان ڕێککەوتن بکەن تاکوو کورد لاواز بێ.

ڕێککەوتنی ئەمنییەتیی نێوان تاران و بەغدا ئیمزا کرا و لەو ڕێککەوتنەدا کۆماری ئیسلامی دەڵێ بەغدا ناچار کراوە کە هێزە کوردییەکان چەک بکا و دەریان بکا، بەغداش دەڵی ئەو ڕێککەوتنە بۆ پاراستنی سنوورەکانە!

کۆماری ئیسلامی ئەوەندە بە ترس و ڕق لە دژی کوردستان کار دەکا، گەر نیوەی ئەوە بۆ خزمەت بە خەڵکی فارس کاری بکردبا ئێستە لەباتی کورەی باشوور و سێئوول، تاران لە ڕیزی وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی دەبوو و تاران ناچار نەبوو بۆ دەستخستنەوەی پارەی نەوتەکەی کە لە کورە بووە، چەند ساڵ ژێربەژێر خەریکی پاڕانەوە بێ!

**خەرمانانی ٢٧٢٣**

**گوشاری بەردەوامی کۆماری ئیسلامی و هەڕەشە و پیلانگێرییەکانی بە دژی کورد، نەک کوردستانی بەچۆکدا نەهێناوە و نایهێنێ بەڵکوو کوردستان ڕێگای خۆی دەپێوێ و بەردەوامە و هەر کەس لەژێر ئەم هەڕەشانەدا بێ، بیر لە ڕێگای دیکە دەکاتەوە کە بەرەوڕووی دوژمن ببێتەوە.**

**لەو بوارەدا پێویست بە ئاماژەکردن بە چەند شتە:**

**هەڕەشەی بەردەوامی ڕێژیمی کۆلۆنیالیستیی تاران بە دژی کوردستان، کوردستان و کوردستانیان وا لێ دەکا کە پێی بڵێن کە کێشەکە لە سنوور نییە! سەرچاوەی کێشەکە لە تارانە و گەر تاران بەردەوام بێ لە دەستدرێژی و سەرکوت و بەلاڕێدابردنی پرسەکە، ئەوکات کوردستانیش لە بیری ئەوەدا دەبێ کە بەکردەوە نیشانی بدا کە کێشەکان لە تارانن و کێشە دەبێ لە سەرچاوەکەیەوە چارەسەر بکرێ!**

**خاڵی دیکە ئەوەیە کە کوردستان ئەمە زیاتر لە سەد ساڵە دژی کۆلۆنیالیزمی هرووژمهێنەر لە تارانەوە خۆڕاگری دەکا و بە بەرخۆدانی نەتەوەیی قۆناخ بە قۆناخ خەباتەکەی بەهێزتر و پتەوتر کردووە.**

**خەباتی کوردستان گرێدراو بە تاکێک و کۆمەڵە کەسێکەوە نییە و کاتێک هێزە سیاسییەکان داوا لە خەڵک دەکەن کە لە ڕۆژێکی دیاریکراودا مان بگرن، تەواوی کوردستان شار و گوند دادەخەن و ڕایدەگەیەنن کە لە ڕیزی خەبات و خۆڕاگریدان! کوردستان لەوە تێپەڕیوە کە دوژمن بیر لە سڕینەوەی و لەنێوبردنی خەباتەکەی بکاتەوە و کوردستان بەرامبەر بە مەرگ و هرووژمی دوژمن ناڵێ " ڕەنگە ڕۆژێکی تر" بەڵکوو دەڵێ هەرگیز و پێی دەڵێ کە ڕۆژێکی تر نۆرەی مردنی خۆت دێ و کوردستان بۆ هەتاهەتایە لەسەر پێیە!**

**خاڵی گرنگ و بنەڕەتیی دیکە لەم پرسەدا بریتییە لەوەی کە ئیدی خەبات و خۆڕاگری لە کوردستان گەیشتۆتە بواری بێخەمی کە ئەم خەباتە بەردەوام دەبێ و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستان لە خەم تێپەڕیوە و بۆتە دارێکی ئەستووری ڕەگداکوتاو و بە بەر و پڕ لق و پۆپ.**

**لە ئێستادا کوردستان بیر لەوە دەکاتەوە و ڕێگای نوێ بۆ ئەوە دەگرێتە بەر کە ئەزموونی خەباتی بگوازێتەوە بۆ نێو نەتەوە ستەملێکراوەکانی دیکە لە ئێران و نێو ڕێکخراوە ئازادیخوازەکانی نەتەوەی فارسیش تاکوو پێیان بڵێ کە پێکەوە دەتوانین و بە دڵنیاییەوە ئەو ڕۆژە دێ کە هەمووان پێکەوە ئەم ڕێژیمە دڕندەیە هەرەس پێ دێنین و داهاتوویەکی دیکە**

خەرمانانی ٢٧٢٣

لەم وڵاتە بونیات دەنێین.

**کوردستان وەکوو مامۆستایەکی وانەکانی خەبات بە نەتەوەکانی دیکە دەڵێ کە بەرامبەر بە دوژمنی ملهورو هەڕەشە مەرگهێنەرەکانی بڵێن:**

**"ئەمڕۆ نە، ڕەنگە ڕۆژێکی تر"!**

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

٣٠ی خەرمانانی ٢٧٢٣

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٣ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی

---





# سپاس و پێزانین


بۆ هەموو هاوڕێیان بۆ نووسین و ئامادەکردنی دیمابە و وتارەکان.

دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

**ڕەحمان نەقشی**